# کەلەپوور نامەی

# کوردەواری

## چاپی دووەم

## یاسین حەسەن حوسێن گۆران

### لە هەردوو دەڤەری گۆرانەتی و دۆلەمەری کۆکرایتەوە

**پێداچوونەوەی / ممتاز حەیدەری**

وەزارەتی  رۆشنبیری

بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی وچاپ و بەلاوکردنەوە

ناوی کتێب: کەلەپوور نامەی کوردەواری

زنجیرەی کتێب :  ٤٠٦

نووسینی : یاسین حەسەن گۆران

دیزاینی ناوەرۆك : ڤیان سەعد گەلالی

بەخشەسازی بەرگ :  ئاسۆ

چاپ : چاپی دووەم

تیراژ: ٥٠٠ داتە

نرخ :  ٥٠٠٠  دینار

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردن (٨١٧)ساڵی(٢٠٠٩)پێدراوە

چاپخانە : چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ـ هەولێر

*مافی چاپکردنی کتێب پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و خاوەنی کتێب

# نەواخن

| بابەتەکان | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٤ |
| **باسی یەکەم: کەسی کورد** | ٧ |
| **باسی دووەم: ئافرەت لە کۆمەلگای کوردەواریدا** | ١٤ |
| **باسی سێیەم : ژن هینان لە کوردەواریدا** | ٢٨ |
| **باسی چارەم: جێژبڕکردن و ئاشی ئاو** | ٤٠ |
| **باسی پێنجەم : داب و نەریتی کۆنینە** | ٤٨ |
| **باسی شەشەم : داودەرمانی کوردەواری** | ٦١ |
| **باسی هەفتەم : مەتەلی کوردەواری** | ٩٥ |
| **باسی هەشتەم : کەش و هەوا ناسی (حەسێب گر)** | ١٠٧ |
| **باسی نۆیەم : گۆرانی منداڵان** | ١٣٠ |
| **باسی دەیەم : بەستەی کوردەواری** | ١٤٩ |
| **باسی یازدەم : یارییەکانی کوردەواری** | ١٧٢ |
| **باسی دووازدەم: قۆناغەکانی گەشەکردن و ناولێنان** | ١٧٥ |
| **باسی سێزدەم : پیشە دەستکردەکانی کەون** | ١٧٩ |
| ژیاننامەو بەرهەمەکانی نووسەر | ١٨٥/١٨٤ |
| **ئەلبوومی وێنەکان** | ١٨٦ |

## پێشەکی:

بەردەووامی سووڕی ژیان لە دایك بوون تا مردنە، خۆشی و ناخۆشی کەسی کورد لە ململانێی لەگەڵ ژیانی رۆژانەیدا دەگرێتەوە.

بازنەی ژیانی مرۆڤ ـ داخراو وسنووردار دەبێت ، زانیارییەکانیشی وەکو پێویست نابێت ، مرۆڤ چەند بگەرێت زیاتر ئاشنای ژیانی رۆژانەی نەتەوەکەی دەبێت ، لە ساڵی ۱۹۷۸ یەکەم جار وەکو ماموستا لەگوندی ببێل سەر بە دەڤەرداریا مێرگەسۆر هاتمە دامەزراندن ، لە شوێنانە شار و گوند دەشت چیا و خەلکی رەوەند و جۆتیارو بینیوە و شتم لێیان بیستووە و تۆمارمدەکرد ، بۆ ئەوەی کەلتوور و کەلەپوورو زار ئاخافتنی رۆژانەیان تۆماربکەم ٚلە .

بەڵێ خەرمانی داب و نەریت و کەلەپوورفۆلکلۆری مللیمان بە هەموو بەشەکانی یەوە لە پەرتووکێك جێگای نابێتەوە، بەڵکو دەیان بەرگی گەورە گەورە بەخۆیەوە دەگرێت، بەزنجیرە و توێژینەوەو لێکۆلینەوەی زانستییان پێویستە، چونکە رەوتی ژیانی رابردوومان بە ئێستامان دەبەستێتەوە بەرەو ئایندەمان دەباتە پێش، کۆکردنەوەی ئەو سامانە میللی‌یە ، نەوە لە دوای نەوە موکوم کردنی مێژووی شارستانیمانە، هەر گۆڕانکاریەکی ژیانی کۆمەلأیەتیمان هەندێ داب و نەریەتی کۆنی کوردەواریمان لەگەڵ خۆی وون دەکات.،هاوکات هەندێ داب و نەریەتی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە، لەگەڵ کات و ساتەکەی دەگونجێ هاتنی یەك لە دوای یەکی قۆناغەکانی مێژووی بەشێکی کەلتوورمان لەگەڵ خۆی دەسووتێنێ و سیمای نوێی بۆ دروست دەکات.

بابەتەکان لە دوو دەڤەرکۆکرایتەوە (گۆرانەتی و دۆلەمەری )هەردوو دەڤەر دەکەونە سەرهێلی بازنە ئاسا سۆران و بادینان پێکەوە دەبەستەوە ، شێوە زارئاخافتنی زمانی یەکگرتووی پێوە دیارە ، شێوەزاری ئەودوو دەڤەرە سۆرمانجیە ، ئامانجم لە کۆکردنەوەی ئەوبابەتانە کارێکی مەیدانیە بۆ ئەوەی نەوەکانمان بە تایبەتی نەوەی داهاتوو ئاشنای کەلتوور زاراوەکانی کەلتووری بابوباپیرانمان بن و ببەێتە سرچاوەیەك پشتی پێوە ببەستن.

سەردەمی نوێی ئێستامان پەرەپێدانی شارستانیەکی خێرا بە خۆیەوە دەگرێت بە چەرخی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دەناسرێت، ئەویش دەبێتە هۆی لەناوبردنی داب و

نەریت و کەلەپووروفۆلکلۆری میللیمان و سەرهەڵدانی کەلتوورێکی نوێ. سینگی خۆمان بۆ ئەو پێشکەوتنە بکەینەوەو سوود لە ئامێری کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێت وەربگرین بە تۆمارکردنی بەرهەمەکانی کوردەواریمان لە سەر شاشەی کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێت، بۆ رزگارکردنیان لە فەوتان و خەڵکی ئاشنایان بن.

ئەوگۆڕە پان و بەرینەی جوگرافیای کۆمەڵایەتی کوردستانی گەورە بەسەردا بڵاو بوویتەوە کەلتووری کوردیمان چەند ماخێکی هاوبەشیان بەخۆیەوە گرتووە ئەو پێکچونەش بناغەی یەکبوونی مێژووی شارستانیەتی کۆنی کوردە، ئەوەش جیهانگیری کەلتووری کورد دەگەیەنێ. بۆ نموونە: دەقێکی فۆلکلۆری ناوداری میللیمان لەناوچەکانی کوردستان ناوەرۆکیان وێك دەچن، بەڵام شێوەی گووتنی لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر بەپێی شێوەی زار گووتنی ناوچەکە دەگۆڕێت، واتە هەر دەقەرێك بە هزری خۆی بە کەرستەی شێوەی ئاخافتنی ناوچەکەی ناوەرۆکەکەی لە قالبێکی جوان دادەڕێژێت.

ئا.. لێرەدا توانای زەینی کەسی کورد و دەوڵەمەندی زمانەکەی بەدیاردەکەوێت لە کۆکردنەوەی ئەو بابەتانە راستەوخۆ سوودم لەکەسانی تەمەنداری شارەزا وەرگرتووە. رۆژهەڵاتناسی بیانی لێرەو لەوێ دەربارەی کەسی کوردو کەلتووری میللتەکەمانیان نووسیووە، بەڵام کەسی کورد بە خۆی دەرمانی دەردی خۆی نەدۆزێتەوە بە کەس چارە ناکرێت گووتوویانە:( مرۆڤ هەتا بە دەستی خۆی گیانی خۆی نەخورێنێت بە دەستی کەسانی تر بێنی نایێت).

یاسین حەسەن حوسێن گۆران
سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ـ خانەنیش ـ لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش
ژمارەی موبایل کورەك / ٠٧٥٠٤٥٤٣٢٨٢

بەرایی:

ئایندەیەکی باش لە سەر بناغەی رابردوویەکی باش بەدی دێت، ئەم پەرتووکەی( مامۆستا یاسین حەسەن ) خۆی پێوە ماندوو کردووە، پاراستنی هەندێ کەلتوورو داب و نەریەتی ژیانی کوردەوارییە، لە دێرزەمانەوە نیشان دەدات مامۆستای ناو براو خۆی بە خەمخۆری شتە کۆنینەکان زانیوە کۆی کردیتەوە و تا خوێندەوارانی کورد لە کوردستان سوودی لێ وەربگرن، چونکە کاتێ مرۆڤ ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە بەراوردێك لە نێوان ژیانی رابردووو داهاتوو دەکات، دەزانێت لە قۆناغە جیا جیاکان، چەند پێشکەوتن هەبووە..؟ کێ دەستی لە پێشکوتنەکاندا هەبووە..؟

زۆر لایەنی مێژووی نەتەوەی کورد دیار نیەیە..! هەندێ جار گۆرانیەك رووداوێکی گرنگ زیندوو دەکاتەوە، لە هەموو لایەکانەوە دەکەوێتە ناو زنجیرەی مێژووی نەتەوەکەمان، چونکە ژیانی کۆمەلایەتی بەندە بە نەوەی داهاتووکە خەیاڵ بکات و بەوخەیاڵەش داهێنەریێت و بکات و ببێتە خاوەن بەرهەم و بە داهاتووش گەش بین بێت،

چونکە کورد خاوەن قەبارەی نەتەوەیی خۆی نەبووە ستەمێکی زۆری لێ کراوە لە سەر زەمینی کوردستان، پڕ لە رووداو کارەسات، زیندوکردنەوەی ئەو رووداوانە بە خۆی هەنگاوێکی نەتەوەییە، ئەگەر ئەرکێکی شەخسی بێت، بەلاّم بەرهەمەکەی دەگەڕێتەوە بەردەستی خوێنەران، هەر نەتەوەیەك رابردووی خۆی تۆمار نەکات توانای نییە لە کاروانی نوێخوازی و نوێ بوونەوە بەشداری بکات، مرۆڤ پێویستە هزرێکی ئازاد و کراوەی هەبێت و سەیری هەموو لایەنەکانی ژیانی نەتەوەکەی بکات و یەك لایەن نەبێت.. دەست خۆشی لە نووسەری ئەم کتێبە دەکەم.

سەعید مەموزینی ٢٣ / ٤ / ٢٠٠٥

# باسی یەکەم

## کەسایەتی کورد :

لـە بـەرپـانی و بـەرینی خـاکی کوردسـتـان، ژینگـەکانی جوگرافیـایی لێکـدابڕو جیاوازە،بـەلاّم داب و نـەریتی کەسـیەتی کـورد راسـت گۆیـە و رەوشـت و شـێوازی پێـك دەچن،لێرەدا ئەوەی شیاوی لێدوانە کەسی کورد، لـە کارەکـانی راسـت و بێخـەشـە ، لـە وتەکانی ساغە، لە هەڕەشەو گوڕەشەی دوژمن ناترسێ لە هەردەم رستی لە زارە هەرگیز راست لە سەر زاریەتی ساختەزان نییە و درۆ ناکات، کە راستی لە مێشکی چەسپا بـە ئاشکرا و ئازایی دەیدرکێنێ سوار چاك و نیشان شکێنە ، لە مامەڵە کردن ساغلەمە،

کەسی کورد: دوورە لە گرێی دەروونی،دوورە لە دوو دڵی و ئاواتی ئازادی،و سەربەخۆیە دوژمنی کۆیلەتیە ئازاو بوێروجوامێرو مێرخاسە، گەڕناس و بە کارو بە فیزو دەمارە ، مل کەچی و سەر شۆڕی قەبوول ناکات ،   گەر هەستی کرد دەست کورتە کاردەکات خۆی منەت بار ناکات، نان لە قولەی قاپ بێت پەیدای دەکات، لە تەنگانە چەك هەڵدەگرێت منەت هەڵناگرێت، پێی خۆشە بە پیاوی ئازاو نەترس باسی بکرێت ، تەنگاو بکرێت خۆی لە ناوچەوانی شێر دەدات ،    بە کەسی کورد بڵێ بمرە، بەلاّم پێی نەڵێیت ترسنۆك بێزراو ... بێ غیرەت. لە عەرد نوغرو ببی، گوێبیستی ئەووتانە نەبیت، گەریدەیی و دەرۆزەی زۆر لا ناخۆشە ، پێی بڵێ بەزۆر شتت ساندووە، بەلاّم پێی نەگۆترێت سووالّکەر.

## کەسی کورد:

دڵپاك و دەست خاوێنە لە کاری رۆژانە ئەرکەکانی سەر شانی جێ بە جێ دەکات درێخی ناکات، خێزانی خۆی بە سەربڵندی بە خێو دەکات جۆتیاربێت منەتی سەرمای زستانی نییە و زەوی خۆی دەکێلێت، هەروەها بە گەرمایی هاوین بەرهەمی کشتوکاڵی خۆی کۆدەکاتەوە ، بە سەهۆڵ و بەفرو سڕەی زستـان مەڕو مالاّتی خۆی بە خێودەکـات بزەی بـە گیانلـەبران دێـت زۆر رێـز لـە دایـك و بـاوکی دەگرێـت، بـە هانـای نـەداران و لێقەوماوان دێت،

کەسی کورد: شانازی بە جل و بەرگی خۆی دەکات، چەکی خۆی دەپارێزێت ،گیانی خۆی دەفەوتێنێت بەس چەك نەکرێت، خەنجەر هێمای کەسی کوردە، لە باب و باپیرانیەوە بۆی جێماوە لە بەر پشتێنی خۆی رادەکات لێی جیاواز نابێتەوە، ئەوەش نیشانەی خۆبەخت کردن و تۆڵە سەندنە پەیمان و ژووان دەپارێزن ،پەیوەندی خزمایەتیان موکوومە

پەیوەندی دۆستایەتی دەپارێزن ، دەستی هاوکاری بۆ یەکتری درێژدەکەن ، ئامادەیە بۆ خۆبەخت کردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ، کەسی کورد:شانازی بە کوردایەتی خۆی دەکات، یەکێك پرسیاری لێ بکات تۆ چیت دەبێژیت ، (ئەزکرمانجم) یان دەڵێت (من کوردم)، دڵ فرەو چاو تێرە ، حەزلە مێوان و مێوانداری دەکات، بە گەرم و گوڕی پێشوازیت لێ دەکات ، منالی لە پێش مێوان سەر بیرێت لای کەمە، رێزلە مێوانی خۆی دەگرێت ، ناسیار بێت یان نەناسیاربێت، بێ جیاوازیەو متمانەی هەیە، بۆیە زۆربەی مامەلەکانی کرین و فرۆشتن بە زارەکی پێك دێت بێ ئەوەی قەوالە و بەڵگە گرێ بەست لە نێوان هەردوو لا هەبێت، خاوەن قەرد هەڕشەو گوڕەشە لە قەردار ناکات، بە تایبەتی ئەگەر باری ئابووری خێزانەکەی بێ دەرامەت و نەدار بێت ،

جاری واش هەیە گەردەنی ئازاد دەکات و دڵی دەداتەوە، نەتەوەی عەرەب کە لە تەکمان دەژیین زۆرجاران بە کەسی کورد دەڵێت ، عیناد و سەر رەقە ئەگەر گۆتی ( لا، لا) کەس ناتوانێت بیرورای بگۆڕێت ، لە سەر ئاخافتنی خۆی سوورە یەك گەردیلە یان تۆزقالێك ناهێتە خوارێ ئەوەش دیاریدەیەکە بەڵگە نەویستە بۆ کەسی کورد واتە خۆ نەگۆڕو یەك رووە، لە ژیانی خۆیدا رووڕەشی و گەندەڵی نانوێنێت ، پرسیارێك لە کەسی کورد بکەیت ، بە بێ سێو دوو وولامت دەداتەوە، ئەوش جورئەت و ئازاییە .

بەلام ئەگەرپرسیارێکی دوو قوڵی بێت ماوەیەك دیار دەکات بگەڕێتەوە ماڵەوە بیری لێ بکاتەوە، یان پرسیاری کەسانی لە خۆی شارەزاتر و زاناتر بکات بۆ ئەوەی تووشی تەنگوچەلەمەی ژیان نەبێت، بە شەرمەزاری یان بە تاوانباری لە قەلەم نەدرێت، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە بیرلە دوا رۆژی خۆی دەکاتەوە ، واتە پاش بیرکردنەوە بە لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات، کە بڕیاری دا کەسیش ناتوانێ بیگۆڕێ، کەسی کورد : خۆی پاراستووە، خۆی دەپارێزێ، لە کەلەپووری نەتەوایەتی دەرناچێت ، ئەگەر هەلەیەك دووپات بکاتەوە

بەرامبەرداب و نەریتی کوردەواری دێتە رتاندن و ریسوا دەکرێت، ناوی بە خراپە دەکەوێتە سەرزاران، پایە و رێزی نامێنێت، ناچار دەبێت بەرەو شوێنێکی دوور بار بکات ،

ڕەوشت و سیفاتەکانی کەسی کورد:

ـ دڵ خۆش بێ خەفەت نیە  ئەمرۆی هەبێ خوا کەریمە بۆ سبەینێ هەیبی یان نەیبی.

ـ  زۆر خەم لەژیانی رۆژانەی  ناخوات تەنها شەرمەزاری ماڵ و منداڵ و مێوانی خۆی نەبێت، هەروەکو دەڵێن : ( دەوڵەمەندی بە دڵە ، بە ماڵ نیە ) .

ـ سەرناسە جارێك کەسێکی دیتبێت زوو دەیناستەوە ،

ـ بە رێگایەك دا بڕوات لە یاد ناکاتەوە ،

ـ لە کەم و کوڕی خزم و برادەری خۆی دەپرسێ و دەبنە میوانی یەك .

ـ لە کۆنەوە  کەسی کورد زۆربەیان نەخوێندەوار بوون  ،

ـ هەرچەندە نەخوێندەوار بوون پسپۆڕی تەواویان هەیە لە و کارەی پێ هەڵدەستی وەکو : لە ئاژەلداری ، یان رۆژەکانی وەرزی ساڵیان لەگەڵ سوڕانی گەردوون دەبەستنەوە،

ـ کەسی کورد : پالپشتی بێ کار و لێقەوماوان دەبن ،
ـ دژی زۆردار و دوژمنی خاك رادەوەستن سەروسامان و دەوڵەتی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دەبەخشن ،
ـ خۆپەرست نییە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی رەچاو ناکات ،
ـ خۆی بە خزمەتکاری گەل ونەتەوەکەی خۆی دەزانێ ،
ـ مردنی سەر جێگای لا پەسند نییە ، لە شەڕ بکوژرێ بۆی سەربەرزییە .
بکوژرێت نەکو لەبەرەی شەڕ رابکات .

ـ دەست نیشان کردنی گیاو گۆڵ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان .

ـ بلیمەتن لە نەخش و نیگار وبیناسازی ،
ـ شارەزایی تەواوی هەیە لە گرتنەوەی شکاون.
ـ کەسی کورد رێزدەگرێت لە : قەبرستان و چواردەوری پەرژین دەکات ،

داری سەر قەبرستان نەدەبڕن نە دسووتێنن .
- رێز دەگرێت لە : مامۆستای ئاینی و مرۆڤی تەقواو خواناس،
- برادەرانی باوکیان و پەیوەندییەکانیان موکومتر دەکات ،
سەرکردەی خۆی خۆشدەوێت و مل کەچی فەرمانی دەبێت ،
- براگەورەی ئاوایی و سەرۆك خێلەکانیان ،بەمەرجێك باش بن .
- کەسی کورد حەز لە : پیاوەتی و ئیشی چاکە دەکات ،
- جل و بەرگی رازاوە و پاك و خاوێن دەپۆشیت ،
- نوکتەو قسەی سوحبەت و پێکەنین تێکەل بە ئاخافتنی خۆی دەکات ،
- حەزی لە دەعوەت و دەعوەتکاری وخواردنی خۆش و چەور،
- کەیفی بە شایی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی گوتنە ،
- سەفەرکردن و یەکتر ناسین ،
- خزمەتەکردنی کەسانی لەوی بەتەمەن تر دەکات ،
- خزمەتی خێزان و منداڵی خۆی دەکات .

# خێزانی کورد:

خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵە ، دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە ، رابەرەکەی میرد و خێزانیتی ، بە چەند پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی پیرۆز پێکەوە بەسترایتنەوە ، خێزانی کورد لە داپیرەو باپیرە ودایك وباوك کوڕ و کچ پێك هاتووە ، چ گوندی بێ یان شارستانی ، یان کۆچەری بن داب ونەریتەکانی نەتەوایەتی رەچەڵە و کەلەپوری کۆمەڵایەتی هاوبەشە لەگەڵ دووابەری یەك لە دوای یەك بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن وهەرگیز دەیپارێزن .

خێزانە نیشتەجێیەکانی گوند لە قەواریەکی گەورەدا دەژین هەموویان تێکڕا خێزانێکی یەکگرتوو دروست دەکەن ، لە یەك ( حەوش ) دەژین،داراییان هاوبەشە لە سەر یەك خوانە نان و خواردن دەخۆن . گشت ئەندامانی خێزان لە قسەی باپیرە گەورەیان دەرناچن ئەگەر باپیرە گەورەیان پەکی کەوت ، یان چووبەر دلۆڤانی خودێ کوڕی گەورەی جێگای دەگرتەوە ،بەرپرسیار دەبێت لە جێ بە جێ کردنی ئەرك وکارەکانی خێزانەکەی . خێزانی کورد ، بەتایبەتی لەگوندەکانی زوو لێك جودا نابنەوە لە بەر زۆری ئیش و کاری رۆژانەیان ، کارەکانیان دابەش دکەن بە پێی توانایان هەندەکیان بۆ جێ بە جێ کردنی کاری کشتوکاڵی ئەوەی تر بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵا ت وئاژەڵەکانیان .

لێرەدا رۆڵی ئافرەتی کورد بەدیار دەکەوێت سەرەڕای بەخێوکردنی کۆرپەکەی ، شان بە شانی پیاو چ لە ماڵ چ لە دەرەوە کار دەکات، لە ناو خێزانی کورد دڵ پیسی نی یە ئافرەت لەگەڵ پیاوان دادەنیشێ و لە ئاخافتن و سوحبەت بەشدار دەبن ، بێ ئەوەی مێرد یان کەس و کاری گومانی لێ هەبێت ، بەلاّ م ئەگەر داوێن پیسی لە ئافرەت دیترا بەبێ سێودوو هەردووکیان دەکوژن ، کەسیش حەدی نییە داوای خوێن و تۆڵە سەندنەوە بکات ، بەڵکو دەست خۆشی لەو کەسە دەکرێت کە هەردوکیانی کوشتیە .

لە ناوخێزانی کورد چ کۆچەری بن یاخود گوندی یان شارستانی سەرۆك خێزان باوکە . سیستەمێکی باوکایەتییە باوك سالاری ( نظام ابوی ) - پاتریارکی – بایەخ بە منداڵی نێرینە دەدەن ، وە حەز دەکەن گەلێك منداڵی بچوکیان هەبێت ،کوڕی نۆبەرەی خۆشەویستیەکی تایبەتی هەیە لە دڵی باوکی چونکە بە ووجاغ دادەنێت ، لە پاشەڕۆژ جێگای دەگرێتەوە . ئەگەر تەنها کوڕێکیان هەبێت ، زێدە بەنازی دەکەن.

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردەواری پیاوی کورد یەك ژن دینی ،ئەگەر بکاتە دوو یان سێ لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکیە لەوانە : یان ئافرەتەکەی نەخۆشە، یان منداڵی نابێت ، یان کچی زۆرە بۆخۆی بە ژن دەدات ، یان خێزانی کچی دەبێت ، دەکاتە دووان بەڵکو خوا نێرینەیەکیان بداتێ ووجاغ کۆر نەبن ، یان لە کاتی خۆیدا خێزانیان بە خورتی لێ مارە کردییە ، یان ئەگەر پیاوی کورد دەوڵمەند بێت بۆ هەوەسی دڵی خۆی ئافرەتێکی تر دەخوازی و هەروەکوو عەرەب دەڵێن :( ئەگەرکورد دەوڵەمەند بوو یان ژنێکی دەڕوێنی یان زەلامەکی دەکوژی ). لە تەمەنی ( ١٤-١٨ ) ژن بۆ منداڵەکانیان دەخوازن باوکی دەڵێت: کوڕم حەز دەکەم زووژن بێنی بەڵکو منداڵە کانت زوو پێڕا بگەن، ئەو پێش مردنی نەوەی خۆی بدینی. خێزانی کورد ئەگەر خوا منداڵیان پێ نەبەخشێ، پەنا دەبەنە بەر شێخ و مەشایخ ، زیارەتی شێخەکان مناسبات دەکەن ، دەپاڕێنەوە لە یەزدانی مەزن منداڵێکیان پێ ببخشێت. خێزانی کورد: لە گوند و شارەکان لە ناو خانووی قوڕ یان بەرد دادەنیشن.

بەلاّم کۆچەریەکان لە ناو رەشماڵی موو دەژین، بەتایبەتی باپیر و باوك و برا گەورە دەسەلاّتی تەواویان هەیە لە سەر کۆئەندامانی خێزان، دەستووریان موکەڕمە لە ناوخێزان هەتا ئەوان رەزامەند نەبن لە سەر شووکردنی کچی بۆ کوڕێك زەحمەتە سەربگرێ، بەلاّم ئەگەر خێزانەکە بیەوێت کچی خۆی بداتە دەرەوەی ئاوایی یان بداتە کوڕێك لە حێل و حوربانی ئەوان نەبێت، دەبێت برا گەورەیان لە سەر رەزامەند بێت.

# منداڵی کورد:

منداڵ کەرستەیەکی خاوە بۆ پێك هێنانی خێزانی کورد. خێزان لەکۆنەوە تاکو ئێستا، دەزگایەکی پەروەردەو زانینە بۆمنداڵ، ئەرکی بەخێوکردنی زارۆك دەکەوێتە سەر ملی خێزان، بناغەی دروست بوونی خێزانێکی بەختەوەرە، خێزانی کوردەواری رێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، یەکەیەکی یەکگرتووە، خۆی بەخۆی بەتەواوی دەستەسەری کردووە، کەس ناتوانێت رێگای لێ بگرێت، بۆیە بە تەواوی داب ونەریت وکەلەپووری کۆمەڵایەتی لە ناو مێشکی منداڵی کورد دەچەسپێنێ و تێکەڵ بە رەگ و دەماری دبێت، هۆی ئەو نۆبەرانە کەلەپووری نەتەوایەتیمان پارێزراوە بۆ نەوەی داهاتوو،

دایکی کورد مامۆستای خێزانە، بۆیە ئەرکی فێربوونی منداڵ دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئافرەتی کورد، پاش تەمەنێکی دیاری کراو کوڕ دەکەوێتە ژێر دەستی باوکی، بەڵام کچ لە ژێرخزمەتی دایك دەمێنێتەوە تا مێردکردنی، دایکۆنی دەبێت. کوڕبگاتە تەمەنی ٧ هەفت ساڵی بە سەرەوە باوك لە گەڵ خۆی دەیگێڕێت و فێری ئیشی پیاوانی دەکات، هەندێ فاکتەری کاریگەر هەیە کاردەکاتە سەر کەسایەتی منداڵ لەوانە: سروشتی ژینگەی جوگرافیای کوردستان، وای لە گوندی کوردەواری کردووە، لە ناو دەقی چیاکان دەژین، پەیوەندی هاتووچۆی بە زەحمەتە، دوورکەوتۆتەوە لە شارستانیەت، ژیانی کوردەواری لە سەر کشتوکاڵ و بە خێوکردنی مەڕ و ماڵاتە،

ژن و مێرد لە دێهاتەکان، تاری گەورك لە خەو هەڵدەستن، بۆ جێ بە جێ کردنی کاری رۆژانەیان، جاری وا هەیە شەوانیش تاکو درەنگ ناحەسێنەوە، ئەوەش کاردەکاتە سەر پەروەردەی منداڵ. ماوەیەکی درێژخایەنە ناوچەکانی کوردستان، ژێردەستەیە، هێمنی و شادی نەدیووە ، دانیشتوانی تووشی چەندەها کارەسات وماڵ وێرانی بوون... شوێنەوارێکی خراپی خستۆتە سەر مێشکی منداڵی کورد، بۆیە هەست بە یاخی بوون دەکات، دڵ رەق دەبێت بەرامبەر بە هەموو سیستەمێکی چەوسێنەر،

رەوشتی کۆمەڵایەتی خێزان کاردەکاتە سەر منداڵی کورد چونکە، هەرخێزانێك رەفتارو شێوازی ژیانی جیاوازە لەگەڵ یەکدی. پەیوەندی نێوان ژن و مێرد کاردەکاتە سەر کەسایەتی منداڵ، سەرەڕای ئەو مەرگەسات و دەردەسەریانە بێجگە لە مەینەت و کۆسپ و گیروگرفتەکانی ژیان، کەسایەتیەکی جێگای ئۆمێد، رفتار شیرین و شێوازێکی جوان لە منداڵی کورد دێتە کایەوە،

باوك لە خێزانی کورد چ پیشەیەك بکات هەر بە بچووکایەتی منداڵی خۆی فێردەکات. باوك حەزدەکات منداڵ لەوی زاناتر و هوشیارتر بێت، نیشان شکێن بێت ، خۆ ئەگەرتیری ئەوەل چاوی باوکی پێ بپێکێت، حەزدەکات فێری سواری بێت، چ ماین چ ئۆتۆمبێل، دایك و باوك رەخت و خەریتە لە پشتی منداڵەکانیان دەبەستن دەمانچەی بە تەنکێشی شۆڕدەکەنەوە، یانی هێمای کورد(خەنجەر) لە پشتی رادەکەن. ئەگەر خوا کوڕێکیان پێ ببخشێت، ئەوە باوك ناوێکی بە دڵی خۆی بۆ منداڵەکەی هەڵدەبژێرێ، گەرکچ بوو زۆربەی جاران دایك ناوێکی بۆ هەڵدەبژێرێ، ناوی منداڵی کورد لەو چینانە دێتە ناو لێنان.

ا- ناوی ناودارانی کورد لە منداڵەکان دەنێن وەکو: ( ڕۆستەم، خسرەو، صلاحەدین، فەرهاد، تەمەرخان، قەپلان، بەدرخان ).

ب- ناوی چیاو رووبارو باژێرەکانی کوردستان بۆ ناوی منداڵ هەڵدەبژێرن وەکو:( گارە، هەندرێن، هەڵگورد، دەرسیم، تەورێز).

ج- ناوی پێغەمبەران، پیاوە ئاینەکانی ناودار، لە ناوی منداڵ دەنرێت، خێزانی کورد زێدە منداڵی خۆی خۆشدەوێت، بۆیە کاتی بانگیان دەکات سەرو سیمای ناوەکانیان دەشکێنن، بۆ نموونە: ناوی( ئیسماعیل ) هەر دەڤەرێك بە شێوەیەك دەیگۆڕێت، بانگدەکرێت: سمکۆ، سمە، سمك، ئسمۆ،سمایلۆك، سمۆ...

د- ناوی گوڵ و گوڵزارەکان، زۆربەی بۆ کچان دێتە هەڵبژاردن وەکو: ( هەلاڵە، بەیبوون، هێرۆ، نان، سوسن ).

هـ- ناوی باپیرە گەورەیان پشت بە پشت هەڵدگرنەوە.

و- ناوی تر...وەکو: گیانلەبەری زیرەك، کەش و هەوا...

# باسی دووەم

## ئافرەت لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا :

بە راستی ئافرەتی کورد داب ونەریتی میللی کەلەپوری نەتەوایەتی خۆی پاراستووە و دەی پارێزێت، ئافرەتی دونیا مانگانە بە مۆدێل خۆی دەگۆڕێت، بەلاّم ئەو شەپۆلانەی دەرەوە کاری لە خورەوشتی ئافرەتی کورد نەکردووە، کەسایەتی خۆی پاراستووە و بە هیچ جۆرێ خیانەت لە مێردی ناکات، تێدەکۆشێت لە پێناو سەرفرازی و پێشکەوتنی خێزان،

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت:( حیزێ مێردێ بە، دزێ ماڵێ بە ) واتە بەو پەڕی خۆی پێشکێشی مێردی دەکات، بە کابانی کۆشش دەکات، ماڵ و منالّی خۆی بە خێو دەکات. دەستی پاڕانەوە بۆ هیچ کەس درێژ ناکات، ئافرەتی کورد چینێکی پتەو و تێکهەڵکێشراون، خراپە کاری و کاری ناهەموار کاریان لێ ناکات، لە راست مێردیان ئازادن لە ماڵ و لە دەرەوە ئازاو بە جەرگن لە کاری ناو ماڵ کابانێکی دەست رەنگینن،ماڵەکەی دەڕازێنێتەوە حەزی لە جوانیە، چونکە بە خۆڕایی جوان و رێکوپێکە بەژن و بالاّی تەرحە چەماوە نیە، چونکە حەز لە چەماندنەوە ناکات بە غیرەتە حەزی لە ئیشکردنە شان بە شانی مێردی کار دەکات، لە شەڕگەدا لەگەڵ پیاو شەڕ دەکات، یان لە خزمەتی چەکداران رادەوەستێ نان و ئاو و پێویستیەکانی شەڕ بۆ گۆڕەپانی جەنگدەبات بریندارانتیمار دەکات، تان لە پیاوان دەدەن بۆ ئەوەی ورەیان بەرز بێت، ئافرەتی کورد بە تایبەتی کۆچەرایەتی و گوند نیشینەکان رۆڵێکی بالاّیان هەیە لە ژیانی کۆمەلاّیەتی کاری کشتوکاڵی و بە خێوکردنی مەڕ و مالاّت رادەپەڕێنن،

سەرەڕای بە خێوکردنی منداڵیان، جەمەکانی خواردن بۆ ئەندامانی خێزان ئامادە دەکەن، ئافرەتی کورد لە ماڵەوەو لە دەرەوە ئازاد و سەرفرازە، بێ پێچەن عەبا کەم هەڵدەگرن، ئەوجل و بەرگەی لە بەر دەکات مەستوورە، بۆیە سەرپۆشیان هەڵنەگرتووە. سروشتی کوردستانە لە بەردۆڵ و چیا و تاشە بەردی کەندەلاّن و درك و داڵ ، چرە درای لێران، لە بەرهەڵگرتنی شیر و مەشکە بە پشتیان گۆزەی ئاو بە ملان، گواستنەوەی چیلکەو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، وای لە ئافرەتی کورد کردووە پێچەو عەبای هەڵنەگرێت هەڵکرای چوست و چەلەنگ بێت.

ئافرەتی کورد بەوپەڕی ڕێزگرتن پێشوازی لە مێوان دەکات، پیاو لە ماڵ نەبێت خۆی سرك و سل ناکات، ناسیار بێت یان نەناسیار لای دادەنیشێت و گفتووگۆی لەگەڵ دەکات، لە ئەحواڵی دەپرسی، بەو وتەی شیرین و لێو بە خەندە دەپەیڤیت، هەمووی لە پێناوی ئەوەی مێوانەکە هەست بە دڵتەنگی و نامۆیی نە کات، خەمخۆرە لەگەڵ مێردی، هیچ شتێك لە مێردی ناشارێتەوە، ڕاز و نیازی دڵی خۆی پێ دەڵێت، ئەگەر خوا نەخواستە مێردی بمرێت یان بکوژرێت، منداڵێکی هەبێت یان دوو سێ ، مێرد ناکاتەوە لە سەر دەستی خۆی دەمێنێتەوە و خۆی بەخێودەکات، لە جیاتی مێردی وەکو سەرخێزانێك کاری پیاوانە رادەپەڕێنی، لە کارەکردن ئازا و بێن فرەیە، لە کاری دەستکرد وەکو مافور، کڵاو، بەڕە، دەست بێندە، جواڵ، گوریس، بەن قادە، کەژی، خورج... دەست ڕەنگین و بە نەخشی فۆلکلۆری جوان دەیان رازێنتەوە.

## ئافرەتی کورد:

لە ماڵی مێرد خاوەن سامان و دارایی تایبەتی خۆیانن، پیاوەکەی دەست لێ ناوات بۆی دەپارێزێ ، تەنها بە ڕەزامەندی خێزانەکەی نەبێت لە وانە: خشڵ و پارچە زێڕەکانی تاکوگەنجە لە بەری دەکات کە پیر بوو هەڵیدەگرێت، بۆ کاتی پێویست خوا نەخواستە تووشی کارەساتێك بێن، یان نەدار بن ئەوە خۆیان پێ هەڵدەگرنەوە، هەروەها لە ناو ماڵێ چەند سەر مەڕو بزن و چێڵی هەیە چ بە ماڵی خۆی کڕیبێ یان لەلایەن خزمانی پێشکەشی کرا بێ، مافی کەسی بە سەرەوە نییە، تەنها بۆ خاتری ئەوەی موحتاج نەبێ و داهاتێکی سەربەخۆی هەبێت، منەت لە کەس هەڵناگرێ، چ لە ماڵی مێردی یان خزمانی شکارتەی بۆ دەکرێت. پیاو دەست ناکاتە کاروباری خێزانی،

ئافرەتانیش بە خۆڕایی پارە خەرج ناکەن. بە بێ پرس و رای مێردیان لە ماڵەوە دەرناچن، ئەوەش نیشانەی ئەوە دەگەیەنێ پەیوەندیەکی موکوم لە نێوان ژن و مێردی کورد هەیە. لە کاروباری رۆژانەیاندا هەریەکە بە قەدەر توانای خۆی درێغی ناکەن، پرس و را لەگەڵ یەکدی دەگۆڕنەوە ئەوەی پەسند بێت هەردوو لا لەسەری ڕەزا مەند دەبن، بەڵێنی لە سەر دەدەن بۆ بەرژەوەندی خێزانەکەیان.

زۆریەی ئافرەتی کورد میراتی لە ماڵی باوکی وەرناگرن، بە ڵکو دڵیان لێ ناپشکوێ بۆ براکانیان بە جێ دێڵن، چونکە ئەوان زێدەتر سەرپەرشتی ماڵیان کردووە و خەمیان لێ

خواردووە. خەنە لە دەست و پرچی خۆ دەن دەدەن. چاوی خۆیان پڕکلی سوبحانی دەکەن لە گەشت و گوزارو شایی و خۆشیدا پارچە زێڕەکانیان لە بەر دەکەن لەگەڵ مۆری و قەنەفل و مەرجان بەسەر جلە نوێیەکانیان دادەینن، سەرەڕای جوانی سروشتی خۆی، جوانیەکی تری بە خۆیەوە دەبەخشێت.

ئافرەتی کورد هەروەکو هەموو ئافرەتانی دونیا، بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی بووە، خۆی لە ناو داوی زۆرداری کۆمەڵ دۆزیتەوە، هەندێ داب و نەریتی کۆنینە بە سەری زاڵە وەکو، ژن بە ژنی گەورەو بچوکی، یان
بە منداڵی مارەی دەکەن، لە هەموو خراپترکچی خۆیان دەدەنە ئەوکەسەی پارەی زۆرە بە بێ ئەوەی رەچاوی بنەماڵەو رەوشتی کوڕەکە بکرێت. بە تایبەتی ئافرەتی نەخوێندەوار ناتوانێت بە سەریەستی هاوسەری ژیان بۆخۆیان هەڵبژێرن،بە دەستی باوك و براکانیەتی بە کێی بدات دەستهەلاتیان نییە کوڕەکەی بە دڵ بێت یان نەء، رەزامەندیش نەبێت ، یان بیروڕایی خۆی هەبێت پێی دەڵێن: دیارە حەزت لە کەسێکی ترە، هەردەبێ بیکەی چارەت نیە.

جاری وا هەبووە کچێکی تەمەن ١٤ چواردە ساڵی بە پیرەمێردێکی ردێن سپی درایە ، هەربووکە دەبێتە خەسوو بەلام زۆربەی خەسوو رەفتاریان خراپە بە رامبەر بە بووك، پیشینانمان چەند پەندیان لەو باریەوە بەجێ هێشتیە دەڵێن:(خەسووسە دایم لە دوای بووکان جاسووسە)(خۆزگە خەسوو نەبوایە کەندووی مێژوو هەبوایە، دا بووك بە دڵی خۆی بوایە )(خەسوو ئیمانی نییە، بووکێ زمانی نییە) لە ناو کوردەواریدا ژن لە مێرد هەلاتن زێدە نەنك و شووریە هەروەها نەفرەت لە ژن بەردان دەکرێت (تەلاق) دان هەروەها لەو پەندە دیارە دەڵێن:(هەفت جاران هەڵگرتیبا ، جارەکێ بە ردایی نەبا) هەروەها زاناو هونەرمەندی ناوداری کورد مەلا مەحەمدی کۆیی (چەلی زادە) لەو هۆندراوەی دا بیرورایی خۆی بەرامبەر تەلاقدان دەردەبڕێت و دڵێت:

بڵێن بە قەومی کوردان		دەستی من و دامێنتان
عەیبە بە هەقی یەزدان		ژن هێنان و تەلاقدان
ژن زینەتی دونیایە		ئەمانەتی خودایە

حەبیبی موستەفایە　　　　　　خەڵاتن لە بۆ مێردان

لە کۆتایی دا دەڵێت:

وەزیفەی زۆر گەورەیە　　　　　　دەزانی ئـــــــەویش چیە؟

منداڵ بوون و تەربیەت　　　　　　بێ موسەخەڕە جوێن پێدان

ژن قەت تەلاق مەدەن　　　　　　لەگەڵ یەك مومتەزیج بن

وەك روح لەگەڵ بەدەن　　　　　　بە ئولفـــــەت و دڵشادان.

ئافرەتی کورد لەبەر مێوان هەڵدەستێت بە پیل مێوان دەچێت ناسیار بێت یان نەناسیار، بە خێرهاتنێکی گەرمی لێ دەکات، بیرو بروایان بە هەندەك پڕو پوچی کۆنینە(خرافە) هەیە ئەوەش بویتە بەردی کۆسب لە سەر رێگای پێشکەوتنی ئافرەتی کورد، بڕوایان بە قسەی ملا و شێخ و دەروێشان هەیە ، دەچنە لای فەتح و فارل و جادو کەر منداڵیان نەخۆش بکەوێت، دەبەنە سەر مەزارو مناسبەکان یان داو دەرمانی کوردەواری بە کار دەێنن بۆ چارە سەرکردنی نەخۆشیەکان ئەگەربچنە لای پزیشك بە تەواوی داودەرمانی دیاری کراو ناخۆن

زۆربەی ئافرەتی کورد حەزیان لە گۆرانی گۆتنەوەو وە دەنگیان خۆشە کاتی منداڵیان دەخەوێنن دەستی لە سەر کەمەی لاندکو بە دڵێکی پڕهیواو ئۆمێد گۆرانی بۆ منداڵەکەی دەلاوێنتەوە، یان لە چۆل و هەقارچ لە رێگا یان لە سەر ترۆپکایەکی بەرز دەستی خۆی داوێتە بن گۆی خۆی بە دەنگێکی بەرزداستانەکانی کوردەواری بە نزم و سەلقیەی گونجاو دەڵێت.

زۆرجار رویداوە کەسێکی تر چ ئافرەت یان پیاو لە دەرەوە گوێ بیستی ئەو دەنگە بە سۆزە دەبی،هەستی دەبزوێنی دڵی جۆشان دەدات ئەویش لە شوێنێکی بەرز ئۆقرە دەگریت، بەرامبەر ئافرەتەکەدا وولامی دەداتەوە و بە نۆرە یەك لە دوای یەك بەندێك دەڵێن، ئەویتر بەندێ دیکە تەواو دەکات چەند کاتژمێرێ یان دانە رۆژێ دەکێشی، لە کۆتایدا هەر بەگۆرانی یەکێکیان دەڵێت بە داخەوە ئەمرۆ ماوە نەماوە سوبەینێ وەرە شوێنی جاران ، گەڕەلاوژەکەمان تەواو بکەین،

بەڵێ ئافرەتی کورد ئەوها بە توانا و لێوەشاوەیە دەتوانێ بەرامبەر پیاو رابوەستێ هەربەخۆی خۆی بە کەم دانانێت هیچ کاتێك ناڵێت من ژنم ئەو پیاوە خۆی لەگەڵ پیاو بە یەکسان دەزانێت، لە جیاتی مێردی دەچێتە ئاش بۆ باراش هێڕان یان کاروانی دانیشتن و رۆیشتنی لەگەڵ پیاو بووە سوبێدە زوو ژن و پیاو لەگەڵ یەکتری دەچوونە سەر پەرێز بۆ کاری کشتوکاڵی سوحبەت و پێکەنین و غاردان بە دڵێکی ساغ لە سنووری سووحبەت و پێکەنین دەر نەدەچوو.

ئافرەت و پیاو مەرجانەیان دەکرد، تەنها بۆ ئەوەی لە ئیشی رۆژانەیان وەرس نابن، هێواران لەگەڵ یەکدی وەکو خوشك و برا دەگەڕانەوە ماڵێ، لە هەقاری هەرچی سوحبەت و قسە کرابوو لە ئاوایی نەدەهاتە گێڕاندنەوە ، هەروەکو پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت:(قسێ پەرێزێیە نەگێڕنەوە) کەسێکی مێردی بمرێت یان رووداوێکیان بە سەر بێت بەرگی ئاڵاوواڵای لە بەرناکەن بەژداری خەمی مێردی دەبێت ئافرەتی کورد پەیوەستە بە داب و نەریتی میللی و کەلەپوری نەتەوایەتی خۆی .

## بزووتنەوەی ئافرەتە ناو دارەکانی کورد :

ئافرەتی کورد وەکو گشت ئافرەتانی جیهان داوای ژیانێکی سەرفیرازو بەختەوەری کردووە ، ناوێکی نەمری لەدێرۆکی کوردەواریدا بە جێهێشتووە، ئەڤینداری خاکی وولات بووە ، لە پێناوی خۆی بە گۆڕی کردییە، بۆ پارستنی ناوی کوردستان و کورد، بە خوێنی ئاڵیان خاکی نیشتیمانیان سۆرکردییە ، هەرلە کۆنەوە چاونەترس و بوێرو چەلەنگ بووە ، ملیان بۆ زوڵم و زۆرداری کەچ نەکردووە ، بە ئاوات ژیاوون ،

دژی هەندێ شەپۆلی بێ ئەخلاقی و ناڕەوا وەستاوون بۆ سەرفیرازی و ئازادی گەلەکەیان تێکۆشاون هیچ جارێك نەیان گۆتییە ما بۆچیە ؟یان بزاڤا من بێ هێڤییە . هۆزانی هۆندیتەوە لە سەرگشت لایەکانی ژیان ، بە تایبەتی بێ بەشیان لە مافی ویست و خواستی خۆیان تێدا دیارکردووە ، چونکە تووشی دەردەسەری و ناخۆشی بارگرانی بووە ، خەم وخەفەت دڵی چکلاندبوو، بەڵام ئافرەتی کورد دەست بە ئەژنۆ رانەوەستاوون بەرهەڵستی خۆیان کردووە و تێکۆشاوون و ئاڵای سەرکەوتنیان بەرز کردۆتەوە .

# ناوی چەند ئافرەتێکی ناوداری کورد:

=خەزینە:

ناوی ( زەینەب ) ە کچی شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەدییە، خێزانی عەبدولکەریمی جەلی زادەیە، لە شارە خینجیلانەکەی کۆیە هاتووتە دونیاوە ، کچێکی کورد پەروەرو دەست هەلْ بووە ، خۆندەوانێکی ئازاو زیرەك تێگەیشتی بووە ، هۆزانی هۆندیتەوە . لە سالْی ( ١٣٣٠ ) مێردی کۆچی دووای کردووە ، ئەو مردنە کاریگەرێکی گەورەی کردۆتە سەر هەست و سۆزی خەزینەخانی ژنی ، ئەو پارچە هۆنراوەی بە سەراوە لە سەر مردنی مێردی هۆندیتەوە :

ئەی رەفیقانی شەریعەت بێن بکەن گریان و شین

حەیفە بۆ ئەو قتبی کامل کۆچی کرد بۆ ژێر زەمین

حەیفە بۆ ئەو کوهی عرفان و دەلیلیزاهی حەق

پێشەوای ئەهلی محەبەت ئەو ( رئیس العاشقین )

ئەو چراغی خانەدانی علم و فانۆسی خودا

تالْبی راهی خوداو ناصبی اعلامی دین

لە کۆتایی دا دەلْێت :

هەر ( حەزینە ) بەس بسووتێ سوتنت بێ فایدەیە

بگرە صبرێ بەلکو مەئجوری لە جملەی صابرین

(ارجعی عبدی الی) فەرمووی موشتاقم بە تۆ

( هژە جنات و عدن فادخلوها خالدین )

## = مهرەبان خاتوو بەرواری :

کیژی مەلا حوسێنی بەرواری ، لە نێوان سالّی ( ١٨٥٨تا ١٩٠٥ ) ژیاوە، تۆلازو رەند و چالاك بووە ، خۆندەوارو هۆزان وانێکی لێوەشاوە بووە ، لە تەون و نەخش و نیگار دەست رەنگین بووە ، هەموولایەنەکانی ژیان لە ناو مێشکی دەجولایەوە ، ناوی دەرکردبوو لە بەر زیرەکی و ئازایی ، زۆر کەس چووبوونە پێش بۆ داخوازی ، بەلام هەموو کەسی رەتدەکردەوە، چونکە مهرەبان حەزی لە پسمامی خۆ دەکرد، دەگێرنەوە میری ئامێدی چووبوو خوازبێنی باوکیشی رازی بوو ، بەلام بەلّێنی بە پسمامی خۆ دابوو لەو پارچە هۆزانە بەدیار دکەوێت کە بۆ میری ئامێدی رەوان کردبوو ، تێدا هاتیە :

ئەز چ بێژم چ بەیان کەم     کێ بە حالێ من دەزانی

مەخفیاتە ئاشکرا کەم     ئاه ژ ڤێ دەردەێ گرانی

کەف تیمە تازی و شینا     کێ دێ ساخکەت ڤان برینا

چو ژ دلێ سەد ئاخو ژان . لە کۆتایدا دەبێژیت :

عشق نزانیت گەداهی

عشق نزانیت پاشاهی

شوعلەکا ژ نورا ئیسلامی

هەر وەشکو روحو رەوان .

## = حەیران خانم نەخچەوانی :

کچی کەریم خانی دونبەلییە ، لە باژێری ( نەخچەوان ) لە ولاّتی قەفقازلە دایك بووە، ژیانی خۆی لە ( ئورمییە ) بردۆتە سەر زۆر دەست رەنگین و زانا شارەزا بووە، لە هۆندنەوەی هۆنراوە بە زمانی کوردی و فارسی ، ئەو دوو دێرە بە فارسی دەلّێت :

بود حیران تر عاشق ، چە عاشق ، عاشق بێ دلێ.

چەبی دلێ بێ دلێ والّە ، چەوالّە ، والّە حەیران .

****	****	****	***

## = مەستوورە کوردستانی .

هۆزانوانێکی کوردە ناوی دروستی ( ماه شەرەف خان ) ە لە ساڵی ( ۱۲۲۰ )ك لەدایك بووە ، خێزای ( خەسرەو خان ) بووە مێرخاس و ناودارێکی کوردە میری گشت هەرێمی کوردستان بووە ، مستوورە کچە کوردێکی شارەزاو چەلەنگ و زیرەك بووە ، هۆزانی خەم شاهی ولاّت پەروەری هۆندیتەوە ، هەستی کوردایەتی هێوێنی شیعرەکانی بووە ، دیوانێکی چاپ کراوی هەیە پاش گۆڕینی لە زمانی کوردی بۆ سەر زمانی فارسی .

## = قەدەم خێر فەیلی .

لەوکچە کوردە پەروەرانە بوو ، کۆڵنەدەری ئاگری شۆڕشی ( پشتکۆ ) هەڵگری دژی شاهی ئێران بوو ، کاری ئەو زێدە پیرۆز بوو ، هیچ کاتێك سەری خۆی بۆ دوژمنان نەچەماندیتەوە ، بزوتنەوەوخەباتی لە پێناوەدی هێنانی ئازادی و سەرفیرازی بۆ میللەتە چەوساوەکەی بووە ، پاش چەند شەڕو پێکداداێکی گەرم ، دژی پادشایەتی ( رەزا شای ) ئێران حاڵی شەپرزە کردووە ، لێرەدا شاه ناچار بووە قەدەم خێر بگرێت و لە تەهرانێ زیندانی بکات ، بە دڵێکی پڕکۆڤان و ئاوات لەزینداندا کۆچی دوایی کردووە. هەزاران سلاّو لە گیانی پاکی و گشت شەهیدانی رێگای ئازادی کورد و کوردستان .

## -زێڕینا ئامێدی - زێڕین

زێڕین قیزا شیروخانی میری ئامێدیە ، سەرۆکا دەوڵەتا ئازاد ئامێدی بوو ، لە سەر دەمی خۆیدا جوانترین و ئازاترین کچ بوو ، کچێکی کورد پەروەر بوو ژیانی خۆی لەناو دەوەن و شکێرك ، سۆلاڤــ وکانیاوەکان دەبردە سەر. بیری لە رێگای سەرکەوتن و ئازادی ولاّت دەکردەوە . ژیانی لە ناو خەم و ژان کولاّبوو زێڕین لە وەلاّمی نامەی خۆیدا کە بۆ ( پەشەنگی ) میری ( وان ) ێی بەڕێ کردبوو دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی ئەو، دڵسۆزیا خۆی بەرامبەرچارەنووسی میللەتی کورد دەربڕیبوو دەبێژێت :من بڕیاڕ یا لە سەر نەفسا خۆدای تال هیڤێن خۆ بجەهـ نەئێنم شووی نەکەم ، چونکی ئەز ڤێ چەندێ بیا دووی و دوانم ، یا ئێکێ من دڤێ هەمی وولاّت و چینێن کوردا بکەم ولاّتەك وئیمارەتەکا مەزن ژ

کوردا رل دانم ، چوجارا سەرێ خۆ ژ بۆ فارس و رۆم و عەرەبا و چوکەسێن دی شۆڕ نەکەم ، خارنا ولاّتێ کوردا ندەم خەلٚکێ بیانی ، زیرین توانی ئالاّی ئازادی لە زۆربەی هەرێمی کوردستان بچەقێنێ ، بەلاّم ئەو سەربەخۆیەی تەمەنی کورت بوو ، زۆری نەکێشا لەشکری عەرەبی ئیسلامی پێی خۆی دانا ناو خاکی کوردستان ، زیرین خانی ئامێدی کەوتە شەڕلە رۆژی ( ١٦ سەفەری –٦٣٧ ) ی زاینی ، پشتی چەند سالاّن لە ناو خەم و ئازارژیا لە سالّی (٦٤٥ ) زاینی لە چیاکانی پشتی دەریاچەی وانێ لەگەلّ میر پەشەنگی گیانی پاکی خۆی دیاری کردە خاکی باب و باپیرانی .

## = حەپسەخانی نەقیب :

( حفصه خان الشيخ المعروف النقيب )

کچی شێخ مەعروفی حەفیدی ئەحمەدی شێخییە ، لە باژێڕی سولەیمانی هاتیتە دونیا لەسالّی ( ١٨٩١ ) زاینی ، دۆت مامی شێخ مەحمودی نەمرە، خێزانی شێخ قادری حەفیدە ، لە ( ١٥ ) ی گولاّنی ( ١٩٥٣ ) بە نەخۆشی شیرپەنجە گیانی لەدەست دابوو، لە گردی سەیوان شرای تەوە ، ئافرەتێکی کورد پەروەر بووە لە سالاّنی سیەکاندا چەندین راپۆرت و نامەی بەرپکردبوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ( الامم المتحده ) لە جنێف ، تێدا باسی خەم و ئازاری هاودەردانی و کێشەی کوردی تێدا کردبوو، لە رۆژانی شۆڕشی کۆماری مەهاباد دا ( مینا خان ) هاوسەری قازی مەحەمەدی نەمر بوو ، یەکەمین رێکخراوی ئافرەتانی دامەزراند، هەروەها یەکەمین قوتابخانەی کچانی لە سولەیمانی ، لە سالّی ( ١٩٢٦ ) دا کردەوە

## = عادلە خانم :

پاش مردنی مێردی – عوسمان پاشای جاف –بە بێوەژناتیجێگای مێردی گرتەوە ، دەسەلاّتی بە سەرخێلەکانی ناوچەی هەلٚبجەدا داگرتبوو لە دەوروبەری سالاّنی ( ١٩١٤ ) فەرمانڕەوایی ناوچەکەی دەکرد .

## = عیصمەت قازی مەحەمەد :

کچی قازی مەحەمەدی نەمرە تێگەیشتی و دەستێکی باڵای هەبووە لە هۆندنەوەی هۆزاندا ، بە تایبەتی شعری کوردایەتی و رامیاریدا ، کچێکی ئازاو وکورد پەروەر بووە ، پاش لە سێدارەدانی باوکی بە دەستی کاربەدەستانی ئێرانی لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد ، هەڕشەیان بردبوو بە عیصمەت خان وەکو لوتکەی چیاکانی کوردستان بەرز بەرامبەری شاهنشای راوەستا بوو ، خاکی وڵاتی خۆی بە جێ نەهێشت ، تاکو ساڵی ( ١٩٥٤ ) لە بەر چەند ئەگەرێك بە دەستی خۆی خۆی کوشت و گیانی لە دەست دا .

## = میان خاتوون :

پاش کوشتنی عەلی بەگ میری ئێزدیان لەلایەن میر مەحەمەدی رەواندوزی ( میری کۆرە ) خێزانی عەلی بەگ ( میان خاتوون ) بوو سەرۆکی ئیزد خانە ، جێگای شانازی و رێزگرتن بوولەلایەن لیپرسراوانی ئەو سەردەم. لە بەر ئەوەی عەلی بەگی ئیزدی ووجاغ کۆر بوو ، کچێکی هەبوو بۆیە بە ( ئەبوو گوڵێ ) بانك دەکرا . خێزانی جێگای گرتبوو لە ساڵی ( ١٩٥٦ ) کۆچی دووای کرد .

## = شاه خاتوون :

خێزانی میر ( شەمسەدین ) فەرمان رەوای بەتلیس بووە ، لەدووای مردنی مێردی ، شاه خاتوون لە جێگای کوڕە بچکۆلە ساواکەی ( میر ئیبراهیم ) جەلەوی فەرمانڕەوای گرتۆتە دەست ، تاکو ساڵی ( ٨٣٥ ) کۆچی بەڕێك و پێکی ئیشوکاری ناوچەکەی راپەڕاندووە .

## = ولیە خانم ئەردەلانی :

ژنی خەسرۆخانی کوڕی عمنولاوە بووە ، لە دوای مردنی مێردەکەی کاروباری میرایەتی ناوچەی ئەردەلانی گرتۆتە دەست ، لە سالی ( ١٨٦٥ ) فەرمانڕەوایی بۆ کوڕەکەی ( غلام شاه خان ) بەجێهێشت، کە دووا میری ئەردەلانییەکان بوو. ئەوەی شایانی گۆتنە ئەردەلانیەکان لە ( سنە ) هەتاکو سەدەی نۆزدەهەم فەرمانڕەوایان کردووە، بە هێزی میری ئەردەلانیان ( عمۆلاو خان ) بووە ، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم حوکمی دەگێڕا .

## = غازیە :

کچی شاه ئەبی بەکری ئەیوب شادیە ، خوشکی ( چیفە خاتوون ) ە ژنی شاه ( الملك تاهر )ە، دەستی یارمەتی بۆ هەڵسوڕاندنی ئیشوکاری مێردەکەی درێژ کردووە ، بەبێ درێغی کردن خزمەتی نەتەوەکەی نواندبوو .

## = ئەختەر :

حوکومەتی ( نوری سەعید و عومەر عەلی ) دڵگران بوون لەو پێشوازی کردنە جوان و رێك و پێکەی کە خەڵکی سولەیمانی بەرامبەر تەرمەکەی شێخ مەحمود کردیان ، لە بەر ئەوە لەلایەن حوکومەتەوە دەست کرا بە دەست رێژنە کردن، رێڕەوەکەیان گوللە باران کرد ، لە ئەنجامی ئەو کارە دوڕندانەیە ( ئەختەر ) و ئافرەتێکی کورد بە جەرگ و ئازا شەهید کرا ، نزیکەی ( ٥٠ ) پەنجا کەسی تریش بریندار بوون ئەختەری جوانە مەرگ بە گوڵلەی بەدڕەفتاران سینگی شەقکرا ، خێزانی رەشۆڵی گۆرانی بێژی بەناوبانگی سولەیمانی بوو.

## = خوا داد خاتوون :

دوا میرلە میرەکانی روادی لە مەراغە ، لە نەوەی ( عەلائەدین بێگ ) ە لە ساڵی ( ٦٠٤ ) کۆچی دووای کردووە ، شووی بە جەلالەدین خوارزاشاه کردبوو کە وولاتی داگیر کردو دەستی بەسەر دا گرت .

## = فاتمە خان :

ئافرەتێکی بە دەسەلاتی ناوچەی رەواندوز بوو ، دوای مردنی مێردەکەی ئیشوکاری هەشت دێی گرتۆتە دەست ، ناوبانگی بەزیرەکی دەرکردووە و پارێزگاری هۆزەکەی کردووە لە هەموو دەست درێژ کارییەك .

## = خانزادی میری سۆران :

ئافرەتێکی ناوداری بنەماڵەی میری سۆرانە، کچی شاقولی بەگی سولەیمان بەگییە میرسەیدی بەگی ، خوشکی میرسولەیمان بەگی سۆرانە .سولەیمان بەگ وجاغ کوێر بووە ، لەبەر هەندێ منداڵێکی جوانکیلەی بێ دایك و باوك پەروەردە کردووە ، بە ناوی ( لەشکری ) زۆرخۆشی ویستبوو هەموو ماف و سەربەستی پێدەدا ، لە دوایی دەیکاتە سەر لەشکری سوپای سۆران ، بەڵام لەشکری لەگەڵ سولەیمان بەگی برای خاتوو خانزاد خائین دەبێت ، لە سەفەرێك بۆ بەغدا دەدەچن لە رێگا لەشکری بە فێڵێك فنجانێکی ژەهرداری دەرخواردی میرسولەیمان بەگ دەکات و دەیکوژێ بەنیازی ئەوەی ببێتە میری سۆران خانزادیش لە خۆی مارە بکات ،

خانزادی میری سۆران دووای مردنی براکەی دونیای لەبەر چاوی رەش ببوو ئاگری تۆڵە سەندنەوە لە هەناوی گلپەی دەکرد ، خانزاد وەعدەی بە لەشکری دا مێردی پێ بکات ، مەبەستی خانزاد لە ناو بردنی لەشکری بوو ، لەشکری دێتە دیوەخانێ ، پیاوانی خانزاد قۆل بەستی دەکەن ، لەشکری لە دادگا دان بە تاوانی خۆی دەنێت . خانزادی میری سۆران مێردی نەکردبوو و لە دوای مردنی، براکەی دەبێتە میری سۆران ،

سەردەمی خانزادی سۆران بە سەردەمی زێڕین دێتە ژماردن بە شەو خۆی دەگۆڕی لە ناو چین و توێژەکانی گەڵ دەگڕا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ژان و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان بێ ، بەردەوام دەیویست هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە ، حەزی لە داد پەروەری دەکرد ، بایەخ بە خوێندن و ئاوەدان کردنەوەی دەدا . دووو وتەی خانزادی میری سۆران:

١- فەقیر لە بۆ فەقیرە بلا بخوات برنج و شیرە .٢- بە قوربانی ئەو فەقێیەی بم کە لە سەفەرێ هاتەوەو-دەخوێنی ، ئەو فەقێیە بە قوربانی من بی کە چووە سەفەرێ دەخوێنی .

## = لەیلا قاسم :

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ، هێشتان خوێنی شەهیدان ووشك نەبوبۆوە خەمی گەورەی کورد دانەمرکابوو، لە هێوارەیەکدا لە ناکاو ، بێژەری تەلەفزیۆنی بەغدا بڕیارێ لە سێدارەدانی کچە شۆخێکی کوردو چار لاوی دیکەی راگەیاند ، بەڵێ لە هێوارەی

رۆژی (٤-٥-١٩٧٤ )بڕیاری لە سێدارەدانیان دەرچوو کەیەکەم جارە لە یاسای عێراقی ئافرەت لە پەتی سێپا بە ئاشکرا بێتە خنکاندن. تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون داوای مافی سروشتی خۆیان کرد کاتی بیستنی ئەو هەواڵە دێرێك لە پارچە شیعری پیرە مێرد لە مێشکمان زرینگاوە :

( روونەداوە لە تاریخی میللەتا ، قەڵغانی گوڵڵە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا ) بەدەم سروودی ئەی رەقیب پێشوازیان لە بازنەی پەتی سێدارە دەکرد هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان وگشت شەهیدانی کورد و کوردستان .( ١- لەیلا قاسم( زانکۆی بەغداد) ٢- جەواد موراد ئەلهەمەوەندی( زانکۆی هەولێر ) ٣- نەریمان فوئاد حەسەن( زانکۆی هەولێر ) ٤- ئازاد سلێمان بایزیدان( زانکۆی هەولێر ) ٥-حەسەن حەمە رەشید( زانکۆی هەولێر )

## شێرە ژن: ئامینە مەحەمەد سەعید بێرۆخی :

ساڵی ١٩٣٢ لەگوندی بێرۆخی چاوی بە دونیا هەلێناوە باوکی لە ساڵی ١٩٤٣ بە دەستی جەندورمەی تورکی شەهید دەکرێت ، بە زەبری ئازار و ئەشکەنجە دەزانن یەکێکە لە پێشمەرگەکانی بارزانی ، ئامینە راستی و خراپە لێك جیادەکاتەوە و خۆی دەناسێت، مێرد بە ئامۆزای خۆی ( ناجی بەگ شێخ ئۆمەر ) دەکات مێردی لە شەڕی چیای زۆزك ساڵی ١٩٦٦ شەهید دەبێت ، چوار کوڕو کچێکی لەدوای بە جێ دەمێنێت ، ئامینە بەدەست کورتی و هەژاری،

منداڵەکانی خۆی بەخێو دەکات لە ساڵی ١٩٨٥ فڕۆکەکانی رژێمی بەغداد بۆردومانی ئۆردوگای زێوە دەکات ، ٨ هەشت کەس لە ئەندامی ئەوخێزانە بەبەر بوردومان دەکەوێت ، هێشتا تۆزو دومانی هاواری دایك و خوشکی جەرگ بڕاوەکان هێوڵ نەبووبۆە ، لەو کاتەدا سەرۆك ( مەسعود بارزانی ) دەگاتە هاواری پەناهەندان لە ئۆردوگای زێوە ، دەبێتە هاو خەمی لێقەوماوان ، کە جەنابی سەرۆك بە کردنەوەی دەزگای شەهید لە پایتەختی هەرێم ئاماژەی پێداو باسی ئەم شێرە ژنە دەکات ، کە بەدەستی خۆی پارچە گۆشتەکانی هەرسێ منداڵەکانی خۆی وا خڕ دەکاتەوە ناو کیسەیەك بە خاك دەیانسپێرێ ،

بەو دیمەنە سەرۆك بارزانی زۆر نارەحەت دەبێت فرمێسك بە چاوی دێتە خوارێ ، سەرەرای ئەمە ئەم شێرە ژنە دڵی سەرۆك دەداتەوە و پێی دەڵێت : ( نامەوێت وات ببینم دووكوڕی دیكەشم هەیە فیدای تۆو كوردستان دەكەم ) لە ساڵی ١٩٨٦ كوڕە گەورەكەی بەناوی مامەند شەهید دبێت ، لە ساڵی ١٩٩٦ بە بۆنەی یۆبیلی زیرین ئەم شێرە ژنە مەدالیاتی ( بارزانی نەمر ) ی پێ بەخشرا لەگەڵ دوو ئافرەتی دیكە لەوانە ( دایە حەلیمە ) كە خاوەنی چوار كوڕی شەهیدە .

## فاتمە خانی جاف : ١٩٠٢-١٩٩٧ :

فاتمەخان خێزانی هەڵبەستوانی گەورەی كورد ئەحمەد موختار جافە ساڵی ١٩٠٢ لە خێزانێكی ئاینی ناوداری كوردە ، فاتمە خان ئافرەتێكی مەستوور و خانە دان بوو لە دەڤەری هەورەمان ناوی دەركردبوو لە دیوەخانی خۆی چەندەها فەقیرو منداڵی بێ دایك و باوكی رۆژانە نان دەدا تاكوگەورە دەبوون ژنی بۆیان دەهێنا ، زۆر بە بایەخی بە خوێندن و خوێپێندەواری دەدا خەڵكی هندەدا بچن بۆ قوتابخانە ، لایەنی رۆشەنبیری خەڵك بەرزببێتەوە ،

لایەنی هۆشیاری نەتەوەییان بەرزدەكرتەوە و تاوەكو متمانەیان لا دروست بایە ، دژی زوڵم و زۆرداری بوو بەتایبەتی لایەنگیری مافی ئافرەتی كوردی دەكرد كە نەهێنە چەوساندنەوە لەلای پیاوان ، رێزی لای هەموو خەڵكێك دەگیرا ساڵی (١٩٩٧) تەمەنی گەیشتبووە ٩٥ ساڵی كۆچی دوای كرد خوالێی خۆش بێت انشاء الله لەگەڵ مردنی هەمووومان .

# باسی سێیەم

## ژن هێنان لە کوردەواریدا

ژنهێنان پەیوەندییەکی پیرۆزو رەوایە لە نێوان ئافرەت و پیاودا ، مەبەست لە ژن هێنان بۆ دروست کردنی یەکەیەکی بچوکی کۆمەڵە ، زۆربەی کورد ئیسلامن و مەزهەب شافعین ، ژن خواستن و مارەبڕین لە سەر پەیرەوی ئاینی ئیسلامی پیرۆز پێك دێت دەتوانن هەتا چوار ژنان بۆخۆیان بێنن ، بەلاٚم زۆربەی هەرە زۆری پیاوی کورد یەك ئافرەت دێنن . داب و نەریتی ژن خواستن وگواستنەوە ، لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان ، بە شیوەیەکی گشتی پێك دەچن ، تەنها لە هەندێ شتی بچوك نەبێت .

### =جۆرەکانی ژن هێنان:

١-شیر بایی ( بەنەخت- نەقد- یان بەماڵ ) تێکڕای ئەندامانی خێزانی کورد بە تایبەتی خێڵە کوچەریەکان وگوندنیشەکان ، شەو و رۆژ لە جموجۆڵ و بژاڤن لە مەودای ئاواییەکانیان ،بۆ جێ بە جێ کردنی ئەرکی رۆژانەیان وەکوو : کاری کشتوکاڵی چ لە هەقار بێت ، یان لەسەر خەرمان ، بەخێوکردنی مەڕوماڵاٚت ، دەستاڕ هێڕان و ساوار کوتان ، خانی دروست کردن وخۆڵەبان، رستن وچنین ، نەخش و نیگار ، چوونە سەراو و کول وکانی ......

ئەوانە هەمووی دەرفەتن بۆ کوڕ چاوی بە کچێك بکەوێت ، دڵی لەسەر رابووەستێ بیکاتە هاوسەری ژیانی خۆی ، ئەڤینی کچێك بکەوتە ناودڵی ، کوێرانە هەوڵ دەدات خۆی لێ نزیك بکاتەوە ، هەڵویستی کچە بزانی و بیرو ڕا لەگەڵ یەکدی بگۆڕنەوە ، لە سەرەتا کچە هەست پێ بکات یان نا ، کوڕە لای دڵسۆزترین برادەری نهێنی خۆی دەدرکێنێ ، ژن هێنان بە ڕێگای خۆشەوستی ، پەیمان لەگەڵ یەك دەبەستن کوڕە دەڵێت : پشتی بەژن و بالاٚی تۆ هیچ کچێك ناخوازم کچ دەڵێت : مێرد لە من حەرام بێت یان لۆ تۆمە یان لۆخۆڵێ – ئاخ . پاش هەعدوپەیمان کوڕ ناچار دەبێت ئاگاداری باوکی بکەنەوە بچنە داخوازی فلانە کچە ، پێش ئەوەی بچنە داخوازی ئافرەتێك رەوانەی ماڵی کچە دەکەن بۆ وەرگرتنی بیرو رایان، بە هەرێ یان نەرێ ،

رێگـای بـاس کرایـەوە مـاڵی کـوڕە چـەند پیـاوێکی ردێـن سـپی و قسـە زانـی ئـاوایی هەڵدبژێرن و رۆژێك دیاری دکەن ئاگاداری ماڵی کچە دەکەنەوە بۆ داخوازی کچەکەیان ، پـاش بـەخێرهاتنێکی گـەرم گفتوگۆیـەکی لـە ئـەحواڵی یەکدی پرسـین یـەکێك لـە ردێـن سپیەکان مەبەستی خۆیان دەڵێت : ئەوەی کچی حـازەب و عەینـە مێـردی هـەبێت بـە شەرعی خوا و پێغەمبەر ( د.خ ) بەڕەزامەندی هەموولایەك دەبی بە مێردی بدات ، ئێمەش ئەوە هاتینە بۆ داخوازی کچەکەت بۆ کوڕی فلانە کـەس ئەگـەر رازی بـوون دەسـت بـە بڕینەوەی مارە بڕی دەکەن ، خاتری ئەم و ئەو پێش کۆتـای مـارە بـڕین یکێك لـە پیـاو ماقولەکان دەڵێت : بە شەرعی خودا و پێغەمبەر دەبێت کوڕ و کچە یەکتر ببینن ، برای کچە یان باوکی دەچێت بانگی کچە بکات ئاو یان تاخمە چایەك بۆ میوانان بینی ،بە کوڕەکەی دەلێن : حەلاڵە بۆخۆت چاك تەماشای کچە بکە بۆ رۆژێك نیە، هەتا هەتـایێ لەگەڵ ژیانتە ،

هەروەها بە کچەش دەڵێن : کچك دەگەرێتەوە هۆدەی ئافرەتـان دووبـارە بـە تەنیـا لـە هەردووکیان دووپات دکەنەوە ئایا پێك رازینە یان نا . کچە دەڵێت : لەبەر خاتری دایك و باوك و برام مادام ئێوە رازینە منیش رازیمە . جاریش واش هەبووە کچە دەڵێت : ئەو کوڕەم ناوێت . باب و برای لێی دەکەونە دوو دڵی پێی دەڵێن : دیارە حەزت لە کوڕەکی دیکە کردییە خەنجەری لێ هەڵدەکێشن ، کۆمەڵە پیاو هاتینە ، شەرمەزارمان نەکە ، بە ناچاری دەڵێت بەڵێ .

## مـارە بڕین :

پاش بەڵێن وەرگرتن و بڕینەوەی پارە و کەل و پەلی ناو ماڵ، هەر دەست بەجێ بانگی مەلایەك دەکەن بۆ لێك بەستنەوەی کوڕ و کچە بـە شـەرعیەتی خوا و پێغەمبـەر. یـان هەردوو لا رۆژێکی دیاری دەکەن بۆ شەکراو خواردنەوە مەلا داوا لە کچە دەکات راستەوخۆ بیبینی یان بەڵێن بە وەکالەتی کچە (وەکیل) مەلا دەست دەکات بە مارە کردنیـان لـە یەکتر پێش ئەوەی مەلا بخوێنێ یەکێك رەوانەی دەرەوە دەکەن ، بۆ ئەوەی کـەس گـوێ بیستی مەلا نەبێت نەکوزاوا گرێ بدات، هەروەها ئەوانەی لە ژوورەوە دانیشتینە دەبێت هەردوو دەستی خۆیان لە سەر چۆکی خۆ دابنێن ، تەسبێح قورساندن قەدەغەیە ،

چونکە زۆرجاران وا هەبووە بۆ چەند ساڵێك زاوایان بە سترایتەوە لە راست بووك، هەتا نەکرێتەوە ، زۆرجاران روویداوە لە شەوی پەردە ، زاوا دەبرێتە لای شێخ و پیاو چاکان ، یان دەبرێتە لای پزیشك بۆ چارەسەر کردنی ئەو شتانەی زاوا پێ گرێ دەدرێت تەزبیح، لە کاتی مەلا دەخوینی هەفت قل تەزبیح یەك لە دوای یەك دەدەنە لاو ناکرێتەوە یان هەفت گرێیان لە داوە بەن یان دەزی دەدرێت ، ئەوەی هەتا هەتایە نابیتەوە زاوا لە راست بووك گرێ دەدەرێت دەڵێن لە کاتی خوێندنی مەلا هەفت پت ( دلۆپە ) کلی چاوان هورد کرای بکرێتە سەر یەکتری لەبەر ئەوەی کل هووردە لێك جودا ناکرێتەوە تێکەڵ یەك دەبێت ئەوا زاوا هەتا هەتایێ بە گرێدرایی بەرامبەر بووك دەمێنێتەوە.

بەسەرهاتێك لە دەشتی ناوکور روویداوە ناوی کوڕو کچە ناهێنین ( پیاوێك لە کاتی مارەکردنی کوڕێکی بە تێل گرێدابوو، لە کاتی خوێندنی مەلا تێلەکەی چەماندبۆوە هەردوو سەری توند پێکەوە بەستابۆوە خستبوویە ناو قۆلکە دارێك زاوا لە شەوی پەردە تاکو ١٣ ساڵان بەسەر گواستنەوەیان تێپەڕی بوو، هەردووکیان بە کوڕ و کچاتی مابوونەوە لای کەس ئاشکرایان نەکردبوو بەیانیان زوو هەروەکو ئافرەتانی گوند لە سەر کانی سەری خۆی دەشوشت، بە نیازی خۆ بسمیل کردن پاش سێزدە ساڵ وا رێکەوت ئەو پیاوە لەگەڵ کوڕەکەی گرێی دابوو بەتەنیا بە رێگایەك دەرۆیشتن باس هاتە سەرزاوا و گرێدان و بووك پیاوەکەی کوڕەکەی گرێدابوو گووتی : ئەو شتانە هەمووی درۆنە ئەمن بەخۆم قەت باوەڕم پێ نی‌یە کوڕەکە گووتی : ئەمنیش هەندە باوەڕم پێ نییە بەس دەگووترێش ئەتوو بەڵگەت هەیە لە سەر ئەو پڕوو پووچانە ، کابرا گووتی : بە لێ رۆژی خێزانی تۆیان لە جەنابت مارە کرد لەوکاتی تێلێکم چەماندەوە ئەنگۆچ بەلاتان نی‌یە خێزانت هەر وا لات مایتەوە ، دیارە درۆیە، کوڕەکە گووتی: تێلەکەت لە کام لا دانایە کابرا گووتی : لەناو فلانە قۆلکە دارە ،

هەردووکیان دووبە دوو چون تەماشایان کرد تێلە چەماوەکە وەکو خۆیەتی کوڕەکە دەستی دایە تێلەکە و هەردوو سەری کردەوە راستی کردووە فڕێیدا ، بە پیاوەکەی گووت: من هیچ بەلام نی‌یە وکاری لێم نەکردووە ، کوڕەکە گەڕایەوە ماڵێ دەست بەجێ پاش سێزدە ساڵ ئەنجا زاوا بوو .بەسەر هاتی‌خۆی بۆ خێزانی و کەوس کاری خۆی گێڕاوە دەستی دایە خەنجەر هەڵیکوتایە سەر پیاوەکەی گرێی دابوو کوشتی ). لە کۆتایدا سورەتی فاتیحە دێتە خوێندن پیرۆزبایی لێك دەکەن شەربەت و شیرینی خۆیان دەخۆن یەك دوو

تەقـەو دووسـێ پـێچ داوەت دەکـەن نیشـانەی کۆتـای هـاتنی مـارەبڕین .ئەگـەر وەرزی کشتوکاڵی بێت داوا لە ماڵی زاوا دەکەن گواستنەوەی کچیان کەمێك دوا بخەن تاکو ئیش وکاریان کەمێك سووك بێت ، مۆڵەتیان لێ دەگیرێت. خزم وکەسی زاوا وخەڵکی ئاوایی گشتیان چاوەروانی رۆژی گواستنەوەی بووك دەکەن بۆبەژداری بوون لە شایی زەماوەند .

لە هەندێ ناوچەی کوردستان پارەی مارە بڕی لە ماڵی زاوا دەمێنێتەوە ئەوان کەل و پەل وچەك وزێڕوپێداویستیەکانی ناوماڵ پێ دەکڕن، لە هەندێ ناوچەی تر پارەی دیاری کـراوی مـارە بـڕی دەدرێتـە دەسـتی بـاوك وبـرای کچـە ئـەوان سەرپەرشـتی کڕینـی پێداویستیکانی بووك دەکەن جاری وا هەیە کەس وکاری کچە هەندێ لە پارەکەی دەخۆن، حەرامە و شەریعەت رێگا نادات ،

یان نیوە نەخت دەگێڕنەوە بۆ برای بچوکی کچە هەڵدەگرن تاکو گەورە بێت بەو پارەیە -نەخت- ژنی بۆبخوازن خێزانیش هەیە گشتی لێ خەرج دەکەن ماڵی خۆیانیش دەخەنە سەری بۆسەربڵندی کچەکەیان . کچ لە ماڵی باوکی چەند خشلی هەیە لەگەڵ چەند دەستە جل وبەرگێکی نوێ کاتی مێرد بکات دەباتە ماڵی مێردی .

## سەرەتای دەست پێ کردنی زەماوەند

لە ناوچەی گەرمیاندا گۆڕەپانێك لە نزیك ماڵی زاوا دیاری دەکرێت ، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا بە گڵە سوورکوورەیەکی بڵند دروست دەکەن بەقەد بالاَی پیاوێك ، بۆئەوەی دوکەڵەکەی بەرزببێتەوە ئاسمان ، ئەوەبە تایبەتی لە وەرزی زستاندا لەبەرساردی زستانی کوردستان ، کەسێك دیاردەکرێت سوتەمەنی بکاتە ناوکورەکە وئاگرەکەی جۆش دەدات خۆیان لەبەرگەرم دەکەنەوە، بە شەوانیش رۆناهی دەبەخشێت لە جیاتی گلۆپی کارەبای ئێستا بووگۆڕەپانەکەی بە شەوان رەوشەن دەکرد، لە هەندێ ناوچەی تر دوو سێ رۆژپێش گێڕانی زەماوەند ماڵی زاوا خواردن دروست دەکەن بە هاوکاری خزمەکانیان ، لەکەڵ ئافرەتێکی هۆشیارو پیاوێکی تێگەیشتی دنیا دیتە ،

خواردنەکەی ئەنێرن بۆ ماڵی بووك ئافرەتەکە جل وبەرگی بووکێنی لە بەر بووك دەکات وبە پارچە خشلەکان دەیرازێنتەوە پیاوەکەش هەندێ پارە لەگەڵ خۆی دەبات و سەرپەرشتی کەم وکورِیەکان دەکات. خوا نەخواستە کارەساتێك یان رووداوێکی

نەخۆش لەگوندی بووك روویدات ئەو پیاوە ئاگاداری ماڵی زاوا دەكات و گواستنەوەی دوا دەخات .

هەروەها لە نزیك ماڵی زاوا گۆڕەپانێك دیار دەكرێت وخاوێن دەكەنەوە بۆ شایی و هەڵپەرکێ دۆڵ و زورنا ئامادە دەكەن یان دووكوڕە لاوی بەستە زانی دەنگ خۆش یەك بلێ ئەویتر بگێڕتەوە، یان شایێر دەلێت و چەند كەسێك لەناو شایی دەگێڕنەوە. لە نزیك گۆڕەپانەكە چەند سنگێك دەكوترا بۆ بەستنەوەی دەوارەكانی میوانان كاو جۆ یان ریسییەگیایەك لە پێش ولاغەكانیان دادەنا یان بۆ هەر یەكە توورەگەیەكیان پڕی ناوی كاو جۆ دەكرد بەسەری دەوارەكان وەدەكرا .

چەند كەسێكیش بۆ چاودێری كردنی دەوارەكان دەست نیشان دەكرا نەوەك ناحەزێك كلكی دەوارێكی مێوانان ببڕێت، بۆ شەرمەزاری ماڵی زاوا. رۆژەك لە پێش زەماوەند لە گشت ئاوایی وخەڵكی ناسیاران لە ئاوایەكانی تر لەگەڵ گشت خزم و ناسیارانیان بانگهێشت دەكرێن ۆ سەر شایی چەند مەنجەڵێكی زنجیر داری سفر پەیدا دەكەن لەگەڵ دوو سێ كابانی دەست هەڵ و چەلەنگ ، خواردن بۆ میوانان دروست بكەن بەسەر بڵندی بەڕێیان بكەن،ماینێك بۆ بووك ئامادە دەكەن بە گوڵینگی رەنگاو رەنگسەركەلەو رێشمەی دەرازێنەوە ،پشتەماڵێكی خاوێن بە سەر پشتی ماینەكە دادەدەن.

## خەنە رێزانە یان خەنە بەندانە:

ئافرەتێكی خزمی بووك ، دوو سێ رۆژ پێش گواستنەوە بووك بۆ ماڵی زاوا دنێرن ، مەنجەڵە خەنەیەكی گەورە دەگرتەوە و بانگی دەستە خوشكانی بووك دەكرێت كچانی دەوروبەریان كۆدەبنەوە، بووك سەری كچەكان و دەست و پەنجەیان لە خەنە دەگرێت ، بە چەپۆكان لە سەریان دەدات ، بەختیان زووبێتەوە ونەخشەش لە وان بێت زوو مێردی بكەن بە تایبەتی قەیرە كچەكان پاش دانیشتن و سوحبەت و گفتو گۆیەكی درێژ هەركەسەو دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، خەنە رێزانە سەر لە هێواران دەكرێت تاكو ماڵ نوستنان .

پێویستە ئەوەش بگوترێت و بخینە بەرچاو، تاكوپێش سالآنی هەفتاكان لە زۆربەی ناوچە كوردەواریەكان بە تایبەتی گوند نیشین و خێڵە كۆچەریەكان بە بێ پرس و

ڕەزامەندی ئاغا و شێخ و بەگ وسەرۆك خێڵەکانیان نەیاندەتوانی کچی خۆیان بە مێرد بدەن چ ژن بەژنی یان بە نەخت ،

زۆرجاران نیوە یان ۳/۱ نەختی کچە ئاغا دەیبرد. ئەوە لەلایەك لەلایەکی دیکە ئەگەر کچێك بە نەخت بدرابایە ئاوایەکی تر کاتی بەربووك دەهاتن کچەکە بگوازنەوە ئاغا نۆکەرەکی خۆی ڕەوانەی لایان دەکرد ئەوەندە پارەیەم بۆ ڕەوانە نەکەن ناهێلم بووکتان لە گوندی بچێتە دەرەوە، ئەو پیاوەی سەرپەرشتی گواستنەوەی دەکرد بە ناچاری داوایەکەی جێ بە جێ دەکرد.

## دەست پێ کردنی زەماوەند :

هێوارەی پێش ڕۆژی زەماوەند مالّی زاوا ئافرەتێك و پیاوێك ڕەوانەی مالّی بووك دەکەن بەو کەسانە دەلّێن (بەربووك) لە مالّی بووك ئافرەتەکە بە ( پێ خەسوو) ناو دەبرێت ئەوەی جێگای سەرنج ڕاکێشانە پێ خەسوو هەولّ دەدات شتێکی بچووك وەکو ملاکی چای ... لە مالّی بووك بدزێت بۆ مالّی زاوا ببات ، بە نیازی ئەوەی خێرو بەرەکەتی بووك لە مالّی باوکی ببات بۆ مالّی زاوای، بۆ بەیانی هەرکاتێ پێ خەسوو سواری دەوارەکەی بوو، ژن و مندالّ و کوڕو کچی ئاواییەکە ، تێکڕا پێ خەسوو دەدەنە بەر ڕێژنە بەردان و نقیزە لەدەوارەکەی رادەکەن بۆ ئەوەی بکەفتە خوارێ!

جاری وا هەبوو دەستی یان سەری پێ خەسوو شکاوە بەبێ ئەوەی هیچ دلّناخۆشیەك ڕوویدات! هەموویان بەیەك دەنگو ئاواز دەلّێن : پێ خەسوو کەچکی دزی ......دەنووك لەق لەق بەدەر(...) هێوارەی پێش گواستنەوەی بووك بۆ مالّی زاوا خەلّکی ئاوایی و خزم و کەسانی زاوا ، دەستیان بە شایی و هەلّپەڕکێ دەکرد تاکو شەو درنگ دادەهات.

ڕۆژی زەماوەند بەیانی زوو زورنا بێژ یان بلێر ژەن دەچووە سەرترۆپکایەکی بەرز پفی دەکردێ بۆ ئەوەی خەلّکی ئاوایی لە خەو هەستن و زوو بە خۆ بکەوون ، باب ئازا وای لەوی زوو ماینێ خۆ زین بکات ئافرەت و پیاو مندالّ بە جل و بەرگی خاوێن خۆیان دەرازاندەوە ، پیاوان تیلاکی سەری خۆیان لێ خوار دەکردوو خەنجەریان لەبەرپشتی خۆیان رادەکردوو ، چەك و تفاقی خۆیان لە خۆ دەبەست بە قۆشمەکردن لە پێش مالّی زاوا کۆدەبوونەوە ژن و مندالّ پیاو هەریەکە سواری دەواری خۆی دەبوو تێکڕا بەرەو مالّی بووك دەڕۆیشتن پێش

بڕکێی غاردانانێ لە ڕێگا دەکرا ، سوار دەپەڕیو وولاغ سەتمەی دەکرد ، هەبوو بە سواری کەرێ پاش دکەوت ......ئەو هەمووسوارانەلە پێش ماڵی بووك دێنە خوارێ رادەوەستن ، ئەوەش نیشانەی رێزگرتنی ئاوایی یە (لە ماڵی بووك) ە ، لەوکاتەی هەرناوچەیەك جۆرە گۆرانییەك دەڵێن بەسەر بووك، لە گوندەکانی ناوچەی گۆرانەتی – بەردەڕەش- دەڵێن:

| | |
|---|---|
| بینادەر بینادەر دەلالێ | بینادەر دەرنایێ هەوالێ |
| بە کلیلێ بەغدایێ دەلالێ | بینە دەر لە خانی دەلالێ |
| سوارکەن لە جوانی هەوالێ | پیرۆزکەن لە خودانی دەلالێ |
| بووکێ بینەحەوشێ دەلالێ | لە پیای بکەن کەوشێ هەوالێ |
| سوارکەن لە ماینێ شێ دەلالێ | بووکێ مەچە دێژە دەلالێ |
| خێلیێ وی کرێشە هەوالێ | دایکی بووکێ م گێژە دەلالێ |
| سواران کردیان تۆزە دەلالێ | بووکێ مە قیت و قۆزە هەوالێ |
| لە زاوای کەن پیرۆزە دەلالێ | ...............هتد |

لە ناوگوندەکانی دۆلەمەڕی سەربە ناوچەی مێرگە سۆرلە پێش ماڵی بووك ئەو بەستیە دەڵێن:

مەدرنگە مەدرنگە دایکی بووکێ مە درنگە
مەدرنگە مەدرنگە بابێ بووکێ مەدرنگە
بووکا مەیە هەفت رەنگە بەفرێ گرتن سەر بەنگە
مەزیە مەزیە دایکی بووکێ مەزیە
مەزیە مەزیە بابێ بووکێ مەزیە
مەزیە مەزیە بەفر گرتن گەلیە
دەرینە دەرینە دایکێ بووکێ مەدرەنگە
بووکێ لە ماڵ دەرینە بابێ بووکێ مە درەنگە
کلی چاوا وەرینە دایکێ بووکێ مەدرەنگە
ئەوگۆرانیەش دەگوترا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەم هاتین بوهارە | دەلالی | دایکی بووکێ هارە | هەوالێ |
| ئەم هاتین پایزە | دەلالی | دایکی بووکێ زیزە | هەوال |

ئەم هاتین هاوینە دەلالێ دایکێ بووکێ خاتووینە هەوالی
ئەم هاتین زستانە دەلالی لێمان دەگرن مەهانە هەوالی

لە ناوچەی گەرمیان ئەو گۆرانیە دەڵێن:

هەر دەرنایە هەردەرنایە قاچمان تەزی بووك دەرنایە
هەردەرنایە هەردەرنایە رێگا دوورە بووك دەرنایە

بەربووك یان ئەوەی بووکی دەخەملاند ، چەند پارەی دەکردە ناو پێلاوی بووکێ ، لە ماڵی زاوا ئەوەی پێلاوی بووك دابنێت پارەکە بۆی دەبێت. کاتی بەربووك لەگەڵ خزمێکی بووك دەستی بووك دەگرن هەلیبستێنەوەە ببیبەن ، خزم و کەسی کچە لە ناکاو خانی بووك کلیل دەدەن، داوای پارە دەکەن لە ماڵی زاوا ، تاکو رازیان نەکرێت دەرگای ناکەنەوە، بەو کەسەی دەرگای کلیل داوە پێی دەگوترێت دەرگەوانی یان پاش دەرگا

لە کاتی خۆیدا لە گونەدەکانی ناوچەی گۆرانەتی –بەردەڕەش- زلۆبی- ناوسێلك- و مێوژ یان قەسپیان لەگەڵ بووك رەوانە دەکرد هەر بووك بگەیشتبایە جێ بە سەر ئامادەبوان دابەش دەکرا وەکو قاوەتیەك ،بەر کولی پێش نان خواردن بوو. کاتی بووك کەمێك لە گوندی خۆی دووربکەوتبایەوە سەری ماینی هەسپ لێ سوار، دەدرا رووی گوندی بووك بۆ ئەوەی بووك هاوەڕ لە گوندەکەی خۆی بداتەوە بە نیازی ئەوەی کچی تر مێرد بکاتە گوندی زاوای ، واتە هێشتان لە دوای بێت ، بەلاّم بووك هەتا بتوانێت تەماشای گوندی خۆیانی نەدەکرد رووی خۆی لە گوندەکەیانی وەردەگێڕا لە رێگای گەڕانەوەیان گۆرانی هەسپانیان دەگووت:

هەسپانە هەسپانە هۆی بووکێ ناوێ چاوای پانە هۆی بووکێ
زاوای چەندە جوانە هۆی بووکێ گولێ ناو باغانە هۆی بووکێ
تانجی لە سەرانە هۆی بووکێ تانجی لە سەرانە زار بووکێ
جوانیێ بووك لێ شێیە هۆی بووکێ هەسپێ بووك لێ شێیە هۆی بووکێ
نالاّن گرتن پێیە هۆی بووکێ نالاّن گرتن پێیە بەر بووکێ
زاوا چاو لە رێیە هۆی بووکێ زاوا چاو لە رێیە بەر بووکێ

هەسپێ بووك لێ سوارە هۆی بووکێ	مایننێ بووك لێ سوارە هۆی بووکێ

زینی لێ پڕ مۆرە هۆی بووکێ	زاوا چی پسپۆڕە هۆی بووکێ

هەسپانە هەسپانە هۆی بووکێ	زاوا چەندی جوانە هۆی بووکێ

هەسپێ بووك لێ سپیە هۆی بووکێ	باژۆن هێشتا زوویە هۆی بووکێ

هەسپانە هەسپانە هۆی بووکێ	بووك سواری هێسترێ هۆی بووکێ

لۆ برای مەزنترێ هۆی بووکێ

لە هەندێ ناوچەی تر لە رێگای گەڕانەوە ئەو گۆرانیە دەگووترێ:

هاتینەوە هاتینەوە	بووکمان هێناو هاتینەوە

ئەمان کورتی کورتە بالاً	قەد شل و مل چاو وەك پیالە

بمکوژن خوێنم بە تالە	بوکمان هێنا هاتینەوە هتد

مایننی بووك نەدەبوو سەقەکەریان سرك و رەووك بایە، لە رێگادا یەکێك سەری ماینی بووکێی رادەکێشا پیاوێکی تر لە دوای ماینەکە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی بووك بە سەلامەتی بگەیشتبایە ماڵی زاوا. لە پێش کۆچکردنی جولەکە بۆ فەلەستین تاکو ساڵی (١٩٤٨) لە ناوچەی گۆرانەتی بەردەڕەش دەبوایە پیاوێکی جولەکە سەری ماینی بووکی رابکێشایە.

لە رێگا یەك دوو جاران رادەوەستان، چەند پێچە شایی گەرمیان دەگێڕا و سواری دەوارەکانیان دەبوون، بە پێش ماڵی هەرکەسێك تێپەڕ دەبوون مێوژو گوێز یان شەکرۆکەیان بەسەری دەباراند منداڵان خڕیان دەکردەوە، دەگەیشتنە نزیك ماڵی زاوا بووکیان لە ماین دادەبەزاند، بە سەماو هەلهەلە و گۆرانی گۆتن کەمێك لە پێش دەرگای ماڵی زاوا دەسەنگرانەوە. زاوا لە سەر خانووی دەرگای حەوشە یان ترۆپکایەکی بەرز هەندێك گەنم و چوکلێت ومێوژی بە سەر سەری بووك دادەکرد

لە هەندێ ناوچەکانی پارێزگای دهۆك زاوا مستە خۆل داوێتە سەر سەری بووك بۆ ئەوەی سام و هەیبەتی بەسەر بووك بکەوێت.  لە ناوچەی مێرگە سۆر هەرکاتێ بووکیان دانیشاند زاوا دەهات دارەکی لەسەری بووك دەداو هەر بەو دارەی خێلییەکە لە سەر سەری بووك لا دەبرد. ئەنجا زاوا لە تەنیشت بووك دادەنیشێت نەدەبوو کەس لە تەنیشتیان دانیشتبایە ،پیاڵە چایەکی شیرنیان دەهێنا لە پێش زاوایان دا دەنا ، زاوا نیوەی دەخوارد نیوەکەی تریان دەدا بووك بیخواتەوەلە ناکاو ژنێکی بزێو کورپێکی ساوای لە کۆشی بووك دادەنا بە نیازی ئەوەی هەتا نۆبەرەی بووك کوڕ بێت بووك بەخشیشی دەدا کۆرپەکەی .

لە ناوچەی گۆرانەتی دەبوایە برای زاوا یان خزمێکی نزیکی زاوا یەکێك لەوانە هەر لە ناو حەوشە سواری ماینی بووك بوایە ، بباتە دەرەوە ،  ئەو هەموو منداڵ و ژن و پیاوانە ، هەر یەکە لەراستە خۆی بە دار بە هوردە بەرد بە کەستەك سوارەکەیان رجم دەکرد، دەبوو هەیلاوەك، زختە لە ماینەکە رادەکرا ، ماینی بەستەزمان هەر لە شوێنی خۆی هەڵدەپەڕی ناچار دەبوو بەناو ئەو حەشاماتەیە بەرەو دەرگا بڕوات. لە حەوشەی ماڵی زاوا دەبوو شایی و هەڵپەڕکێ حەوشەو سەریان منجەی دەهات ، بە بەرگی رەنگاو رەنگی ئاڵ و واڵ وەکو بەهاری کوردستان خۆیان دەڕازاندەوە ، ئەوەش نیشانەی دەربڕینی هەستی کۆمەڵایەتی خۆیانە بەرامبەر ماڵی زاوا ،

بووك و زاوای دەهێنە ناو شایی بۆ ئەوەی هەموو کەس بووك ببێنێ چەند گەنجێکی خزمەت خۆش و هێستك سووك ، بەبێ راوەستان خزمەتی مێوانان دەکەن ، لەبەر دەستیان رادەوەستن. لە هەندێ ناوچەی کوردەواری هەرکاتێ بووك گەیشت و نان خورا، یەکسەر ماڵی زاوای چۆل دەکرێت ،  بەلاّم لە ناوچەی تر پاش گەیشتنی بووك سێ شەو و سێ رۆژان یان هەفت شەوو هەفت رۆژان هەر شایی و داوەت و زورنا لێدان و دۆڵ کوتانە، منداڵ بووین لە یادمە بۆ رۆژی پاشتر بەیانی زوو ،  هێشتان تیشکی رۆژ دەرنەهاتبوو دەچووینە بەردەرگای ماڵی زاوا دەستەسڕ ، سابون یان ئاوێنە یان شەیان بەسەرمان دابەش دەکرد.

# شەوی پەردە :

ئـەو پـێ خەسـووەی لەگـەڵ بـووك دەهـات ، یـان ئـافرەتێکی خزمـی زاوا چـەند ئامۆژگاریـەکی بـووکی دەکرد جێگـای نوستنیـان بـۆ بـووك و زاوا ئـامـادە دەکرد ،پارچـە بەڵلورێکی سپی ( قەماش ) یان لە ژێر سەرینیان دادەنا ، بۆ ئەوەی نیشانەی کچێنی بووك پێشانی ماڵی زاوا بدەن و بۆ ماڵی باوکی بگەڕێنەوە . برادەرێکی دڵسۆزی زاوا چەند ئامۆژگاریەك ئاراستەی زاوا دەکات بۆ ئەوەی زوو لە شەوی پەردە سەربکەوێت ، هەندێ رفتاری نا هەموار هەیەهەرکاتی زاوا شەوی پەردە دەچووە ژووری ،

چەند برادەرو خزم و کەسی لـە بـەر دەرگـا و پەنجـەرەکانی ژوورەکـە رادەوەسـتان ودەیانگووت : کورە دەی هەی هەناوت ، شەرمەزارمان نەکەی ، ئەنجا زاوا دەهاتە دەرێ یەك دوو تەقەیان دەکرد نیشانەی بە زاوا بوونی زاوا ، هەبووهەرلە ژووری دەماوە بە زاوا نە دەبوو. بە تایبەتی ئەوە لە ژن بەژنی روویدەدا بە زانینی نیشانەی کچاتی لە بووك زۆر جارهەبووە نیشانەی کچێنی لە کچ دیارنەبووە ، یەکسەربووکیان رەوانەی ماڵی باوکیـان کردیتەوە ، گوایە کچتـان خۆی دۆڕاندیە ، بە کێل ئێمە نایێت.

١- ژن بەژن: دوو خێزان کوڕ و کچیان جاحێل بوونـە دووای خـوازبێنی هـەردوو لا رێك دەکەون ، رێورەسمی پێشترپێویست ناکات بگێڕنەوە کچی خۆیان پێك دەگۆڕنەوە بۆ کوڕەکانیان ، رۆژی پێگۆڕکێ شوێنێکی دیاری کراولە نێوان هەردوو لا دیاری دەکرێت بۆ گۆڕینەوەی هەردوو بووك ، لە هەردوو لا دووژن و دووپیاو دەست نیشان دەکرێت بۆ گۆڕینەوەی بووکەکان دەبوو بگر و بکێش ، ئەو دەیگۆت ئێوە بووکی خۆتان لە سەر پشتی ماینی دابەزێنن ، داکو ئێمەش بووکی خۆمان دابەزێنین ،

٢- جاری واش هەبووە لایەك تاوی دەدا بووکی خۆی داکوبیبات، دەبوو شەڕو هەراو زۆرجارکوشتارروویدەدا لە ژن بە ژنی دا، رۆژێك پێش گواستنەوەی بووك هەردوو لا دوو پیاو دوو ئافرەتیان رەوانەی ماڵی بووکیان دەکرد ئەوەی شایانی گوتنە بۆ بەیانی ئەو هەردوو ئافرەتە هەوڵیان دەدا رێکخستنی بـووك بـە دوا بکـەوێت، چاپەستیان وەلدەگێڕا ئاگریان دەکوژاندەوە ئاویان دەریشت بۆ ئەوەی گوندی ئەوان زووتر بە خۆ بکەون نیشانەی ئازایەتی و چەلەنگیان بەدەربکەوێت پێ سەربڵند دەبوون،لە ژن بە ژنی هەوڵ دەدرا زاوا زووبچێتە ژووری بووك جاری وا هەبووە بە رۆژ زاوایان رەوانەی

لای بووك دەكرد، لە ژن بە ژنيدا خێزان لە كيسەی خۆيدا خشل و كەل و پەل و پێداويستی ناومالیان بۆ كچيان دەكڕی .

### ئەو گيروگرفت و كۆسپانەی دێتە پێش ژن بە ژنی :

١-لە سەرەتادا دڵی چار كەسان لەگەڵ يەكدی ناگونجێت.

٢-ناخۆشی و شەڕ لە لايەك روبدات لای ديكەش دەگرێتەوە.

٣-زاوا لە خێزانی خۆی بدات يان كراسێكی بۆ بكات لای ديكەش دبێت هەمان شت بكات .

٤-لايەك لە خێزانی جياواز بێتەوە ماڵ بۆ خۆی دابنێ لای ديكە داوای ماڵ لە خێزانی گەورە دەكات .

٥- خوانەخواستە لايەك لەگەڵ يەكدی نەگونجان ، دەستيان لێك بەردا لای ديكە ناچار دەبن دەست لە سەر يەكتری هەڵبگرن ، هەرچەندە خۆشەويستی ژن و مێردايەتی لە نێوانيان دا هەبێت يان دەبی سەر لە نوێ كچيان هەڵبگرنەوە، نەختی ئافرەتێك بدەنە ماڵی باوكی كچەكە، چونكە بەبێ بەدەل مايتەوە.

## ٣-گەورە و گچكەيی:

وا رێك دەكەوێت ماڵێك دەچنە خوازبێنی كچێك بۆ كوڕەكەيان ماڵی كچە برايێكی بچووكيان هەيە، داوای كچێكی بچووك بۆ ئەو كوڕەيان دكەن ئەو هەردوو منداڵە بە ستەزمانە بەڵكو هێشتان لە ناو بێشكەدانە دادەو بابەی نازانێ ، دوای پازدە بيست ساڵ كێشە سەر هەڵدەدات ، كوڕە كچەی ناوێت ، يان كچە كوڕەی ناوێت ، تەلاق دەدرێت ، ئەگەر كوڕەكە كچەكەی نەوێت نەختی وەردەگرن يان هەموو لە هەموو لێك دەبنەوە......چەند جۆرێكی ترژن هێنان هەيە وەكو: ژن هەڵگرتن يان ژن بە دەل خوێن كە ئاگری دوژمنداری دوو بەرە باب پێ دەكوژێنەوە،يان رووداوێك روويدات بە ئافرەت چاك دەبێتەوە .

# باسی چارەم

## جێژ بڕ کردن :

دەستەی پشکنینی شوێنەواری کۆنینە کاتێ گوندی (جرمۆ) یان دۆزییەوە لە پارێزگای سولەیمانی لە تۆژینەوەکە بە دیار کەوت کەسی کورد پێش ١٠ هەزار ساڵەنیشتەجێ بووە بە کاری کشتوکاڵی هەستابوون ، دەنکە گەنمەکەی جرمۆ مۆرکی شارستانیەت بە کوردستان دەبەخشێت .

دەنکە گەنمەکەی جرمۆ سەدان کارەسات و هەزاران ڕووداوی مێژوویمان بۆ دەگێڕتەوە.هاوینان جێزی گەنمە سوورە لە خەرەماندا لەبەر تیشکی ڕۆژ دەدرەوشایەوە و دڵی جوتیاری کورد خۆش دەکرد، چاوبەرایی نەدان و ئاو و هەناسەی دوژمن چەند جاران ئاگرە سۆرەی لە تەبارەی گەنم بەرداوە دووکەڵی بەری ڕۆژی گرتووە . دەنکە گەنمە سۆرە گاو جۆت و هەنجار ،لە سەر ملی جوتیار بەیانیان زوو دەهێنتەوە یادمان کاتێ بەرەو کێڵگە دەرۆیشتن. ساڵانی گرانی ،

دان و ستاندنی نێوان جوتیار و خاوەنی مەڕی توند و تیژتر دەکرد، گەنمە سۆرە خۆی دەشاردەوە هێندە گران دەبوو بە زێڕو مەڕو ماڵات و پارە نەدەهاتە کڕین ، چەندەها هەزار کەسی لە برسان تۆقاندبوو کورد دەڵێت:(سۆرەی سادانی -گەنم- لە ساڵانی گرانی دەچووە بنە بانی).

کورد دەڵێت: لە ساڵانی گرانی گەنم بە خودان مەڕ دەڵێت:(ئەگەر بفرم، ئەتۆ و خاوەنت دەکڕم). جێزی دەغل و دان، دەست ڕەنجی جوتیارە بە ئارەقەی نێوچەوانیان و هێزی دەست و بازویان ، بە درێژای ساڵ نە حەسایتنەوە ، تاکو بەرهەمەکانیان هێنایتە کایەوە ، مانگی خەرمانان ناوی بە خۆیەوەیە و شاهێدی هەڵدانەوەی جێزی ڕەنگا و ڕەنگی بێ ژمارەیە ،

بەڵێ جاری واش هەبووە شەقلی شانەی ئاغاو بەگ و میرەکان ، بڕکردنی جێزی دووا خستیە ، مەهانەی لێ گیرابوو تاکو ویست و خواستیان بهاتایە جێ، گەنمە سۆرە هۆکارێکی گرنگ بووە ، بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کەسی کورد دژی زولم و زۆرداری ، یاخی دەبوو خەرج و خەراجی نەدەدا دوژمنانی بۆ دابین کردنی ژیانێکی شاد و بەختەوەر و بەدڵ خۆشی جێزی پڕ بکات چەند کەسێك خۆیان ئامادە دەکرد بە عەلبە (ربە) جێزیان

دەپێوا دوو عەلبە وەزنەیەکە ، بیست عەلبەیان دەێوا دەیان گووت : دالیا دوو دالیا تەغارێکە ،

تەغارێك بیست وەزنەیە ئەوکەسەی دەستی بە بڕکردنی جێزیان پێوانی دەکرد ، ناوی خودای لێ دەهێنا لە یەك تاکو بیست دەی هەژمارد، هەر ژمارەیەك قسەی خۆی هەبوو دەیانگووت :

کورد لە پێوانی ژمارەکان دەیانگووت:

یەك: یەك خودا یەکە یەك

دوو: خودایە بە ناوی توو ، بەرەکەت بێ لە کنە توو .لەو شەتانێ قووین بە گوو ، منداڵە هویردکەی کەفتنە دوو.

سێ: بەرەکەت بکەوتە وێ رەوسێ، بەو شێخی ماڵ لە قودسێ، چاوی چاوپیس و نەمیمان بنووسێ.

چوار-چار: بەناوی هەرچار یار ، بەرەکەت بێ لە هەر چار کنار.

پێنج: هەر پێنج فەرزی خودانە، سلاوەتیش لە سەر روحی پێغەمبەری ئاخر زەمانە.

شەش: لەو شەیتانی روو ڕەش، بە سەری بیە هەش، لە بەهشتێ بێ بەش.

هەفت: بەرەکەت لە عاسمانێ بێتە عەرد.

هەشت: بێتن بەرەکەت، لە هەشت دەرکەی بەهەشت.

نۆ: نۆی نەبی، بەزێدە بی، قەد کێم نەبی.

دە: بەرەکەتی خوداو پێغەمبەری دا بڕژێ بەسەردا.

یازدە: یازدە ئەستێرە برای یوسفن یازدە کەو کەبە.

دووازدە: بە بەرکەتی هەر دووازدە مانگی ساڵ.

سێزدە: زیادە بە زێدە بی، دینی نەبی، رسقی ئۆمەتی.

چاردە: چاردە مەقسودێکی پاکە، لە کن خودای بێ باکە.

پازدە: نیوەی حیسابە، نیوەی مانگە.

شازدە: یا خوا زێدەکەی دە هەندە.

هەڤدە: کەمبەر بەستی شاهی مەردە.

هەژدە: خەبەرەکی خۆش بدە.

نۆزدە:( نوون و القلم وما یسگرون ) یان دەڵێن: نوون کافیروونە، لە خزمەت خودای مەحزونە. دالیا: بیست هەزار سلاوات، لە سەر دیداری روحی مەحەمەد، لە کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە لە هەموو دالیە دا سەری ربەی( عەلبە ) پڕ دەکەن.

# ئاشی ئاو

ئادەمیزاد لە سەرتای ژیانی تا گەیشتە ئەمڕۆ چەندەها چەرخ و قۆناغی ژیانی بڕیوە، بەردەوامیش لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشان بووە، بە هزری مێشکی و هێزی بازوی، بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودەو پڕ لە بەختەوەری. تاکو رەوڕەوەی شارستانیەتیان گەیاندە سەردەمی گەردیلە وئەتۆم... کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ستەلایەت...

با کەمێك بگەڕێینەوە دواوە، بۆ کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئاوڕێك لە ژیانی باب و باپیرانمان بدەینەوە بەر بلاو بوونەوەی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا لە ناو کوردەواریدا و پێش پەیدا بوونی ئاشی ئاگر، لە زۆربەی دێهات و ناوچەکانی کوردەواریدا ئاشی ئاو هەبوون، پاش ماوەی کاولە ئاشەکان شوێنەوارێکی بەڵگە نەویستن.

دوور نیە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شارە کورد نیشینەکان ئاشی ئاویان نەدیتبێ مەگەر لە زاری داپیرە و باپیرە گوێ بیستی ببوون. گومانی تێدا نییە گەلی کورد داهێنەر و دامەزرێنەری ئاشی ئاو بووە، چونکە هەر لە کۆنەوە ژیانی خۆی لە ناو دەقی چیا بەرزەکان و دەوەنی شاخەکان بردۆتە سەر، بە سینگێکی فراوان هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ژینگەی خۆی بگونجێنێت و مێشکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی رێگای ژیانی رۆژانەیان.

پێش دروستکردنی ئاشی ئاوی بێ گومان دانەوێڵەکانی خۆیان بە هێزی دەست و شان و ملیان لە نێوان دوو بەردان هێڕایە، یان لە ناو جۆنی کوتاندیتیان دەستاڕ و دنك دروست بووە دەست بە ئەژنۆ نەوەستاون بە هەوڵ و بیرکردنەوە بوونی کەرستەی گونجاو ولەبار، مێشکی کورد توانیویەتی ئاشی ئاو دروست بکات بەو شێوەیەی خوارەوە.

<u>شوێن ئاش:</u> لە قەراغ روبارێك یان جۆگە ئاوێکی ئاش گێڕ، گۆڕەپانێکی گونجاو دەستنیشان دەکەن بەمەرجێك دەبێت شوێنی ئاش لە ئاوەرۆیەکە نزیك تر بێت، یان جۆگەیەك هەڵدەبەستن ئاش گێڕ ئاو هەڵبگرێت بۆ سەرەوەی شوێنی دیاری کراودا ، لە بنەبانی خانی ئاشەکە دیوارێك هەڵدەواسن بە قەد کەندەلانەکە بەبڵندی ٧-١٠م ،

ناوەراستی دیوارەکە بۆشاییە بۆ شوێنی قۆلە ئاش، بیری ئاش بە دووجۆران دروست دەکرێت :

١-لە ناوچە شاخاویەکاندا بە قۆلە ئاش دادەمەزرێنن ، دارتوویەکی ئەستوریان دەهێنا ٧-١٠م درێژیەکەی بوو، ئەگەر دەستیان نەکەوتبایە دوو دارتوویان لێك دەدا . بە درێژای دارتووەکە لایەکیان لێ هەڵدەگرت ناوەکەیان هەڵدەکۆلا لە شێوەی جۆگە سەرەو لێژیان دادەمەزراند قۆلەئاش چەند بەرزبایە پەسندتر دەبوو بۆ ئەوەی پاڵە پەستۆی ئاوەکە بەتین و تەوژمێکی بە هێز بۆ ناو پۆسکە برژێتە خوارێ وبە بە پەروانەکانی ئاش بکەوێت.

٢- ئەم جۆرەیە لە دەشت یان لە پێ دەشت دروست دەکرێت، لە بنەوانی خانووی ئاشەکە لە قەد کەندالی بە بەردو گێج بیرێکیان هەڵدەبەسترا لەشێوەی تەندووری تیرەی سەرەوەی بیرەکە یەك مەتر دەبوو چەند بچووبایە خوارێ تەسك تردکرایەوە قۆریەکەی ٧-١٠م دەبوو چەپەرەیەکیان دروست دەکرد لە سەر دەوی بیرەکە یان دادەنا بۆ ئەوەی کیسەل و مەرو مالآت و گیانلەبەری مردار نەگیشتبایە ناو بیری ئاش نەوەکو کوونی پۆسکەی ئاشی بێتە گرتن، ئاوەکە پەنگی دەداوە دەرژایە ناو ئاش زەرەرو زیانی دەگەیاند.

(پۆسکە) :

دارێکی توو یان بەڕو بە درێژایی ٢٠-٣٠م دەیانبڕیەوە . داری توو یان بەڕو پەسند دەکرا، چونکە بەرگەی رەزی بوونی دەگرت لە ناو ئاو. داری پۆسکە ناوەکەی خلۆر دەکرا بە شێوەی لولەك، لە بۆشایی قۆلە ئاش یان لەبنەوەی بیر دەبەستن، بۆ ئەوەی ئاوی ناو قۆلە ئاش بە تین و تەوژم ئاراستەی ملی راستی پەروانەکانی تەمبۆی ئاش بکرێت، بۆ ئەوەی بەرداشی سەرەوەی ئاش بە ملی راستە بسورێتەوە.

(خوانە):

لە بنەوانی خانوی ئاش لە ژێرەوەی قۆلە ئاش راست بە راست پۆسکە کارێزێك لێ دەدەن بە قۆری یەك مەتربەژنە زەلامێك بە بەرینی یەك مەتر تاکو دەگاتە دەرەوەی ئاش، دارتوو یان دارتوویەکی ئەستوور بە درێژی ٢-٣م لە سەر کارێزەکە دادەنێن بە دووری نیو مەترلە پۆسکەی ئاش، سەرێکی ئەو دارە قەویە توند قایم دەکرێت ئەو دارە پێی دەگوترێت – خوانە- لە سەرپشتی لای سەرەوەی خوانە قۆرتێك هەلدەکۆڵن بە ئەندازەی ناو لەپێك، بەردە گۆڕە لە ناوکورتەکە دادەنێن تێدا قایم دەکرێت سەری بنەوەی بستی(شەفت) ی ئاش لە سەر بەردە گۆڕ دەسووڕێت.

(بەردەگۆڕ):

بەردێکی زێدە توونـد و قـایم و ساغە، بە ئاسانی نامحێت، تەنها لە هەندێ چیاکانی کوێستانی کوردستان دەست دەکەوێت بەردێکی پڕ ناولەپە بە قەدەر دوو کێلۆ دەبێت، لە کۆرتەکەی ناوەڕاستی خوانە دادەمەزرێت .

(تەمۆ و پەروانە):

دار بەڕوێکی تر بەقەدەر نیو مەتر، بەرینەکەی ٣٠سم بێت خنج دەبڕنەوە، ٢٨تا ٣٠ ڕێزە کون لەلا تەنیشتی هەڵدەکۆڵن بەقەدەر ناو لەپێك، هەر چوار پەنجە بچێتە تێدا، بە مەرجێك کوونەکان لاتی -لاتەریك- شەت بێت، چەند کون لێ بکرێت ئەهەندە پەروانەی لێ قایم دەکرێت، درێژی پەروانەیەك ٣٠ تا ٤٠ سم درێژ دەبێت، لە شێوەی پانکەی ئوتومبێل دەکات. بەو دارە دەگوترێت تەمۆب درێژی ناوەندی تەمۆبە خلۆر دەکەن بستی ئاش(شفات) تێدا قایم دەکرێت. ئاو بە هەموو تین و تەوژمیەوە لە پۆسکەوە بە پەڕەکانی تەمۆ دەکەوێت، پەڕ لە دوای پەڕ دەجولێنتەوە دبێتە هۆی سوڕانی دا- تەمۆ و وەگڕخستنی بست و سوڕانی بەرداشی سەرەوە.

(بست):

ئاسنێکی پۆلایە، لولەیی خڕە، درێژیەکەی لە ١م تاکو ٥/١ مەترێك ونیو دەبێت، بە درێژی لە ناوە راستی دار تەمۆ توند قایم دەکرێت، سەری بنەوەی لەسەر بەردە گۆر دادەنێن، سەری دیکەی بەناوکونی بەرداشی بنەوە دێتە دەرێ بە مەرجێك تێدا بسوڕێت، تا دەگاتە ناو کونی بەرداشی سەرەوە لە سەر گەرووی بەرداشی سەرەوە بە تەور یان تەڤر قایم دەکرێت.

(تەور یان تەڤر):

پارچە ئاسنێکە درێژیەکەی دوو بست دەبێت ئەستووریەکەی بەقەد ناو لە پێکە، ناوەندی تەسك دەبێتوە ناوەراستی تەورکونێکی چوارگۆشەی تێدایە، سەری بستی ئاش لە شێوەی چوارگۆشە رێك خرایە، دەخرێتە ناوکونی تەور، توەکو بست بەند بکات لە سەر بەرداشی سەرەوە، بە ئەندازەی ئاسنی تەورکەمێك هەلدەکۆڵن جێگەی بۆ خۆش دەکرێت ، بۆ ئەوەی لە بەرداشی سەرەوە گیربێت، لێرەدا کاتیبست بسورێت بە هۆی تەور بەرداشی سەرەوە دەسوڕێنێ، چونەکە بەرداشی بنەە لە رلست دارخوانە لە ناو زەوی مزمەعیل گیرە بەست کرایە لەقەی ناکات.

(بەرداشی سەرەوە):

بە زۆرلەسێ پارچە بەردی یەك ئەندازە پێك دێت، لەگەڵ یەکدی بە شێوەی بازنەی بە تۆقێك دەبەسترێتەوە و لە یەك گیر دەکرێت، چونکە بەرداشی سەرەوە لەبەر هەڵگیران و داگێڕانی بە تایبەتی لە کاتی نقار بێزارکردنی،تۆقەکە دەکرێتەوە و بە ئاسانی پارچەکانی بەرداشی سەرەوە لێك دەترازێن و ئیشی لێ دەکرێت.

(تۆق):

پارچە ئاسنێکی تەنك و درێژە، لە شێوەی سەفیفەیە بەرینیەکەی دوو پەنجە دەبێت، بە قەدی بەرداشی سەرەوە دەبەسترێت.

(پێی ئاش):

باسی خوانە کرا گووتمان : سەرێکی بە بەرد توووند قایم کرابوو، سەری دیکەی پێی ئاشی لێ قایم دەکرێت، دارێکی درێژە سەری دەرەوەی گۆچانیە ، یان وەکو دەست هەندوی هەنجارگۆچانێکی دەست کردی بۆ دروست دەکەن دارگۆچان کە لە راستی پێی ئاشە، دەخەنە سەربەردێکی گەورە بۆ تەرازوکردنی ئاش، هەرکاتێ پێویست بێ بتوانن گەڕانی ئاش پێ سووك یان گران بکەن یان بیانەوێ دانە هێڕ (بڕوش) و ساواری پێ بهێڕن.مرخەی داوێنە نێوانی بەردەکەوگۆچای پێ ئاسن بەرز و نزم دەکاتەو، پەلە دارێك لە نێوانیان رادەکەن، بۆ ئەوەی ئاشەکە لە یەك قایدە کار بکات ،

(دۆڵە دان):

یان کۆڵ و بۆتی پێ دەگوترێ دارێکی گەورەی قولێرە کونێك لە خوارەوەیەتی، یان لە شێوەی قوچەك سوندوقێك دروست دەکەن، کونێکی بچوکی تێدا دەهێلنەوە، باراشی تێدەکرێت لە کونی دۆلەدان گەنمەکە دەچێتە ناو پۆزدینگ .

(پۆزدینگ):

دارێکە درێژیەکەی ٣٠ سم دەبێت، ئەستووریەکەی بە ئەندازەی کونی بنەوەی دۆڵە دانە، داری پۆزدینگشەق دەکرێت و هەڵدەکۆڵن لە شێوەی لوولەك خلۆری دەکەن گەنمی ناو دۆڵەدان بە رێگای پۆزدینگ دگاتە ناو سۆرینکە.

(سۆرینکە): سەری داری پۆزدینگ(بوسکە) دکەوێتە ناو سۆرینکە سەری دیکەی سۆرینکە راست بە راستی کونی بەرداشی سەرەوەیە، دوو کونی بەرامبەریەکدی لە لێوی سۆرینکە دەکەن، دارێکی باریك تێهەڵدەکێشن، داوە بەنێك لە هەردوو کونەکە دەبەستنەوە بە سێ تەلی لە دۆڵەدانی ئاش یان شوێنێکی تر دەبەستنەوە، گرێیەکی لی

دەدرێت بەو گرێیە دەڵێن گرێیە شەیتانۆکە، چونکە ئەگەر داوێك لەو سێ تەلە داوە ببزوێن سصورینکە بەرزیان نزم دبێت، واتە کۆنترۆلی هاتنە خوارەوەی دان دەکات بۆ ناو گەرووی بەرداشی سەرەوە سورینکە بە هۆی لەقەلەقەی ئاش –چەقچەقە- گەنمەکەی دەبزوێنێت و لەیەك قایدە بە ئارەزووی ئاشەوانی دێتە خوارێ .

(چەقچەقە= لەق لەقە= چەقێنە):

دوو داری نێرو مێ دروست دەکەن سەرێکیان بە سورێنکە وەیە دەکەوێتە سەر بەرداشی سەرەوە، سەری دیکەی بە دیواری ئاش قایم دەکرێت لە کاتی سوڕانی بەرداشی سەرەوە ، دارەکەی کەوتۆتە سەر پشتی بەرداشی سەرەوەی چەقچەقە یان لەقلەقەی پێ دەگوترێ ،

لە کاتی لەق لەقە کردنی سورینکەی دەجولێنتەوە لە یەك عەیار دانەوێلە دەندك دەندك بەردەداتەوە ناوگەرووی ئاش و دەچێتە نێوان هەردوو بەرداش ، دهاڕێت دەبێت بە ئارد دەکەوێتە نێو بەرۆکی ئاش=بەرئاش، لایەکی بەرداشی بنەوە کەمێك کەل کرایە بۆ ئەوەی لەیەك شوێن ئارد بێتە خوارێ کە راست بەراستی بەرۆکی ئاش دەکات،شێوەی ئاخوڕی بۆ دروستکرایە، ئاردی تێدا کۆ دەبێتەوە بە بێلوکەی دار ئاردەکەی دەکەنە ناو جوالی کرداری تای لێك دەدورنەوە و دەیان خستە سەر پشتی دەوار و دەگەڕانەوە ماڵێ.

ئەوەی ماوە بگوترێ : لە سالآنی پێشوو باراش لێ کردن کارێکی هێندە ئاسان نەبوو کەسێك تەرخان دەکرا چەند رۆژێکی پێ دەچوو، لە وەرزی زستاندا باران دەباری جۆت کردن رادوەستا، بە هەلیان دەقۆزتەوە جوتیار یان خودان ماڵ رێنجبەری خۆی رەوانەی ئاشی دەکرد، هەر بگەیشتبانایە ئاشی باراشی خۆیان لە رێزە دا دەنا، گە بڕی نەبوو چ باراشی میر بێت یان گزیر چ فەقیر بێت یان وەزیر لە نۆرەی دادەنرا خۆ هەلکێشان و هەڕوگیڤ کردن نەبوو، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت : ( ئاش بە دۆرە، بە زۆر نیە ) تەنها بۆ سەقەت و کۆرە و ئافرەت نەبی زۆر جاران بەبێ نۆرە بارشیان لێدەکرا بەتایبەتی ئافرەت. باراش هێڕچەند رۆژێکیان پێ دەچوو، بۆیە پێخۆریان لەگەڵ خۆیان دەبرد وەکو: مێوژ، ژاژی ، قەسب، لەگەڵ هەندێ ئالیك بۆ دەوارەکانیان ئەوەینانی لەگەڵ خۆی نەبردبایە ،

بەردەسێلْ لە ئاشی هەبوو بۆ دروستکردنی –خەروە –هەندێك ئاردیان دەکردە هەورێکی شل ،ئاگرێکیان لەبن بەردە سێلەکە هەڵدەکرد و جۆشیان دەدا تاکو بەردەکە سۆر دەبووییە کەسەر هەندێك لە هەویرە شلەکەیان بەردەداوە سەر بەردە سێلەکە لایەك سۆر دەبوو وەلیان دەگەڕاندە رووی دیکە جوان دەبرژا بە گەرمی دەخورا لەگەڵ پێخۆران .

ئاش بەبێ راوەستان بە شەووبە رۆژ دەگەڕا ئەگەر ئاو رابوەستابایە بەهۆی جۆگە تەقینەوە ، گیرانی کونی پۆسکە ...بۆیە دەبوو ئاشەوان چاپووك هەشیار بایە ، سەرو سمبێڵ و جل و بەرگی ئاشەوان وەکو بەفری سپی هەڵدەگرا حەقی باراش لێ کردن ، ئاشەوان گەنمی لە باراش هێڕدەگێڕاوە پێی دەگوترا مزەی ئاش. شاعیری ناسراوی کورد مامۆستا الاژ علە پارچە شیعرێکی بە ناو نیشانی قانیع و ئاشەکەی دەڵێت:

قانیع و ئاشەکەی

ئەی ئاشی مەینەت دیوار داروخاو
سەرنێ داتەپیو جۆگە بەبێ ئاو
هەیوان گێج خواردوو و نان دالاَ ن تەپیو
هۆدە شەوە زەنگ‌رۆشنی نەدیو
کۆلکە شکاو تیرەك لارو چەوت
لە ئاش قەد نەچوو بە وێنە ئەشکەوت
دۆڵیان کون کون نێ ئاش قلێشاو
چەقەنە لەت لەت کەوچەکە دڕاو
دار پێ زەنگ‌زەنگ‌تۆپ کون هەلاتوو
مۆرە سەنگ‌نابار خواتنکە لە دەست چوو
بەرداش لارە سەنگ تەوەرە شکاو
بست وەك زوانی مار پەڕە پڕتکاو
نە گونجت هەیە نە راستە نە گێڕ
لە شەڕ زیاتر لە تۆ نەمدی خێر
لە کاتی بیێزار پەنم پێ ئەدەی
بە هەوەڵ پڕشنگ‌چاوم کوێر ئەکەی
بە کۆلە پەین پشتم شکاوە
هێشتا فیشەکت هەر نەگرساوە
کاتی بەهاران لە وەختی لافاو
وەك ژنی دوو گیان بێزوەکەی بە ئاو
دیوار پڕ لە مشك سەرمێج پڕ لە مار
شورەتی پیسیت ئەڕوا شارە و شار....هتد

# باسی پێنجەم

## داب و نەریتی کۆنینە :

٦. منداڵ لە رۆیشتن به دوا بکەوێت، رۆژی هەینی کاتی نوێژی خوتبە منداڵەکەی لەبەر دەرگای مزگەوت دادەنێن هەردوو پەنجەی گەورەی منداڵەکە به بەنێکی سۆر دەبەستنەوە شتێك وەکو دیاری لە ناوکۆشی منداڵەکە دادەنێن کە کاتی نوێژی خوتبە بەر بوو یەکەم کەس کە دێتە دەرێ ئەوە بوچەقۆیەك بەنە سۆرەکەی پێی منداڵکە دەپسێنێ ئەوەی لە ناو کۆشی منداڵکەیە بە دیاری بەوکەسە دەدرێت گوایە پاش چەند رۆژێك ئەو منداڵە بەپێیان دەڕوات .

٧- کەسی کورد چ ئافرەت چ پیاو دەستە جل و بەرگی خاوێنیان هەیە بۆ بۆنەکان گەشت و گوزاریان خێرو شەرلەبەر دەکەن، لەناو دەست بوخچەیەك دەق دەدەن و هەلی دەگرێت . ئەوە دەرزیەك یان قولابەك( سنجاق ) لە جل و بەرگەکەی دەدرێت گوایە ئەگەر دەرزی یان سنجاق لە جل و بەرگەکەی نەدرێت ئەوە ئەجندە ( جن ) بۆخۆیان دەبەن کەیف وسەیران و شایەکانی خۆیان پێدەکەن .

٨- کاتێ ئافرەتێك منداڵی دەبێت لە چلەی منداڵ بوونیدا هەر ئافرەتێك دەرزی لەگەڵ ئافرەتە چلە دارییەکە بگۆڕێتەوە ئەوە ئافرەتە چلە دارییەکە هیچی تر منداڵی نابێت .

٩- چێڵ یان مانگا بە شەوان ئەگەر نوستبوولە پێگەی خۆیدا بناڵێنێ دەنگێگی باریکی لێ هەلدەستێ دەڵێن ئەوە ئەجندە سواری دەبن ئەوە بازنەیەکی ئاسن داخراو- حەلقەی – بە داوێك وەدەکەن و دەکرێتە ملی بەستەزمانەکە چ گا بێت یان چێڵ گوایە هیچیتر جن سواری نابن .

١٠- لە کاتی ئافرەتێك منداڵی دەبێت لە هەفتەی یەکەمی دا کە پێی دەگوترێت – هەفتی – ئەو هەفتە نابێت هیچ کەسێکی بیانی بێتە ماڵی ئەو ئافرەتە، گوایە شەوە منداڵەکەی دەکوژێت بۆخۆی دەبات .

١١- لە ناوکوردەواریدا رۆژی شەممە بە دەسپێکی کارکردنیان دادەنێن تەنها بووکی لێ ناگۆزنەوە دەڵێن ( شەممەکار شەممەبار تەنها بووکی لێ نەکەسوار ) .

١٢-کەسی کورد بیرو بڕاوی بە چاوپیسی هەیە زۆر دڵگیر دەبن کەسێکی بیانی یان لایدە پەلەورو مەڕومالاتیان بژمێرێت گوایە خێرو بەرەکەتەکەی دەبڕێت .

١٣- كاتێ منداڵی ساوا لە دایك دەبێت هەرلە رۆژی بوونی تاكو چل رۆژی تەواو شیر یان خەنجەرلە ژێر جێگای ئەوكۆرپەیە دادەنێن گوایە گەورە بیت، غیرەت و ئازیەتی دەنوێنێ گیانلەبەری دوروندە لێی دوور دەكەوتەوە .

١٤- زۆربەی نەخۆشیەكانی تووشی منداڵ دەبێت شییان كردۆتەوە گوایە لە ترسان دێت بۆیە دایك و باب هەڵدەستن لە سەر سەری منداڵی ساوایان ئاگر دەكوژێنەوە، بەنیازی دەركردی ترس لە گیانی ئەوكۆرپەیە.

١٥- ئەگەر منداڵێك ترسا بێت ئەوە دوو سێ تەقە لە نزیك منداڵەكەی دەهاوێژن بە نیازی گەشانەوەی ئازایەتی و دەركردنی ترس لە گیانی منداڵە ترساوەكە .

١٦- زۆرجاران منداڵی ساوا لە گیانلەبەرێك دەترسێت و نەخۆش دەكەوێت بۆ ئەوەی بزانن چ گیان لەبەرێك منداڵكەیانی ترساندووە، ئەوە هەڵدەستن ئەو تاقی كردنەوەیە ئەنجام دەدەن، لە كاتی رۆژلە سەر ئاوابوونە هەندێ مز( رصاص ) دەینن لەناو دەرفێك لەسەرئاگر دەتاوێننەوە تاكو شل دەبێت لە راست سەری منداڵە ساوا نەخۆشەكە مزە تواوەكە بەردەدەنەوە ناو قاپە ئاوێك قژەی لێ هەڵدەستێت یەكسەرلەناو ئاوەكە دەپرژێت و وێنەیەكی شێواو لێ دروست دەبێت، لە ناو ئاوەكە دەری دەكەن و یەكێك دەڵێ ئەوە وێنەی سەگە یەكی تر دەڵێت كەلەشێرە......... گوایە چاك دەبێتەوە .

١٧- هەندێ بەرەباب یان خێزان ئەندامی خێزانیان رەوانەی هەقارو چۆلی ناكەن بۆ هەڵكێشانی كاردی ، بەلام لە دەستی كەسانی تر دەخۆن دەڵێن ئەگەر ئەو كارەی ئەنجام بدەین یەكێك لە خێزانیان دەمریت . وە لەهەر بەرەبابێكی تر ئافرەتێك بخوازن رێگا بەو ئافرەتەش نادەن گیای كاردی لە زەوی هەڵبكێشێ .

١٨- كەسێك لەناو مێگەلی مەڕو مالات بەنیشت بچووێ یەكسەر لێی دەخوڕنەوە بەنیشتەكەی پێ فڕێدەدەن بە پەسەندی نازانن گوایەبەرەكەت نامێنێ.

١٩- كاتێ مەر یان بزن دەدرێتە بەر بێر ۆ دۆشین، نابێت هیچ كەسێك بەناو حەیوانانی بەر بێر تێپەڕبێت، گوایە بەرەكەت نامێنێت.

٢٠-سەگ بەشەو بلورێنێ تاكە پیلاێك دەوبەرە ژێر دەكەن ، بۆئەوەی بەلاو ناخۆشی بەسەر ئەو ماڵە تێبپەڕێت و لێی رزگاربین.

٢١- هەرچەندە ووشەی حەپاندن بۆ سەگ بەكاردێت ، بەلام شەوان كاتێ بە تیرەیەكی درێژ دەحەپێنێ پێی دەگوترێت لوراندن ، كاتێ سەگ دەلورێنێ گوایە هەستی مەلەكی مەوت ( عەزرائیل ) ی كردیە. لە لوراندنی یەكەم بە عەزرائیل دەڵێت لەو ناوچەیە بەدوور

کەوە ، لە لووراندنی دووەم دەڵێت : لە خاوەنم دوورکەوە ، لە لوراندنی سێیەم گوایە سەگ دەڵێت : هەر لە خۆم دوور بە .

٢٢- لە زستاندا کاتی منداڵ لەبەر ئاگردان دانیشتیە و زلکە دارێك بە ئاگر دەکات و دەهەژێنێت ، بۆ مەڕومالاَت زۆر بەخراپی دەزانن یەکسەر داوای لێ دەکرێت ئاگرەکە بکوژێنتەوە .

٢٣- لە کوردەوریدا ئەگەر بدینن مریشك وا بانگ دەدات واتە لاسایی دەنگی کەلەشێر بکات، ئەو مریشکە سەری ببڕن نەکو سەری یەکێکمان دەخوات .

٢٤- کاوڕی یەك ساڵی بزێت زۆر بە نەپەسندی دەزانن گوایە سەری یەکێك لە ئەندامانی خێزان دەخوات .

٢٥- دەڵێن لە وەرزی زستاندا ئەگەر بزنێك لەناو مێگەلی حەیواندا کلکی خۆی راست و چەپ رابهەژێنێت نیشانەی ئەوەیە کەش و هەوا خۆش دەبێت ، بەلاّم ئەگەر بزنێك کلکی خۆی بۆ ژێرەوە راهەژاند نیشانەی بارینی بەفرو بارانێکی زۆرە .

٢٦- چێڵی هەرکسێك بزێت جمکی هێنابوو، واتە دووفەرخەی بوو دەڵێن کەسێکی گەورە لەو ماڵە دەمرێت.

٢٧- مەڕ ئەگەر هەردوو گوێی خۆی رابتەکێنێ ، شەپە شەپ لێوە بێت لە وەرزی زستاندا نیشانەی هاتنی بەفرو بارانە ،بەلاّم ئەگەرگیانی خۆی راوەشاند ئەوە کەش و هەوا خۆش دەبێت .

٢٨- هەندێ جۆری دەستە دار بۆ ئاژەڵ و مەڕومالاَت لێخوڕین پەسند ناکرێت ، گوایە چێڵ و چواڵ مەڕو مالاَت بێ هێز و لاواز دەکات ، لەوانە لیلك و دار قامیش ، پەندێکی کوردی هەیە دەلێت ( قەمیش، مەڕی دەکاتە پیش )( دارگەز، دەبڕی بەز ) بۆ مەڕو مالاَت لێخوڕین پەسند ناکرێت

٢٩-کۆمەڵە باڵندەی سواندیلکە ، لە ماڵی هەرکەسێك بەشەڕ بێن و جیوە جیو بکەن ، خودانی ماڵەکە دەڵێن ئەمڕۆکە میوانمان دێت، کاروباری خۆ بکەن .

٣٠- باڵندیەك بەتەنیا چ لەسەربان یان حەوشەی هەر ماڵێك بخوێنێ ئەوە دەڵێن: دەنگو باسی کەسێکی خۆمان پێدەگات .

٣١- بە شەوان پەسەند نیە تەمەشای ئاوێنە بکرێت، بۆ منداڵی بچوك بەشەو و رۆژ باش نیە نەکو ترسی لێ بنیشێت .

٣٢- ئەگەر پەپولە لە ژوورێکدا بە دەوری چرا بسوورێتەوە ، دەڵێن ئەوە نیشانەی ورگرتنی خەبەرێکی دوورە.

٤٣- گویێ زرینگاندن، کاتێ گوێی هەر کەسێك بزرینگێ دەڵێن : لە شوێنێك باسی ئەو کەسە دەکرێت . ناوی بە چاکە یان بە خراپە دێتە گۆتن . ب- پەلکی دار دەوەرێت . ج- دەنگی زرینگەی زێرەکانی قاپونە هەروا نغرۆ دەبێت و دەنگی دەداتەوە .

٤٤- هەرکەسێك تووکی سەری خۆی بتراشێ ، ئەوە تووکەکەیان لە کەلەنە دیوارێك یان لەبن سواندەیەك ڕادەکرا ، یان دەخرا کەلەنە بەردێك نەکوکابرا توشی ژانە سەر دەهات .

٤٥- هەر کەسێك پێرویەکی خۆی بفرۆشتبایە ، هەوسارەکەی دەگێڕاوە، بە مەبەستی ئەوەی پیت و بەرەکەتی ئەو پیرۆیە کە سوودی لێ وەرگرتبوو لە ناوماڵەکەی بمێنێت .

٤٦- لەناو کوردەوایدا هەرکەسێك دەوارێك یان وولاغ رەشێك بکڕێت ، لە کاتی بگەیشتابایەوە ماڵ ، هەندێ هەویری لە نێوچەوانی دەدا ، بۆ ئەوەی پیت و بەرەکەتی هەبێت و سوود بەخش بێت .

٤٧- بە داری شیلان لە هەرکەسێك بدرێت ، ئەو کەسە تووشی نەخۆشی خوێن میزتن دەکات .

٤٨- حەیوان چ لە رێگا بڕوات یان لە لەوەڕبێت ، هەر کەسێك بەناودا بڕوات شوانەکە یان خاوەنەکە زۆر پێ دڵگیر دەبێت .

٤٩- هەر بزنێك لە ناو مێگەلدا هەڵبکوچێ واتە : وەکو سەگ لە سەر هەردوو پاشی قوون بداتەوە و لە سەر هەردوو دەستی رابوەستی دەڵێن زوو سەری ئەو بزنە ببڕن، چونکە ئەو وۆرە راوەستانە جزۆر ناپەسندە .

٥٠- لە گۆڕلێداندا ، ئەوکەسەی یەکەم جار لە شوێنی قەبر لێدان خۆڵ هەلقەنێ ، هەر هەمان کەس دەبێت بە خاکەناسی دەوە خۆڵ لە پێش هەمووکەسێك خۆڵ بەربداتەوە ناو قەبرەکەو ، ئەنجا دەست بە شاردنەوەی دەکەن .

٥١- ئەگەر ئاگرلەناوگۆڕکی ئاگردان دەنگێکی تیژی لێ هەڵبستێ و زمانە باوێت ، جێ بە جێ یەکێك ئاگرەکە تێك دەدەن و دەڵێن : کش کش کش .

٥٢- لە وەرزی زستاندا کاتێ پەلی ئاگرلە ناوئاگرداندا ، رەنگی سووراتی تێدا نەما زەرد هەڵگەڕابوو و دەنگی لپەلپی لێوە بێت دەڵێن : ئەم شەو بەفر دەبارێت .

٥٣-هەیو( مانگ) لە وەرزی زستاندا بە شەوان جۆخینەی بکات دەڵێن : نیشانەی باران بارینە .

٥٤- هەرکەسێك چێڵێك یان گایەکی بفرۆشتبایە ، دوو داوە موویان لە کلکی هەلدەقاند، بە نیازی ئەوەی ئەو خێرو بەرەکەتەی لێ وەرگرتووە هەر لەناو ماڵ بمێنێتەوە .

٥٥- مێوان بێتە هەر ماڵێك ، یەکێك پێلاوەکان جووت دەکات و رووی لە دەرەوە دەکات ، بە واتای ( هاتی هەر چۆییە ) .

٥٦- سەگی هارکەسێك بدڕیت ، دوای چل رۆژیان دەمری یان دەژی . لەناو کوردەواریدا زێڕبە کەسی هارنیشان دەدەن ئەگەر بەرەو مردن بێت ئەوکەسە زوو دەمرێت ، ئەکەر نا زوو چاك دەبێتەوە . وا دیارە بریقەی تیشکی زێڕکاردەکاتە سەر میکرۆبی دەمی سەگی هار، ئەوەش لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی دەوێت بیسەلمێنێ

٥٧- بە تایبەتی خێڵە کۆچەریەکان و گوند نیشینەکانی کوردەواری لە ساڵی باران نە بارێت چی دەکەن .

ا- کەسێکی‌ئیمانداری زۆربەدین لە نا خافل چەند کەسێك دەی گرن و پیاوە بەدینەکەی داوێنە ناو ڕووبار یان کانی تاوەکو بە تەواوی گیانی تەڕبێت بە نیازی ئەوەی باران ببارێت .

ب- لە سەر مەرقەدی پیاو چاکێك یان لەسەر مەزارو مناسبێکدا بەردێك دەهێنن و داوێنە ناو کانی گوندی بۆ ئەوەی باران ببارێت .

ج- لە کاتی بەستنی نوێژی عەشا بە جەماعەت لە مزگەوتدا، یەکێك دەچێت گشت پێلاوەکانی ئەوکەسانەی لە نوێژی جەماعەتن فڕێی دەرەوەی مزگەوت دەدات ، گوایە باران دەبارێت .

د- لە وەرزی بەهاردا کاتێ مەڕ دەدرێتە بەربێرۆ دۆشینی، چارسەربێردا دەنیشتن هەردوو سەربێری روویان لە پێشەوە بوو، دووانەی دی ، پشتی خۆیان دەکردە هەردوو سەربێریکان ،لە کاتی مەڕ دۆشین کۆتای دەهات داوا لە هەردوو سەربێری دەکرا قاە یری خۆیان خالی نەکەنە ناو شیر مەشکەکانیان،هەردوو پشت بێری دیکە هەڵدەستان ، ئەنجا بەرخیان بەردەدا ناو مێگەلێ دەبوو ئەو بەرخانە گشتیان بە نیوان هەردوو بێریوانەکە تێپەڕ ببانایە دەبوو هیتو هوتی بێریوانان ، خۆتێ هەڵدانی بەرخەکان ناچاری هەردوو قاپە شیرەکەی دەستی بێریوانان دەرژا . ئەویان دەکرد بۆ ئەوەی باران ببارێت .

٥٨- دەڵێن هەرکەسێك لـە سـەر رێگـی هاتووچۆ بمیزێـت ،ئـوە سیتکەسلاوە یـان پێـی دەگوترسێت ( پزدۆك ) لە پاوی دێت ۆ چارەسەرکردنی هەڵدەستن چاوەکەی دیکە کلی تێدەکەن ، سیتکەسلاوەکە ( پزدۆك ) لە هەژمەتان زوو دەتەقێ و چاك دەبێتەوە .

٥٩- لە دانیشتنی پاڵ ئاگردان دووکەڵ بۆ هەر کۆڕێك بچێت ئەوە دەڵێن: لە ئایندە ئافرەتێکی جوان دەبێتە قسمەتی ، بەڵام ئەگەر بۆ پیاوێك بچێت ژنی هەبیت دەڵێن : ئەو پیاوە ترکەنە .

٦٠- کەسێك پێڵاوی بکەوێتە سەر یەك رووی لە کام لا بێت بە سەفەر دەڕوات

٦١- منداڵی ساوا لە سەرەتای دەست پیکردنی بەقسەکردن، ئەگەر زمانی خۆی لە کاتی قسەکردن دەربێنێ ، ئەوا دایکی منداڵەکە داوا لە خاڵی منداڵەکە دەکات تاکە کلاشێك یان پێڵاوێك بە هێدی لە دەمی منداڵەکە بدات ، گوایە هیچی تر زمانی خۆی دەرناهێنێ .

٦٢- ژن گواستنەوە لە نێوان جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان پەسند ناکرێت . چونکە جەژن لە خۆیدا خۆشیە ، دوو خۆشی لەکەڵ یەکدی باش نیە

٦٣- لە رۆژی نەورۆز، ریکەوتی ٢١ مانگی ئاداری هەموو ساڵێك ، بە رۆژ نووستن قەدەغەیە ، چونکە دەڵێن : لە رۆژی نەورۆز کاتژمێرێك تێدا هەیە ،لەو کاتژمێرە خولکەیەك( دەقیقە ) هەیە هەرکەسێ لەو دەقیقەیە نوستبێت ئەوە بەردەوام چاوی لە خەو دەبێت، سەرتاسەری ژیانی دەڵێن: چ عاجباتی نیە لەو دەقیقەیەدا ، ئەگەر داری لە سەر بەردی دابنێی خۆیان لێك دەدەن ، ماوەی دەقیقەکە دیار نەکرایە ،بۆیە هەر لەدوای رۆژی نەورۆز دەست بەچاندنی نەمام و دارو درخت دەکرێت و بە ترمەی دار دەست پێ دەکات .

٦٤- دەڵێن تیشکی رۆژ لە هێلکەیبدات و لەبن مریشکە کورك دابنێنەوە ،ئەو هێلکەیە کەلەشێری لێ پەیدا دەبێت . بۆیە زۆرجاران داییرە دەیانگۆت کورم وەنەکە رۆژ لە هێلکەی بدات نەکو دەبێە کەلەباب ئەگەر تاقی بکرێتەوە حیکمەتێکی تیدا هەیە .

٦٥- لە یادم دێت لەگەڵ کۆمەڵە منداڵ دەچووینە سەرکانی بۆ مەبەستی مەلەوانی کردن ، خۆمان رووت و چەپلاق دەکرد دەچووینە ناوکانی ،بەڵام ئەگەر منداڵێك خۆی رووت بکردبایەوە و مەلەوانی نکردبایە ، پێش جلی خۆی لەبەر بکات ، دبوایە ناوکی خۆی تەڕبکردبایە چونکە ئاو ناوکی دیتیەو زەرەری پێ دەگەیەنێ .

٦٦- ددانی مام ڕێوی بە برچی یا بە کلاوی منداڵی ساوا دەخرا ، لەبەر چاو و زارو هەندێ شتی تر.

٦٧- کەسێك دەستە جل وبەرگێکی نوێی لەبەر بکردبایە ، پێش ئەوەی بیکاتە بەر خۆ پێشێلی دەکرد .

٦٨- هەندێ خێزان پیازو کەرەوز و سلق و تور لەناو باخچەکانیان ناچێنن پەسندی ناکەن .

٦٩- لە هەفتەی یەکەم دا پێی گورگ ،لەبن بێشکەی منداڵی ساوا دادەنێن گوایە شەوە کاری لێ ناکات .

٧٠- هەندێ جار مریشك بەڕۆژ، دەخەوی ، دەنگێکی باریکی یەك تیرەی لێ دەبیسترێت دەڵێن : زۆربەی گیانلەبەران گوێبیستی ئازارو ناڵەی پیاوی حراپن ، کاتی خوا سزایان دەدات .مریشك یەکێکە لەو گیانلەبەرانەی کە ئاگاداری ، ئێش و ئازاری پیاوی خراپ دەبن لە قبرستاندا .

٧١- هەر ئافرەتێك باری هەبێت ( حەملە ) داربێت ، ئەگەر هەردەم دڵەسۆزەی هەبێت ، ئەوە دەڵێن : سەری منداڵەکە زۆر بە تووکە ( پرچنە ) .

٧٢- ئافرەتی حەملەدار ئەگەر زگی پێش تەواو بوونی چوار مانگتەوو بێت و ئەنجا زگی بجولێتەوە ئەوە دەڵێن کچە .

٧٣- ئافرەت کاتی بە حامیلەیە ئەگەر دەمووچاوی خۆی یان هەر شوێنێکی گیانی بخورێنێ ئەوە ڕاو دەکەوتێ . بە تایبەتی لە منداڵی یەکەم دا ، بەڵام ئەگەر گیانی خۆی نەخورێنێت هیچ راو لە گیاتی دروست نابێت .

٧٤- لە کاتی منداڵ دەبیت ، ئەگەر کچ بوو یەکسەر هەر لەهەمان رۆژ دەم و چاوی کۆرپەکە بەشیری مەمکی دایکی چەور دەکرێت ، گوایە پاك و خاوێن دەبێت ووردە تووکی لێ شین نابێت .

٧٥- ماربە مەڕو ماڵات وەبدات ، پێی گورگیان لە ماڵ هەڵگرتیە و بە گیانی ئەو مەڕەی مار پێوەی دایە دا دەینن . بەنیازی چاك بوونەوەی .

٧٦- منداڵی ساوا کاتێ لە دایك دەبێت ئەگەر دەمارێکی شین لە سەر کەپووی لە نێوان هەردوو چاوانی بە دیار بکەوێت ، ئەو منداڵەی لە دوای ببێت کوڕ دەبێت .

٧٧- باڵی سەرەوەی چاوی هەرکەسێك پرتە پرت بکات ، ئەوە دەڵێن : روداوێك روودەدات .

٧٨- گرێ هەنگوچك ببتەوە ، ئەوە دەڵێن : ئەمرۆکە میوانمان بۆ دێت .

٧٩- منداڵی نەفام ( پێرۆ ) ناو ماڵی خۆیان گێسك بدات ، دەڵێن : میوانمان دێت .

٨٠- لە وەرزی بەهاری هەر ساڵێکدا هەور بگرمێنێ واتە چەخماخەی بدات و شریقە شیرقی لێوە بێت و باران ببارێت ، ئەوە دەڵێن : ئەو ساڵە خارچك ( کوارك ) و دۆمەڵان زۆر دەبێت .

٨١- لـە رۆژی نـەورۆز هـەور بگرمێنـێ و بـاران ببارێـت ، ئـەوە دەڵـێن : مـارو دوپشـك و زەردەواڵەكان ، دژوار و بە ژەهر دەبن .

٨٢- پیرەمێردەكان دەڵێن : لە وەرزی بەهاری هەرساڵێك شەنگە سویر ( زەنگە زۆرە ) كەم هەبێت و بەرچاو نەكەوێت، ئەوە دەڵێن زستانی ئاییندە بە سڕ و سەقەم دەبێت و بەفرو بارانی زۆری لێ دەبارێت .

٨٣- میكرۆبی سەگی هار

دەڵێن باڵندەی ( سۆفیلكە ) بە هاوینان زێدە بەرەو ئاسمان خۆی بەرز دەكاتەوە ، گەرمی تیشكی رۆژ كاری لێ دەكات و دەمری و دەكەویتە سەر زەوی هەر سەگێك كەلەشی ئەو سۆفیلكەیە بخوات تووشی میكرۆبی هاری دەبێت .

ب- یان دەڵێن هەرسەگێك گۆشتی كەلەشی ئادەمیزاد بخوات ، ئەو سەگە هار دەبێت ، ئەو سەگەیە هەركەسێك یان گیاتدنلەبەرێك بدڕێت تووشی نەخۆشی هاری دەبێت ، ئەو میكرۆبەیە چل رۆژان دەژیت تاكو خولی ژیانی تەواو دەبێت دوای چل رۆژ ئەو كەسەیە نەمریت، لە میكرۆب هاری قوتار دەبێت .

٨٤- منداڵ تەمەنی بگاتە شەش مانگـان مێـوژی پـێ دەدەن چونكە دەڵـێن ( منـداڵ لـە مانگێ شەشێ داینیشێنە لە حەو شێ مێوژە رەشەی بكە كۆشێ ) .

٨٥- منداڵ یەكەم جار بەسەر پێ بكەوێت شەكرۆكەو چوكلێت و پارەی بەسەری دا دەكەن ، منداڵی خزم و كەسی دراوسێكانیان كۆدەبنەوەو چوكلێتی بەسەریاندا دابەش دەكەن .

٨٦- منداڵ سونەت بكرێت خێری بۆ دەكەن هەروەها منداڵی ساوا ددانی بێت خواردنێك دروست دەكەن بەسەردەروجیرانان دابەش دەكەن خێری ئەو منداڵە تەمەنی درێژ بێت .

٨٧- یەكەم جارپرچی سەری كوڕەكەیان ببڕن ئەوە پرچەكەی دەكەنە ناو تەرازوو لەبەر پارەی دەكێشن ، پارەكەی بە شەكرۆكە دەدەن بەسەر منداڵاندا دابەش دەكەن

٨٨- بیانەوێ مریشك كورك نەبێت ئەوە مریشكەكەی لە ناو ئاو هەلدەكێشن تاكو گیانی تەڕ دەبێت لە كورك بوون دەرەوتەوە یان پەڕێك لەناو كونی كەپوی مریشكەكەی هەڵدەكێشن .

٨٩- لە كوردەواریدا كاتێ ئافرەتێكی جاحێل مێردی بمرێت زگی یەك دووماتنگی بێت ( حەملە دار ) بێت كاتێ جەنازەی مێردی هەڵدەگرن ، ئەو ئافرەتە سی جاران بەبن

دارەمەیتەکە دەڕوات ، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوایی بزانن زگی لەو مێردە هەیە و لە دووا رۆژ بوختانی پێ نەکرێت .

٩٠- ئافرەت یان پیاو کارێکی سووك و نارەوا بکەن ئەوە سەروبڕو، سەروسمبێڵ و برۆیان تاق دەتراشن بەتەنی و روون ، دەکرا ، یان ستلە ماستیان بەسەرسەری دادەکرد و ، بەرەو پاش سواری کەرێ دەکرا و بەناو گوندی گڕیان پێ دەخوارت ، دەبوو حەپیسکە و پەندێ وولاّتی ، هەزار تف و لەعنەتی لێدەکرا ،دەبوو عیبرەت بۆ کەسانی تری ناو کۆمەڵ .

٩١- ڕیوی بەرەو رووی هەرکەسێك بێت دەڵێن : خوا ماڵ و سامانێکی زۆری پێدەبەخشێت ، بەلاّم کەروێشك بە پێچەوانەوەیە .

٩٢- کەڵەباب لە ناوەخت بانگبدات دەڵێن سەری ساحێبی دەخوات هەر دەست بەجێ دەی کوژنەوە .

٩٣- نینۆك قرتاندن بە شەوان پەسند ناکرێت .

٩٤- مێروستان ( میروولە ) بەرەو هەر ماڵێك رێچکە دروست بکات بەتایبەتی رەشماڵ نشینەکان بەواتای ماڵی خۆتان بگوازنەوە .

٩٥- بەسەرپشت نوستن پەسند ناکرێت گوایە مێردە زمە سواری سەر سینگی دەبێت ، هەناسەی لێ دەبڕێت و نەشێت هات و هاواریش بکات .

٩٦- نابێت بە گەسك لە مندالّ بدرێت گوایە تەمەنی کورت دەبێت . نابت بە گەسك لە مندالّ بدرێت نەکو نەمێرد دەبێت .

٩٧- هەر ئافرەتێك شیر بە دەستی هێوێن نەبێت ، نەبێتە ماست، ببتە هۆی هەلبڕکاندنی ئەوە هەڵدەستن بە سواندەی خانووی هەفت مالاّن هەندە قرشەو قالّ ( سووتەمەنی ) دەدزن ،لەبن مەنجەڵە شیرەکەی دەسوتێنن ، ( هەڵنابڕکێ ) کابانی مالّ دلّ و دەروون و دەستاوی خاوێن بێت ، شیری هەڵنابڕکێت هەوەکو شاعیر دەڵێت : ( ئەودڵەی وەك مەنجەلّ ژەنگهەڵدێنێ ، شیری تێمەکە ئەی هەڵبزرکێنێ ) .

٩٨- میوان لە هەر ماڵێك بچوبایە دەرەوە ، دووای خواحافیزی و مالّ ئاوایی هەندێ ئاویان بە دوای میوانەکە دەڕشت، بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگاتەوە ماڵی خۆی .

٩٩- جەنازە ( مردی ) لە هەر ماڵێك بچوبایە دەرێ هەندێ ئاویان ب دوای دەڕشت یان دەڕژاند بە مەبەستی ئەوەی هیچی تر بەدوای نەچێت .

١٠٠- لە زۆر ناوچەی کوردەواریدا هەندێ بەرد یان شاخ بەبەردەکەڕ ( کەڕ ) ناو دەبرێت کەسانی کەڕ ( گوێ گران ) مستە جۆ یان گەنم لەگەڵ خۆیان دەبەن لەسەر بەردەکە رووەکەن لە یەزدان دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی چاك ببنەوە .

١٠١- نەخۆشیەکانی زەرتك ، لەرزەك ڕیخاندن ، بکەوتوبایە ناو مەڕ و ماڵاتیان ، ئەوە مێگەڵە مەڕەکەیان دەبرد لە دووری مەزاو شەخس و منسبان ، دەیان سووڕاندەوە ، چەند مەڕێك لەو کاتی دەچەقین و نەدەڕۆیشتن ، ئەوە دەیان کوشتەوە گۆشتەکەیان بەسەر ئاوایی دابەش دەکرد بەتایبەتی لەناو خێڵە رەوندو کۆچەرەکان رووی دەدا لە نەخۆشیەکان دەپارێزران .

١٠٢- منداڵ لە کاتێ لە دایك دەبێت لە هەفتەی یەکەمدا چ کور بێت یان کچ جێگەی لە ناو سێڵ دەبێت گوایە شەوە ناگاتە منداڵەکە . بە بیرو بۆچوونی دایکان وا دیارە شەوە ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە ناو سێڵ .

١٠٣- لاندکی نوێ بۆ منداڵی نۆبەرەیان بکڕن، نابێ کەس لاندکەکە ببینێت زۆربەی بە شەوان دەهێنێنەوە ماڵ لەبەر چاو زاران .

١٠٤-لاندکی منداڵ بە تەنی و روون رەنگدەکەن نیشانەی راست وچەوت (×) یان هێمای کۆ (+) لە سەری دەنەخشێنن .

١٠٥ – هەر منداڵێك دەنگی دایکی خۆی ناسی و هاوڕی لێ بداتەوە دایکە پرچی دەوەرێت ، ئافرەت هەیە بە تەوای سەری کەچەڵ دەبێت .

١٠٦- ئافرەتی زگ پڕ دەڵێن : ئەگەر جولانەوەی منداڵەکە لەلای راستەی زگی دایکی بێت دەڵێن : کوڕمان دەبێت ، بەلاٛم ئەگەر زۆربەی جولانەوەی لای چەپ بوو دەڵێن کچمان دەبێت .

١٠٧- لە کوردەواریدا ئەگەر بیانەوێت منداڵیان هێمن و لە سەرخۆ بێت ئەوە رۆژی شەمە سەری منالەکانیان دەشۆن .

١٠٨- لە ئاخر چوار شەمەی کۆتایی هەر مانگێك سەفەری تێدا ناکەن، بە نگبەتی دەزانن پەسند ناکرێت بێ حیکمەت نی‌یە .

١٠٩- لە جێگای شوشتنی هەر مردوویەك سێ شەوان لەسەر یەك چرایەك هەڵ دەکەن .

١١٠- کاتێ بچنە راوە بەراز دەڵێن : بەراز دەزانێت ڕاوی دەکەن ، بەلاٛم نازانێت لە کام لا بۆی دێن .

١١١- قەل کاتێ بنیشێ دەڵێن : بن پێی دەخورێت بۆیە بەردەوام لە هەڵفڕین و خۆ تێ هەڵدان دایە .

١١٢- ئەگەر یەکێك چاوی پیس بێت ئاهو هەناسەی کار لە خەڵك بکات جل و بەرگی چاو پیسەکە دەدڕێنن یان پێڵاوەکانی دەهاوێنە ناو ئاو دەست بۆ ئەوەی سووی لێ ببێتەوە، بیر لە حاڵی خۆی بکاتەوە .

١١٣- منداڵی بچوك تەمەنی لە نێوان ١ تا ٦ مانگ بێت ، دەستی خۆی بەردەوام بنوقێنێ ئەوە دەڵێن : ئەو منداڵە گەورەبێت ڕەزیل وقرچۆك دەبێت . یان لە ساڵی داهاتووگرانی و قات و قڕی ڕوودەدات ، بەلاّم ئەگەر منداڵی ساوا دەستی نەنوقێنێ کراوە بێت دەڵێن : ئەو منداڵە گەورە بێت سەخی و دڵ فرە دەبێت ، یان دەڵێن پڕ پیت و بەرەکەت دەبێت .

١١٤- منداڵ لەتەمەنی ٧ هەفت ساڵیدا ، ددانەکانی شیری بکەوتبایە ، دانەکەی دەهاوێتە سەر بانێکی بێ هاتووچۆ دەی گووت، گوو بچیت زێر بێت . یان گو بچیت زیو بێت ، پاش چەند مانگێك ددانێکی برنجی سپی خاوێنی دەهات .

١١٥- منداڵ لە تەمەنی چل ڕۆژەی ئەوەل ، واتە تاکو چلەی تەواو دەبێت ،ئەگەر زۆر بگرت ئەوە دەڵێن : باشە لە چلەی ڕزگای دەبێت و تەمەنی درێژ دەبێت .

١١٦- لە هەندێ ناوچەی کوردەواری هەرکاتێ منداڵیان لە دایك بوو، بە ئاو و خوێ منداڵەکەی دەشۆن تاکو پێستی منداڵەکە توندو پندر بێت .

١١٧- لە هەندێ شوێنی کوردستان ، سەری منداڵەکانیان ناشۆن تاکو بە قونەوە دابنیشێت ، بە هەردوو دەستانی لێوی تەشت بگریت ، ئەنجا سەری دەشۆن دەڵێن : ئەوە کفنی خۆی دڕاند .

١١٨- ساڵێك ئەگەر باران نەبارێت بانگی مەلای گوندی دەکەن ناوی چل کەچەلان ، ناسیار بێت یان نەناسیار لە سەر پارچە کاغەزێك ، تۆمار دەکەن ، بە دارێکی چۆلی هەڵدەواسن هەر بای لێدەدات و دەجولێتەوە دەڵێن : ئەو کەچەڵانەی ناویان لە سەر کاغەزەکە نووسراوە ، سەریان دەخورێت ، لە هەژمەتان گیانیان مورژان دەدات ، ناچار دەبن لە خودای گەورە بپاڕێنەوە باران ببارێت ، زۆر جار وا هەبووە هەندە باران باریوە ، ناوی کەچەڵەکانی لەسەر کاغەزەکە سڕیتەوە سەریان ڕەحەت بووە ، ئەگەر مەلای گوندی کەچەل بوو دەبێ یەکەم جار ناوی خۆی بنوسێ .

١١٩- کۆمەڵە کەسێك کاتێ مارێك بکوژن ، پاش ئەوەی گیانی دەربچێت ، بەناوی یەکێك داوێنە ئاسمان بزانن کوڕی دەبێت یان کچ ئەگەر مارە مردووەکە کەوتە سەر زگ دەڵێن :

ئەوکەسە کوڕی دەبێت . ، بەلاّم ئەگەر مارەکە بکەوێتە سەر پشت ، زگی لە ئاسمان بێت دەلّێن : کچی دەبێت .

١٢٠- هەندێ منداڵ هەیە تووشی نەخۆشی گەشکە دەبن ئەوە هەلّدەست لە ڕاست سەری منداڵە گەشکەدارەکە دەوی مەقەس لێك دەدەن ، گوایە بەخۆی دێتەوە .

١٢١- لە سالاّنی پێشوولە وەرزی زستاندا ، بۆخۆگەرم کردنەوە وەکو ئێستا سۆپەو هیتەر نەبوو، بەلّکولە ناوەڕاستی خانووی دانیشتنیان بەردەسێلّێکیان دروست دەکرد ئاگریان لەبن خۆش دەکرد و دوەریان لێ دەدا ، بۆ هەلّگیرساندنی بە نۆرە بفیان ( فوویان ) لێ دەکرد ، بە فووی هەریەکێکیان ئاگرەکە داگیرسابایە دەیان گووت : ئەوە خالّی سوارێکی چاکە ، بە پێچەوانەوە .

١٢٢- پیاوی گەورە بنیشتی بجوبایە ئەوە دەیان گوتێ :نەجوو سمێلت خوار دەبی .

١٢٣- پارچە جل و بەرگی کۆنی باوك بۆ مندالاّنی بە کار بێت ، دەلّێن : ئەو منداڵە تووشی نەحۆشی خڕکانە دێت نەخۆشی خڕکانە ( جۆرە قنچکەیەکی تەڕ ووشکە لە سەری منداڵ دێت ) زۆر بە زەحمەت چارەسەردەکرێت .

١٢٤- هەرکەسێك بڕوات و لە پێشەخۆی فیتە فیت بکات دەلّێن ئەو کابرایە وا لەگەڵ شەیتانی قسە دەکات .

١٢٥- لە وەرزی هاویندا تەرم ( جەنازە ) بمێنێتەوە ئەستوور دەبێت ، پاش کفن کردنی مرووەکە ، سیکاردێك لە سەر زگی مردووەکە دادەنێن بۆ ئەوەی هەلّنەلایستێت .

١٢٦- هەندێ مندالّی ساوا تووشی جۆرە نەخۆشیەك دەبن بێ چارە دەمینێتەوە ، بێ هێزو لاوازو سیس ، هیچ لە نەخۆشیەکەی نازانن ، دووا هەولّی دایکی ئەو منداڵە نەخۆشە ، تارازوێك ئامادە دەکات ، منداڵە نەخۆشەکەی لە سەرێکی تەرازووەکە دادەنێت ، سەری دیکەی تەرازووەکە گاسنێکی جۆتی ( زەوی کێلاّن ) لە بەر دەکێشێ ، هەردوو لا یەکسان دکات هاوسەنگبن ، منداڵەکە لە ناو سەری تەرازووەکە دەهێنێتە دەرەوە ، لە جێگای منداڵەکە بە سەنگی ئاسنەکەی تەپیلەی ریخ ( سەرگین ) دەکێشێت تەپیلە کێشراوەکەیان دەکردە ناو کەونە بیرێك یان خەمرەی ئاو لە دوای هەفتەیەك تەماشای تەپیلەکانیان دەکرد ئەگەر لایسابایە دەیانگووت : ئەو منداڵە قەلەو دەبێت و چاك دەبێتەوە ، بەلاّم ئەگەر تەپیلەکان لە شوێنی خۆی پووت ببایەوە و دابمرکایەوە ،نیشانەی مردنی منداڵەکەیە. پشتی ئەوکەین و بەینە ، بێ ئومێد نەدەبوون ناوە ناوە ترازوو دەهاتەوە گۆڕێ ، منداڵەکەو گاسنەکانیان دەکێشاوە ، ئەگەر سەنگی منداڵەکە زیادی بکردبایە ،

جێگای دڵخۆشیان بوو، بەلاّم سەنگی ساوایە نەخۆشەکە لە کورتی بدابایە ، دڵ تەنگی و نا ئۆمێدی و دایکەی دادەپۆشی و دەستیان لە منداڵە نەخۆشەکە دەشوشت . بەڵێ ئێستا لە گشت بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەکان ، تەرازووەکی منداڵ کێشانی تێدا هەیە ،ئەوە لە دایکان و داپیرانمان وەریان گرتووە .

١٢٧- منداڵ زوو بە قسە نەکەوێت لە ئاخافتن دووا بکەوێت لە کاتی نان خواردن ، یەکەم پاروو لە دەمی پیاوێکی ماقوڵی گوند یان ئاوایییەکە وەردگرن ، لە کاتی بۆ دەمی خۆی دەبات بەبێ پرسیارو قسە کردن ، تورکانی پاروەکە دەدەن و بە منداڵەکە دەدەرێت ، گوایە بیخوات زوو بە قسە دەکەوێت .

١٢٨- لەناو کوردەواریدا بووك لە هەفتەکەی یەکەمی تاقی دەکرێتەوە .

ا- لە ڕۆژی یەکەمی هەر بووك بگاتە ماڵی زاوای ، پێش ئەوەی دابنیشێت ، بالیفێك دەکێشنە بن بووك ، بۆ ئەوەی لە سەر دابنیشێت ، بەلاّم بووکی ئاقل بە پا بالیفەکە لا دەبات لەسەر دادەنیشێت ، بەلاّم ئەگەر بووکێك لەسەر بالیفەکە دانیشت ئەوە دەڵێن: ئەو بووکە کەم ئاقلە .

ب- بۆ زانینی دەست پاکی بووك ، لە دووسێ رۆژی یەکەمیدا ، ماڵی زاوا بە ئەنقەست هەندێ خوردەو پارەو پول بەردەدەنەوە ناوحەوشە ، یان خانووەکان ، بووکەکە هەڵ بگرێ و بداتەوە دەڵێن : دەست پاکە ، بڕوایان پێ دێت ج- لەهەفتەی یەکەمدا خەسوو شووژنەکی دەکردە ناوگۆزەیەك دەیدا دەستی بووك بچێتە سەرکانی پڕئاوی بکات ، بووك ئاگای لە هیچ نیە ، چەند حیکمەتی تێدایە . بووك هەیە پاك وخاوێن نییە و حەزی لە قسە کردنە ، بەبێ ئاو لە ناو گۆزەکەی وەربدات پڕی ئاوی دەکات و دەگەڕێتەوە و لە شوێنی خۆی دادەنێت ، بەلاّم هەیە دەستاوی خاوێنە ، ئاوێك لەناو گۆزەکەی وەردەدات بێ شك شوژنەکە لە ناوگۆزەی دەکەوێتە خوارێ ، ئافرەتی هۆشیارچاوی لە سەرپاش ئاوەکەیە و شوژنەکە هەڵ دەگرێتەوە دەگەڕێنتەوە دەستی خەسووەکەی ، لێرەدا خەسوو دڵی گەش دبێت چونکە بووکیان خەم خۆر و دەستاوی خاوێنە .

د- خەسوو بە ئەنقەست گوریس و داسووك لە ناو حەوشە پەرت دەکاتەوە ، ئەگەر بووکیان گوریسەکەی هەڵکردەوە و داسووکەکەی لە شوێنێکی چاك دانا ، گوایە بووکیان کارزانە ، بەلاّم ئەگەر بەسەر تێپەڕ بوو خەمی لێ نەخوارد ، ئەوە لە ماڵی بابی کەم تەرخەم بووە .

# باسی شەشەم

## داو دەرمانی کوردەواری :

دەردو نەخۆشی و مەفتەکان ، لەگەڵ دەسپێکی ژیانی ئادەمیزاد پیدا بوو، تەندروستی مرۆڤی تێکدابوو. ناچاربووە هەوڵ بدات ، خۆی لە نەخۆشیەکان بپارێزێت ، رێگاچارەیان بۆبدۆزێتەوە ئادەمیزاد لە قۆناغەکانی سەرەتایی مێژووی ژیانیدا ، کاتێ تووشی ئازاری برینیك هاتبایە ، لە بەرژا ن و ئازاری برینەکەی بێ گوومان حەوانەوەی نەبووە ، لە هەژمەتان بەدەوری خۆی سووڕایتەوە ، چاوی گڕدایە ، هەرچی بەردەستی کەوتبایە وەك ( خۆڵ ، گیا ، دار ، بەرد ) لەسەر برینەکەی دانایە ، بۆ مەبەستی هێوڵ بوونەوەی ژانەکەی و دامرکاندنی ئەستووریەکەی .جاری وا هەبووە خراپتر بووە ، یان نیمچە چارەیەکی دۆزیتەوە ، لێرەدا تاقی کردنەوە دەستی پێکردووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر کردنی ئێش و دەردو ئازارەکانیان ، گەیشتوونەتە ئەنجام بە هۆی ئەو تاقی کردنەوانە ، هەنگاولە دوای هەنگاو دەرمانی باشتری دۆزیتەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان زۆر جاریش دەرمانی تەواویان بۆ هەندێ نەخۆشی دەست نیشان کردووە و نەیانزانیوە هۆی چاك بوونەوەی چی یە ؟.. کەو بریندار بێت ، خۆی دەگینتە نزیکترین دار بەن بەنیشتی کوردی لێدەتکێتەوە ، بە دەنووك لە برینەکانی خۆی دەدات و چاك دەبێتەوە ،لە کوردەواری بەنیشتی کوردی بۆ زۆربەی برینەکان بەکاردێت ،دوور مەگرە لە کەو فێربووە . هەندێ کژوو گیای کوردستان کاریگەرترن لە داودەرمانی ئەو سەردەمە بۆ چارەسەر کردنی هەندێ لە نەخۆشیەکان ، گومانی تێدانیيە داو دەرمانی کوردەواری بخرێنە ژێر ئامێرەکانی پزیشکی و لێکۆڵینەوەی زانستیانەی لەسەر بکرێت ، کاریگەری دەرمانی کوردەواری دێتە سەلماندن و دانی پێدا دەنرێت . ئەو توێژینەوەیە دەکەوێتە سەر شانی پزیشکانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق .

هەرچەندە پزیشکی تایبەتمەندو ئامێری گرینگو بە کەلك دەستە بەر بوونە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان ، بەلاٚم تا ئەمڕۆ گوند نیشینەکان وگەڕەکە میللیەکانی ناو شارە گەورەکانی کوردنیشین ، داودەرمانی کوردەواری بەکار دەهێنن .هەندێ مرۆڤ و ئافرەتی لێزان هەڵکەوتووە ، شارەزایەکی تەواویان لە دەرمانی کوردەواری دەست کەوتووە ، زۆربەی لە باب و باپیرانیان بۆیان جێ ماوە ناویان دەرکردووە لە سنووری ناوچەکەیدا ،

ناوی ئەو جۆرەو بەرەبابانە بە حەکیم دەردەچێت چونکە پشت بە پشت لە یەکتریان وەرگرتووە .

ئەو شارەزایانە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا روو دەکەنە چیاو نزار و دەون و دەشت و دۆڵ بۆ کۆکردنەوەی هەندێ کژوگیای بە سوود، قافك قافك دەبەستنەوە بۆ کاتی پیوست .(( حەکیمەکانی داودەرمانی کوردەواری دەڵێن : هەندێ جۆرە گیا هەیە ، تەنها بە شەوان دەناسرێت ، چونکە لە تاریکیدا تروسکەیەکی لێهەڵدەستێت ودەهێنەوە ماڵێ ))*. بە پێی پیتەکانی ( ا-ب) کوردی ناوی نەخۆشیەکان رێز کراوون چارەسەریان بە داو دەرمانی کوردەواری لە تەکیا نوسراووە ، ئەگەر کەم و کوڕی هەبێت هەر ئەوەنەم پێ کراوە ، ئومێدەوارم سوود بەخشێت .لە خودای مەزن دەپاڕێمەوە لە نەخۆشیەکان بمان پارێزێت .

---

## ئاگرۆکە

دوو جۆرە نەخۆشی ئاگرۆکە هەیە یەکەمیان ووشکە ( DRY TETTER ) قوباء ( اکزیما حرشفیە جافە ) . (AGROKE) ئاگرۆکە لە کوردەواریدا بە پەلکی یان توفلی فەریکە گوێز چارەسەر دەکرێت ، یەك دوو هەفتە پیش داکوتانی گوێز ، پەلکە سەوزەکەی فەریکە گوێز دەکوتن ، ئاوێکی دەتکێتەوە ، بەو ئاوە شوێنی ئاگرۆکەی پێ چەور دەکەن چەند جارێك لە دوای یەك چارە سەری دەکات . لە چەشنی بنی لێ شفتیە – شامی – ، بەلاّم بنجی بچوکتر و پەلکی هوورد ترە،. شفتی تاڵك زێدە تاڵە ، بە شینی یان بە ووشك کراوەیی بخورێت،. بۆ نەخۆشی باداری باشە ، لە بەر تاڵیان کەپسولی بە تاڵ لێپڕدەکرێت ئەنجا دەخۆن .

جۆری دووەم : هوردە قنچکەیەکی پڕ ئاوو زلزلاوە، بەتایبەتی لە روومەتی مرۆڤ دێت ، یەك دانەی لێ بەدیار بکەوێت وەکو ئاگر روومەتی دادەگرێت ، خێرا بلاّو دەبێتەوە ، هەر لەبەر هەندێ ناوی لێنراوە ئاگرۆکە ، بۆ چارەسەرکردنی: نەخۆشەکە دەبەنە لای کەسێکە هەفت شەرتان شوانی کردبێ ، نانی رەنجی دەستی خۆی خواردبێ ، ئەو شوانە دەبێ پێش رۆژهەلات ، چەند جارێك ئەستێ و بەردە (ئەستێ )*لە راست روومەتی ئەو کەسەی ئاگرۆکەی لێ هاتبێ لێدەدات . چاك دەبێتەوە

* مستەفا فەقێ مەلا رەحیم دۆڵەمەڕی ،دانیشتوانی گوندی بەبێلا/ میرگەسۆر لە باپیری وەرگرتووە (حەکیمێکی ناوداری ناوچەکە بوو)ۆمی گێڕاوە .

*ئەستێ و بەردە ئەستێ = ئامێرێکی کۆنی کوردەواریە، بۆ ئاگر هەڵکردن چەرخ و شخاتەی زمانە بوو.

بادا ری( رۆماتیزم ) RHEUMATISIM.

=چنار چنارۆك :

ئەم جۆرە گیایە لە چیاکان شین دەبێت ، پەڵکی دەکوتن لەسەر شوێنی بادا ری دادەنێن ودەپێچن ، لە سەری هێواران تاکو بەیانی دەکرێتەوە ، شوێنەکەی دەکاتە برین ، هەرچەندە ئاوە زلزلەو خوێنی پیس رادەکێشێت ، ژانەکەی دەشکێنێت .

=تیرمەی هاوین:

لە کوشندەی چلەی هاوین کەسی بادا ری دەبرێتە قەراغ روبارێك لە شوێنێکی پڕ زیخ یان دەڵێن : خیزی وشك کۆرتێك لە ناو زیخە گەرمەکە لێدەدەن ، بادا ریەکە رووت دەکەنەوە و دەیخەنە ناو کورتەکەو بە زیخ دایدەپۆشن ، تەنها سەری دیار بێت ، تاکو بتوانی خۆی لە بەر تێنی گەرمی زیخەکە رابگرێت هەر باشە ئەنجا دەیهێنە دەرێ .

=ڕەگی مێکۆك :

ڕەگی مێکۆکی ووشك کراوەیە ، لە کاتی پێویست دەکوتن تاکو دەبێتە تۆز ۳ سێ رۆژان لە دوای نان خواردن ، بە قەدەر ملاٚکێکی چای بدرێتە نەخۆشی بادا ری چاك دەبێتەوە .

=شفتی تاللك یان دەڵێن کوژاڵك :

=ڕەگی رێواسی :

قوڵکی ریواسی ووشك کرایەوە دوای پاکردنەوەی دەکوترێت ، ئاردەکەی لە هێلەگ دەکەن ، زۆر تاڵە تێکەڵ هەندێ هەنگوین بکرێت یانیان لە خرینی پێش نان خواردن بە قەدەر ملاٚکێکی چای بدرێتە کەسی بادری چاکی دەکاتەوە ، شفا لەلا خودا دێت

=داغ کردن:

پارچە شیشە ئاسنێك دادەنێنە سەر ئاگری تا وەکو داغ دەبێت واتە سۆر دەبێت ، شوێنی بادا ری پێ داغ دەکرێت و پەڕە قاقەزێکی شینی کەللەی شەکری لە سەر برینەکە دادەنێن بە مەرجێك لای ژێرەوەی برینەکە کەمێك کراوە بێت ، ئەنجا دەورو بەری برینە داغ کراوەکە دەشێلن دەگوشن تاوەکو خوێنی پیس و کێم و عادابی لێ بتکێتەوە ، گوایە بادا ریەکە چاك دەبێتەوە.

=گلە ئێرمەنی :

جۆرە خولێکە – ئاخ – لای عەتارەکان دەست دەکەوێت بۆ نەخۆشی – باسۆرە – بە کاردێت زیاترلە دەم و چاو بە دیار دەکەوێت گلە ئێرمەنی تێکەل کەمێك ئاو دەکرێت

دەشێلن وەکو مەلحەم لێ دێت ، لە سەروچاوی ئادەمیزادی ، سۆرهەڵگەڕای ئەستووربوو دەدرێت ، بە هیمەتی خوای چاك دەبێتەوە .

=قیرو زفت:

شوێنی باداری جوان بە ئاوی گەرم دەشۆن ، ئەگەر تووکی هەبوو دەتراشن ، ئەنجا هەندێ قیروزفت بە سەرپارچە خامێك بلاّو دەکەنەوە ، لە سەرشوێنی باداری دادەنێن .

=کولیلکە نیسانە :

ئەو جۆرە کولیلکە لە مانگی نیسانێ بەرچاو دەکەوێت ، چەند پەلکێك ل کولیلکی نیسانە لێوە دەکەن و ل سەر شوێنی باداری دادنێن و دەپێچن ، پاش ماوەیەك شوێنەکەی بریندار دەکات ، پیسیەکانی ناو خوێن لێدێتە دەرێ .

=تولەی خم :

لە پارچە قوماشێکی جۆری تولەی خم فتیلێك دروست دەکەن بە ئەستورایی قەلەم دارێك ، بە درێژایی ٢-٣ سم پارچە پارچە دەکرێت ، سەرێکی پارچە پارچەکانی بە ئاگر دەکەن لای ئاگرەکەی لە سەر شوێنی باداری – دەست، ران، پێ- دادەنێن تاکو بە خۆی بکوژێتەوە ، خۆلەمێشەکەی ( مشکی ) لا نادرێت ٣ تا ٧ پارچەی تۆلەی خم بەکاردێت .

=دۆشاو ، جۆ، توتن :

هەندێ جۆلەسەر ئاگری دەسوتێنن ، لەگەڵ کەمێك توتن تێکەڵ دەکرێت و دەکوتن ، ئەنجا چەند ملاکێك دۆشاو بەسەردادەکەن و جوان دەشێلن ، تاکووەکو مەلحەمی لێ بێت ، بۆ نەخۆشی (باسورە) * بە کاردێت . لە کوردەواریدا بە گلە ئێرمەنی ئەو دەرمانە چارەی دۆزرایتەوە

---

سەروچاوەکە سۆر هەڵدەگەڕێ و ئەستور دەبێت .،دروست کردنی پیاڵەك خوێ، پیاڵەك نەفت، خورمای بێ ناوك ، دەکرێتە ناو قاپێك لەسەر نەرمە ئاگرێك دادەنێن و دەشێلن تاکو ببێتە هەویر، هەویرەکەی بە کەمێك روون چەوردەکەن هەربە گەرمی لەسەر شوێنی باداری دادەنێن شەوێك لەسەردەمێنێتەوە ، بۆ بەیانی لەسەری هەڵ دەگرن شوێنەکەی دەبێتە برین ، هەرچی خوێنی پیسە دەمژێت ژانەکە بلاّو دەبێتەوە.

بێن کورتە: ( DYSPIEA )

الربو: ASTHMA

-هەنگوین و توور :

سەرکە تورەك باش دەکوترێت تاوەکو هورد دەبێت.، تێکەڵ هەندێك هەنگوین دەکرێت ، بەیانیان زوولە خورینی پێش نان خواردن ، هەموو رۆژلەسەر یەك تاکوکۆتای پێ دێت، یان سێ جەمە لە دوای نان خواردن بە ئەندازەی ملاکێکی شیو خواردن بدرێتە نەخۆشەکە ، چاکی دەکاتەوە .

-هەنگڤین ولیمۆ :

ئاوی لیمۆ تێکەڵ هەنگوین دەکەن ، لە خرێنی بدرێتە نەخۆشی بێن کورتە .، هەموو بەیانیان لە سەر یەك ، تاکۆتای پێدێت ، نەخۆشەکە لە بێن کورتەی رزگاری دەبێت .

---

ب* باسۆرە : جۆرە بادارێەکە واتە : بای سۆر لە سەرو چاوی ئادەمیزاد دەدات ،

-مام میران :

ئەو گیایە لە کوێستانان دەڕوێت ، ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی تەنگە نەفەسی یان هەناسە سواربوون هاتبێ ، ئەو گیایەی بە خاوی – تازی- بخوات چاك دەبێتەوە .یان گیایەکەی دەکولێنن و دەپارزن ، نەخۆشەکە ئاوەکەی بخوات پشووی سروشتی دەبێتەوە.

## چارەسەری بالوکە :

= کفر بادان.

کفر جۆرە دارێکی بە قورمە ، بنجی گچکەیە نابێتە دار هەروەکو دەڵێن ( کاریتە لە کفری هەڵناستێ ) لە ناو بەست لەدەور روبارەکان شین دەبێت ،لە هەندێ گوندو ناوچەی کوردەواری ئەو کەسەی بالوکەی لێ هاتبێ دەچێت لە بنە کفرەکان دوو تەلان بە چەند پێچێك با دەدات ، هەردووسەریان لە نێوان دوو بەردان دادەنێت دگەڕێتەوە ماڵێ.، بە مەرجێك نابێت کەسەکە تەمشای پشتەوەی خۆی بکات تاکو بگەڕێتەوە ماڵ ، دوای هەفتەیەك ئەگەر هەردوو تەلە کفرە تێکەڵاوەکە ووشك ببیتەوە بالوکەکان لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و نامێنێت.

=لە دەنکە جۆی دەخوێنن:

هەندێ کەس هەنە بۆ مەبەستی لابردنی بالووکە لە گیانی ئادەمیزاد لە سەر دەنکە جۆ دەخوینن ، ئەو کەسەی بالووکەی لێهاتبێ هەڵدەستێ ٣ سێ چوارشەممان لە سەر یەك هەموو جارێك چەند قلە جۆیەك دەباتە لای ئەو کەسەی لێدەخوێنێ ، دوای لێخوێندن

،دەنکە جۆیەك بەسەر یەکەم بالووکەی لە کابرای هاتووە دادەنێت ، ئەنجا لە دەو جۆگەی ئاو بن خۆڵ دەکات ، ئەگەر دەنکە جۆیەکان بڕزیت و شین نەبێتەوە ئەوە بالووکەکان چاك دەبێتەوە ، بەلاَم ئەگەر دەنکە جۆیەکان شین بوون ، ئەوە بالووکوکان ناڕوات .

= سیپەڵك و جۆ:

پارچە سییەکی – سیپەلك – ی حەیوان دەهێنن چەند دەنکە جۆ لە ناو کونەکانی سیەکە دەپەستن ، بەنیازی چاك بوونەوەی بالووکەکەی کەسێك ، ئەنجا پارچە ییەکەی بن ئاخ دەکەن ، دەکە جۆیەکان بڕزیت بالووکەکان لە گیانی کەسەکە دەڕوات و نامێنێت .

## برین wound

=هەفت دەرمان:

لە هەفت شت پێك هاتووە ، بۆیە ناوی دەبرێت بە هەفت دەرمان

١-کەمێك هوردە سابونی حەلەبی .٢- دوو سێ قل مازی شین. ٣- بە ئەندازەی ملاَکێکی شێوخواردن هەنگوین . ٤- گیا چرکێ .٥- کەمێك شیر.٦- بنیسشتی دار بەن نە جورابێ .٧- تۆزێ یۆدی فەوار. ئەو هەفت شتانە لە ناو قاپێك دەکولێنن تاکو شل بێت لە شێوەی مەلحەمی لێبێت ،بۆ گشت برین و کولکەکان بە کار دێت و چارەسەری دەکات .

= بەنێشتی داربەن و سابوون.

هەندێ بەنێشتی نەجوراوی کوردی لەگەڵ هووردە سابوون تێکەڵ دەکەن و تێك وەردەشێلن تاکو ببتە هەویر، هەویرەکە لە سەر شوێنی قونێرەکە ( boils ) و شەو سۆتك وکەنگرۆکە و بێناوە و مووو کولکە فەرەنکی دادەنێن ، هەرچەند کێم عاداب و خوێنی پیسی ناو برینەکە رادەکێشێت.

= هێرۆ، شیر ، ئارد ، زەردێنەی هێلکە:

چەند پەلکە هێرۆ و پیاڵە شیری حەیوانی ، هەندێك ئارد لەگڵ زەردێنەیەکی هێلکەی ، هەموو تێکرا لە ناو قاپێك لە سەر ئاگر دەکولێنن پاش ساردبوونەوەی جوان دەشێلن ، تاکو بێتە هەویرێکی توند لە سەر پارچە خامێکی خاوێن پان دەکەنەوە.، لەسەر زام وبرینەکان دادەنێن هەرچی خوێنی پیس وکێم عاداب (pus) . ( قیع، صدید ) لە برینەکەی هەڵدەمژێت و قەپاتی دکاتەوە .

= کۆلکە زەرەوەند:*

زەرەند یان زەرەوەند پیێی دەگوترێ ، گیایەکی خۆڕسکی بەهارییە کولیلکەیەك دەدات وەکوگوێی گوگە تووکنە ، گوڵکەی دەوەرێنێت و بەرێکە پێوە دێت لە چەشنی هەرمییە زۆر تاڵە ، کۆلکەی ئەو گیایە ووشك دەکرێت و جوان دەکوتن ، بەسەر برینەکان دا دەکرێت ، چاکی دەکاتەوە بە تایبەتی بۆ برینە تەشەنە دارەکان

---

=دونگ :

دار، بەرد، یان شووشە لە هەر شوێنێکی کۆئەندامی ئادەمیزاد بچەقێت وبیکاتە برین ، پارچە دونگی حەیوان لە سەر برینەکە دابنێ ، برینەکەی خاوێن دەکاتەوە هەرچی شتی نامۆی تێدا بێت رای دەکێشێت و دەری دێنێ .

بیرۆ ( داء الصدف ) ( **psoriasis** )

= شیرە کتکە:

شیرە کتکە گیایەکی بەهاری خۆڕسکە ،لە کاتیقورساندنی ئەو گیایە جۆرە شیرێکی لێدەتکێتەوە ، ئەو شیرەی لە شوێنی بیرۆ دەدەن بۆ مەبەستی چاك بوونەوەی .

= گیا بیرۆ.

---

گیایەکی خۆڕسکە لە سەر بنجی خۆیْ شین دەبێتەوە ، پەلکی گیا بیرۆ بە تەڕی دەکوتن ، وەکو خەنەی لە سەر شوێنی یرۆ دادەنێن ، چاکی دەکاتەوە .

= دۆنی دار گەز.

دار گەزلە قەراغ رووبارەکان شین دەبێت ، بە تەڕی ئاگری بەردەدەنە دار گەز، روونی لێ دەتکێتەوە ، بەو دۆنە شوێنی بیرۆ پێ چەور دەکەن ، بۆ مەبەستی چاك بوونەوە .

= قڕێژی ددان .

مرۆڤکاتی لە خەو هەستا ، دەڵێن پەنجەیەکی دەستی بەسەر ددانەکانی دا بێنێت ، بە شوێنی هیشکە بیرۆ هەڵبسوێت ، گوایە چاك دەبێتەوە .

## بە خاوی کەوتن

= بە نیشتی داربەن و روون. هەرکەسێك لە ئەنجامی جێ بە جێ کردنی کارێکی گران ، گیانی ست و خاو بێ تاقەت بێت ، دەڵێن ئەو کەسە بە خاوی کەوتییە ،

---

زەوەند= شەرواڵ بە کۆڵ ، گۆشەیتانە ، گویْ گورگە ، گونە تەوێڵە

بۆچارەسەرکردنی بەنێشتی کوردی نەجورای لەگەڵ روون لە ناو قاپێك لە سەر ئاگری دەقرچێنەوە تاکو داغ دەبێت ، کەمێك سارد ببێتەوە بەیانیان لە خرێنی بدرێتە ئەو کەسەی بە خاوی کەوتبێ چاك دەبێتەوە .

= پوونگ .

بۆ چارەسەری نەخۆشی بەخاوی کوتن ، هەندێ گیای پوونگ لە ناو مەنجەڵێك دەکوڵێنن ، کەسی بە خاوی کەوتبی سینگی خۆی دەکاتەوە و سەری خۆی لە راست هەڵمی مەنجەڵەکەرادەگرێت ، لە سەر چنجك رادوەستێ و لێفێکی بەسەر دا دەدەن ، بۆ ئەوەی بە تەواوی هەڵمی گیا پوونگەکە هەڵمژیت و ئارەقەی بکات ، ماوەیەکی باش دەمێنێتەوە تاوەکو ئارەقەی گیانی سارد ببێتەوە ئەنجا لێفەکەی لە سەر هەڵدەگرن .

## پشت ئێشان ( backache )

= مێوژ و سیر.

نیوکیلۆ میوژ لەگەڵ دووتا سێ سەرکە سیر پاك دکرێتەوە و پێکەوە لەناو جۆنی یان هاون دەکوتن ، دەخرێتە ناو قاپێك لە سەر ئاگرێکی نەرم دادەنێن و دەشێلن و تاکو خۆ لێك بدات دووای سارد بوونەوەی لە سەر پارچە خامێك دادەنێن و دەخرێتە سەر شوێنی ژان و ژۆیەکە ، هەروەها بۆ گرێی پشت هەڵخلیسکان و دەمار وەلگەڕان بەکار دێت .

= نیوە نمەك .

هەویرو خۆێ جوان دەشێلن تاکو توند دەبێت ، هەویرەکەی کەمێك لەسەر پشتی سێڵ گەرم دەکرێت و هەندێ روونی حەیوانی پێ هەڵدەسون لە سەر شوێنی پشت ئێشانەکە دادەنرێت ژانەکەی بەلاو دەکاتەوە بۆ دەست و سینگی بە ژانیش بە کار دێت .

## ت- تیراوە :

لە ناوکوردەواریدا دڵێن تیراوە کرمێکی باریك و درێژە هەندێك تەلە مویەك دەبێت ، بڕە لە گۆشت و هێستك نا سەنگرێتەوە وەکو یەك دەیانبڕێت هێستکی کووندەکات ، برین چەند گەنی بێت جموجۆلی زیاتر دبێت ، بۆیە شتی گەنی وەکو گۆشتی ژوژوك و پەلە هورگی مام رێوی لە سەر برینی تیراوەی دادەنێن ، بۆی دەچی و خۆی لە برینەکەی دەگواستەوە لە هێواران تاکو بەیانی لە سەر برینەکە دەمێنێتەوە هورگە پیستەکە یان گۆشتی ژوژکێ خێرا لە سەر برینی تیراوەی هەڵدەگرن و کرمەکەی لە برینی جیاواز دەکاتەوە و فڕێ دەدرا .

=گۆشتی ژوژوك و قەنەفل:

گۆشتی ژوژك بە خاوی – تازی – دەکوتن تاکو هورد دەبی ، هەندێ قلە قەنەفل هورد دەکوتن و بەسەر گۆشتەکەی وەردەکەن و دەی شێلن لە سەر برینی تیراوەی دادەنێن ، گوایە کرمی تیراوەی خۆی دەگواستەوە ناو گۆشتی ژوژك و قەنەفلەکەی لەناو برینەکەی نامینێت و نەخۆشەکە رزگارە دەبێت.

= پەلە هورگی مام رێوی :

پارچەیەك لە هورگی مام رێوی پەیدا دەکەن ، بەبێ خاوێن کردنەوە لە سەر برینی تیراوەی دادەنێن گوایە کرمەکانی تیراوەی لە ناوبرینی نەخۆشەکە خۆیان دەگوازنەوە ناو پەلە هورگەکەی چونکە بۆنی گەنییە وا دیارە لەوەڕی خۆشترە، کاتی نەخۆش هەستی پێ کرد وا کرمەکان بەرەوپەلە هورگەکە دەڕۆن گەیشتنە تێدا ، بە خێرا هورگەکەی لە سەر برینەکەی رادەکێشن ، کرمەکان لە برینەکەی جودا دەبنەوە ، کەسەکە رزگاری دەبێت .

مێشکی سیسارکە کەچەل:

مێشکی سیسارکە کەچەلی – باڵندەیەکی گەورەیە – وەکوحاجی لەقلەقە سپی و رەشە لە سەر برینی تیراوە دادەنێن بۆ چاك بوونەوە .

## herpes linbiatis (تاموسکە)

= پەلکە هەنار:

کاتی لە خەو هەستان بەیانیان زوو پارچە هەنارێك بە ئاگرێ سێلی داغ وەدەنێن ،پارچە پەلکە هەنارەکە کرمەکەی لە سەر شوێنی تاموسکە دادەنێن چەند جارێك قنچکەکانی تاموسکەکە لە لێودێت رەش دەبیتەوە و نامێنێت ، قنچکەی تامویسکەی لە ئەنجامی ترسان پەیدا دەبێت.

= گەرمایی :

پەڕۆیەکی خاوێن بە تینی ئاگری گەرم دەکرێت لە سەر قنچکەکانی تامویسکە دادەنێن چەند جارێك لەسەر یەك چاك دەبێتەوە .

= سوژن: قنچکەکانی تاموسکە لێوی سەرەوە و بنەوەی داگرتبێ سوژنێك بەسەر تاموسکەکان دادەنێن بە نێوان لغاوەی هەردوو لێوان هەڵدەخرێنن گوایە قنچەکەکان چاك دەبێتەوە .

# (نەخۆشی چاو) ege-frost (conju netivits)

بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی چاو لە کوردەواریدا ئەو دەرمانانە بە کار هاتبوو.

= شیری ئافرەت و زیوان :

خوانەخواستە چاو لە ئەنجامی زەبرێك برینداربێت، ئەوە هەندێك زیوانی کوترای لە سەر پارچە خامێك (قوماش) ی خاوێن دادەنێن، ملاکێك زیاتر لە شیری ئافرەت بە سەر زیوانەکە دادەکەن، گریّ دەدەن لە ڕاست چاوی زەبردراوی یان چاوی رژیای رادەگرن دەگوشن، دووسیّ دلۆپەی شیری تێکەل بە زیوانی لە خامەکەی دەتکێتەوە ناو چاوە بە ئێشەکە چارەی دەکات.

= خیّ و دۆ :

خیّ و دۆ تێکەل یەك دەکرێن، بە ملاکێك تێك وەردەدەن تاوەکو خێەیەکە بتاوێتەوە، ئنجا دەکرێتە ناو چاوی کول بۆ چارە سەر کردنی.

= سەرتووی شیر : هێواران لە کاتی نوستن، سەرتووی شیری کولای کەمێك سارد بوویەوە، لە سەر پارچە پەڕۆیەکی خاوێن دادەنێن لە چاوی کول دەپێچن تاکو بەیانی بۆ مەبەستی چاك بوونەوەی .

= تۆ چا :

دووای خواردنەوەی چای ناو چادان (قۆری) تۆ چایەکەی دەکەنە سەر پارچە قوماشێکی خاوێن، لە سەر چاوی کول دادەنێن.

= گیا جاترە : گیا جاترە گیایەکی کیوی و خۆرسك و بەهاریە.، لە سەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە، وەکو چایەی ناو قۆریەی دەکولێنن ٣ رۆژ تا هەفتەیەك لە خرێنی بەیانیان پیالەێك لەو ئاوە بدرێتە ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیچاو ئێشە هاتبیّ چاك دەبێتەوە، هەروەها ئەو دەرمانە زۆر باشە بۆ ژانە زگ(abdomndpain). (الم البگن).

= شیری ئافرەت و پەلکەتو: دوسیّ دلۆپە لە مەمکی ئافرەت دتکێنەوە ناو چاوی کول، پاشان دوسیّ پەلکی – گەلای – دار توو لەسەر چاوە کولەکە دادەنێن، سەر لە هێواران تاکو بەیانی چاوەکەی دەبەستنەوە چاك دەبێتەوە.

= ئاوی گیای پونگك

گیای پونگبە شینی دەکوتن – سیّ چوار– پشکان لەسەر ئاوە پونگەکەی دەکرێتە ناو قوونی مندالّی کول .

= گیای پەلپێنە:

گیای پەلپێنە بە خاوی بخورێت واتە بە بێ کولاندن بۆ چارەسەرکردنی چاو کولی چاو ئەستوور بوو زێدە باشە . خواباشە.، هەروەها پلەی گەرمی ( تا ) بەرزبێتەوە گیای پەلپێنە بخوات پلەی گەرمی ئادەمیزاد نزم دەکاتەوە .

= هەفت دەرمان:

ئەو دەرمانە بۆ گشت نەخۆشیەکانی چاو بەکار دێت بە تایبەتی شەوکوێری و چاو کولی ... لەو هەفت شتانە پێك دێت .

١-مازی شین ٢- گەنم و جۆ ٣- تۆ تەرۆزی – تۆ بیستان- ٤- سۆتکە٥- پەلکە لیمۆ٦- قەنەفل٧- شەب هەموویان تێگرا جوان و خاوێن دەکەنەوە ، لە ناو جۆنی یان هاوێنە پێکەوە دەکوترێت تاکو وەرد دەبێت ، بە پارچە کتانێکی خاوێن هێلەك دەکرێت ، هەڵدەگرێت بۆ کاتی پێویست ، پتێکی کچەکە دەخرێتە ناو چاوی بە ئێش و ژان و نەخۆشیەکان چارەسەر دەکاتن.

بەگ ددانە :

لە خرابەو کەونە گوندان شین دەبێت هەروەها پێی دەگوترێت گیا گێژگێژۆکە، چونکە چ حەیوان یان ئادەمیزاد بیخوات گێژیان دەکات هەر ءەها بە گیا گێژگێژۆکە ناو دەبرێت، کرمی تەراخوما دکوژێت، بەم جۆرە بە کار دێت. هەندێك لە تۆی بەگ ددانە لە ناو قاپێك ئاگری تێبەر دەدەن ، وە کەسی تووشی نەخۆشی تراخومای چاو هاتبێ بە چنجك سەری خۆی لە راست دوکەلەکەی رادەگرێت دەبێت چارۆگێك بە سەر سەرو چاوی نەخۆشەکە دابدرێت بۆ ئەوەی دوکەڵەکەی هەڵمژێت بچێتە ناو چاوەکانی، رۆندك-ئەستێرە- لە چاوانی دەبێت، کرمی هورد لەگەڵ روندکی چاوانی دێتە خوارێ، بەم جۆرە کابرا لە نەخۆشیەکە رزگاری دەبێت.

= خورشت: مەرگەمۆش (زەهیر) و مۆری شین :

مەرگەموش و مۆری شین تێکەڵ دەکرێت و دەیان کوتن لەسەر شوێنی خوروشتی برینداری تەر دادەنێن ئەو دەرمانە زێدە بە ئێش و ژانە.، دەبێت هەندێك ماست لە رۆخ نەخۆشەکە بیت زۆرجاران لە بەرتوندو تیژی دەرمانەکە نەخۆش خۆی پێ راناگیرێت لە خۆی دەچێت ،یەکەسەر ماستی لەسەر شوێنی خورشت دادەکەن، ژانەکەی سووك دەکاتەوە وا دیارە ماست کاری گەری دەرمانەکەی کەم دەکاتەوە .

= کبریتی فاریسی و شەکری نەبات:

ئەم جۆرە دەرمانانە لای عەتارەکان بە دەست دەکەوێت، کبریتی فاریسی لەگەڵ شەکری نەبات پێکەوە لەناو جۆنی دەکوتن دوای هوورد بوون، لە هێلەگ دەکرێت ئەو کەسەی تووشی خورشت و حەساسی (RHENMTIC) هاتبێ بەیانیان لە خرێنی ئەو دەرمانەی بخوات چەند رۆژێك لەسەر یەك چاك دەبێتەوە.

## ( خوێن بەردان ) BLOOD LOTTING

= کودو- کوندر-عەجەمی :

هەندێ کەس فێربونە لە وەرزی بەهاراندا خوێن لە سەریان بەردەدەن ئەگەر نا سەرو چاویان ئەستوور دەبێت ، ژانە سەر دەیان گرێت، بۆیە بەهاران یەك دوو جار حەکیمەکان بە کودو خوێن لە سەریان بەردەدەن ، بەم جۆرە: کوندر عەجامییەك دێنن، یان پێی دەگوترێت کودو مەلەوان، سەرەکەی لێ دەکرێتەوە ملی پێوە دەمێنێت ناوەکەی خالی دەکەن، هەلدەگرن بۆ کاتی پێویست، پێش بەکارهێنانی کودوەکە دەخرێتە ناو ئاو بۆ ئەوەی هەوا لێی نەدات و لیوی نەرم بێت،پاشکەسەری ئەو کسەی خوێن بەردەدات بە گوێزانی دەتراشن، ئەنجا هەندێ لۆکە لە ناو کودوەکە دادەنێن ئاگری تێبەر دەدەن، یەکەسەر جێگای تراشەکە بە دەوە گوێزان بریندار دەکەن تا کو خوێنی لێ بێت و دەمی کودوەکەی ئاگری تێدایە بە برینەکە وەدەنێن، لە بەر نە مانی هەوای سوتان( ئۆسجین ) ئاگرەکە دەکوژێتەوە، لێرەدا پالەپەستۆپەیدادەبێت ، لە دەرەوە بۆ ناو کودوەکە دەمی کودوەکە زیاتر پاشکە سەری کابرا رادەکێشێ و خوێن هەڵدەمژێ، دوو سێ جار دووبارە دەکرێتەوە هەرچی خوێنی پیس هەبێت هەلدەکێشێت، نەخۆشەکە سەری سووك دەبێت.، چاوی روون دەبێت

= زێرو:

بۆخوێن بەردان رێگایەکی ئاسانتر هەیە جۆرە کرمێك هەیە پێی دەگوترێت زێرو لە گۆماوی کوێستانی دەژیت ، لە چیای لۆلان و کێلەشین دەست دەکەوێت، رەنگی رەشە هەندی پەنجەی دەست درێژو ئەستوور دەبێت حەکیمانی کورد شووشەیەك پڕ ناوی ئاو و قوڕ دەکەن، زێرویەکەی داوێنە تێدا، لە ماڵ هەڵدەگیرێت بۆ کاتی پێویست، هەرکەسێك بیەوێت خوێن بەربدات لە سەری یان لە قاچ و دەستەکانی زێرویەکەی لە سەر شوێنی ئەستوورو سوور هەلگەڕاوەکەی دادەنێن دەمی خۆی لە پێست رادەکات و خوێنی پیس هەڵدەمژێت تا زگی پڕ دەبێت، ئەوەی شایانی گووتنە زێروەکە دەمی خۆی هەڵگرێ لە سەر زەوی دادەنێن هەکەسێك پەنجەی خۆی بە خۆل بکات بە هێمنی بەسەر پشتی زێڕوەکە

دابنێت، گشت خوێنە پیسەکانی هەڵمژیبوو لە زاری دێتە دەرێ لە شوێنی خۆی دادەنرێتەوە. لە ناوگۆم و قوڕاوی دەشتەکان جۆرە زۆرییەکی زەردی هەزارپێ هەیە دەچێتە ناو دەمی دەوار و وولاغ رەشان لە کاتی ئاوخواردنیان لە ژێر زمانیان گیر دەبێت، خوێنی گیانیان دەمژێت تاکو ئەستوور دەبێت، خاوەنی ئەم جۆرە زۆریانە لەبن زمانیان دەردەهێنێت.

# clcer (دەوکولی)

= مازی شین و شەب:

دوو دەنکە مازی شین – نەگەیشتی- لە بەر سێبەر ووشك کرابێتەوە تیشکی رۆژی پێنەکەوتبێ لەگەڵ پارچە شەمێك لە ناو جۆنی دەکوترێت، پەڕۆیەکی خاوێن لە ناو هێردراوەکە وەردەدەن بەناو دەمی دەوکولەکە دادەینن، بە تایبەتی ۆ منداڵان بەکار دێت.

= خۆلە مێشی ناو ئاگردان:

بروسك- چەخماخەی هەوەر- لە هەر ماڵێك بدات لە ناو کوردەواریدا دەچن خۆلە مێش – مشکی – ناو ئاگردانی ئەو ماڵی دەهێنن بۆ چارەسەرکردنی دەو کولی بەکار دێت، خۆلە مێشەکەی بەناو حەوشەی دەمی وەردەکەن بە نیازی چاك بوونەوە

= ئاردی هەفت ماڵان:

کەسێك بەبێ دەنگی قاپێك بە دەست دەگرێت و لە دەرگەی هەفت ماڵان دەدات هەر ماڵ و کەوچکە ئارد دەکەنە ناو قاپەکە، ئاردەکەی دەکەنە هەویر و لە هەفت دەرگایان دەدەن، دەڵێن هەویرەکە ووشك ببێتەوە دەم کولیەکە چاك دەبێتەوە .

## دووپشك پێوەدان (scorpianbite)

خەنجەری دەبان: دەمکی خەنجەری جەوهەردار لە سەر شوێنی دووپشك پێوەدان دادەنێن ، بۆ چاك بوونەوەی.

## =ژەهری مار:

هەرکەسێك مار پێوەی دابێ سەلامەت بوویێ ، تفی ئەوکەسە دەرمانە ، بەسەر شوێنی جزی دووپشك دابکات ، ژانی دەشکێت و چاك دەبیێتەوە .

= گیا جوزرەکە- گورەزی پێ دەگوترێ :

ئەو گیایە دەکووتن لە سەر شوێنی پێوەدانی دووپشك دادەنێن و دەپێچن ، ژانی دەشکێنی و چاك دەبێتەوە .

= شیراوی پیاز:

دووپشك بە هەرکەسێك وەبدات ، دەست بەجێ قونچکی سەرکە پیازێك بە چەقۆ لێوە دەکەن ، یەك دوو دڵۆپە شیراوی ائیوە دەتکێتەوە لە سەر جێگەی ژەهری چزی دووپشکەکە دادەنێن، وا دیارە شیراوی پیازی کاریگەری ژەهری دووپشك لادەبات .

# ددان ئێشان tooth aehe

= گیا جاترە

چ بە تەڕی چ بە ووشکی دەکوتن تاکو هورد دەبێت ددانی پێ بشۆرێت لە نەخۆشیەکانی ددان ئێشە دەیپارێزێت .

= قەنەفل :

پارچەیەك یان قلە قەنەفلێك بکرێتە ناو ددانی خلۆر(tooth ache ) .( نخر الاسنان ) میکرۆبەکانی دەکوژێت و ددانەکە ژانی دەشکێت. هەروەها =(نۆ شاتر)

مادەیەکە لەحیم چیەکانی قەلا بە کار دەهێنن، دەکرێتە ناو ددانی خلۆر.

= شەمێ و رەشکە:

شەمێ لە نانی مێش هەنگوین دەست دەکەوێت لەگەڵ هەندێ رەشکە تۆی گیائێکە ، رەنگی رەشە بە قەدەر دەنکە کونجیە بە عەرەبی پێی دگوترێ( سواد ) پێغەمبەر (د.خ ) لە فەرموودەکانی بۆ دەرمان باسی رەشکەی کردووە، شەمێ و رەشکە دەکەنە ناو ملاکێك لە سەر ئاگری دادەنێن تاکو بسووتێت چەند جارێك دەمی خۆتی لەو دووکەڵە پڕ بکەیت چەند کرمێکی مردوو لە ناو ددانەکانی بە ئێش و خلۆر دێتە دەرەوە.

# رۆژ گەزتی (SUN STROKE)

= دۆی تیر:

هەندێ کەس گەرمای رۆژی هاوین کار لە گیانیان دەکات بە تایبەتی ئەوکەسانەی لە تیرمەی هاویندا ئیشی کشتوکاڵی و بە خێوکردنی مەڕ و مالات رادەپەڕێنن، رۆژ گەزتی دەبن گیانیان سست دەبێ و مۆریژان دەدات، ئەو کەسانە گیانیان بە دۆی تیر چەور دەکەن ، بە مەرجێك دۆیەکە مانگە شەو لێیدابێت پەسندتر دەکرێت بۆ بەیانی گیانی خۆی دەشوات چاك دەبێتەوە.

= پونگو هێرۆ:

قافکە گیا پونگو قافکە گیا هێرۆ پەیدا دەکەن دەخەنە ناو مەنجەڵێك و هەندێ ئاوی تێدەکەن لەسەر ئاگری دەکوڵێنن، ئەنجا دەپارزنن، تێکەل مەنجەلە ئاو دەکرێت سەرو گیانی کەسی رۆژ گەزتی پێ دەشۆن یەك دوو رۆژان پشوو بدات گیانی چاك دەبێتەوە ، گورجی و توندو تۆلی دەگەڕێتەوە گیانی .

## ( رێنجی )

= بەنی سۆر :

لە کاتی دەست و بازو رێنجی دەبێت لە ئەنجامدان کارێکی گران دەستی لە هێزو شیان دەکەوێت و سستی دەکەوێتە بینایی چاوی ئەو کەسە بەبێ دەنگی دەچێتە لای ئافرەتی تەون چن و دەستی رەنجاوی بۆ ئافرەتەکە درێژ دەکات ، ئەویش بەبێ دەنگی تاوە بەنێکی سۆر لە دەستی رێنجی دەبەستێتەوە، بە نیازی چاك بوونەوەی .

= ژنی بێ برا:

یەکێك دەستی یان هەر شوێنێکی رەنجا بێت دەچپێتە لای ژنێکی بێ برا ، ئەو ئافرەتە شوێنی رەنجاو هەندێ تەنی و شیر لە سەر دادەنێت بە دەرزی دەکوتی ، گوایە چاك دەبێتەوە .

## ( رەش و شین )

= هەویرو نەفت:

هەورێکی توند دروست دەکەن پاشان بە نەفت چەور دەکەن و دەشێلن ، لە سەر شوێنی رەش و شین دادەنێن کە خوێنی پیسی تێدا مەییە تاکو بەیانی خوێنە پیسەکە بلاو دەکاتەوە.

## زەردك (jaumdice)

= هەرکەسێك لە وەرزی هاوین دانیشتن و نوستنی لە هۆدەیەکی هوا نەگۆڕ بێت، ئەوە تووشی نەخۆشی زەردك دەبێت، سپیلکەیچاوی زەرد دەبێت، رەنگی پێستی بە تلخێکی زەرد هەڵدەگەڕێت، کەم خۆر و بێ هێز دەبێت ئەوە نیشانەکان بوو، چارەسەری ئەو نەخۆشیە لە ناوکوردەواریدا حەکیمە شارەزاکان دوو سێ تك خوێن لە دەمارێکی پشت گوێی نەحۆشەکە بە دەرزی بەردەدەن، بە دەرزی لە هەردوو لا گوێی نەخۆشەکە دەدرێت هەر خوێن لەو دەمارە بێت یەکەسەر نەخۆشەکە هەست بە دڵ رەحەتی دەکات و

هەفتەیەك پارێزی بۆ دادەنێت نابێت شتی چەورو شیرین بخوات، فاتە رەشی حەیوانی بدرێتیٚ چاك دەبیتەوە . زۆر جاران منداڵی ساوا بە هاوینان لەناو زگی دایکی تووشی نەخۆشی زەردك دەبێت.

= کانی زەردك:

چیا زەردك دەکوێتە سەر رێگای نێوان هەولێر و موصل لە قەزای حەمدانیە لە رۆژ هەلاتی ئەوچیایە کانیەك هەیە بەناوی (کانی زەردك) هەرکەسێك بە ئاوی ئەو کانیە خۆی پیٚ بشوات و بخواتەوە لە نەخۆشی زەردك رزگاری دەبێتتاقیکرایتەوە.

= ماسی بچوك:

ماسیەکی بچوك بە درێژی بستێك یان بچوکتر دەکرێتە ناو شووشەیەکی پڕ ئاوی خاوێن، ئەو کەسەی زەردکی هەلێنابیٚ بۆ ماوەی چاریەکە کاتژمێرێك تەماشای ماسیەکەی ناو شووشەکەی بکات زەردکی کابرا دەچێتە گیانی ماسیەکە و دەمرێت ، نەخۆشەکەش چاك دەبێتەوە.

## زگ ئێشان (abdolmnd pain)

= گیا تاڵ:

گیایەکی کێوی بەهاری خۆڕسکە، بەژنی کورتە ناوی بە خۆیەوەیە.، زۆر تاڵە وەکو چای دەکولێنن، ئاوەکەی دەخۆنەوە چارەسەری زك ئێشان دەکات.

= بەیبون: گوڵی گیا بەیبون دەکوڵێنن و ئاوەکەی دەپارێزن لە خرێنی یان لە دووای نان خواردن پیاڵەیەك بخویەوە.، بە کار دێت بۆ راوەستانی زگ ئێشان.

## ( زگ چوون و زگ راوەستان ) constipatian and diaria

= شفتی تالك- گوژالك:

ئەو کەسەی تووشی قەبزی هاتبیٚ بیەویٚ زگی بچێت.، پارچەیەك لە شفتی تالك بخوات یەکسەر زگی دەچێت .

= کاردی:

گیایەکی بەهاری خۆڕسکە زۆر جۆری هەیە وەکو ( کاردی زلفنە، کاردی بە لوولە، کاردی ملاٚکە،کاردی ریخنە، کاردی چچك ) بە ئاوی سماقی دەکوڵێنن، تیژی تاڵی دەبڕێت خواردنی بۆ زگ چوون ، کەدە، کرم بەکاردێت.

= پەلکی هەناری :

پەلکە تەنکەکەی ناوەوەی هەناری.، پۆپیتەی هەناری داپۆشیوە ، ئەوەی زگی بچێت بخوات چاك دەبێتەوە .

= ناوکی هەڵهەلۆکی:

هەرکەسێك بیەوێت زگی بچێت، چەند قلێك لە ناوکی هەڵهەلۆکی بکوتی و بخوات، جێ بە جێ زگی دەچێت، لە قەبزی رزگاری دەبێت . زۆربەی خێزانەکانی ناو دەقی چیایی ناوکی هەڵهەلۆکیان هەڵگرتیە بۆ کاتی پێویست.

= خشخشە- خشخاش:

بەری خڕنوکی ووشك بێتەوە پێی دەگوترێ خشخاش، دەکوترێت ئاردەکەی دەدرێتە ئەو کەسەی زگی بچێت قەبزی دەکات.

= هێلکەو قاوە:

هێلکەیەك کەمێك گەرمە کول دەکەن، واتە ببێتە دەلەمە، کونێکی بچوك لە هێلکەکە دەکەنەوە هەندێك قاوەی کوترای لە ناو هێلکەکە دەکەن و تێك دەدرێت ، ئەوکەسەی زگی بچێت فڕ بکات یەکسەر زگی رادەوەستێت .

= ماست و قاوە:

هەندێك قاوە لەگەڵ کەمێك ماست تێکەڵ دەکرێت ، ئەو کەسەی زگی بچێت بخوات چاك دەبێتەوە.

# (ژانە پشت و جمکەکان)

=قیرو زفت :

هەندێ قیرو زفت لە سەر پارچە خامێکی خاوێن دادەنێن دەخرێتە سەر شوێنی ژانداری و دەبەسترێتەوە، بە تایبەتی بۆ ژانی کلێنجەو ژانی جومگەکان و ژانە پشت بە کار دێت .

= خوێ ، نەفت، خورما:

پەرداخێك خوێ ، پەرداخێك نەفتی سپی (کیرۆسین) پەرداخێك خورما، تێکەڵ دەکرێن و دەدرێتە تێنی ئاگرێکی هێدی و دەشێلن تاکو ببێتە هەویر هەر بە گەرمی لە سەر شوێنی ژانی پشت و چۆك ، جمگەکان دادەنێن، سەر لە هێواران گرێ دەدرێت تاکو بەیانی دەکرێتەوە، شوێنەکەی دەکاتە برین ، هەرچی خوێنی پیسە دەمژێت و ژانەکە دەڕوات.

## ( سیتکە سلاوە )

= کل:

سیتکەسلاوە یان پزدۆکی پێ دەگوتوێت لە چاو دێت کاتی چاوێك سیتکەسلاوەی لێبێت ، چاوی دیکە پڕ لە کل دەکەن لە هەژمەتان سیتکەسلاوەکە دەتەقێت و چاك دەبێتەوە.

## شەکرە ( سوکەری ) ( DIABETES MELLITUS )

= گیا بەند

: گیابەند گیایەکی ناودارە، لای حەکیمەکانی کوردەواری زێدە بە نرخە لە چیاکانی کوێستانی بڵند دەڕوێت، لە شکێرکەکانی عاسێ،ئەوگیایەی لە ناو هەندێ ئاو دەکوڵێنن و دێتە پارزنین، هەرکەسێك سووکەری هەبێت ٥٠ پەنجا رۆژان لە خرێنی لە سەر یەك پیالەیەك لەو ئاوە بخواتەوە ، نەخۆشی سووکەری لە گیانی نامێنێت.

= سۆتکە:

لە جێگای زیخ مەلان شەدار گیا سۆتکە شین دەبێت لە رەگی ئەو گیایە سۆتکەی پێوە دێت، ئەو کەسەی نەخۆشی سووکەری هەبێت ، بیست رۆژ لە سەر یەك سۆتکەی بخوات ، نەخۆشی سوکەری لە گیانی نامێنێت.

=شفتی تالك: ئەو کەسەی سووکەری هەبێت شفتی تالکی بخوات رێژەی شەکر لە گیانی نەخۆش کەم دەکاتەوە.

## ( سەفرا )

= هەنگوین:

هەرکەسێك سەفرای هەبێت ، رۆژێك لە خرێنی شانەیەکی هەنگوینی پاك نەکرایەوە ، زێدە لە ئارەزووی خۆی بخوات دڵی بگرێت تاوەکو هەڵباوێتەوە – بڕشێتەوە- لە دوای رشانەوەی زۆر ئاو بخواتەوە،دیسان دەبێتە هۆی رشانەوەی هەرچی سەفرای زیاد لەناو هەناوی بێت هەڵداوێتەوە.

= خێ:

هەرکەسێك بیەوێت سەفرای نەمێنێت، مستێك خوێ بە هەر جۆرێك هەبێت بیخواتەوە و لەبەر هەتاو بخەوێت دەبێتە هۆی رشانەوەی و سەفرایەکانی فڕێدەدات.

= هەنگڤین و شفتی:

هەرکەسێك سەفرای هەبێت ، لە خرێنی هەنگڤین و شفتی زۆربخوات زیاترلە هەڵکرتنی دڵی، دەبێتە هۆی رشانەوەی و سەفرای زیاد هەڵداوێتەوە.

# ( سوورِ بردی )

= هەنگوێن:

لەبەرساردی و سرِوسەقەمی زستانی کوردستان هەندێ چاوتووشی سوورِبردی دەبن، لە کوردەواریدا هەنگوێن دەکەنە ناو چاوی سوورِ بردی (EYE FROST).

= کا: لە وەرزی زستان کاتێ دەست و پێ سوورِبردی دەبن لە پەك دەکەون ، بە تایبەتیلە ناو بەفر رۆیشتن، هەندێ کا لەناو مەنجەلە ئاوێك دەکوڵێنن ،ئەندامی سوورِبردووەکە دەخرێتە ناو ئاوی مەنجەلە کوڵایەکە بەخۆی دێتەوە .

# BURN ( سووتان )

= پیازو روون:

یەك سەرکە پیازی گەورە لەناو روونی دەقرچێنەوە تاوەکو بسووتێت پاشان روونەکەی دەپالێون ، پیازە هەڵقرچاوەکە لە ناو جۆنی دەکوتن، دەبێتە مەلحەمێکی رەش بۆ برینی سووتان زێدە باشە چاکی دەکاتەوە.

= زەردێنەی هێلکە:

زەردێنەی هێلکە دەسووتێنن رونێکی لێ پاش دەکەوێت، برینیسووتانی پێ چەور دەکرێت قەرماغەیەکی تەنك لە سەر برینەکە دروست دەکات لە بنی گۆشتێکی خاوێن دێنێتەوە.

= ماست، تەحین، ئاوەتەماتە( مەحجون ):

دەست بەجێ شوێنی سووتانی بە یەکێك لەو سێ شتانە –ماست، تەحین، مەحجون– چەور بکرێت ئازاری کەم دەکاتەوە برینەکەی ناغەورێت.

# HEAD ACHE ( سەری ئێشی )

= چارۆگ و دۆخین:

کەسێکی زانا چ ئافرەت چ پیاو ،بە تاوە دۆخینێك سەری کابرای بە ئێش دەپێورێت، لە هەرچوارلایدا، بۆی بەدیار دەکەوێت دەزانی کام لا سەری ئەستوور بیە ، دەست نیشان دەکات دەڵێن سەرت بۆ لای چەپ یان راست یان پاشکە کەوتیە، ئەنجا چارۆگێکی رەش

لە سەر سەری کابرا دادەهێنی بە دۆخینەکە دەبەستەوە ، کلکە تەشیەك لە بەر دۆخینەکە رادەکات هێدی هێدی با پێچەك دەدات ، لەبەر را هەرچوار لا تەشکی چارۆگەکە بەرە و خوار رادەکێشێت، ئەنجا لای ئەستوورای سەری دەشێلێت ، و پال دەدات تاکو بێتەوە شوێنیخۆی ، بۆ ماوەی نیو سەعات دەمێنێتەوە کۆتای پێ دێت .

= پەلکە بی:

گەلای داری زەردە بی بە تەڕی دەکوتن تاکو ئاوی لێ پەیدا دەبێت هەکەرسێك سەری ژان بکات بۆنی ئاوەکەی بکات چاك دەبێتەوە .

=خەنەو پونگ: خەنەو پونگتێکەلاو دەکرێت لە سەر ئاگری دەکولێنن ، کەمێك سارد بێتەوە لە سەر سەری کەسی بە ئێش دابنێن چاکی دەکاتەوە.

= قەنەفل،

گولێ، جەنجەفیل، ترێ:ئاوی قەنەفلی ، ئاوی گولی ، ئاوی جەنجەفیلیلەگەلێ ئاوی ترێ تێکەل بکرێت دوو کات ژمێر بمێنێتەوە ، هەرکەسێك سەری بێشێت یەك دوو دلۆپە لەو ئاوەی بەناو لەپی خۆی دا بکات و بۆن بکات ، ژانە سەرەکە بەری دەدات.

= هەنار ، لەیمۆن:

هەرکەسێك سەری ژان بکات پێی دەلێن: هەنارێك بخۆیان لیمۆیەك.، تاکو ژانە سەرەکە بەری بدات.

# (فرچك)

زۆرجاران هەندێ کەس مندالی ساوا بەرزدەکەنەوە ئاسمانێ ، ساوایەکە قەلپ و قوین دەبێت، هەناوی مندالەکەی دوەشەقێت و شوێنی خۆی بەردەدات تووشی (اسهال) زگ چون دەبێت بە هیچ دەرمانێك چاك نابێتەوە دایکی مندالەکە، ئەو مندالەی دەباتە لای ئافرەتێکی شارەزا دەیکاتە سەر پشت.، لە سەر رانی خۆی دادەنێت بە دەستی چەپە ، هەردووپێی مندالەکە دەگرێت ، ب دەستی راستەش لە هەردوو ناوپێی مندالەکە دەدات و هێدی هێدی هەردوو لاقی بەرز دەکاتەوە تاوەکو پشتی مندالەکە لە سەر رانی ئافرەتە زانایەکە بەرزببتەوە ، لەگەلێ هەندێ ئەوگۆرانیەی بۆ مندالەکە دەلێت: فرچکا وەچێ ، یا مام رێوی بچێ لە جێ     ناوی مندالەکە دەلێت و ، تاوەکو بێتە جێ.

= روون ، شێلان:

یان منداڵەکەی بە روونی چەوەردەکەن ، ئافرەتێکی لێزان گیانی منداڵەکە دەشێلێت ب هێمنی و لە سەرە خۆ بۆ ئەوەی هەناوی منداڵەکە بکەوێتە قالبی خۆی .

# قنچکە (papulss)

= توفلی فەریکە گوێز:

توفلی یان پەلکی فەریکە گوێز بە مانگێك پێش داکوتانی دار گوێز، پەلکە سەوزەکەی گوێزی داپۆشیوە ، بکوترێت و ئاوەکەی لە شوێنی قنچکە بدرێت چاکی دەکاتەوە .

= چەق چەقە:

گیایەکی بەهاری خۆڕسکە وشك دەکرێتەوە و دەسووتێنن خۆلە مێشەکەی گیا چەق چەقە لە سەر شوێنی قنچکەی تەڕدا دەنێن چاکی دەکاتەوە، بەلاَم ئەگەر قنچەکەکان ووشك بوو، ئەوە بەنمە ئاوێك لە مشکیەکەی گیا چەق چەقە دەڕشێنن ، کەمێك دەشێلن تاکو ببیتە هەویر، لە سەر شوێنی قنچکەی ووشك دادەنێن ، بە نیازی چاك بوونەوەی هوردە قنچکەکان.

= گەلاَی گوێز:

پەلکی دار گوێز ووشك دەکرێتەوە و جوان دەکوتن بە پارچە قوماشێکی تەنك (کتان) هێلەکی دەکرێت ، لە خرێنی بە قەدەر ملاکێکی چای ئەو کەسەی قنچکەی لێهاتبێ بخوات چاکی دەکاتەوە .

# carbuneles (کولك)

=پیازو سابوون:

سەرکە پیازێکی بچووك هوورد دەکەن لەگەڵ هەندێ هووردە سابوون تێکوەردەشێلن بەرامبەر گەرمای ئاگر رادەگرن ، بۆ ئەوەی خۆی لێك بدات لەسەر پارچە خامێك یان دەکەنەوە دادەنرێتە سەر شوێنی : بەفرە شینە، قونێر، موو، کەنگرۆکە، شەوسوتك، هەرچی کێم و عاداب و خوێنی پیس لە ناو کولکەکە هەبێت رادەکێشێت و پاکی دەکاتەوە .

= ئاردی جۆ، پیاز:

پیازێك هوورد دەکرێت ، تێکەڵ چەنگە ئاردی جۆ دەکەن و جوان تێکوەردەدەن ، کەمێك ئاولێدەرشێنن و دەشێلن تاکو ببێتە هەویر لە سەر شوێنی هەموو جۆرە کولکەك دادەنرێت، بە تایبەتی ئەگەر برین بێت پاکی دەکاتەوە .

= هیزە:

لە کۆنەوە رروونی حەیوانی لە ناو هیزەی کوردەواری هەڵدەگیرا ، پارچە هیزەیەك لە سەر شوێنی کولکە قونێر دادەنرێت ، پێش تەقینی کولکەکە دەبوو هۆی بەلاوبوونەوەی کولکەکە،یان هەرچی کێم و عاداب و خوێنی پیسە لە یەك شوێنی کۆدەکردەوە، زەرد هەڵدەگەڕا و دەیان تەقاند.

=هێلکەو ئاردی گەنم:

هێلکەیەکیان دەشکاند لەگەڵ هەندێ ئاردی گەنم تێکیان دەشێلا تاکو دەبووە هەویرێکی جوان لە سەر کولکی قونێرو کولکی فەرەنگیان دادەنا،کولکەکە دەگەیی و زوو دەر دەبوو.

مرتەی هەمبانە:

لە کۆنەوە خێزانی کوردەواری دانەوێلەی خۆی دەکردە ناو هەمبانە ، لە پێستی حەیوانی دروستیان دەکردناوەوەی هەمبانە موەرتەیەکی پێوە هەیە ،بە چەقۆ ئەو مرتەیان دەرنییەوە لە سەر شوێنی کولکی قونێری دادەنرا، کولکەکەی زوو زەرد دەکات و بە ئاسانی دەتەقا کێم و عادابەکان لێ دەردەهات.

= بەردە ئەستێ و خورما:

پارچەیەك لە بەردە ئەستێیان دەکوتا و هوردیان دەکرد ، لەگەڵ هەندێ خورما تێکەلیان دەکرد، دووبارە دەیان کوتاوە ، دەبووە هەویرێکی لێکدرا،لە سەر شوێنی قونێر دادەنرا زوو دەیتەقاندو دەری دەکرد=گیا جوزەرکە- گورز: پەلکی ئەم گیایە دەکوترا لە سەر شوێنی کولکی قونێر دادەنرا، ئەگەر زوو دنرابایە سەر کولکەکەی بلاوی دەکردەوە ، بەلام درنگ بوایە خوێنی پیسەکەی کۆدەکردەوە.

= پەلکی گەنە گەرچەك:

پەلکی گەنەگەرچك سەر برینی کولك دابنرێت هەرچی خوێنی پیسە رادەکێشێت و پاکی دەکاتەوە .

= پیاز :

سەرکە پیازێك لەناو ئاگر دادەنێن تاکو ببرژێت دوو سێ پەلکە کولاوی پیازەکە بە گەرمی لە سەر کولکی عەنگرای دابنێن خوێنە پیسەکان لە یەك شوێن کۆدەکاتەوە و زوو دەر دەبێت.

= هەویر:

بە قەدەر قەسپەکێ هەویرلە ناو ئاو دەشێلن تاوەکو بەنیشتی لیچ دەبێت ، ئەو هەویرە بە چرکەیە.،لە سەرشوێنی کولکی قونێرو ملە خڕە و پشت ئێشە دابنرێت چاکی دەکاتەوە.

= گوڵە هێرۆ- شیر:

چەند گوڵە هێرۆی ووشك كراوە، هەندێ شیری تێكەل دەكرێت لەسەر ئاگری دادەنێن،دەبێتە هەویر، شوێنی كولكەكەی چەور دەكەن و هەویرەكەی لە سەر دادەنێن و دەبەستنەوە، زیاتر لە بۆ كولكی عەنگرای بە كار دێ .

= سماق و پیاز: كەمێك سماق دەنەوێنن ، سەركە یازێكی هوورد كرای تێدەكرێت و دەشێلن ، ئاوەكەی دپارێزن لە سەر شوێنی قنچكە و كولك دەدرێت چاكی دەكاتەوە.

## كەچەلی (scabby headed)

= مازی شین، هیلكە ، خەنە:

چەند قلە مازی شینی هیشك كرایەوە .،لەگەڵ هەندێ خوێدەكوتن، پاشان ملاکە خەنەیەك تێكەڵ دەكرێت و تێك وەردەدەن ، ئەنجا هێلكەیەك بەر دەدەنەوە ناو جوان دەشێلن ئەگەرپەیت بوو ئەوە كەمێك ئاوپێدا دەكەن بۆ ئەوەی ببێتە هەویرێكی باش، لە سەر سەری كەچەڵ دادەنێن و بە پارچە قوماشێكی خاوێن دەبەستنەوە بە تایبەتی بۆ كەچەلی یان كولكی سەران بەكار دێت، بەڵام دەبێت شوێنی كولكەكان، پرچەكانی هەڵقاچن و بە ئاوی گەرم و سابوون خاوێن بشورێت. ئەو هەویرە برینی كولكەكانی سەر برنادات ، تا هەموو خوێنی پیس و كێم عادابەكان رابكێشێت، لە كۆتایدا برینەكەی قەپات دەكات.

## كرم: (PHYLUM)

= مام رێواس- تۆلەرەش:

گیایەكی بەهاریە لە چیاكانی كوردستان دەست دەكەوێت، مام رێواس یان تۆلە رەشی پێ دەگوترێت ، بە خاوی یان بە كوڵای بخورێت كرمەكانی ناو زگی ئادەمیراد دەكوژێت.

= تۆی كودی ، هەنگوین

:تۆی كودی لەگەڵ هەنگوین تێكەڵ بكرێت ، ئەو كەسەی كرمی هەبێت بەیانیان لە خرێنی بە قەدەر ملاكێكی شێوا خواردن چەند رۆژێك لە سەر یەك بخواتەوە گشت كرمەكانی ناوزگی ئادەمیزاد دەكوژێت و لەگەڵ پاشەرۆكی فرێدەدات. هەروەها خواردنی گیای كاردی بە كوڵای باشە بۆ لەناو بردنی كرم.

= مارمیلۆك:

بۆ وولاغی کرم داری بەکاردێت. مارمیلۆکێکی ساغ بە خورتی دەپەستنەوە ناو دمی وولاغەکە تاکو ئاوا بکات لە ناو زگی دەمرێت بۆنێکی پیس و نەخۆشی لە ناو دەمی وولاغەکە پەیدا دەکات دەبێتەهۆی کوشتنی گشت کرمەکانی ناو زگی دەوارەکەلە پاشەڕۆکی لەگەڵ تەرس فڕێدەدات.

## کۆخە ڕەشە: ( whooying cogh )(السعال الدیکی ) .

= گاتوو:

جۆرە توویێکە ووشك دەکرێتەوە و دەکووتن هەڵدەگرن بۆ کاتی پێویست بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، دەدرێتە کەسی کۆخە رەشەی هەبێت.

= کاتەی دارگوێز: چەند لقە کاتەی دارگوێز لێوە دەکرێت لەناو مەنجەل لەگەڵ هەندێ ئاو دکولێنن، ماوەیەکی باش لە سەر ئاگر بمێنێتەوە تاوەکو تامی خۆی بداتێ ئەنجا دەپارزنن چەند رۆژێك سێ جەمە لە پێش نان خواردن پیالەیەك لەو ئاوە بدرێتە ئەو کەسەی سینگی التهاباتی هەبێت ، بە تایبەتی کۆخە رەشەکەی خوێن لەگەڵ بەلغەمی بێت ، یان نەخۆشی (سیل) شێرپەنجەی هەبێت چاکی دەکاتەوە.

=کونەزم زم :

لە گوندی زمزمۆك سەربە ناحیەی بەردەڕەش چەند کونە کارێزەك لە سەرەوەی گوندی هەیە ، مێژووی کارێزەکە دەگەڕێتەوە پێش سەردەمی ئیسلام،هەرکەسێك تووشی نەخۆشی کۆخە ڕەشە بوایە ، مریشکە رەشەیەکی بێ نیشانەی لەگەڵ خۆی دەبرد بە ناو کونی کارێزەکە.، کەسە نەخۆشەکە چەند جارێك دەهات و دەچوو ، ئەنجا مریشکە رەشە بێ نیشانەکەیان لە وێندرێ دەکوشت،وە بە سەری پەنجەی هەندێ خوێنی مریشکەکەیان بە ملی نەخۆشەکە دادەهێنا، مریشکەکەی جێ دەهێشت گوندی دەیان خوارد .

## گەدە: (gastric) (قرحه المحده)

## (stomach-ache) ( الام المحده)

= رەگی رێواس:

قۆلکەی بنی رێواس ووشك دەکرێتەوە دوای پاکردنەوەی دەکوترێت و بە پارچە قوماشێکی کتانی هێلەگ دەکرێت، پەرداخێك لەو ئاردەی تێکەڵ ١/٢ نیو کێلۆ هەنگوین دەکەن و دەشێلن ، بەیانیان لە خرێنی و لە سەر یەك هەرکەسێك نەخۆشی گەدەی هەبێت ، یەك ملاك بخوات رۆژانە لە نەخۆشی گەدەی رزگاری دەبێت .

= شەكرۆكێ چیای :

هەركەسێ نەخۆشی گەدەی هەبێت ، بە خاوی پەلكی گیا شەكرۆكەی چیای بخوات ، یان ئەگەر ووشك بكرێتەوە وەكو چای بكولێنی ، لە خرێنی پیاڵەیەك لە و ئاوە بخوات چەند رۆژێك لەسەر یەك نەخۆشیەكانی گكەدەی چارەسەر دەكات.

گیا بەند: لە قەد كەوری حاسێ لە چیاكانی قەندیل و هەڵگورد بە هاران دەست دەكەدوێت، حەكیمانی كورد ئەو گیایەی دەكولێنن، دووای پارزنی لە خرێنی پێش نان خواردن چەند رۆژێك لەسەر یەك یاڵەیەك لەو ئاوە بخواتەوە لە گشت نەخۆشیەكانی گەدە رزگاری دەبێت.

= سیر و هەنگوین:

بە راستی سیرو هەنگوین یەك لە یەك دەرمان ترن ناوی هەنگوین لە قورئانی پیرۆز هاتیە وەكو دەرمان بەكار دێت،هەروەها دوای لێكۆلێنەوەیەكی زانستیانە ، سیر چارەی ٣٣ نەخۆشی دەكات،سەركە سیرێكی گەورە هوورد دەكرێت تێكەڵ ½ نیو كیلۆ هەنگوین بكرێت تێكوەر دەشێلن، بەیانیان لە خرێنی پێش نان خواردن بە ئەندازەی ملاكێكی شێو، هەموو رۆژ لە سەر یەك بخۆیت گومانی تێدا نیە چارەی نەخۆشیەكانی گەدە دەكات، هەروەها بۆ نەخۆشی مایەسیری باشە.

= گیا جۆرەكە:*

جورەكە: كوزرەكە ، كویزرك، گۆرن،گوڵەمێش،گیامێش.' گیا جۆرەكە لەناو مەنجەڵێك دەكولێنن لەگەڵ هەندێك ئاو ئەنجا دەپارزنن ، لە خرێنی یان سێ جەمە لە دوای نان خواردن پیاڵەیەك لەو ئاوە ، بدرێتە هەركەسی نەخۆشی گەدەی هەبێت چاكی دەكاتەوە .

=بەڕو:

خواردنی بەڕو بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیەكانی گەدە باشە هەروەها كاتەی دار بەڕو بكولێنن،ئاوەكەی دوای پارزتنی لە خرێنی بخورێتەوە چارەی نەخۆشی گەدە دەكات.

= هەنگوین و ، رەشكە ، شملی :

پیاڵەیەك تۆی رەشكە ( حب الاسود) پیاڵەیەك تۆی شملی پێكەوە دەكوترێت ئاردەكەی تێكەڵ یەك كیلۆ هەنگوین دەكرێت و دەشێلن ، هەموو بەیانیان لە خرێنی ئەو كەسەی نەخۆشی گەدەی هەبێت یەك ملاكی شێو بخوات رۆژانە چاك دەبێتەوە.

= ماست و خوێ :

چەند رۆژێك لە سەر یەك ماستاوێکی تیر پڕ ناوخوێ لە خرێنی ، کەسی نەخۆشی گەدەی هەبێت بخواتەوە چاك دەبێتەوە.

# ( گوڕو )

= دار رولك* و سماق:

هەندێك دارِرولك بە پەلکەوە هوورد دەکەن ، هەندێ سماقی تێکەل دەکەن، لەگەڵ هەندێ ئاو دەکرێتە ناو مەنجەڵێك ە لەسەر ئاگر دەکوڵێنن و بەردەوام تێك دەدەن تا جوان بکوڵێت، دوای کولانی بە پارچە قوماشێکی تەنك دەپاڕزنن، دیسان ئاوەکەی لە سەر ئاگر دەکوڵێننەوە تاوەکو چڕ –خەست- دەبێت ، گیانی کەسی گوڕو بەو چڕکاوەی چەور دەکرێت دوای یەك دوو رۆژ قرماغەکی تەنك لە شوێنی گوڕوەکە پەیدا دەکات و قرماغەکەی داوێت ، گۆشتێکی سپی خاوێن لە دوای بەجێ دەمێنێت و چاك و پاکی دەکاتەوە . جەڕپایە.

# ( گورچیلە ).

= گیای غەزەل:

بە عارەبی ( کرمی الیبیر) ناو دەبرێت.بە فارسی ( پرسیاوشان و سیاپوز) ناو دەبرێت. لە ناوچەی مێرگە سوور پێی دەگونرێت ( خاڵە رەش )ە لە پارێزگای سولەیمانی پێی دەگووترێت ( قەیتەران ) لە ناوچەی رەواندوز پێی دەگووترێت ( گیا بالوکە ) لە دەشتی ناو کورو گۆرا نەتی پێی دەگووترێت ( غەزەل ) ئەو گیایە بۆ نەخۆشیەکانی گورچیلە و میزدان ( میانە ) بەکاردێت، گیایەکی زێدە باشە کاریگەرە بۆ لابردنی هووردە بەرد و زیخ لە ناو گورچیلەو (کلیە ) هەروەها بۆ میزگیران بە کاردێت بەم شێوەیە . ئەو گیایە جوان لەگەڵ هەندێ ئاو دەکوڵێنن ، بە هێلەگێکی هوورد یان بە پارچە خامێکی تەنك گیا کولاوەکەی دەپاڕزنن، ئاوەکە بۆ کاتی پێویست هەڵدەگیرێت هەرکەسێك تووشی نەخۆشیەکانی گورچیلە (کلیە ) یان میزدان ( المثانە ) هاتبێ ،

سێ رۆژ تا هەفتەیەك بەیانیان لە خرێنی پێش نان خواردن پیالەیەك لەو ئاوە بخوات ئەگەر گورچیلەی بەرد و زیخی هەبێت فڕێ ئەدات و برینەکانی سارێژ دەکات ، گشت نەخۆشیەکانی رێگای هات و چۆی میز چاك دەکاتەوە ئەو گیایە بە گیای بالوکە ناو دبرێت چونکە هەرکەسێك بۆ ماوەی هەفتەیەك تاکو دە رۆژ ئەوگیایەی لە خرێنی بخوات بۆ لابردنی بالوکە بەکار هاتووە کۆخە رەشە هەر کەسێك پیبری کردبێت واتە چارەی

نەکرابێت ئەو گیایەی بخواتەوە یان ئاوەکەی بخواتەوە لە خرێنی وەکو باس کرا چارەسەری کۆخەکە دەکات .

پێناسەی ئەو گیایە : پەلکی وەکوکەرەوزیە قاسکی –لاسکی – رەنگی رەشە لە قەد کەورو شاخەکانی نمە ئاوی تێدا هەبێت دەروێت .

سیقە دۆرە – قیسك–:

ئەو پەلکە زەردەی سیقە دۆرەی پەلەوەری داپۆشیوە ووشك دەکرێتەوە و دەکوترێت ، دەخرێتە ناو پەرە جگارە یان کەپسوولە بخورێتەوە هەرکەسێك بەرد و زیخی لە ناو گورچیلە هەبێت فرێدەدات .

=رووشالەی گەنمە شامی:

گەنمە شامی کاتێ گوولْ دەدات رووشالەیەکی پێوە شۆڕدەبێتەوە ئەو رووشالەیە لەگەلْ هەندێ ئاو دەکولێت و دەپازنن بەیانیان پێش نان خواردن لە خرێنی دوو سێ رۆژان لە سەر یەك پەرداخێك لە ئاوەکە بدرێتە ئەو کەسەی نەخۆشی گورچیلەی هەبێت یان زیخی تێدا بێت لای دەدات چاکی دەکاتەوە .

# مار پێوەدان (snake bite)

= گیا مار:

گیایەکی بەهاری کێوی خۆڕسکە لە چیایەکاندا شین دەبێت پەلکی هووردە بەژنی بستێك هەلْدەستێت ، گیامارچ بە تەڕی یان بە ووشکی دەکولێت وەکو چای ئاوەکەی دەپازنن هەرکەسێك مارپێوەی بدات.، یەك بەرداخ لە ئاوەکەی بدرێتێ ژەهرەکە لە کار دەکەوێت کەسەکە سەلامەت دەبێت ئەو ئاوە دەدرێتە گیان لەبەری مار پێوەدای چاکی دەکاتەوە رزگاری دەبێت .

= پێی گورگی:

لە کوردەواریدا هەندێ خێزان پیێی گورگ هەلْدەگرن.، گوانی مەڕو مالاتی ئاژەلەکانیان ئەستوور بێت لە ئەنجامی مارپێوەدان ئەوە پێی گورگ بە گوتانە ئەستورەکە هەلْدەخرێنن بۆ چارە سەر کردنی .

= سیابۆ:

گیایەکی بەهاری خۆڕسکە لە چیاکانی کوێستانی کوردستان دەست دەکەوێت.، کۆچەرایەتی ئەو گیایە دەکەنەناو ژاژی و پەنیر دەلێن هەرکەسێك ئەو گیایە بخوات ژەهری مار کار لەو کەسە ناکات .

# میزگرتن:( dysuria ) عسر البول.

= گیا پونگ:

قافێکی گەورە لە گیا پونگلە ناو مەنجەلە ئاوێك دەکولێنن لە سەر ئاگر دەیهێنە خوارێ تاکو شیرتێن ببێت ئەو کەسەی میزی گیرا بێت لە ناو مەنجەلە ئاوەکەی دابنیشێت کەونە لێقێکی بە سەر دابدرێت باشە بۆ ئەوە زیاتر هەڵمی ئاوی پونگ هەڵمژێت گیانی ئارەقەی بکات رێگای کۆئەندامی میزکردنی دەبێتەوە لە نەخۆشیەکە رزگاری دەبێت.

## مانگداری یان سەروبن:

نەخۆشیەکە تووشی منداڵی ساوا دەبێت لە ئەنجامی ترس یان بۆنێکی نەخۆش دێت نیشانەکانی نەخۆشیەکە منداڵان رەنگیان زەرد هەڵدەگەرێت لاوازو بێ هێز دەبن مووی برژانگیان جۆت جۆت رادوەستێت لە سەرەوە و بنەوە لەبەری دەچێت بۆنێکی ناخۆش لە ناو لەپی منداڵە نەخۆشەکە دێت ، چارەسەرکردنی.

= خەنەو پیان:

هەندێك خەنە لە ناوقاپێك دەگرنەوە سەرکە پیازێکی مام ناوەجی هوورد دەکەن لەگەڵ خەنەکەی دەشێلن هەویرەکەی لە سەر ناوچەوانی مناڵە نەخۆشەکە دەبەستنەوە، هەندێکیش لە بەر کەپۆی منداڵەکە دەدرێت.

= سیر و سماق:

هەندێ ئاوی سماق دەپاڕزنن دووسێ قلە سیر بەردەدەنەوە ناو ئاوە سماقەکە.، پیاڵەیەك دەدرا مناڵە سەروبنی هەبیت.، هەرچی لە ناو هەناوی مناڵە کە بوایە هەڵیدەهاوێتەوە، ئەگەر مناڵە کە بپشمیمایە نیشانەی چاك بوونەوەی بوو.

= سیرو خەنە:

سەرکە سیرێك دەکوتن لەکەڵ ملاکە خەنە دەشێلن، لە سەر سەری منداڵی ترسایی دادەنرا.، بە نیازی چاك بوونەوەی .

= گژنیژ و خەنە

: تۆی گژنیژی دەکوتن لەگەڵ هەندێ خەنە تێکوەر دەشێلن کەمێك ئاو پێدا دەکەن و دەشێلن تاکو بێتە هەویر لە سەر سەری منداڵی مانگداری دادەنرا.

= خەنە و قاوە:

قاوەی کوترای تێکەڵ بە خەنەی گرتییەوە دەکرا.، جوان دەهاتە شێلان، هەویرەکەیان لە سەر سەری منداڵی مانگداری دادەنا.

= مووی بزن و زەردێنەی هێلکە: قافکێك لە مووی بزنیان دەسووتاند ، زەردێنەیەکی هێلکەیان تێکەڵ بە خۆڵە مێشەکەی موو دەکرد و دەیان شێلا لە سەر سەری منداڵی مانگداریان دادەنا بۆ چارە سەرکردنی .

= پارچە سۆلە و زەردێنەی هێلکە:

پارچەیەك لە سۆلەی کۆن – پێلاوی قایش- دەسووتاند، زەردێنەیەکیان تێکەڵ بە خۆڵە مێشەکە-مشکی- یەکەی دەکرد و دەیان شێلا هەویرەکەیان لە سەر سەری منداڵی مانگداری دادەنا .

= خەنەو پونگ:

هەندێك پەلکە پونگی هوورد کرای لەگەڵ خەنەی تێکەڵ دەکرا کەمێك ئاوی تێدەکرێت و لە سەر ئاگری دەکوڵێنن، هەویرەکەی لە سەر سەری منداڵی تووشی بۆنی پیس هاتبێ چارەسەری دەکات.

= مێشکی مریشك:

گۆشتی میشکی مریشك بە خاوی لە سەرسەری منداڵی مانگداری دادەنرا.، تاکو گەنێ بێت، ئەنجا لە سەری دەکرێتەوە . یان مێشکی مریشك و کەڵەبات تێکەڵ دەکرێت لە سەر سەری منداڵی مانگداری دادەنرا ، لە بەر ئەوەی نەوەکو منداڵەکە لە کەسێك یان گیانلەبەری (نێرینە) و (مێینە) ترسا بێ گوایە چاك دەبێتەوە.

= رازیانە و زەنجەفبل و پەلکە گوڵ:

رازیانە و زەنجەفیل و پەلکە گوڵ، ووشك کرابێتەوە و بە ئەندازەی یەکتری بن دەکوتن بە قەدەر ملاکێکی چایەی دەدرا منداڵە نەخۆشەکەی بە بۆنی پیس نەخۆش کەوتبێ ، بیخواردایە چاك دەبۆوە .

# مایە سیری (PILES)

= هەنگوین و سیر:

سەرکە سیر دەکوتن تێکەڵ ½ نیو کیلۆ هەنگوین بکرێت و تێکوەربدرێت، ئەوکەسەی باوە سیری هەبێت ملاکێکی شیو خواردن لە خرێنی لێ بخوات چارەی سەری باوەسیری دەکات.

**=زەڕەوەند ،شفتی تالك،مۆری شین،زەردێنەی هێلکە:**

قلێك لە گونی زەرەوەندی ، پارچە شفتی تاڵکێك، دوو سێ قل مۆری شین، هەموو پێکە وە بکوترێت زەردێنەیەکی هێلکەی بە سەر هیرداراوەکە دادەکەن دەشێلن تاوەکو تووند بێت، هەویرەکە دەکرێتە فتیل فتیل ، ئەوکەسەی مایە سیری هەبێت کاتی ژان بکات.، فتیلێك بکاتە ناو دامێنی خۆی چاك دەکاتەوە.

= گونی زەرەوەند*:

گیا زەرەوەند بەرێکی پێوە دێت لە چەشنی هەرمێیە –کرۆسك- هەرکەسێك بیخوات زگی پێ دەچێت تووشی اسهال دەبێت هەروەها میکرۆبی مایەسیری دەکوژێت و چارەی دەکات .

*زەرەوەند: گوی گورگە ، گونە شەیتان، گونە تەویلە، زەرەندی پێ دەگوترێت.

= دەنکی شفتی تاڵك:

دەنکی شفتی تاڵك یان پێی دەگوترێت – گوژاڵك- دەکوتن زۆر تاڵە لە بەر تاڵیان دەکرێتە ناون پەڕجگارە یان کەبسوول چەند جارێك کەسی مایەسیری هەبێت بیخوات چاکی دەکاتەوە یان دەکرێتە ناو هەنگوین و دەخۆن .

**= چلە:**

هەرکەسێك مایەسیری هەبێت ١٠ رۆژان لە ساردی چلەی زستان یان لە بەر گەرمای چلەی هاوین ١٠ رۆژان بە پێخواسی بڕوات مایەسیری لە گیانی نامێنێت .

**= شیر ، شفتی تاڵك:**

بە چەقۆکوتێکی گچکە لە شفتی تاڵك دەکرێتەوە هەر بە رێگای کوونەکە هەندێ شیری حەیوانی دەکرێتە ناو شفتی تاڵکەکەو دەشولقێنن، هەر کەسێك نەخۆشی مایەسیری هەبێت لە خرێنی پێش نان خواردن ئەو شیرەی ناو شفتی تاڵك بخواتەوە لە مایەسیری رزگاری دەبێت .

= قرێژی ناو قەلوون:

قرێژی ناودارجگارە یان سەرکە سەبیلە –قەلوونی – بە هەر رێگایە هەبێت یخوات چاکی دەکاتەوە .

# (ناوك كەوتن و هێنانەوەی ناوك)

نیشسانەكانی ناوك كەوتن : چۆكی شل دەبێت، خواردنی كەم پێ دەخورێت ،پشتی دئێشی، قۆلنجی هەڵدەستیت، زۆرقرپی – قریشكی – دێتەوە . وەستا هەردوو پێی كابرای ناوك كەوتی جۆت دەكات ، هەردوو پەنجەكانی گەورەی پێی لە راست یەك دادەنێت ، كام كورتر بێت نەگاتە پەنجەی دیكە ، ئەوە ناوكی بە لای پەنجە كورتەكە كەوتیە .

هێنانەوەی ناوك بەم شێوەیانە دەهێننەوە :

١-كیسكە كورانەی

پێ دەكرێت هەركەسێك ناوكی كەوتبێ ، حەكیمی كوردی پێی دەڵێت هەردوو دەستی خۆت باوێ شەقلەیەكی خانوو یان لقە دارێك هەردوو پێی لە ناو دەستی بەرەو پشتەوەی ئاوا دەكات تەقلەیەكی پێ لێدەدات گوایە ناوكەكە دێتەوە شوێنی خۆی .

٢- یان دەبێت سێ قەلاقۆچكان لە سەر یەك بخواتەوە .

٣- یان هەردوو تەڕادەی(تەلۆك) بگرن و بكوشن.

٤- چەند جارێك بەردی جۆنی بە هەردوو دەستانی بڵند بكاتەوە و دابنێت وەك (حەی اللە)ی برنج كوتانێ چاك دەبێتەوە .

٥- لە سەر چۆك دابنیشێت لە شێوەی تەحیات خوێندن و یەكێك چۆكی بگرێت پشتی بتەكێنێت .

٦- كابرای ناوك كەوتی لە سەر دەو درێژ دەكەوێت، دەستی چەپەو پێی راستەی لەگەڵ یەك بۆ ئاسمان بەرز دەكەنەوە بە پێچەوانەوە.

٧- هەردووپێی كابرای ناوك كەوتی لە سەر شوێنێك توووند دەبەستنەوە ، لە سەر پشت درێژی دەكەن، دووسێ جاران سەری كابرای رادەكێشن گوایە ناوكی دێتەوە شوێنی خۆی

٨- گۆسكی كسك: هەندێك ئاگر لە ناو گۆسكی گەسك دەكەنەوە، پێش كوژانەوەی ئاگرەكە ، دەوی گۆسكەكە لە ناوكی كابرای دادەنێن ، لەبەر نەبوونی ئۆكسجین ئاگرەكەی ناوگۆسكەكەی دەكوژێتەوە پاڵەپەستۆ پەیدا دەبێت لە دەرەوە بۆ ناوەوەی كۆسك ، ناوكی كابرای بۆ خوارەوە رادەكێشێت ی، دێتەوە شوێنی خۆی .

٩- هەردوو دەستی داوێنە ناو ملی ، یەكێك ل پشتەوە بەرزی دەكاتەوە ، پشت و قۆلنجی دەتەقێت گوایە چاك دەبێتەوە.

# (چەند داو دەرمانێکی جۆراو جۆر)

= ئەو کەسەی بە دەمار –اعصاب-ی هەبێت

سێوبخوات باشە هەروەها دەڵێن خواردنی سوتەمەنی مرۆڤ درێژ دەکات بە تایبەتی لە خرێنی بخوات .

= گەزەنگ

: رەگی گیای گەزەنگی باش بکوترێت تا وەك مەلحەمی لێ بێت لە سەر شوێنی وونگ دابنرێت چاکی دەکاتەوە .هەروەها بۆ برینی سەرەتان (TUMOR) بە کاردێت.

= گژنیژ:

هەندێ گژنیژ دەنەوێنن ، لە ناو ئاوێ دەکەن تاوەکو بنەوێت ، پاشان دەپارزنن دوو سێ دڵۆپە لەو ئاوە دەکرێتە نان چاوی ئەوکەسەی خوریکەی لێ هاتبێ (SMOLL POX) بۆ ئەوەی چاوی نەخۆشەکە کوێر نەبێت . هەروەها بۆزگ راوەستانیش بە کار دێت دەڵێن ئەوەی گیای گژنیژ بخوات لێدانی دڵی رێك دەخات . وا دیارە سوودی زۆرە.، لە سەر برینان دادەنرێت .

=گیا قوینجرۆکە:

گیا قوینجرۆکە دەکوتن تا وەکو جرکی لێ پەیدا دەبێت لە سەر شوێنی برین دادەنێن بۆ چاك بوونەوەی هەروەها گیا قوینجرۆکە یان بەکار دەهێنا بۆ: ئەوگیایەیان دەکوتا تاکو چرکی لێ پەیدا دەبوول سەرشوێنی گڕویان دادەنا . ئەو کەسەی میزی نەهاتایە هەندێ ئەو گیایەیان لە ناو مەنجەڵێك دەکولاند کەمێك سارد بوایەوە.، ئەو کەسەی میزی بگیرابایە ل ناو مەنجەڵە ئاوەکە دادەنیشت ،جلێکیان بە سەری دادەدا بۆ ئەوەی باش هەڵمی گیایەکە بمژێت رێگای میزی دەکردەوە .

= گیا جاتر :

گیا جاترە وەکو چای دەکولێنن چەند جارێك لە خرێنی بخورێت بۆ چارەسەری ژانی چاو باشە هەروەها ددان بە گیا جاترە بشورێت میکرۆبەکانی دەکوژێت.

= جاجمی سۆر: لە ناو کوردەواری ئەو کەسەی لیری لێبێت لە ناو جاجمی سۆری وەردەدەن بۆ چارەسەری .

= کودی مەلەوان و جۆ:

پارچە كودی مەلەوانێك لەگەڵ هەندێ جۆلە سەر ئاگری دەسوتێنن مشكیيەكەی –خۆلە مێش– لە سەر شوێنی حەساسی دادەنرێت .

= رەشكەو روون:

هەندێ رەشكە ( حب الاسود ) دەكوتن پاشان هيردراوەكەی تێكەڵ كەمێك روونی حەويانی دەكرێت ، گيانی بە خورشت پێ چەوربكرێت زێدە باشە .

= زەرداوی ژوژك و شەب:

زەرداوی ژوژكی لە هەندێ شەب دەدەن ئەنجا شەبەكەی جوان دەكوتن تاكو هورد دبێت لە ناو چاوی كول دەكرێت بۆ چاك بوونەوەی .

= پەلكە هێرۆ:

هەر منداڵێك بەهۆی هەڵمژينی بۆنی پيس نەخۆش كەوتبێ هەندێك پەلكە هێرۆ دەكولێنن شيرتێن بێت سەری منداڵەكەی پێ دەشۆن .

= زمانی گورگ:

هەركەسێك زمانی گورگی خواردبێت يان بە قاسدی پارچە گۆشتی زمانی گورگ بە مناڵێك دەدەن بيخوات دەبێتە ژانی مەمكی ئافرەت هەر ئافرەتێك مەمكی ژان بكات دەچێتە لای ئەوكەسەی زمانی گورگی خواردیە مەمكی بەرامبەررووت دەكات ئەو كەسە وەكو سەگ بەرامبەر ئەو ئافرەتە رادەوەستێت دەعەپی وەكو سەگ دەڵێت ( عەپ، عەپ ) گوايە چارە سەری ژانی مەمكی ئافرەتەكە دەكات .

## سەنگ و كێش لە تەرازوی كوردەواريدا :

پێش بلاوبوونەوەی كيلۆ( كغم ) و ميزانی سەردەم لە ناو كوردەواريدا تەرازو رۆڵێكی گرينگی هەبوو لە كرين و فرۆشتن پێك هاتبوو لە دەستە دارێك درێژيەكەی مەترێك بوو ناوەراست و هەردوو سەری دارەكەيان لە للە دەكرد بۆ تێدا بەستنەوەی هەردوو سەری تەرازوو تاوەبەنی دەستگرلە ناوەراستی دارەكە بۆ تەماشای وێنەی خوارەوە بكە . وێنە

دوو سەری دەرخی يەكسانيان دەهێنا چ ئاسن بايە يان پلاستيك هەردەفرێك سێ كونيان لێ دەكرد دووريان يەكسان بوو هەر سەرێك لەلايەكی دار تەرازوو دەبەسترايەوە لەللەی ناوەراستی دار تەرازوو تاوە بەنێكی لێوە دەبەستاوە بە دەستێك بەرز دەكرايەوە هەردووسەری تەرازوولە حەرد دەبۆوە كێشەكانيان يەكسان دەكرد ئەو سەنگانە دەخرانە

ناوسەری تەرازوو وەکوئامرازی پێوان ئەوناوەانە بوون ( وەقیە، وەقیٚ ،حوقە،من باتمان.، کراس.، یانی کەیاسی پیٚ دەگوترا ) بەرامبەر کیلۆی ئێستا بوو بەو شێوەی خوارەوە :

وەقیە = یەك ١ پاکەت= ½ چاریەکی کغم = ١٢٥غرام .

وەقی= ٨ هەشت پاکەت= یەك ١ کیلۆ غرام= ١٠٠٠ غرام

حوقە= ١٦ شازدە پاکەت= دوو ٢ وەقی= دوو ٢ کیلۆ غرام.

من= ٢٤ پاکەت= سیٚ ٣ وەقی = سیٚ ٣ کیلۆ غرام.

باتمان= ½ ١٣ سیٚزدە کیلۆ غرام و نیو = کێشی یەك وەزنە بوو.

کراس یان کەیاس لە هەندیٚ ناوچەی چیاکان بەکار دەهات بە شوێن دەگوڕا لە هەندیٚ شوێن ١١ پاکەت بوو یان ١٦ پاکەت بوو لە هەندیٚ دەگەیشتە ٢٠ پاکەت.

روونکردنەویەك :یەك پاکەت واتە پێنج فیشەکی جامبێزاری بە سەرە پاکەتەوە = سەدو سی ١٣٠ غرام .کێشی پاکەتە فیشەکی تفەنگی برنۆ سووکتر بوو لە کێشی پاکەتە فیشەکی جامبێزاری نیوپاکەت جیاوازیان هەبوو بۆ نموونە یەك وەقیٚ = ½ ٧ هەفت پاکەت و نیو بە پاکەتی فیشەکی جامبێزاری بە پاکەتی فیشەکی برۆنۆی زیاتر بوو یەك .وەقی ٨ هەشت پاکەت فیشەکی برۆنۆی کەم فیشەکەك بوو، هەرلەبەر هەندیٚ ½ نیو چارێك کغم = ١٣٠ غرام لە کێشانی کوردەواریدا .

هەروەها (فترە) بۆ کڕین و فرۆشتن بە کار دەهات قاپی سفر یان فافۆن هەبوو کێشیان فترەیەك بوو، ٣ سیٚ فترە = یەك ١ عەلبە- ڕبە-، ٢ دوو عەلببە = یەك ١ وەزنە ،٢٠ بیست وەزنە = یەك ١ تەغار، بەلاٚم تەغاری پارێزگای هەولێر= ١٦ وەزنەیە، دوو ٢ وەزنە = یەك ١ قەزناخ.

# باسی هەفتەم

## مەتەڵی کوردەواری:

بەرایی: لە کۆڕی ئیشك گرتن و شەو نوخونی شەوانی زستانی لەبەر ئاگردانی کوردەواریدا چ لە ماڵێك یان لە دیوەخانی گوندی کۆدەبوونەوە و مەتەلیان هەڵدەهێنا شەوی درێژی زستانیان پێ دەبردە سەر

مەتەڵ: لە چەند ووشەیەك پێکهاتووە لە ناو چوارچێوەکی جوان و رێك دایان رشتووە لە ناوەڕۆك و روخساردا بە شێوەکی هونەری هۆنرایتەوە زۆربەیان کێش و قافیەیان هەیە پشتاو پشت لە زاری باب و باپیرانمان مایتەوە ئەو مەتەلانە مرۆڤی کورد دەگەیەنێتە ناخی گشت رویەکانی ژیان میللیماندا لایەنی زیندوو کردنەوەی زمانی تێدا حەشار درایە. مەتەڵی کوردەواری جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب بەلاّم بە پێچەوانەی بەندی پێشینان و قسەی نەستەقە، مانایەکی بزرو داپۆشراوە،. بۆ کات بردنە سەرو راهێنان و تاقی کردنەوەی زاخاوی مێشك و مشت و ماڵ کردنی دەگۆترێ. لە سەرتای ساڵانی هەشتاکان دەستم کرد بە کۆکردنەوەی مەتەڵی کوردەواری و... بۆ پاراستنیان لە فەوتان رزگاریان بکەم. ۱۹۹۸/۹/۲۰

(کۆمەڵە مەتەڵێکی کوردەواری)

١- ئەنگوستیلەی مەحەمەد حەنیفایە
هاوێتمە مەدینایە، شەوقی لە دونیایە (مانگ)

٢- ئەقلت زیرەکە، ئەقلت لە بیرە
لە تەیران کامیان بە شیرە. (شەمشەمە کوێر)

٣- ئاشان و ماشان، جێی میرو پاشان. (لاندك)

٤- ئاوی لە بەحرانە، دەنگی لە شاخانە، خەرجی لە ماڵانە. (ئاشی ئاو)

٥- ئەگەر بنوی گایەکە، ئەگەر هەڵستی دونیایەکە. (رەشماڵ)

٦- ئەولای دارە، ئەولای دارە، تێدایە دوو سەگی هارە. (جەنجەڕ)

٧- بەردەك لەسەر بەردەکێ،
تەیرەك دەخوێنێ لە کۆرتەکێ، کونێ قونێ لە نیوەکێ. (دەستاڕ)

٨- بە خۆی لە دیوانێ، گونی لە کۆلانێ (کودی)

٩- بانی لە گۆشتیە ، قادرمەی لە ئاسنیە (هەسپ و زین)

١٠- بە کرِی و بێ دەنگ، دەکوتی کوتەنگ لێ ناهێت دەنگ (چاو)

١١- بە تەرِی پێوەدەدەن ، بە هیشکی دەهێنەدەر (تەندور)

١٢- بن داری سەرئاسن ، کەرە فامکە دەروێشە

(دەروێشە)

١٣- بیورەکم دا لە دارەکی ،هەمووی هەژیا بە جارەکی (تەون)

١٤- بزنا کالّە ،لە پشت مالّە ، نەدەدۆشم نەدەفرۆشم (مۆری)

١٥- بە پێیان دەروات دەبینی ،بە پێیان نارِوات،دەبینی و دەرِوات،نەدەبینی ، نەبە پێیان دەرِوات، دەرِوات ( ئافرەتێك منداڵێك لە باوەشی بێت و حامیلەداربێت )

١٦- بیست برانە هەربرایەك حەللەیەکی لە سەر پشتیە ( نینۆك)

١٧- باب مردی چرا لە سەر قونی هەڵکردی ،

فەرخەکان سەرپێ کردی. (کاریتە و شەقلە)

١٨- بە گەرمایێ جل دەکەم ،بە سەرمایێ رووتی دەکەم. (سێل)

١٩-بنی گلینە ،ناوی جۆخینە ، سەری زێرینە . (گوڵە گەنم)

٢٠- بشتە ناو ئاوێ ، تەرِنابی، خەنجەری لێ دەی شەق نابێ. (سێبەر)

٢١-بە دەوری ئەسحابان ، کورِگەورەترە لە بابان (دووکەڵ و ئاگر)

٢٢- بانەکەوبن بانەکە ، چوار مەرِو شوانەکە. ( لەپ و پەنجەکان)

٢٣- بەحرێ شینە ،ئاو تێنینە . ( ئاسمان)

٢٤- بە یەك پێ دەرِوا، شوێنی خۆی بزر دەکات . (دەرزی)

٢٥- بنی قورِینە ، ناوەندی پۆشینە، سەری زێرینە . (گەنم و لاسکەکەی)

٢٦- پەتکی ئاو دەدەن، گۆلك مەزن دەبن (کودو،شفتی)

٢٧- پێشی میوانی ، دەچیتە بنە بانی . (هەوا و با)

٢٨- تشتەکم دا لە دیوار، لێهاتە دەرهەزارسوار. (هەنار)

٢٩- تەیرەك دخوینی لە روبارەکێ، شەش پەری لە نیوەکێ (ئاشی ئاو)

٣٠- تەنیا دارێکە دووازدە لقی هەیە، هەرلقی ٣٠لقی هەیە،

هەرکەلی ٢٤ پەلکی هەیە، هەرپەلکی ٥ کول پێوە هاتییە

٢ دووگوڵ لە بەرڕۆژێیە ٣، سێ گوڵ لە بەر سێبەرێیە . (ساڵ، مانگ، رۆژ، نوێژ)

٣١- تانجوی رەش، کورتانی سپی . (سێل)

٣٢- تەیرەك هات بە هانە هان، شاقەڵ سپی گەردەن کەوان،
گەورە گرتن گچکە بەردان . (مانگی رەمەزان)
٣٣- تەیرا زمزمێ، پڕلە لە نانی گەنمێ (گوێز)
٣٤- حوکمێ لە حاکمێ دەکات . (چوونە سەر دەستاو)
٣٥- چوومە سەر گردەکێ ، بانگم کردە خدرەکێ،
هەزار خدر هاتن بە جارەکێ . (ئەستێرە)
٣٦- جۆنیێ دەکوتی و دەنگی لێوە ناهێت. (چاو)
٣٧- چوومە ناو شکەفتەکی پڕی ناو گۆپاڵن،
چ گۆپاڵ نەبوو ب دەست بگرم (کوتانی بزنان)
٣٨- چوومە شکفتەکێ پڕی بزنن بە شاخەکێ (مێوژ)
٣٩- جوتیارێ بێ دەنگ، خەتێ بێ خۆڵ (نووسین)
٤٠- چوومە نواڵەکێ، هەموو بووك و زاوان بە جارەکی (رێواس)
٤٢- چوومە سەر گردەکێ، پێم کەفتە کۆپەکێ (پێلاو)
٤٣- چوومە دەشتێ ژێری ، مێمدێ لە سەر نێری (چێڵ دۆشین)
٤٤- چوومە باسکەکێ، هەفت بووکم دیت لە رەنگەکێ (شلێر)
٤٥- خلنگو خلنگ، هەشت پێی دوو لنگ (جوتیار)
٤٦- خانیەکم هەیە چار پێ، هەزار نفوس ماڵ لەوێ (مێش هەنگوین)
٤٧- خانیەکم هەیە پڕ لە تەوشۆ (ددان)
٤٨- چوار برای بە ئەقل و کەماڵ، یەك خوشکە و بە جل و جەمال
ئەو چوار برایە هەڵێ دەچێتە پاڵ (بەهەشت)
٤٩- چار ئاوون ، چار رەنگن، چار تامن، لە یەك شوێنن
(چلم،رۆندك،لیکاو،ئاوی گوێ)
٥٠- چاری چێڵی ،هەشتی دێڵی، دوازدەی نرە دێلێ (گوانی چێل و سەو بەرازی)
٥١-چوار برام هەنە لە جۆمەکێ، تیران داوێنە گۆمەکێ (چێڵ دۆشین)
٥٢-چواری گوێیە،هەشتی پێیە، بووك رەوێیە (جۆت کردن)
٥٣- چواری گوێیە هەشتی پێیە،دەرێی دارە، پڕ بزمارە (خەنجەر)
٥٤- چوومە لێرەکێ، بە دار بە دار، چ دار تێنەبوو بکەمە دەستە دار (شاخی بزن)
٥٥- حەیدەرە قەلەندەرە، سێ قوتکی لە بەرە دووی سپی‌یە، ئێکی زەرە (هێلکە)

٥٦- خاتوینەكەم هەیە گەچ كەچێنە، نە پای هەیە نە قەپاچێنە (هێلكە)

٥٧- دەكوژێتەوە و لە بۆی دەگری (پیاز)

٥٨- دووی رەق، دووی زەق، دووی لەق، چاری چەق

سەرلەكونێ كون لە عەردێ، دە لە دووان، سپی دێتە ناو ئامان (بزن و بێری)

٥٩- دەوی رەش و قیامەت، ناوی سۆرە و سەلامەت، سەللو عەلا مەحەمد(د.خ)

(تەندوور)

٦٠-دەستێكی دارە بە ئێشە، كەرە فام كە دەروێشە (دەروێشە)

٦٢- دەرقاپینە لە دەرقوینە پڕ ناو روینە (دوینگ)

٦٣- دوو دەرخوینە ، لە دەر قوینە پڕ ناو روینە (دوینگ)

٦٤- دارەك هەیە لە كەورەكێ ئەوەی نەخوات دەمرێت (مەمك)

٦٥- دووردم دووردم، شەش پێ دووسم، ئەگەر نەزانی پێدا دەفسم (تەرازوو)

٦٦- دارەكم دا لە دارەكێ هەمووهەژیان ب جارەكێ (خەلیفە مێش هەنگوین)

٦٧- دەستارۆكی لە نزارۆكی

(دونگ)

٦٨- دەنگلە شاخان، ئاو لە بەحران، خەرجی لە مالاّن (ئاشی ئاو)

٦٩- دام لە دیوار بوو چڵ سوار (هەنار)

٧٠- دووانی پێدا بەردەدەنەوە، یەكێك لە بن كلكی دەكوتن، بە هیشكی تێدەنێن، بەتەڕی دەهێنە دەر (زین ولغاو ركێڤ)

٧١- دوو گام هەیە هێری هێری ، دەشت و دونیای دەگێڕی، تەنهای گردۆكەكێ نانێری

(چاو)

٧٢- دارەكم هەیە بەردەگرێ، ئەوەی بخوات پێی دەمرێت (قورئان)

٧٣- كراسی دوورای خەیاتی نەدیتی (سنجی)

٧٤- دارە دار نیە سەد لۆفەی هەیە دیوار نیە (مار)

٧٥- رەشە قیر نییە سپیە شیر نیە تیژە تیر نییە (چاو)

٧٦- دەنگی هەیە رەنگی نییە بە فاقیش بیگری گۆشتی نیە (هەوا)

٧٧- دەروا قەت ئاوەڕ ناداتەوە (رووبار)

٧٨- دەڕۆی لێت بەردەبیتەوە (شوێن پێ)

٧٩- رەقە لە رەقە دەخشێ، سۆرە لە نەرما، (بەردە ئەستێ)

٨٠- زەردە وەك زەعفرات، باردەکرێ لە هێستران
دەبەن بۆ ئیسلام و کافران (تووتن)
٨١- زگیبەرخە، سەری مارە، کلکی مقسە، پشتی کارە. (قەرناقوجە،پەرەسێلکە )
٨٢- رەشە وەك بزن، هووردە وەك هەرزن، بە دووان دەی کوژن . (سپێ کوشتن )
٨٣- زوو چاندم شین نەبوو. (زوو ژنم هێنا مندالْم نەبوو)
٨٥- بمان کردبایە سێ باش بوو. (گۆپالْ)
٨٦- ئەختیارێك لای پارچە دەغلەکەی راوەستابوو.
وەرز بەهار بوو ، یەکێك بە نێزیکی تێپەڕی و لە ئەحوالْی پرسی ووتی:
تەماشادەکەم بە تەنیای و دەغلەکەت باشە ئەوەیش ئەوەی سەرەوەی گۆت
بە تەڕی( شینی ) خواردم. (سەلەمم بە سەری وەرگرتووە ):
٨٧- زەردە هێلکە، نییە خوارە داس نییە (مانگ)
٨٨-زگ لە سەر زگێ، دەست لە کونێ، کارێ ژنێ (دەستاڕ)
٨٩- زستانان یێ ماندیە،هاوینان یێ مردیە (باگوردان )
٩٠- سۆرە مریشك نییە، بازان داوێ بۆق نییە، خوێنی دەمژی قڕنە نیە (کێچ)
٩١- سێ زندی مردیەکی رادەکێشی، مردیەکە ب هەموو زەمانان دەزانی (قەلەم)
٩٢- سندروق لە سەر سندروقێ،کلیل لە دەستێ بووکێ (دەستاڕ)
٩٣- سەر تاتە نۆس بن تاتە نۆس،قۆڕت دەکەم قۆڕ مەنگەنۆس (کیسەلْ)
٩٤- سەری هەستانە بنی پەرگە پەڕکی قورئانە . (خارچك ،کوارگ )
٩٥-سەری لووسە وەکی هەستان،بنی پەڕگە پەڕکی قورئان. (خارچك)
٩٦- سەری یەکە و بنی دووانە ،پڕ بە قوینێ باب و باپیرنە (شەروالْ)
٩٧-سەری لە تووە بنی لە داکتە. (مەمك)
٩٨- سەرێ مەلای دەگەزم،هەڤالێ شەیتانی ئەزم،
لە بەر رەحمێ خودای دەبەزم (کەلە باب،نوێژنەکەر،باران )
٩٩- سەرێ گۆپالْە،ناومالْی دارە، کلکی ئەسپیندارە. (تەشی )
١٠٠- سەری خڕەبنی بلاْوە، ئەگەر شێت نەبی ، دولێی کلاْوە. (کلاْوە )
١٠١- سەری لە زەوی پێ لە حەوا، ماندوو نەبی پێ لە کەوا .
١٠٢١- سۆری بێ گۆشە ،بێ خوێ ناخۆشە. (تەماتە)
١٠٣- سەوزی لە شاران،خۆشە بە هاران. (خیار)

١٠٤- سێ سوار هاتن لە دەشتی ،هەموویان سێ خۆلە پشتی . (نینۆك)

١٠٥-سێ کۆسە لە رویاری ی پەڕینەوە ، پێی تەڕنەبوو. (ئافرەتی حامیلە دارو مندالێك لە باوەشی )

١٠٦- سێ بار هاتە گوندەکی،هەریەکەت باری خۆی هەلگرت

هەرسێ یارەکە لە گوندی دەرچووبێ کەم و زیاد . (مانگی رەمەزان)

١٠٧- سەری سپی‌یە حاجی نییە، گۆشتی دەخوا ئادەم نییە (سیسارەکە کەچەڵ)

١٠٨- سۆرێ سابڕکرای ، لە بن عالەمێ دانرا . (مافور)

١٠٩- شەش پێی لە بنی ، دوو سمی لە ئاسنی . (تەرازوو)

١١٠- سەری بانە بنی بانە،چوار مەڕو یەك شوانە . (دەست و ئەنگوست)

١١١- شارێك هەیە پەرژینی سەوزە،

عەسکەری رەشە،کلیلی چەقۆیە . (شفتی)

١١٢- ا: شیری نۆك لە داری نۆك لە کوێ درێژۆك،

وەپێش کەوێت پێ بانۆك .

ب- شینی نۆك لە داری نۆك ،لە گوێ بە لۆك،

گوێ بە لۆك وەپێش کوێت پێ بانۆك، بە دوای کەوێ (کەروبارو ترێ و ئافرەت)

١١٣- قەسرێ سپی‌یە دەرکەی نییە،

یان دەڵێن: قەسری سپی بێ دەرکەیە . (هێلکە)

١١٤- قەسری سپی سواندەی شینە. (پیاز)

١١٥- قەسابەك کوشتیەکی کوشتەوە، هەرگۆشتی لێوە دەکاتەوە،

و داوێنە ناوتەشتێ، نەگۆشت خلاس دەبی نە تەشت پڕدەبی. (عەزرائیل و مردن)

١١٦- قەلی پێ بە دارۆکە . (رەشماڵ)

١١٧- کامیانت دەوێ، گووی سەرپنجێ یان، (گووی سەگ)

گووی مەریەمە قنجێ. (هەنگوین)

١١٨- گۆلکی مەلای ، بەرمدا سەرچیای، تێی نەهێشتتەلێ گیای (گویزان)

١١٩- کۆریەی نەحەملاندی،مێرگێ نەکچلاندی،گوندی بێ بەسە

(بەران،ئاسمان،قبرستان)

١٢٠-کەرێ بە قالاًن ، دەگەڕێ لە هەموو مالاًن. (مەلەکی مەوت)

١٢١-کاری خودایە ، فێلّی بەشەرە،کلکی لە بانە قوونی لە بنە (هەنجار)

١٢٢- گیانلەبەرێکە قەت ئارەقەی ناکات (سەگ)

١٢٣- کافرێ سۆر، قوونی لە سەرەوە، دەوی لە ژۆر. (کەندوو)

١٢٤- کلاوێ هەمزە پاڵەوان، بێ تەقە بێ دوورمان . (هێلکە)

١٢٥- کەپرەکم هەیە کەپرۆکێ، لێی دەبارێ بەفرۆکێ . (هێلەگ )

١٢٦- گلۆلەم خاوبوو بامدا، هەتا گەیشتمە بەغدا . (جادە)

١٢٧- کونەکی تەگ و تاریك، تێدایە زەلامی سەرگەورەی مل باریك (مێرولە،مێروستان)

١٢٨- گای رەش لە پێشەوە، گای سۆر لە پشتەوە . (دووکەڵو ئاگر)

١٢٩- گومبەتی سپی بێ دەرك . (هێلکە)

١٣٠- گای سۆر گای رەش، بە دەر دێخێت . (ئاگرو دووکەڵ)

١٣١- کلکی ئاسنە دەسکی دارە، ددانێکی راستە هێکی خوارە . (مشار)

١٣٢- لاقی لە ناو دوو کونانی، دەستکی لە دەستێ خودانی ، (باگوردان)

١٣٣- لە ناو بیستانی شینە ،لە بازاری رەشە، بیهێنەوە ماڵ سۆرە. (چا)

١٣٤- لە هەقاری شینە ، لە بازاڕێ سۆرە، لە ماڵی سپیە . (گەنمە)

١٣٥- لێرە هەتا مەکە ، هەمووی شەکێ پێ بەڵکە . (کچ)

١٣٦- لە چیای گرانترە ، لە پوشێ سووکترە،
لەرۆژی روونترە ، لە شەوێ تاریترە . (قورئان)

١٣٧- لەگەڵت دەڕوات و لێت وە نابی . (سێبەر)

١٣٨- لە ناو ئاگری دەبرژێ ، لە گۆشتی هەڵدەواسرێ . (گوارە)

١٣٩- لە ناو مێزەری کتانە، خودێ نەبی کەس نزانە . ( مندالْ لە ناو زگی دایکی )

١٤٠- لەو لای دیوار لەو لای دیوار، تێدایە شتێکی هار. (ئاش)

١٤١- لێرە تا بەغدا، هەموو ئارمیشێ یەك لا (جادە)

١٤٢- لە زگێ دایکێ دەبی و پشتی دەخورێنێ . (شخارتە)

١٤٣- لە دەستی ساردە، لە دەوی گەرمە . ( فلفل، بیبەر)

١٤٤- لە سەری تەقە تەقە، لە بنی کوچك و کەلەکە (کوارگ)

١٤٥- لە سەران دەبێتە هاتە هات شەمعوون کونێ بگرە کیر هات . (باگوردان)

١٤٦- لە کلکی هوورد ترە، لە حوشترێ گەورەترە، لە هەرزن هوورد ترە . (هەنجیر)

١٤٧-لە شەکری شیرینترە ،لە تالْ گەزە تالْ ترە ،لە هەرزنی هوودر ترە . (هەنجیر)

١٤٨- لە پایزان لە بن خولێ،جوانترە لە کابانێ ماڵێ . (گاسن)

١٤٩- لە زگی دایکی دێتە دەرێ، پشتی بابی وەخورێنێ .    (شخارتە)

١٥٠- لە دەرێ سەری دەبڕیلە ژووری دەمری .    (ئاشی ئاو)

١٥١- لە دونیایە یەك جار رۆژ لێدایە .    (نیل شەق بوو فیرعەون تێدا خنکایە)

١٥٢- لێرە هەتا بەغدایە ،ل وێ لە بۆ بەسراییێ

بە قوونی دەکا سەماییێ، بە بێ وی چ پێك نایە .    (مەکینەی دوورمان)

١٥٣- مامەکم هەیە لە دەشتێ ،شیرەکی هەڵگرتیە لە پشستێ    ( دووپشك)

١٥٤- مامەکم هەیە لە زورگی، سەری مەزنترە لە هوورگی .    (مێرووله )

١٥٥- مێرگێ شین پڕە لە هەلاڵە و بەیبوون .    (ئاسمان و ئەستێرە)

١٥٦- ماینەکم هەیە لە دەو رووباری ،قەوچەی پسیا خودانی ترسیا .    (ئاشی ئاو)

١٥٧- مامێ من عەمەری ، دەکەینە ناو فەخفوری ،

دەکرێتە سەر ئاگری .    (هێلکە)

١٥٨- مردی بە پێوە ،پەڕۆی بە قونێوە .    (کەندوو)

١٥٩- مارەکی کۆرە سەری لە دوو کون دەردەینی .    (دۆخین)

١٦٠- مامەکم هەیە لەدەشتێ، سەد کوونی لە پشتێ .    (بێژینگ)

١٦١- مردی تڕ تۆپ .    (تفنگ)

١٦٢- مردی زار بەش .    (مەشکە)

١٦٣- مەیلەکم هەي لە مەیلان ، لە ناو بوخچەی سوڵتان ،

خودێ نەبی کەس نەزان .    (منداڵ لە ناو زگی دایکی)

١٦٤- مێوانەکمان هات لە باژێرەکی،بێ تۆزو غوبار،

لە کورسیەکی دانیشت، چاینەکردبوو نەجارِ لە قاپەکێ ئاوی خوارد،

چی نەکردبوو سفار.    (منداڵی ساوا)

١٦٥- لە عیسا کەم لە موسا کەم،هەردوو لینگی لە هەوا کەم،

زیرو هۆڕی لێ پەیدا کەم .    (شەغرە)

١٦٦- ماتێ ماتێ کلك رەپ کردچوو جەماتێ .    (مەقلی)

١٦٧- عەسکەر رێزە رێزە ،هەمموم کرد لە ئامێزە .    (چیغ)

١٦٨- مردی زار بەش .    (تۆپ)

١٦٩- مزرە وەك هەنار، شینە وەك خەیار.    (رێواس)

١٧٠- قاسمە دیوار سمە .    (مێش هەنگوین)

١٧١- سۆرە وەك قورمزی ،چ کونی نییە ئاوێ دەدزی .    (تەماتە)

١٧٢- نە پێی هەیە نەپانی بە هەمووی مالاًن دەزانی .    (پارە ،دەستاڕ)

١٧٣- نەپێی هەیە نە پانی ، دەچێتە سەربانی .    (دووکەڵ)

١٧٤- نەبایە نە بارانە ،چك چك لە گوێی دارانە .    (کوندەلاًن)

١٧٥- نە مەڕە نە بەرانە ،شوێنی شوێنێ کرانە،نەچاندیم بارکرد لە نەزایی،

نەزایم دا لە نەخەفتی، هەمووی پێکەوە پەڕینەوە ئەو بەری .    (خێ،هێستر،رووبار)

١٧٦- هەسپێ مردی سواری زندی .    (لاندك)

١٧٧- هەموو تەشتەکی دەچپیتێ .    (گوێ )

١٧٨- هێلکەی دەکات مریشك نییە،گیای دەخوات کەر نییە،

رەقەو بەرد نییە .    (کیسەڵ)

١٧٩- هەفسەد سوار ،یەك پێ شوێن دیار.    (هەفسەد سواری هەسپە)

١٨٠- هەر دەبەزی لە جێی خۆی ناچی .    (ئاش )

١٨١- هەندویکە بە دەندیوکە ،لە خانیان دەڵێی بوویکە .    (چرا )

١٨٢- هۆدەکی تاریك ، تێدایە وەردە خشللی باریك .    (ددان)

١٨٣- هەتا دوو تپلی نەکەیە قوونی، کاوێژێ ناکات .    (مەقەس )

١٨٤- هەر رۆژ دایکت عەریە رەشکەکێ داوێتە سەر خۆ.    (کوندە)

١٨٥- هەلدم بلدم ،شەش پێ و دوو سم ، ئەگەر نزانی پێدا دەفسم.    (تەرازوو)

١٨٦- هەلدم بلدم ،دوو قوونی هەیە .    (باگوردان)

١٨٧- هەمووکەس دەبینی خوا نابینی .    (مردن)،(حی و لا یموت)

١٨٨- هێلکەی قازان،لە هەورازان دێتە بازان .    (تەزرە)

١٨٩- هاوار دەکات دەوی نییە ،فرمێسك دەرژێنی چاوی نییە .    (هەور)

١٩٠- هەر لێرە هەتا شام، هەموو ترێ و تەحام، لە ساحێبی خۆی حەڕام .

(شیری مەمکی ئافرەت)

١٩١- هەمووی شینە،نیوەی زەردە ،چاریەکی کەسکە .    (دنیا، نیو،ریح)

١٩٢- هەرێشان و پەرێشان،جێی ئاغاو پاشان .    (لاندك)

١٩٣- هەلەق و مەلەق دەندوك تەقە تەق کیسە و کەمبەر یا پێغەمبەر.

(حاجی لەق لەق)

١٩٤- هەلێرە هەتا مەکە، بە قسری گوانێ دەکا .    (کچ)

١٩٥- هەلزان و مەلزان،بزنی سەرقوتە لان،بە دەوریٚ پێغەمبەران ،خواردنی بۆ دیٚ لە گوندان (ئاش)

١٩٦- هۆی نە ژن و نە مێرد ،ئەو وولاٚغەی ل ناو دەغلی وەدەرکە . (داولٚ)

١٩٧- هەلێرە هەتا عەزە، هەمووی عەریٚ تۆبز گەزە . (مێروستان)

١٩٨-هەت نەبینیەوە ناڕوات . (قەیتانی پێلاٚو)

١٩٩- هەر رۆژ دایکت کۆمەلە هێلکان دەکات . (گوندکی هەویر)

٢٠٠- هەندیٚ گایە، هەلٚدەستی چیایە . (رەشمالٚ)

٢٠١- هەمووی بخۆی پێی‌نامری ،نیوەی بخۆی پیٚ دەمری . (سمسم)

٢٠٢- یەك دروونەی دەکرد،تەڕو حیشکی پێکەوە دەدوریەوە،

گۆتم : هێشتا هەموی نەگەیشتیە ،گۆتی : وەختی هاتیە . (عەزرائیل)

٢٠٣- یەك سەرو هەزار لاق . (گێسك)

٢٠٤- تەپ لە سەر تەپی، دەست لە رەپیٚ . (دەستاڕ)

٢٠٥-قورئانەك هەیە لە دەنیٚ،بە چ ملایان ناهێتە خوێندنیٚ . (کوارك،خارچك)

٢٠٦- ئەو مووی رەش، ئەو مووی رەش،تێدایە دوو کوونی رەش . (چاو)

٢٠٧- ئەو پەرژین، ئەو پەرژین، تێدایە دوو کۆتری شین . (چاو)

٢٥٨- تەشتەکم دا لە دیوار،لیٚ هاتە دەر هەزار سوار،

هەریەك لۆ لایەك کردی غار. ( هەنار)

٢٥٩- یەك لنگەی دەشتیٚ، دوو لنگەی گەیسشتیٚ

هێخستیە سەر تاقی پشتیٚ ( دروونە )

٢٦٠- سەد قۆدی لە یەك قۆدیە .

٢٦١- بە دەوری ئەسحابان هە کوڕ گەورەترە لە بابان . (ئاگرو دووکەلٚ)

٢٦٢- ئەوە چیە لە ناو روباری تەڕ نابی . (مندالٚ)

٢٦٣- تێکردنی سوونەتە،لە قاندنی واجبە . (ئەنگوستیلە)

٢٦٤- بە دەووری پیرو پێشی ،بزن سواری گامێشی

٢٦٥- ئەوە چیە لە نێوان ،ئاسمان و زەوی دا هەیە . (پیتی واو)

٢٦٦- لە دەقیقەیەك دووجار دەبینی ،لە قەرنێك یەك جار. (پیتی قاف)

٢٦٧- پیرە مامیٚ لە دەشتیٚ ٣٣سی وسیٚ کونی لە پشتیٚ

٢٦٨- پاپۆری لە ناو بەحرەکیٚ،هەنکی دەنکە زەنگیانەکیٚ،

بکەفتە سەرێ دەخنکێ . (چاو)

٢٦٩- برایەکم هەي لە دەشتێ، ژن دەیهێنتەوە بە پشتێ . (خرنوك)

٢٧٠- سەد زەلام بە پشدێنەکێ . (گێسك)

٢٧١- کە نیوە یە پڕە ، کە پڕە نیوەیە . (مانگ)

٢٧٢- عەپلە پان وعەپلە پان، کوڕی پیر و بابی جوان . (گوڵی پەمۆ)

٢٧٣- لە هەنگوینی شیرنترە، لە رەساسی گرانترە . (خەو)

٢٧٤- شەش بەن و بەنەك، دوو دەف و دارەك . (تەرازو)

٢٧٥-تشتی من تشتە ، لە دوویم خشتەخشتە، نەبەری هەیە نە پشتە (باگوردان)

٢٧٦- یەکێك چوو بوو ماڵەکێ،کچێك لە بەر دەرگای ماڵە کە راوەستابوو پرسیاری لێ کردوو گوتیێ: کا باوکت .کچە گووتی: دۆستی دەکاتە دوژمن، ئەی دایکت گۆتی :یەکان دەکات بە دووان، ئەی تۆ چی دەکەیت کچە گۆتی :دووانان دەکەم بە یەك ، کابرا سەری سووڕماو لێی پرسی ئەوە دەڵێی چی ؟! کچە گۆتی :

١- باوکم دۆستێکی عەزیزی هەبوو، پارەی بە قەرد پێ دابوو چەند جارە بچێت ،ئەوە چووە بە هەرێ و بە نەرێ قەردەکەی لێ بستینێتەوە ،ئەگەر نەیدا لەگەلێ تێك دەدات و ئەوە بووە دوژمنی .

٢- دایکم بە مامانی بۆ ماڵی دراوسێمان چووە .

٣- منیش وا دوو کەونە کراسان لێك دەدەم و دەکەمە یەك کراس(دووانان دەکەم بە یەك) .

٢٧٧- ئاوی لە بەردیە ، بیری لە جلدیە ،دۆلکەی لە داریە (کل و کلدان و کلچیو)

٢٧٨- هەنوونێ مەنووێ،زەردە وەکو هێلکەو روونێ، خوارە وەکو داسێ دروونێ . (مانگ)

٢٧٩- تەپە زۆرەکەی گیا بچکۆلە . (سەر)

٢٨٠- سەی سۆر دەو بەرەو ژۆر. (کەندوو)

٢٨١- هووردە وەك هەرزن،پێی هەیە وەك بزن،بە دووانان دەی گەزن . (سپێ)

٢٨٢- سێ گردی رەش بەرامبەرە،کلك تەقێنە ئاگر بەرە . (ئاگردان)

٢٨٣- ماینێ رەش لە دەر حەوشێ،حیل حیل دەکا خوێنی دەڕژێ . (دەستاڕ)

٢٨٤- لۆ ژنان مستەك ، لۆ پیاوان بستەك .

(دووری لە نێوان هەردوو پێ،ژن یان پیاو لە کاتی نوێژکردن)

٢٨٥- ناوەندی گۆشتە هەرچوار لای ئاوە،
روو لە کویێ بکات قیبلە تەواوە . (یونس پێغەمبەر لە ناو زگی حوتدا)

٢٨٦- قۆچی گایە بە باڵ مەلە، پشتی ماسیە بە چوار پەلە . (مەشکە)

٢٨٧- سێ برا کەفتینە دوو یەك،قەد ناگەنە یەك . (پانگە)

٢٨٨- خواردنەك هەیە دەکوڵێنی،کیلۆیەك خوێی تێبکەیت تامی ناگۆڕێت (هێلکە)

٢٨٩- بە باب دەگەنەوە یەك،بە دایك ناگەنەوە یەك . (لێو،لچ)

٢٩٠- هاشان و مەلەشان، من دەمگوتوو تۆ دەتوەشاند (بگرو بکێش)

٢٩١- زەردی زەعفران،بارم کرد لە هێستران،دەمبرد بۆ شاری کافران . (تووتن)

٢٩٢- سێنی لێو دەو والاٚ،پڕ ناو هەنگڤینێ تالاٚ . (گۆ، گوێ)

# باسی هەشتەم

# کەش و هەوا ناسی

## (ساڵنامەی کوردەواری) لە دەڤەری گۆرانەتی :

ساڵی کوردی هەر وەکو ساڵی نەتەوەکانی تر لە ١٢ مانگ پێك هاتیە (٧٠٠) هەفت سەد ساڵ پێش ساڵی زایینی ئیمبراتۆریەتی ماد دامەزرایە، سەری ساڵی کوردي لە ڕۆژی نەورۆز دەست پێ دەکات. لەو رۆژە شەو و رۆژ بەرامبەر دەبێت، کاوەی ئاسنگەر سەری زوحاکی پرژاند، یەکەم رۆژی وەزری بەهارە، کەش ء هەوا بەرەو خۆشی دەگۆڕێت، نەمانی ستەم ء سڕەو سەقەمە. زانینی کەش ء هەوا ناسی لەناو کوردەواریدا زێدە گرنگی پێ دەدرێت. چونکە کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەیان بەتایبەتی لە کاری کشتوکاڵ ء بەخێوکردنی مەڕو ماڵآت ء هەروەها کۆچ ء کۆچ بار.

هەر دەڤەرەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ناوچەی کوێستانی (چیاکان) لەگەڵ گەرمیاندا (دەشت) حسێباتی کەش ء هەوایان جودایە. دەڤەری گۆرانەتی پێ دەشتی زنجیرەچیاکانی ئاکرآء باکورمان خێریء چیاپانکەیە، پانتاییەکی گەورەی لەدەشتء ملە زورگ بەخۆیەوە گرتیە، لەبەر هەندآ کەش ء هەوای تایبەتمەندی خۆی هەیە هەروەها ناوچەیەکی بازنەبەندە (حلقەوصل) لەنێوان دەڤەری سۆرانء بادینان،هەروەکو دەڵێن:(ئەگەر هات

بای سۆران، هەلکێشنە کالكءگۆران) (ئەگەر هات با لەلای بادینان، خۆتان بکوتنە ناو کادینان)، ئەو دوو پەندەیە لەناوچەی گۆرانەتی دەگۆترێن، (با لەلای سۆران بێت کەشء هەوا خۆش دەبێت)، (بەلاّم هەوای بادینان بۆ سەرناوچەی گۆرانەتی باو باران بەفر لەگەلأ دێت).

حسێبی دەشتی ناوکوڕ پابەندە بەسالّی ڕومی، (١٠)رۆژ جیاوازی هەیە لەگەلأ رۆژەکانی مانگی سالّی زایینی بۆ نموونە رۆژی (١١) ئازاری ١١/٣/ زایینی، رێکەوتی (١ئاداری کوردییە) حسێباتی کوردی ١٠دە رۆژ دووای حسێباتی سالّی زاینی یە ، لەلایەکی دیکە رێزە گوندەکانی گۆرانەتی کەدەکەونە نزیك سنوری شەبەکستان، حسێباتی کەشء هەوایان (١٠) رۆژ لەپێش واتە لەگەل مانگی زاینی دەڕوات، کەبەحسێبی سێکانی ناودەبرێت. ئەو گوندانەی دەکەونەسەر هێلی سێکانی جێیان چەقە رۆژە وخاکی سێلەكء زیخمەلانە. زۆربەی پسپۆرو شارەزایانی کەشء هەوا ناسی کۆکن لەسەرئەوەی کەدەلّێن: هاوین چەند گەرم بێت زستان هەند سارد دەبێت، کیهان رۆژ لەچلەی هاوینآ گەرم بیت،هەمان رۆژ لەچلەی زستانآ سارد دەبیت، هەردوو وەرز لەگەلأ یەکدی پەیوەندیان هەیە .

## ناوی مانگەکانی سالّی کوردی بە رێزە :

١ ـ نەورۆز(خاکە لێوە٣١ رۆژە ٢ـ گولآن٣١ رۆژە ٣–ـ جۆزەردان٣١ رۆژە ٤ـ پوش پەر٣١ رۆژە ٥ـ خەرمانان٣١ رۆژە ٦ـ گەلاوێژ٣١ رۆژە ٧ـ رەزبەر٣٠ رۆژە ٨ـ گەلآڕێزان٣٠ رۆژە

٩ـ سەرماوەز٣٠ رۆژە ١٠ـ بەفرانبار٣٠ رۆژە ١١ـ رآ بەندان٣٠ رۆژە ١٢ـ رەشەمآ٣ رۆژ،

## حسێب گر یان سالّنامەي کوردەواري:

(شەوي يەڵدا ):ڕێکەوتي شەوي٢٠لەسەر٢١ي مانگي١٢زاينی٠بەرامبەر ٣٠ی سەرماوەرزی مانگی کوردی ،لەهەموو ساڵێك ناودەبرێ بەشەوي يەڵدا، درێژترين شەوە ،لەنيوەي باکووري گۆي زەوي درێژترين شەودەبێت لەکوردستان١٤کاتژمێر زياترە وکورتترين رۆژي ساڵ١٠کاتژمێردەبێت ، درێژترين شەولەووڵاتي فيللەندايە١٨ کاتژمێرە، شەوی يەڵدا لە زماني سرياني بە واتاي لە دايك بوون دێت ، يان دەڵێن سەرکەوتني رۆژە بەسەر تاريکيدا، لە کۆنەوە خەڵکي کوردستان لەشەوي يەڵدا سفرەيان بە فێقي و مێوەجات دەرازاندەوە تاکو ڕۆژهەلات شەوچەرەيان دەکرد نەدنووستن ، چاوەڕواني لە دايك بووني رۆژي نوێ يان دەکرد ، شەوي يەڵدا بە رۆژي دادگەري يەکساني وئاشتەوايي دەهاتە هەژمارتن ،خوێنرشتن وکوشتنەوەي ئاژەڵ تێدا نەدەکرا .

رۆژی ٢٥/ ١٢ لە هەموو ساڵێك رێکەوتی ٤ بەفرانباران، دەسپێکی چلەي گەورە زستان دەست پێدەکات چل رۆژە، رۆژ دەگەرێتەوە بەواتاي سەرلەنوێ ژيان دەستپێدەکاتەوە، سەرەتای وەرزی زستانە ، وەرزي زستان دوو چلەي تێدايە چلەي گەورە و چلەي کچکە هەريەکە ٤٥ رۆژە دەکاتە ٩٠رۆژ، حسێباتەکان هەموويان دەکەونە ناو چلەی کچکە باسيان لێوە دەکەين، پەندەك هەيە زستان دەڵێت: (رۆژەکم قەردکردبي لەئادارە، پيستێ بزنێ وەدەکەم بەدارە ) .

(بێل`و بێدلخە): لە رێکەوتی ٤/کانوونی دووەم بەرامبەر ١٤بەفرانباران ، بە حسێباتی کوێستانێ شەختەی بێڵندەيە واتە کاتي راماڵيني بەفرلەسەريان بە بێلي داري راماڵيني بەفرهێندە ساردە بێل دێتە بەستان، ماوەکەی ٧رۆژە، لەدواي بێڵندە،

کورد دەڵێن : ( بێدلخە ناچيت بێ تەلخە )

(بەرخندە): بەندرخە دێت واتە کەشوهەواهێندە ساردە بەرخ لەناوزگي دايکي دەبەسترێت

(بێلندە) : لە رێکەوتی ١/١١ بۆ ماوەی هەفت رۆژ دەخايەنی تاکو ١/١٨ دەکێشی بە واتای بێل (بەفرمال) سەقا هێندە ساردە خەريکە بێل ببەستی لەکاتی بەفر رادانی سەر

بانی ماڵەکان (زەنە بەفر): ٢٠ /١ زاینی لە هەموو ساڵێك بەرامبەر ٣٠ بەفرانبار و دەسپێکی مانگی ڕێبەندانی کوردییە بەفر بارین دەستپێدەکات واتە کوشندەی بەفر بارینە لە کوردستان .

(ساردی مێرەم ) : ڕێکەوتي١٨مانگي١یەك لەهەمووساڵێك بەرامبەر ٢٨بەفرانبارانی کوردیە ، پێیدەڵێن( مێرەم )ئەوساردیە هەفتەیەك دەکێشي، مێرەم خێزاني ئۆغەنە بۆمەبەستي کۆلکردن دەچیتە سەرکاني گوندي کەشوهەوا هێندە ساردە مێرەم لەسەرکاني گوندي دەبەستري وگیان لەدەستدەدا لەدوواي هەفتەیەك ئۆغەني مێردي دەگەڕێتەوە .

(ساردي ئۆغەن) : ڕێکەوتي٢٥کانوني دووەم بەرامبەرە پێنجي مانگي ڕێبەندانە،

ساردي مێرەم تەواوبوو باسمانکرد، ئەوە بە پێي حیساباتي کوێستانە خێزانی ئۆغەن چووبووسەرکاني گوند بەسترابوو (جەمتابوو)، ئۆغەن لەکارواني دەگەڕێتەوە ماڵ مێرەمي خێزاني لەماڵ نیە کەشوهەوا هەندێك خۆش دەبێت دەچیتەسەرکاني گونددەبیني مێرەمي خێزاني ئەوە هەفتەیەکە لەسەرمان رەقبیتەوە ناویان لێنا شەختەی مێرەم یان مریەم٧ ڕۆژە، دووای ساردی مێرەم ٧هەفت ڕۆژەي دیکە دادێت کەش و هەوا هەندێك خۆشتر دەبێت بەستەلەك دەتاوێتەوە مێرەمی خێزانی دەهینتەوە مال دەیشارنەوە بەساردي ئۆغەن ناودەبرێت .دوواي ئەومێرەمە دەچیتە سەرکانيێ دەبەسترێت ئەوانە هەمووي لەمانگي ڕێبەندانە خۆشەویستەکەي ئۆغەن دێت .

لە نێوان ڕۆژانی ٢٧ /١ تا ١ / ٢ بای پێش هاتنی حاجی لەقلەق دەستپێدەکات ،حاجی لەقلەق دەگەڕێنەوە کوردستانی باشوور لە سەر هێلانەکانیان بەرچاودەکەون .

(چلە شۆر): ١شوبات بەرامبەر ١٢ ڕێبەندان لەو پێنج ڕۆژە باو باران بێت پێی دەلێن چلە شۆر.

(گەلاوێژ) : ئەستێرەی گەلاوێژ لە ساڵێك دوو چەرخان دەکات لە ٥ /٨ و

١ /٢ مانگی شوبات بەرامبەر ١٢ ڕێبەندان بۆ جاری دووەم دەگەرێتەوە ساردییەكی توند لەگەل خۆی دەهینیت ، پێی دەگۆترێت ساردی گەلاوێژ.

(ساردی پیت) :لە ١ /شوبات بەرامبەر ١٢ ڕێبەندان ، ٧رۆژە .

كورد دەلێت : (كە هات پیت و پالۆز سال دەبێ ئالۆز) .

( پیت ئەكەر لە خۆ نەریت بە كەرتك دەبیت). ( پیتی پیت كرد ، سالّی فیت كرد)

(شەوي زەنگل) : رۆژی٣شوبات بەرامبەر١٤ي رێبەندان لەكوردەواري دەلّێن بەفرێكي زۆردەبارێت. زەنگل ناوی گوندێكە لە دۆلێكی بناری چیای قەندیلە دەگێرنەوە : باوكێك بانگي مندالّەكاني خۆي كردگوتي؛جوانەگایەك بكوژنەوە و لەگەل هیزە دۆشاو ئامادەبكەن ئەوشەوخۆتان ئامادەبكە ن بۆ بەفر ڕامالین ، شەو داهات بەفرلّێیكرد ، هەرگۆشت ودۆشایان دەخوارد و بێراوەستان سەریانیان لەبەفر رادەمالي ،٣سێ بەژن بەفرباري بوو، زۆربەي خلكي گوندي كەوتنە ژێر بەفر و مردن، بەلام ئەومالّەي گوێڕایەلّي ئامۆژگاری باوكیان بوون رزگاریان بوو لەمردن .

(چلەی كچكە) :٣ی شوبات تاكو١٠ئاداریٚ زايني لەدەڤەري گۆرانەتي چلەی كچكە دەست پێدەكات حسێباتەكان هەمووی لە ناو چلەی كچكە دایە ساردی دەست پێدەكات دەلێن (چلەی كچكە بەردی دەكاتە كوچكە) یان دەلێن (چلەی گەورە حەمامێ چلێ كچكەیە ) .

كورد دەلێت : (چل چلە، چل پاش چلە، جلێ خۆ هەلگرە هەرو ئەو ملە ، چلی دیكە جۆی بیرە دانێ سەرملە ) .

(بچە ) : ئەو ناوە لە بادینان بەلاوە ماوەكەی لە ٣ تاكو ٢٣ ی شوباتە ،دەلێن ( ئەگەر هات بچە لە مالّێ خۆ دەرنەچە ) .

(عەنتەر): لەدەڤەری گۆرانەتی٣ (شوبات) بەرامبەر ١٤/رێبەندان ساردي عەنتەر دەستپێدەكات دەلێن ٩ نۆ رۆژە هەیە دەلێ ١١ رۆژە ، پەندێك هەیە دەلێن (عەنتەرە

قەلەندەرە سێ گەزونيوبەفري لەسەرە، هێشتادەڵێن قەلەندەرە) يان دەلێن (عەنتەرە هەرکەسێ لە ماڵێ خۆ بچيتە دەرە، يێ کەرە). دەلێن : (عەنتەرە هەر کەس لە ماڵێ خۆ دەرچيت کەرە).

بەسەرهاتي يەکەم: لەدەڤەری گۆرانەتی پێی دەلێن ساردی (عەنتەر)

دەگێرنەوە لەوچەند رۆژە کابرايەك دەچێتەکاروانيێ لەرێگا بەفري لێدەبارێت هزردەکات چۆن خۆي لەوسارديە قوتاربکات ، دەوارەکي خۆي دەکوشتەوەو زگي وولاغەکي شەق دەکات بەخۆي دەچيتە ناو کەلەشی وولاغەکەي هێشتا گەرمە خۆي دەپارێزێت لەوسارديە رزگاري دەبێت

بەسەرهاتیدووەم :دەگێرنەوە کابرايەك ناوي عەنتەر بوو لەوچەند رۆژانەچووبووسەرمالي دوژمني شەو بەسواري لەبەردەرگاي دوژمني راوەستابوو ئەوشەوي زياترلەسێ گەزبەفرباريبوو، خاوەن مال بەياني هەڵدەستێ کەدوژمني کابرايە دەبيني سوارێك لەسەرپشتي وولاغي رەق بيتەوە کابراي خاوەن مالدەيباتە بەرئاگرداني خۆي،دەڵێن کابراعەنتەري لەنێوان هەردووژني خۆي درێژدەکات تابەخۆ بێتەوە ، عەنتەر هەشياربۆ وە کابراي خاوەن ماڵ زاني دوژمني ئەوە عەنتەري بەرەڵاکرد . دابونەريتي کوردەواري رێگانادات دوژمني خۆت لەمالي خۆت بکوژي .

کورددەڵێن: (عەنتەرە قەلەندەرەسێ گەزونيو بەفري لەسەرە ، هێشتادەڵێن قەلەندەرە ).

لە ٣تا١٣ی مانگی شەباتێ تۆ کردن پەسند نيە دەلێن ( دە رۆژێ پاشی ، دانێ خۆ ببە ئاشی ، نەهاوێ سەرکاشی)

لە ١٤تاکو ٢٤رێبەندان يەکەم ڕۆژي ئۆغەنە لەحسێباتی دەشتی کەندێ ناوەی پارێزگای هەولێر:

بەرواري٤/ شوبات يەکەم ڕۆژي ئۆغەنە دەلێن: بارانمان ناوێ ئۆغەن کچان عاشقي چۆغەن منالان دۆستي قۆغەن .

(پیت و پاڵ ) : ٨ی شوبات بەرامبەر بە١٩ي رێبەندان ساردي پیت تەواو دەبێت پاڵ (پاڵۆز) دێت، پاڵۆز٧هەفت رۆژان دەکێشي، لە ناوچە شاخاوییەکان . پاڵۆز تەواوبێت سەقەمي دونیا دەگۆرێت

(قەرەسپات ): دوواي تەواوبووني پیتوپاڵۆز واتەلە١٤ي چاردەي شوبات بەرامبەر ٢٥ی رێبەندان ، شەختەی عەنتەر تەواو دەبێت ، (ساردي قەرەسپاتێ) دەستپێدەکات ،لەهەندێ ناوچە ساردي پاڵۆز بە ئۆغون ناودەبەن ، ساردي مانگي شوباتێ تەواودەکەن .قەرەسوبات

قەرە: بەواتاي رِەش دێت ،سوبات: بە واتای متبوون ،متبووني رەش .یان دەڵێن لەوچەندرۆژە باي سارد دێت، رەنگي مرۆڤەکان هەندێك رِەشدەبیت، یان دەڵێن: بەفر لە عەردێ نامینێت دونیا رِەش دەبیتەوە .پەندی قەرەسپات دەڵێن: (قەرەسپات بەناو وڵاتي داهات کەترەومەترەي هەڵبژارد ) باران بارین باشنیەلەم هەفتەیە، چونکە عارد رِەق دەکات

کورددەلێت:(قەرەسپات وئاخرسوبات، بەناووڵاتي داهات کەترەومەترەي هەڵبژارد) ،یعني حەیواني کەترەوبێ هێزونەخۆش و دەغەزارلەوساردیە دەمرن دەڵێن قەرەسپانە، تۆ چاندن پەسند نیە تۆکردن بەساڵدەگۆرێت لەدەشتي ناوکورِێ١٢ئاداریێ تۆکرایە ئەگەریەهارەباراني هەبێت زیاترلە یەکو دەي دەبرِیت .

(شەختەي پیت وپاڵ ) : لە دەڤەری دۆلەمەری لە رۆژی٨یشوبات بەرامبەر١٩ی رێبەندان دەستپێدەکات ، ماوەي ئەو دوو ساردیە٦رۆژن سێ رۆژي یەکەم پیپتە زۆربەفردەبارێت داروتەرِاشان دادەپۆشێت، پیت داوالەتەرِاشي دەکات مێردي پێبکات، تەرِاش دەڵێت برایەکم هەیە تاکو لەکوێستانان بگەرِێتەوە پرسیاری لێدەکەم ئەوجە مێردت پێدەکەم، سێ رۆژي دوواترپاڵ دێتەوە بایەکي بەهێز لەکوێستانان لەگەلخۆیدەهێنیت بەفر دەتاوێتەوە جورِجورِەي ئاوێدەکەوتە بن تەرِاشان، ئەوجە تەرِاش بە بەفردەلێت: ئەوە

براکەم هاتەوە ئامادەم وەرە داخوازیم . بەفردەڵێت: (جورجورەم کەوتە بنێ ، تێم نەمایەحالێ ژنێ).

یان دەڵێن(پالٚ میزێ بەپیتی دا دەکات دەیتاوێنتەوە)،

لە دەشتی هەولێر ٨١/شوبات پیت و پالۆزە دەلێن: پیتوپالۆز،ساڵبوو ئالۆز،( یەکەم رۆژي پیتە، ئەوجارە نۆرەي پیتە، کراسێ یارەکەم چیتە، هاوارلەخۆم کەنیتە )

یەکەم رۆژي پارۆزە: ٨٨/شوبات بەرامبەر ٢٩ی رێبەندان، (ئەم هەفتەش واپارۆزە، سیي و دوورۆژ پێش نەورۆزە .کەجەژني گەل وهۆزە).

١٣شوبات بەرامبەر ٢٤ رێبەندان تۆ کردن پەسند نیە دەلێن(هیشکەتیێ ئاداریێ وەکو گەنمێ لە کواریێ ) ، شەختەی تەرازوو ٦ رۆژە ،

١٤رەشەمێ بەرامبەر ٢٥ رێبەندان سەرما تێنی دەشکێت.

(رەشەمێ): (کەوتني پشکۆي هەوا) یان دەلێن: (پەنگرەی هەوا دەکەوێت) لە٢٠شوباتە بەرامبەراي مانکي رەشەمێیە، کۆتامانگي ساڵي کوردییە، رەنگي مرۆڤ لەومانگە رەشهەڵدەگرێت. پەنگرەي هەوا دەگۆرێت. پشیلەدەمیاوێنیت لەومانگە بەبادێت .

کورددەلێت: (رەشەمە رەشکێ رِوویا، بەتاڵدەکات جوالٚ و کەندۆییا، بەشەر دەینیت بووك وخەسووییا ) . ئازۆقە لە مال کەم دەبیت .یان دەڵێن: (رۆژ دەبیتە سالٚ،زگ دەبیتە جوالٚ، کابان دەبیتە بەقالٚ، نان دەبیتە نالٚ) . واتە رۆژ درێژ دەبیت مرۆڤ برسییەو زۆري دەخوات، کۆتا ساڵە زەخیرە و خۆراك کەم دەبێت .

بەرێ خەلك لەوەرزي هاوین ئازووقەي ساڵێکی بۆخێزاني خۆیدابێن دەکرد.

(پەیدا بوونی گولی نێرگز) کورد دەلێت: ( نێرگزێ حەیاسزێ ،لۆناهێلٚیت بەهار بزێت)

(تەواو بوونی مت بوون ) لە٢٥ي شوباتێ بەرامبەرەي رەشەمێ مێروستان کوني خۆي دەکاتەوە لەمتبوون خۆي رزگارکرد.

(ئاخر سويات ) : ٢٨شوباتيّ بەرامبەر٩نۆي مانگي ڕەشەميّ ساردي ئاخرسپات دێت واتە (متبوونيسپي) ، ١٤رۆژە دەڵێن لەيەكەم رۆژي ئاخرسوباتيّ دانيّ سوبانيّ تۆيبچێنيت شين دەبيت،دانيّ هێواريّ تۆكردن پەسندنيە كورد دەلێت: (نەچێنە تەڕە كاڵە ، بخۆ ماڵە، لەساڵان ساڵە). يان دەڵێن: (ئاخرسپات بە ناووولاتي داهات، كەترە و مەترەي هەڵبژارد) . واتە حەيواني لەڕوڵاوازلە ناودەبات.

دەڵێن:(ئاخرسپات،خۆلّ لەدەويّ حەيواني دەبيتە نەبات) واتەچەرياني حەيوا ن پەيدادەبێت

( شەوی پيریّ ) ١ئادار/مانگی سیّ بەرامبەر ١٠ / رەشەمیّ بەيانی زوو پيرەژن بانگی مندالانی خۆی دەكات هەستن ئاوی سارد بخۆنەوە نەكو ئەمرۆ ئاوگەرم دەبێت.

(ساردي زيپك) :يان ساردي پيرەژنيّ لەناوحسێباتي ئاخرسپاتە، باسي لێوەدەكەين

(زيپك): ٥ئازاري زايني بەرامبەري١٤مانگي ڕەشەميّ كوردي بەحيساباتي دەشتي ناوكوڕ سەرماي زيپك دەستپێدەكات ٩نۆرۆژە،

سەرماي پيرەژنيّ لەگەل ساردي زيپك دێت باسي دەكەين .پەنگرەي زەوي دەكەوێت،كورد دەربارەي ساردي زيپك دەلێن پەند (سيّ زيپە، سيّ بەر زيپە، سێي ديكە گونيّ كەنگري دەكاتە گيپە ) . يان لە كوردەواری دەڵێن: (هەتا زيپ لە مەهانە، هێشتا هەر زستانە) .

دەڵێن : زيپك دەڵێت: (بەشەو دەكەمە سا، بەرۆژ دەكەمە بەفروبا، بەزي لەسەريّ كلكيّ گيسكيّ دەكەمەكا) . كيسك دەڵێت:(تێرم خوارد لە سۆركي، پێچكم بە قونيّ زيپكي) .

زيپگ تورە دەبێت دەڵێت: (٢ ـ ٣رۆژان قەرد دەكەم لەئادارە، تاكو گيسكيّ بەداريّ وەبكەم بەرەخوارە) .

(سەرماي پيرەژن) : ٧رۆژەلە٧ئازاريّ بەرامبەر بە ١٦مانگي ڕەشەميّ كوردي، بەسەرماي پيرەژنناودەبرئت يان(بردالعجوز) لەكوردستانى رۆژئاوا مێژووي ئەوبابەتەدەگێرنەوە : دەلێن لەكوردستانيّ لەناوچەيەكي شاخاوي پيرەژنێك چەند سەرحەيواني هەبوو،

دەیانباتە ناودۆلێك بۆ لەوەڕاندن کەشوهەواخۆشەو دەستبەگۆراني دەکاو دەلێ ئەوەشوبات کۆتاییهات وبەهارهات وهیچ بەسەرحەیوانەکانم نەهاتو تازە ساردي ولافاونەما پیرەژن دلّی خۆشە لە نشکاوەکێ گوالەکی بەهاری ڕەش بە دیار دەکەویت باو و باران دێت لافاو هەلدەستی .

شوبات هانا دەبا بۆبراکەي ئادار ويێي دەلي٣رۆژم لەدەسپیکي ئاداریَ پێم ببەخشەو دابییەچەندرۆژێك سەرماو سۆلەو لافاو و باران دەستپێدەکات، سەرمایەکي لەناکاو بەسەرپیرەژن وحەیوانەکانیدا دەینن بەهارە خۆشەکەي لێدەکەنە سەرماولافاو و فەرتەنەیەك حەیواني پیرەژنێ لەناودەبات، ئاو هەستا هەمووحەیواني پیرەژنێی لەناودەبات رووداوي ئەوبەسەرهاتە بەسەرماي پیرەژنێ ناودەبرێت هەتا ئێستا ئەو بەسەرهاتە لەناوخەلکي بەلّاوە و دێتەگێرانەوە .

لە ١٠ / ٣ / ٢٠٢٠ قەدەغەی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان راگەیندرا لە بەرڤایرۆسی کرۆنا ، خودایە ئەودەردومەفتە لەسەرهەمووخەلکي جیهان بچیتو بە تایبەتی خەلکی کوردستان سەلامەت بیت، لە هەندێ ناوچە ١٠ تا١٧ ئاداریَ زیپە دەلێن ( هەندی زیپە زیپەدارن ، ئەگەر بباری یان نەباری هەر سارن ).

(رۆژي گیسگ) : ١٤ئاداريَ زايني بەرامبەر٢٥ي مانگي رەشەمێ کوردي، پێي دەلّێن کوتا رۆژي زیپە .کیسك خۆي هەلداويَ ودەلّێت: ( ئەزگیسکم گیسکەلۆکم، بەهارهاتو قشکۆکم، تێرمخوارد لەسۆرکي، پێچکەم بەقوينێ زیپکي ) .

زیپك تورە دەبێت بەئاداریَ دەلّێت: (بدەمن رۆژە کاسار، داکو بەزي لەکلکێ گیسکێ بکەمەدار) .بزن دەلێت گویم بەریشی زیپکە بەزم هاتەکلەکە،

زیپك دەلێت: (سێ رۆژ لەئاداریَ قەرد دەکەم، بەزی لەکلت ڕەق دەکەم)

(ساردی پیرەژنێ)هەفت رۆژە لە ٧ئاداریَ تاکو ١٤ئاداریَ .

(خدروئەلیاس) : ١٥ئاداريَ بەرامبەریە٢٦مانگي ڕەشەمێ کوردي حسێباتي خدروئەلیاس دێت هەریەکە ٣ رۆژە دەکاتە ٦شەش رۆژ تەواوبێت دەگەینە رۆژي نەورۆزێ،

کورددەڵێن :(هات خدرولاس، ساڵ بوو خەڵاس ) .

(ئەگەرهات خدر، عەرد دەبێ پندر پەیدادەبێ کەنگر).

(ئەگەرهات ئەلیاس، پەیدادەبێ رێواس ) .

یان دەڵێن(هات ئەڵیاس ساڵ بووخلاس ) .

(جەژنی نەورۆز ) : رۆژي٢١ئاداري دەڵێن : نەوروزێ سوڵتاني گاي دەکوژي لەخاني خودان پێنزاني .رۆژي نەورۆ سەري ساڵي کوردیە، شەوورۆژبەرامبەرە یەکساندەبیت ، ١یەکي مانگي خاکەلێوەي کوردیە، کورددەلێت: (نەورۆزێ سولتاني ڵاندکا ساواي ببە سەریاني ، زەرەر ناگاتە گیاني ) .یان دەڵێن:(نەورۆز باژو بەشەو و رۆژ، هەندێ بباریت نابێتە قورِوتۆز).

لەناوچەی کاکەییان دەلین: (لەدواي نەورۆزي سولتاني ترگوتۆفاني سەرما رسان جلکۆتەرە سوزاني، مەنجەلي شیرنەکولاني، بزن لەسەرکاري ناباني ).

(مانگی ئاداریٔ ) : کورد دەلێت :( ئاداریٔ مەشکەي دەگرن لەداریٔ لێرەنا لەشنگاریٔ ) .

کورد دەلێت: (نە ئادار بوهارە ، نە خۆخ دارە ، نە کچ هەوارە )

یان دەلێن: (ئاداریٔ بەفربکەویت هەتاگۆي داریٔ نامینیٔ هەتا هێواریٔ).

(ئادار بەهار نیە)١٧/١٨ئاداري کوردیە .بەرامبەر٢٧/٢٨ ئازاری زاینی ،

کورد دەلێت:(١٧/ (١٨ئاداریٔ مەگرە بەبوهاریٔ، رۆژەکە لە رۆژیٔ زستانیٔ بگرە دەرکیٔ کۆدانیٔ) دەڵێن: ( ١٨ئاداریٔ بەفر لەملا دێتە خواریٔ ) ، کەشو هەوا گەرم دەبێت ،ڕەنیٔ بەفریٔ لە رۆژانا پەیدا دەبێت .یان دەڵێن: (ئادارناچي بیٔ دۆ، نیسان ناچي بیٔ جۆ، گولان ناچي بیٔ هۆ)، واتە:لەئاداریٔ ماست پەیدا دەبێت، لەنیسانیٔ درونەي جۆ دەکرێت، لەگولانیٔ گیرە دەگرێت،

کورددەلێت: (ئادارگەرم نیسان سارد) .

(سێزدەبەدەرە): ٢/ ٤زاينى بەرامبەر١٣مانگي خاكەلێوەي كورديە، ئەورۆژە لەكوردەواري پێي دەگووترێت (سێزدە بەدەرە) لەگوندە شاخاويەكاني كوردستان منداڵان دارێك بەدەستيان وەيە لەدارو بەرد و ديوارو سواندەكاني خاني گوند دەدەن و دەڵێن: ( سێزدە بەدەرە لەگوندێ مە هەڕە دەرە ) .هەندێ شتيان وەكو مێژوو گوێز و شەكرۆكە يان پێدەبەخشن .

(مەلكە زەن دەنگـلە بوهار دەكەن)٣ي/مانگي٤یزايني، بەرامبەر٢٤ئاداري كورديە، كورد دەڵێت :(٢٤ئاداريێ، مەلكەزەن دێنە خواريێ، بانگدەكەن لەبوهاريێ، سەريێ داريێ و بنێ داريێ)

(دارهاوێژە ) : ياندەڵێن : گۆپال يان دەستەدار بەهاوێيە عەردێ بەياني بێيەوە بە سەروشوێني ناكەويەوە گيا هەلستي كرديە نايدۆزيەوە .

چەند پەندێك هەيە دەربارەی كوليلك كورد دەڵێن : (نێرگزێ حەيا سزێ لۆ ناهێلی بوهار بزێ ) لە ٢٢ی شەباتێ بەرامبەر ٣ی رەشەمێ لە دەشتی ناوكورگولی نێرگز پەيدادەبيت.

( كوليلكێ گاگرو، بەهاری هينا بەدرۆ، نەماست هەيە نەدرۆ )

دەڵێن :(كوليلكێ نيسانێ بە هاری هينا بە هەلقە تيزانێ)

دەڵێن : ( كوليلكێ باسكە قەلوينە و بەهاری هينا بە توينە ) ،

دەڵێن : (وەختێ هێرۆ سۆران ، هەرنە ماڵی بزن زۆران)

دەڵێن : (بەرخێ چلەی ، كارێ رەشەمەی ، گۆلكێ ئادارێ ، جوانيێ نيسانێ ) .

يان دەڵێن : (كوليلكە خاتوينە بەهاري هينا بە توينە) .

كورد دەڵێت : (لەهەيڤێ نيسانێ بباريت تاوەكي بارانێ باشترە لەمولكێ خورەيسانێ يان لە تاكە دەستارەكي زێرلەناو ديوانێ)

دەڵێن: (ئەگەرهات دەنگێ عەياري، جۆي ببڕە وەكي خەياري) واتە: وەختي درونەي جۆيە،

کورددەلێت:   (شەویٚ گولانیٚ ناباریت تاویٚ بارانیٚ، چونکي بزنیٚ کیوي لە بەرزانیٚ) ،واتە:لەمانگيٚ گولانیٚ حەیوانیٚ پەزکیوي دەستبە زگوزانیٚ دەکەن .

(دوو بێرە ) : لەمانگيٚ نیسانیٚ دەبیتە( دووبێرە، کەرە دەبێتە پێگێرە)

(چل چلە چل پاش چلە جلیٚ خو هەلگرە هەرو پاش ملە چلي دیکە جوی`بدورە دانیٚ سەرملّە).

(بەرهەمی سپیایی): ١٤تاکو٢١ي نیسان باشترین بەرهەمەکاني سپیایي پەیدا دەبێت، کورد دەڵێت: (کابانیٚ نەزانیٚ، کاني روونیٚ نیسانیٚ).

(تێرە خۆرە) : یان دەڵێن: (١٧و١٨ي نیس، گیابوو پەنگەي ریس) .

دەڵێن: (١٧ -- ١٨ي نیسانیٚ، هات تێرەخۆریٚ گاڕانیٚ) .

٥ئایار-١٥گوڵان-١٢رەمەزان بوو، خوا رۆژي وعیبادەتمان قەبوولبکات .

(دەنگیٚ عەیاری) : کورد دەڵێن: (ئەگەرهات دەنگي عەیاري، جۆي ببڕە وەکي خەیاري) ، عەیارجۆرەزیندەورێکي بچووك وبالّدارە کەمێك لەمێش هەنگڤین مەزنترە، لەشێوەي پیتي زززززززز دەخویني پەیدابووني نینیشانەي کاتي دروونەي جۆیە ، کورد دەربارەي مانگي گوڵان دەڵێت: (ئادارناچي بێدۆ، نیشان ناچي بیٚ جۆ/دروونەي جۆ/،گوڵان ناچي بیٚ هۆ (گێرە) .لەهەندیٚ شوێن دەلێن : گوڵان ناچي بیٚ رەوەندۆ(واتە لەمانگي گوڵانیٚ ڕەوەندۆك مەرومالاتي خۆیان بەرە وکوێستان دەبەن ).

(باران بڕان) ٣١ مانگی گولانیٚ بە باران بڕان دەناسرێت ، لەو قۆناغە پەزکییوی دەستبەزاوزیٚ دەکەن ، کورد دەلێت : (لە کۆتا مانگی گولانیٚ ، ناباری تاویٚ بارانیٚ ، حەیوانیٚ کیوی لەبەر زانیٚ) ، مانگی گولان تەوابیت هەوای بەهاریٚ وەلدەگەڕێت و سەقا بەرەو گەرمایەکی دژوار دەچێت . کورد دەلێت :( هاوین دایك و بابە ) .یان دەلێن (هاوین مالّباتە) .

لەدووای گولان مانگی حوزەیران دێت. چەندپەندێك لەسەرمانگي حوزەیران، کورد دەڵێن:

_ خزێران خنزري،شينكاتي لەعەرديٚ برِي.

_ خزێران خەزري ، چ خۆلەبەرناگري.

_ حوزەيران غەزري ، گيالەمێرگان كردە كويزري

_ حوزەيران خەزري ، ئاگر بەربېێتە گري، بەكەس وەنامري .

(دەسپێكي چلەي هاوين): رێكەوتي٢٥مانگي حوزەيرانيٚ زايني بەرامبەر٣يپووشپەري كوردي دەسپێكي چلەي هاوينە، شينكاتي نامێنێت دەبێتە ئەگەري پێگەياندني هەنديٚ جۆري فێقي، رِۆژ رِووي خۆي وەڵدەگێريت بەرەو وەرزي زستان دەچێت . كورددەڵێت : (پێت بەقەسەلي بكەوێت واتە پێت بە بەفريٚ كەوت)ن،چونكە دەبيت كەسي كورد بەتايبەتي ئەوانەي خاوەن چێل ومەرِومالّاتن، خەريكي كاروباري وەرزي زستانيٚ بن،كاو ئاليكو سۆتەمەني دابێن بكەن بۆسەرماوسۆلي وەرزی زستانيٚ.

(درێژترين رۆژ ) ٢١ مانگی ٦لە هەموو سالێك درێژترين رۆژی سالّ دەبێت ١٦،٢٢شازدە سەعات و بيست و دوو خولەكە،

(كورترين شەو) ٧،٣٨هەفت كات ژمێرو سي وهەشت خولەكە، لەو رۆژە كەعبەی پيرۆز سێبەری نامينێت و چونكە لە كاتی نيوەرۆ خەپلەی رۆژ لەسەر ئاواهی كەعبە بە ئەستوونی رادەوەستێت

(ئەستێرەي گەلاوێژ) : رێكەوتي٥ي ئاب بەرامبەر١٤ي خەرمانان ئەستێرەي گەلاوێژ يان (ئەستێرەي كۆچەري) پێدەڵێن لە كوێستانان بەدياردەكەوێت، ئەمرۆبانگي مازيچنين لە گوندەكانی ناو دەقی چياكان رادەهێلن ،٤٥رۆژ لەهاوين تێدەپەرِێت نيوەي وەرزي هاوينە، دونيا بەشەوان فێنك دەبێت، هەنجيرو تريٚ شرين دەبن و بەتەواوي پێدەگات، كورد بۆخاوەن رِەز دەڵێت:(هات وەختيٚ تەوسك و هەنجيرا، مالێمە خۆشترە لەمالێميرا ).ئەستێرەي گەلاوێژ٧ي مانگي ئاب لە ناوچەچياكان دەبينرێت،١٢ ي مانگ لەگوندي

مۆريلاني دەڤەري گۆرانەتي دێتەديتن چونكە شوێنيان بەرزە، لە١٥مانگلەگوندەكانى ناو دەشتي ناوكورپەديارەكەوێت.

## نيشانەكانى هاتنى ئەستێرەی گەلاوێژ ئەوانەن : ـ

١ـ ئەستێرەی گەلاوێژ هەلێت نيوەی مانگی وەرزی هاوينە .

٢ـ ٤٥ رۆژ لە هاوين بڕوات شەو فێنك دەبێت .

٣ـ بالندە كۆچبەرەكات وەكوحاجی لەق لەق و پەرەسێلكە كۆچدەكەن

٤ـ گاقۆڕان تەواو دەبێت ، دايمە كانياوەكان ئاوی زێدە دەكات .

٥ـ دارو بار سەر لە نوێ نەشونمادەكاتەوە .

٦ـ هەنجيرو ترێ بە تەواوی پێدەگات كورد دەلێت : (هات وەختێ تەوسك و هەنجيرا ، مالێ مە خۆشترە لە مالێ ميرا ) .

٧ـ شەرتی شوان و رێنجبەران هەلدێت بۆيان هەيە ٦ شەش مانگی تر نوێ بكەنەوە لە كۆنەوە گرێبەستيان شەش مانگبوو

٨ـ مەلەوانی كردن دووای هەلاتنی گەلاوێژ پەسند نيە مرۆڤ دێتە هەنگافتن.(١)

## زانياری زياتر لە سەر ئەستێرەيگەلاوێژ :

گەشترين ورووناكترين ئەستێرەيە لەئاسماني زەوي، بەئينگليزي پێيدەڵێن سيريەسSirius ، لەيۆناني بەماناي بريسكانەوەدێت هەروەها سەگي گەورەشي پێدەڵێن ،بەعەرەبيش پێيدەڵێن الشعري اليمانيه لەقورئاني پيرۆزدا بەمشێوەيە ناوي هاتووە: ﴿وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى﴾(النجم:٤٩ ) ،ئەستێرەي گەلاوێژ لەكۆئەستێرەي سەگي گەورەيە Canis Major، گەلاوێژ لەكۆنەوە لەلايەن يۆنانيەكانەوە تۆماركرابوو، هەروەها لەلاي زۆريەي گەلان ناسراوە، لەلاي ميسريەكۆنەكان كاتي يەكەم بەدياركەوتني گەلاوێژسەري ساڵی

---

١ ـ عەلی ئيسماعيل ئەندازياری كەهرەبائی خانەنيش،لە قەزای بەردەرەش

مسرییەکان بوو، پێیان دەگووت ئەستێرەي نیل چونکە هەمیشەکە بەدیاردەکەوت، روباري نیل هەڵدەستا و ئاگاداري دەکردنەوە لەهاتني لافاو.

هیندیەکان پێیاندەگووت ساڤانا یان سەگي شازادەیودهیستیراPrince Yudhistira ،وەئەفسانەیەکي دورودرێژ لەسەرشازادەو ئەستێرەي گلاوێژ هەیە، هەروەها لەلاي فارسەکان وزەردەشتیەکان بەهۆکاري باران ویە پیتي دەهات، لەلاي کوردیش بەهۆکاري فێنکبووني کەشوهەوادادەنرێت، ساڵانە لەدواي ڕۆیشتني ٤٥ ڕۆژ لەوەرزي هاوین لەشەوي ٥ ی مانگی ٨ ،لە کوێستانان ئەستێرەي درەوشاوەي گەلاوێژ لەئاسمان بەدیاردەکەوێت ویەخێرایي بەئاسماندانتێدەپەڕێت، لەگەڵدەرکەوتني ئەستێرەي گەلاوێژ، شەوانەکەشوهەوافێنك دەبێت ،مزگێني نەماني گەرماي هاوین وفێنکبوني کەشوهەوا بەخەڵك دەدات، لەکۆندا کاتێك گەلاوێژئەنگوت، خەڵك پێشوازییەکي گەرمیان لێدەکرد، وەك مژدەي سەرکەوتن بەسەرگەرماي هاوین پێناسەیاندەکرد،

بەڵام ئێستا نەك هەرپێشوازي لێناکریٚ، بەڵکوکاتی بە دیارکەوتنکەشي نازانن، گەلاوێژ کەوتن یەکێکە لە پێوەرو لێکدانەوەی ناو دیدەکانی دونیای کۆنەلگەی کوردییەوە بە تایبەتی لای خەلکی گوندەکان ئەوانەی سەرگەرمی باخداری و ئاژەلداری و کشتوکالن ، مەڕومالاتیش هەستی پێدەکەن لەکاتی شەویندا خۆیان لێك نزیك دەکەنەوە،باخ وبیستان و شینایش ئاوی گەرمیان دەوێت ،گەلاوێز ئەستێرەیەکی زەبەلاح دەکەوێتە بورجی سەگەوە ، گەلاوێژ ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدارە ،شەڕی لەگەل مانگدەکات ،تەمەنی بە ٤٠٠ ملیۆن ساڵ دەخەملێنرێت

ئەستێرەي گەلاوێژ یەکێکە لەدرەوشاوەترین ئەستێرەکان قەبارەکەي دووئەوەندەي خۆرە، ڕوناکیەکەشي ٢٦جارلەڕوناکي خۆر زیاترە ،بەڵام لەبەرئەوەي نۆساڵي تیشکي لەخۆرەوە دوورە، هەربۆیەڕوناکیەکەي ناگاتە زەوي،لەگەڵ ئەنگوتني گەلاوێژ،چەند نیشانەیەك هەن بەئاشکراهەستیان پێدەکرێت، ئەگەرگەلاوێژ ئەنگوت وبەدیارکەوت،

هەردووبالّندەي پەڕەسێلكەو حاجيلەقلەق كۆچدەكەن بۆخواروي باشور، بەلّامبالّندەي پەپووسلێمانكە بەپێچەوانەي ئەودووبالّندەيە، هەركەهەستي بەنزيكبونەوەي گەلاوێژكرد، دێتەجێگاي ئەوانو شوێنيان دەگرێتەوە ،هەردارێكيش گەلّاي وەريبێت لەتێنوان، دواي گەلاوێژ دوبارە چرۆدەردەكاتەوە، زەويش دەخوسێت وباشتر ئاوڕادەكێشێت، باغ وبێستا وشينايەتيش ئاوێكي كەمتريانەدەويٚ پێش گەلاوێژ، كاتێك دارێك دەبڕي بەئاساني توێكلّي لێدەبێتەوە، بەلّام دوايگەلاوێژ بەزەحمەت توێكلّي ليٚ دەبێتەوە،

لەكۆندا كاتێك ئەستێرەي گەلاوێژ دەردەكەوت، ئەيانگۆت مندالّينە چديكە مەلە مەكەن خۆ دەناو ئاويٚ هەلّمەينن، گەلّاوێژ ئەنگوتيە نەخۆشدەبن، ئەگەر گەلاوێژ ئەنگوت ئيتروەختي مازيانەوخەلّك دەچنە ناولێڕي مازيان دەكەن، مەڕومالّاتيش هەستيپێدەكەن ودواي گەلاوێژلەشەواندا لەيەكتر نزيك دەبنەوە ،ئەوەش نيشانەي فێنكبوني كەشوهەوايە،دواي هەلّهاتني گەلاوێژ،ميوەي ترێ تامي شيرين دەبيٚ وبەتەواوى پێدەگات، هەربۆيە لەكۆنەوە گوتويانە: (دواي گەلاوێژ ترێ، بەتامترئەخورێ، يان دەلێن : (گەلاوێژ كەوتە بەرشەوێ، دەست بەرە لۆ باخەلّي مێوێ)

دەسپێكی وەرزی پایز: ٢٣ئەيلوول بەرامبەر(١)مانگی رەزبەر(مشتاخان)

--شەو و ڕۆژ بەرامبەر دەبێت،-- سەقاسارد دەبێت،--پەلّكي داردەست بەوەريان دەكات، --ئامادەكاري بۆ وەرزي زستان دەكرێت ، --كۆچەراتي لەزۆزان

بەرەوگەرمەسێن دەگەرێنەوە . كورد دەلّێت: (ئەيلووليٚ پەزلەكۆنيٚ، كۆچەرلەسەرچوونيٚ)

ـ گاووو ولّاغيٚ جۆتي لەمالّدەگرنەوە تاوەكو قەلّە و بەهێزبن بۆجۆتكردن .

(كەپرە شينە): لە ١٥ / ١٠هەموو سالێك جووەكان باديان دەكردەوە كەپرە شينە بۆنەيەكي ئايني جولەكانە، لەگوندەكاني دەڤەري گۆرانەتي جووەكان لەرۆژي نيوەي پايزێ رێكەوتي١٥ مانگی ١٠دە لە هەموو سالّێك كەپريان دروستدەكرد بەلقەداري شين

دایاندەپۆشي، بۆیەناوي لێنراکەپرەشینە، ئەونەریتە بەردەوام بوو تاکوسالي١٩٥١جووەکان کۆچیانکرد بۆ ئیسرائیل ئەنجامدەدرا،..هەفت رۆژان دەیکێشا، دەلێن موسي پێغەمبەري بەني ئیسرائیلیان لەورۆژە بەسەرفیرعەون سەرکەفتبوو،خوازاناو ١٠ ئاگادارە زۆرسالان لەوکاتە باران دەبارێت گەندەپەلە یان سەرپەلەي پێدەگۆترێت .

(هاوینێ میرشەرەڤي ): ٢٣/ ١٠تاکو٢/ ١١زایني ، بەرامبەر١ ي گەڵارێزان تاکو١١ي گەڵارێزاني کوردي ، دوواي ساردبووني کەشوهەوا لەنشکاوەکێ سەقاگەرم دەبێتەوە لەدەڤەریگۆرانەتي بە(هاوینەکچکەلە)ناودەبرێت، هەندێ ڕەوەند دەگەرێنەوە کوێستانان لەوانەکەسێك ناوي میرشەرەف بوو، دەبیني باڵندەیەك لەسەرهێلکەي خۆي کورك بووە، میرشەرەف مەڕومالًات وخێزاني خۆي دەگەڕێنتەوە کوێستانان، بەفروباران لێدەکات مەڕومالات وخێزاني لەناودەچێت، بەتێ دەگەرێتەوە دەبیني باڵندەکە مردبوو دەندوکي گڕ بووە دەلێت= (باڵندەي دەمگڕ،مەڕومالًاتێ منت کرقڕ،مالێخوتیش خراپکر).

( کەش و هەوا ناسی ) لە کوردەواری

خوای گەورەو مهرەبان لە ئایەتێکی قورئان فەرموویەتی : بسم الله الرحمن الرحیم.( واما عاد فاهلکوا بریح صرصر عاتیه*سخرها علیهم سبع لیال و ثمانیه وم صرعی کانهم اعجاز نخل خاویه)صدق الله العچیم. خوای گەورە ساردییەکی کوشندەی وەکو غەزەب بە سەر نەوەی عاد هێنابوو کە ماوەکەی هەفت شەوو هەشت رۆژ، تێدا قەڕماو قڕیبوون . لە ناو کوردەواری خۆماندا مانگەکانی وەرزی زستانیان دابەش کردۆتە سەر هەشت رۆژ، ناوێکی تایبەتیان بۆ داناوەکە لەگەڵ کات و ساتی شەختەو سڕی ئەو وەرزی دەگونجێت،ناوچە کوێستانیەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ ناو چەکانی گەرمەسێن( دەشت) لەو هەردوو

| ناوی شەختە | مانگی کوردی | مانگی زاینی |
|---|---|---|
| بەرخندە | ١٤/ بەفرانبار | ٤/ کانوونی دووەم |
| بێلٚندە | ٢١/ بەفرانبار | ١١/ کانوونی دووەم |
| سێرەم | ٢٨/ بەفرانبار | ١٨/ کانوونی دووەم |
| ئۆغەن | ٥/ رێبەندان | ٢٥/ کانوونی دووەم |
| پیت | ١٢/ رێبەندان | ١/ شبات |
| پاڵ | ١٩/ رێبەندان | ٨/ شبات |
| خدر | ٢٥/ رێبەندان | ١٤/ شبات |
| ئەلیاس | ٣/ رەشەمێ | ٢٢/ شبات |

١- نەورۆز(خاکە لێو)		٣١رۆژ
٢- گوڵان (بانە مەڕ)		٣١رۆژ
٣- جۆزەدان		٣١رۆژ
٤- پوشپەڕ		٣١رۆژ
٥-خەرمانان		٣١رۆژ
٦- گەلاوێژ		٣١رۆژ
٧- رەزبەر		٣٠رۆژ
٨- کەلاٚ رێزان(خەزلەوەر)		٣٠رۆژ
٩- سەرماوەز		٣٠رۆژ
١٠- بەفرانبار		٣٠رۆژ
١١- رێبەندان		٣٠رۆژ
١٢-رەشەمێ		٢٩رۆژ

ساڵی کوردی وەکو ساڵەکانی نەتەوەی تر لە ١٢ دووازدە مانگپێکهاتووە، ئەگەر بزانیت ساڵی کوردی کەی دەست پێ دەکات (٧٠٠) ساڵ دەخاتە سەر ساڵی زاینی .
٢٠٠+٧٠٠= ٢٧٠٠ ساڵی کوردی ، گرینگی ساڵی کوردی لەو خاڵانە بە دیار دەکەوێت:
١-ساڵەکانی سادە(بسیگە) ساڵ دەبێتە ٣٦٥ رۆژ مانگی رەشەمێ ٢٩ رۆژ دەبێت .

٢-ساڵی پڕ( کەبیسە ) ساڵ دەبێتە ٣٦٦ رۆژ رەشەمێ ٣٠ رۆژ دەبێت .
٣-مانگی کۆتایی ساڵ –رەشەمێ- دەبێتە ٢٩ رۆژ و ٣٠ رۆژ.
٤-وەرزەکانی ساڵ لە سەرتای مانگەکان دەست پێ دەکات هەر سێ ٣ مانگ دەبێتە وەرزێك بە پێچەوانەی ساڵی زاینی .
٥- کەلۆوەکان –ابراج- لە سەرەتای مانگەکانی ساڵی کوردی دەست پێدەکات .
٦- ساڵی زاینی هەر بە ( ٣٣٣٠ ) ساڵ رۆژێك فەرق دەکات، بەلاّم لەی ساڵی کوردی بە ٥٠٠٠ ساڵ رۆژێك فەرق دەکات .
٧- ناوی مانگەکانی کوردی لەگەڵ کات و ساتی ساڵ دەگونجێت .
٨- ٦ شەش مانگی یەکەمی ساڵی کوردی ٣١ سیی و یەك رۆژن شەشەکەی دوای ٣٠ رۆژن، جگە لە مانگی کۆتایی – رەشەمێ- لە سالاّنی سادە ٢٩ رۆژە و لە ساڵی پڕ ٣٠ رۆژە .
سەرەتایی ساڵی کوردی لە یەکەم رۆژی مانگی نەورۆز نوێ دەبێتەوە ، لەو رۆژەدا شەو رۆژ بەرامبەر دەبن و یەکەم رۆژی وەرزی بەهارە ، کاوەی ئاسەنگەر تێدا ئەژدیهای لە ناو برد هەروەها کۆتایی هاتنی سڕەو سەقەمی وەرزی زستانە .

| ژ | مانگیکوردی | بورجەکان | مانگی زاینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ نەورۆز | ٢ حمل | ٢١ ئازار |
| ٢ | ١ گولاّن | ٢ پۆر | ٢١ نیسان |
| ٣ | ١ جۆزەردان | ٢ جوزاء | ٢٢ ئایار |
| ٤ | ١ پوشپەڕ | ١ سرگان | ٢٢ حوزیران |
| ٥ | ١ خەرمانان | ١ اسد | ٢٣ تەمووز |
| ٦ | ١ گەلاّویژ | ١ سنبلە | ٢٣ ئاب |
| ٧ | ١ رەزبەر | ١ میزان | ٢٣ ئەیلول |
| ٨ | ١ گەلاّرێزان | ١ عقرب | ٢٣ تشرینی یەکەم |
| ٩ | ١ سەرماوەز | ١ قوس | ٢٢ تشرینی یەکەم |
| ١٠ | ١ بەفرانبار | ٢ جدی | ٢٢ کانوونی دووەم |
| ١١ | ١ رێبەندان | ٢ دەلۆ | ٢١ کانوونی دووەم |
| ١٢ | ١ رەشەمێ | ٢ حوت | ٢٠ شوبات |

## حساباتی وەرزی زستان: لە ناوچەی گۆرانەتی

| ناوی سرەو ساردیەکان | لە سالی زاینی | لە سالی کوردی | ماوەی |
|---|---|---|---|
| چلەی گەورە | ٢٥ کانوونی دووەم | ٤ بەفرانبار | ٤٠ رۆژە |
| چلەی گچکە | ٣ شبات | ١٤ رێبەندان | ٤٠ رۆژە |
| عەنتەر | ٣ شبات | ١٤ رێبەندان | ١١ رۆژە |
| قەرەسپات | ١٥ شبات | ٢٦ رێبەندان | ١٤ رۆژە |
| ئاخرسپات | ١ ئازار | ١٠ رەشەمێ | ١١ رۆژە |
| زیپك | ٥ ئازار | ١٤ رەشەمێ | ٩ رۆژە |

## (رەشەمە دەرکردن)

## لە ناوچەی مێرگەسۆر:

میللەتی کورد لە هەموو نەتەویەك زیاتر حەزلە گەشت و گوزار و سەیراندەکات بەتایبەتی لە وەرزی بەهار. دوای تەواوبوونی سرەو سەقەمی زستان کژو گیا سەرهەلدێنیت زەوی تابلۆیەکی رەنگاو رەنگبە خۆی دادەپۆشێت،پرلە گولالەی رەنگاو رەنگ،هەردۆلێك بە رەنگێك هەرگولێك بە بۆنێك، بەفر دەتاوێتەوە و بەرەو لوتکەی چیا بەرزەکان هەلدەکشێت ولە ناودۆلەکان شەپۆلی ئاوتێکەل بە دەنگی چریکەی بالندەکان دەبێت ،هەستی کەسی کورد دەهێنێتە جۆش . بە لێ دەستە دەستە خەلکی دانیشتوانی گوندو شارەکانی ناو دەقی چیاکان، خویان بە جل و بەرگ دەرازێنەوە و بە چەپلەو گۆرانی لە قەراغ ئاوی رووبارەکانی دامێنی چیاکان ئۆقرە دەگرن .

دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەی مێرگەسۆرهەرلە کۆنەوە دوای تێپەربوونی ١٠ رۆژلە مانگی رەشەمێ ، رۆژێکیان دیاردەکرد بۆدەرکردنی رەشەمێ لە گوندەکەیان مەرج نەبوو گشت گوندەکان لەگەل یەکتری دەست بە رەشەمێ دەرکردن بکەن لە رۆژی رەشەمێ دەرکردن نابێ هیچ کەسێك لە گوندی بچێتە دەرەوە ئەگەر میوانیش لە گوندی هەبوو دەمێنێتەوە، شوان و گاوان و مەرو مالاتی گوند گشت گیانلەبەرێك لە گوند دەرناچێت ،ئەنجا بەیانی مندالانی گوند لە شوێنێکی دیاری کراودا کۆدەبنەوە هەریەکە شوارکەك بە دەستیەوە مال بە مال دەگەرێن بە شوارکەکەی دەستیان لە دارو بەرد و تاق و سواندەی

خانیەکان دەدەن، لە خاوەن ماڵ و خودانی مەڕو ماڵاتەکانیش دەدەن نەك بە زەبر هێدیلۆکە ، ئەم گۆرانیە لەگەڵ دەڵێن:

ڕەشــــەمــــــە دەرەدەر

ئادارت گەیشتە سەرە

نیسانیش بەرامبــــــەرە

لەگوندێ مە هەڕە دەرە

(هەڕە فلان گوندەی ناوی یەکێك لە گوندەکانی دەورو پشتیان دەڵێن ) لەو ڕۆژەدا کابانی ماڵێ هێلکە و گوێز و مێوژ و لەتکە هەنجیر و شەکرۆکەی ئامادە کردووە بە سەر ماڵان دابەش دەکات .

زارۆکەکان گشت ماڵەکانی گوندی دەگەڕێن تا کۆتایی پێ بێت ، ئەنجا هەرکەس دەچێتە سەرکاروکاسبی خۆیان بۆ رۆژی پاشتر دانیشتوانی گوند( ئافرەت و پیاو کوڕ و کچ گەورەو بچووك ) خۆیان بە جل و بەرگێکی جوان دەرازێنەوە هەمووبان وێکڕا بۆ دەرەوەی گوند دەچن بۆ سەر کانیاوێك لەوێ دەست دەکەن بە گۆرانی گووتن و هەڵپەڕکێ ، ئافرەت و پیاوە تەمەن دارەکان لە شوێنێکی تایبەت دادەنیشن و سەربردەی کۆن و قسەی خۆش بۆ ئامادە بووان دەگێڕنەوە . لە دوای نان خواردنی نیوەڕۆ هێدی هێدی بە چەپلە کوتان و گۆرانی گوتن بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە . هەندێك نان و خواردنیش لەگەڵ خۆیان دەهێنەوە گوند بۆ ئەو کەسانەی پیر و ئەختیارەکانی نەیانتواني بوو لە گوند دەربکەون ، هەریەکە قاپە خواردن بۆ پەککەوتووەکانی گوند رەوانە دەکەن، بۆ ئەوەی بەشی ئەوانیش بکەوتە تێدا، لە خواردنی ڕەشەمە دەرکردن بێ بەش نەبن .

## ( بەلورە ) :

لە کۆتایی وەرزی زستان بەفر دەتاوێتەوە و دەست لە سەر زەوی هەڵدەگیرێت بەرە بەرە بەرەولوتکەی شاخە بەرزەکان دەڕوات بەفری ڕەنییەکان هەڵدەوەشێن، لە ناو دۆلەکان لێشاوی ئاوی بەفر شەپۆڵ دەدات . زەوی وەکو پارچە خالیچکەیەکی دەست کردی کوردەواری ڕەنگاو ڕەنگخۆی دەرازێنێتەوە، ڕۆژ درێژ دەبێت ، کەسی کورد خۆی لە ماڵ پێ راناگیرێت دەستە دەستە کوڕو کچ ئافرەت و پیاوی دێهات و شارە شاخاویەکان ،بە جوانترین جل و بەرگ خۆیان دەرازێنەوە بەرەو چیاکان ،دۆڵو نەهاڵ زنارەکان دەکەونە ڕێ ، دوودووسێ سێ پەرت دەبن هەرچی بخورێت دەیکەن وەکو: ڕێواس و کەنگرو شیرمل و

قەلەندۆرو مام رێواس و گێزبەلەوچەورۆکە و ترۆشکەوکاردی . هەروەها پیفۆك و حەپەلۆك و پەنـدیرو پۆسکە و خورمـە چیچـانە و شـنگو سێبسکۆڵە و... ، دوای گـەڕانێکی زۆر بارکۆڵەی خۆیان پڕدەکەن لە بەرهەمی نوێی بەهار پێش گەڕانەوەیان بۆ مـاڵ دەست دەکـەن بـە گـۆتنی گـۆرانی لەسـەر شـێوەی بـەلورە ، بـەلورە بریتیـە لـە دانـانی هـەردوو ئەنگوستی گەورەی دەست لە سەر قورگ و گێڕانی نزمە گۆرانیەکە کە بە هۆی هـەردوو ئەنگوستی، نزمێکی تـایبـەتی بۆ دادەنێـت، کـاتی دەنگی بـەلوریـان بیست وەردە وەردە کۆدەبنەوە و بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە، دوایی رابواردنێکی خۆش لە ناو گولو گولزاری دامێنی کانیاوەکانی چیا .

## ( سیزدە بەدەر):

وەکوداب و نەریتێکی کۆن لە ناومان مایتەوە ، ژمارە ١٣ سیزدە بە ژمارەیەکی خراپ و نەعس دادەنێن،هەریەکێك بە مرازنەگات و بەختی کار نەکات پێی دەڵێن : ئەو کابرایە سێزدەیە یان گۆترایە (١٣ سێزدە نەعسە لە کەس کەسە ) واتە : بۆ هەندێ کەس باشە . لـە دووای نـەورۆز ١٢ دوانـزدە رۆژان دەژمێـرن ، رۆژی ١٣ سـێزدە گوندنیشـنەکان تێکـڕا خواردن دەبەنە دەرەوەی گوند دان بە ووشەی ١٣ سێزدە دانانێن جگە رۆژی ١٣ سێزدە گوندنیشی کوردستان تێکڕا خواردن دەبەنە دەرەوەی گوند دان بـە ووشـەی ١٣سیازدە دانانێن جگە رۆژی ١٣ سێزدەی دووای نەورۆز بەباش دەزانن و پەسندی دەکەن. هەرچەندە لە ئاینی ئیسلام نەهی لـە ژمارە ١٣ سێزدە نەکرایە بەڵکو بە ژمارەیەکی پیرۆز دێتە ناسین .

# باسی نۆیەم

## گۆرانی منداڵان

منداڵانی کورد وەکو منداڵانی جیهان حەزیان لە گۆرانی گۆتنە، زۆربەی هەرە زۆری یارییەکانی منداڵانی کورد، ئاوازێکی گۆرانی لەگەڵ گۆتراوە، لەگەڵ جوڵانەوەو نزمی وازییەکان دەگونجێت، منالآن هەست و نەستی ناو دڵ و دەرونیان پێدادەرێژن،

یاری بەتاك هەیە، یان بەدوو کۆمەڵ و سێ کۆمەڵ ئەنجام دەدەن، سەرداری کۆمەڵ لەناوخۆیان نیشان دەکەن، بۆ پێشەنگی کۆمەڵەکە بابەتی گۆرانی منداڵان سنور بەزێنە هەموو لایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەندێ جار کێشەی رۆژانەیان پێ دیار دەکەن، یان ئامۆژگارییەکان هاوار بردنە بەرە و داوای هاریکاری دەکەن...هتد

١-ئەستێرە   ئەستێرە
ئەستێرەی جــەباری
خۆی هاوێتە شــاری
دەنك لەقە لــــەقە
ئەو شەو مردن حەقە
مردن بەدەستی خوادیە
کـــاکە وەرە ژووری
دەست بکە خەنجەری
بکوژە   ئـــــەسمەری.

٢-

ئاو لە گوێمان کەللە موو
مشك چوویتە سەر کونێ
سوێندی خوارد لەسەر ژنێ
تا کچی مامم نــــەدەنێ
نەخۆ دەکــــــەم فتنێ
فتنێ مەنگوڕو مامەشان
قوڵە قوڵی چاوەشـــــان

مەدونا مـــــەدونا
هەڕوو سندانێ بینە
سندان پێچکە بزنە
٣-
حەلیمە هۆ دایـــــە
منداڵەکە کێوە چوو؟
سافرە
چی برد دۆڵمــــە
چی خوارد خورما
هەقشتە قشتە قشتە
مامۆستامان چەند قشتە
زەمبیلەکی لەپشـــــتە
پڕ ناو چوقلێت و تشتــە
ئەوەندێ ماوە بەنیشتە.
٤-
های هەنارو های هەنار
ماندی نەبی مـــام زێبار
لەکوێ دێی لەچیای رەش
بارت چیە هەنـــــــارە
لەبۆ عالەمان یەك و چار
لەبۆ توو نەختێ پـــــار
٥-
هەبۆقە بۆقە بۆقـــــــە
هەستە کراست لەبەر کە
ماڵی خـــاڵت ژن دینی
بە لۆری لــــۆری لۆری
حەسەن و حوسێن برانە
لە دۆڵەکی کـــــوژرانە

پشکە خوێنەك لێ رژایـــە
بزن خۆی تێوەردایـــــە
قشپلەکی کـــــــردییە
لـــــــۆ داپیرەم بردییە
لەبۆ مـــــــەلام بردیە
تەندووری پێ سۆر کردییە
داپیرە تەندووریەکی دامن
لەبۆ مەلام برد قورئانەك دامن
لەبۆ خودێم بـــــــردییە
خودێ ئیمان دامن
لەبۆ دادێم بردیە
دادێ شەکرۆکەك دامن.

٦ــــ

دابەزیانێ نازانم
ساقیتی سێ ساڵانم
خوایە رەحمم پێ بکەی
ئەساڵ ناجحم بکەی
هێلکە قەتێم داناوە
مریشك دەنووکی لێداوە
هەندی گۆتم کش کش
باڵی خۆی کرد فش فش
هەولێری هەولێری
دوو مریشکم بۆ بنێری
هێکی من و هێکی تۆ
سەرکە پشیلە بەکونێ چۆ

٧ــ

سندوق لەسەر سندوقە
کلیل لە دەستێ بویکە
بویك نەبوو هەوالم بوو

لەگەڵ ئەحمەد لالم بوو
ئحمەد لالێ دوو گوندی
لە برای خۆم مارە کردی
مارە مارە هەڵبەزی
بە سنجاق و بە دەرزی

-٨

پرتك زێڕینە پرتك زێڕینە
ئەگەر دەچیە شام باوکم بهینە
ئەگەر نەی ناسی قاتەکەی شینە
ئەگەر نوستبوو هەڵی مەستێنە
ئەگەر دانیشتبوو دڵی مەشکێنە
جادەکەی کۆییێ پان و بەرینە
دوو کچ پێدا دێت دەو بە پێکەنینە

-٩

یەك سێوە یەك پرتەقاڵ
من فنجانەك ژڤە خار
دڵی من رابوو دەرمان
ئەڤ کێیە پشت پەنجەرە
بوو رەقەقێ قۆندەرێ
ژنك چوونە تازیانێ
زەلام چوونە مەتعەمێ
کوڕك چوونە تۆپانێ
کچك چوونە سەیرانێ.

-١٠

ناوی چیە عەبدوللە
ئیسمی چیە بانە اللە
شنبل هۆ هۆ هۆ
شنبل ها ها ها

دەچمە حەجێ    ئیشاالله
هێچکە رەشە    رەشە رەشە
پێچکە حیلە    حیلە حیلە
هەر یڤی هەر یڤی    هێ
قاقەز دەنووسم    هێ
بە ئاوی مێشێ    هێ
دڵم دەئێشێ    هێ
پەلك سەبوورە    هێ
سەرۆك بە شەیتان    هێ

-١١
گەیشتمە کوڕو پیاوکێ
گەیشتمە کیژو پیاوکێ
لە عەردێمدا گۆتی ئەی
ماچم کر گۆتی ئۆخەی
بیلە بیلۆك    مارمیلۆك
کیژەکی کۆك    کیژی بابۆیە.

-١٢
هەبوو نەبوو سەنەم بوو
ئاو لە گۆمان گەنەم بوو
قرژاڵ بابێ قرژاڵی
لەملی دەکەم بەتاڵی
بەتالیك و خەمەند دەکەم
لە ماینێ گۆ بەل دەکەم
لەماینی خودانت مری
لە هەفت گەلیان هەلبڕی
گەلیێ قژ قژۆکێ
چاوی نێرگزۆکێ
نێرگزۆکی ئاوییە

دوو گوڵ لە پشت کەزییە
ئەو کەزیانە چ لێکەی
ماڵ و مێردی پێ دەکەی
ماڵ و مێردت خراپ بی
دەرکۆڵەت بە زنجیر بی
تێیدایە شێخ و میرە
شێخ میر و ئەحمەد بەگ
سواری هەسپەکی چەلەنگ.

-١٣

زستانە زستانە
بەفرو بارانە
ئاگاداری خۆتان بن
نەکەونە خەستەخانە
دەرزی و دەرمان گرانە
دێمە ژووریٚ گەرمایە
تێمە دەریٚ سەرمایە
جێی خۆشم حەمامە

-١٤

گەنم و جوان و شیرین
پێبکەنە دا بتبینم
یارم لە پێشم بمری
داکو مەرگت نەبینم
ئەگەر لە سندوقم کەی
سندوقەکەی دەشکێنم
ئەگەر لە زنجیرم کەی
وەاللە زنجیر دەپسێنم
ئەگەر لە خانیم کەی
خۆم بەخۆم دەخنکێنم

-١٥

سەر لە سوبحەینەکێ زوو
دوو شێران پێکولٚیان بوو
ئێك مامەو ئێك برازا
وەلیحاتیان پێ زانی
ناردیان تۆپ و سەربازا
لەشکر هاتیە لە شاوێ
دەورەی قەلآتی داوێ
قەلاٚتێ تۆم بە جێیە
بە دەمکۆکەو کەزییە
شابازی بەر سپییە
شابازم دی لە راوێ
ئەحمەدی چێشت تەنگاوێ
بە دەستەکم مەسینە
بە دەستەکم مەلامە
عاقلٚم پەرییە سەر سەری
بوو شێتەی دوو بەری
شێتە نیمە شایەرم
شایەرکی زۆر باشم
لە بنەچەکی عەباسم
مێوانان چا دەنانسم
مێوانم کێ‌و کێنە .

-١٦

هۆ شوانە هۆ هۆ
مەرت لەکویە لە بانە میران
چ دەخوات گێز بە لۆك
چ دەڕی قشبلۆك
چەند مەنجەلێ شیر دەدات

هەزار بەهەزار
بە دۆڵ یان بەزوڕنایە
بە دۆڵ و بە زوڕنایە.

-١٧
قۆندەرەکەم قۆندەرەکەم
رۆژی هەینی لە پێ دەکەم
کەنگی دڕا پینەی دەدەم
کەنگێ سووتا فڕێ دەدەم
توخوا بەدایکم مەڵێ
دایکم بە بابم دەڵێ
بابم بە شورتەی دەڵێ
شورتە دوو قسەم پێ دەڵێ

-١٨
هە کولیلکە  کولیلکە
کولیلکێ نیسانێ
دەبڕم بە گویزانێ
لەبۆ دەست گیرانێ
دەست گیران چ نینە
دوو شووشەی زێڕینە
لە مەمکان چەقینە
مەمکێ کیژێ جوانێ
سێوێ بەر دوکانێ
کوڕ دەچنە تۆپانێ
کیژ دەچنە سەیرانێ.

-١٩
هەتۆلکە تۆلکە تۆلکە
تۆڵکێ چاو بە گیایە
کێوکێ ناویان بەردایە

دەست لێنەدەن زاوایە

٢٠

هەبرنجە برنجە برنجە

قەمیسێ کاکم نارنجە

سوبەی کاکم ژن دێنی

مەنجەڵ بەقوراو قۆر دێنێ

ئەوڕۆ جێبی قووت دینی

لەبۆ باخچێ بەهییە

کیژە جوان بۆ دەگریێ

خۆ باوکت نەمردیە

باوك لە شاری هەولێر

لەسەر کورسی و قەنەپێ.

-٢٢

هەگدە گدە کارەکە

کەپری لە خانیان دەکا

گازی کیژۆڵان دەکا

ئەوی جوان بی ماچ دەکا

ئەوی دی بەڕێ دەکا

-٢٣

ئەوێ دەڵێ کرێتە

خانی بەسەر دابێتە

ئەوی دڵێ جوانە

خوا بیداتێ ئیمانە

-٢٤

عەلی بەردەشانی

شایەك دەگەڕێ لە گەلیێ مەندێلێ

ئێی گەورەم داتوو ئی کچکە خوا بۆمن بێڵی.

خوایە لۆمن بێلی بەبێ فێلی

شاپەڕی جنان گوتی:-

کاك عەلییە لیفکە شۆڕە
دڵ بە جیرانان مەگۆڕە
هەستە راوە راوە پۆڕە
کاك عەلی بەردەشانی
چنك چنکێ پەلکە نانی
چت لە منداڵێ جیرانی
عەلی بەردەشانی گۆتی:-
پیرە ژنێ هێکەو مێکە
هەردوو کونانت لێدەکەمە تێکە
پاشان سەلام و عەلێکە.

-٢٥

تك تك تك تك بارانە
چاو رەش وا لەدارانە
لەبەر چرقێ رۆژی بوو
چرقێ رۆژی چەند گەرمە
عەسکەر هات و جەندرمە
جندرمەی ماڵی میری
هاتن لەبۆ پەنیری
پەنیرمان رێزە رێزە
چاوی دایکت کۆرە بی
بازوونەو هێلکەو روونە.

-٢٦

هولور بولور ـــــ گەنمێ کلور
کولول بابە ـــــ دوو زورنا بە
زورنا چەکێ ـــــ پێ بە لەکێ
هەلگر یەکێ ـــــ لەکە لەکێ .

-٢٧

یەك مەنجەڵ

دوو مەنجەڵ
سێ چار مەنجەڵ
دایکم دۆڵمەی لێنابوو
سەرکێ پشیلەی تێدابوو
باوکم تێری لێدابوو
لە پێش دەرکەی گریا بوو
عالەم دەورەی لێدا بوو.
-٢٧
وەرحایێ وەرە حایێ
گوڵی بەسەر تاییێ
دەچمە شێرە لایێ
شێرە لاَ بولبوللە
گەورەم لە میسلە
میسل بەر بوهارێ
پڕ ناو مشك و مارێ.
٢٨-فاتێ  فاتێ  فاتێ
مەگری  مەگری  مەگری
هەتا بچینە قەبری
قەبری تەنگو تاری
پڕ ناو مشك و ماری
مشك و مار عەزیایە
خۆی لە رمی نایە
رمێ هووکە هووکە
بردیان جۆتە بووکە
جۆتە بووکێ میری
بردیان بە یەخسیری
یەخسیری قەلاَتە
هەردووك بەناو هاتە

-٢٩

ماڵێ گوڵێ وا لە چیایە
بەفرو باران وا لێدایە
گوارێ گوڵێ سێ زنجیرە
بە خۆی جوانە و مێردی پیرە

-٣٠

هوورمیە هوورمیە
ژنێ عەلی گەرمییە
چ دەینم وچ دەینم
دەرمانێ گوڵ گوڵ دەینم
بەسشەر بویکێ دادەکەم
بویکم بی حەلالم بی
گەسکێ سۆرێ تاری
هاویشتمە رومانی
رومانی چەند خۆشە
کیژ دەچنە سەیرانێ
کوڕ دەچنە تۆپانێ

-٣١

هۆلێ هۆلێ
چاوخانمێ گولێ
گەنمێ بویکێ قاسمێ
چ دەینم چ ناینم
دەرمانێ گوڵ گوڵ دەینم
ئەمن و بویکم ولداشین
دەلێی تۆپێ قوماشین

-٣٢

هەی جان هەی جان هەی جانە

لەو عاردە پانە

عاردیٚ مەجیدی

مێردیٚ خورشیدی

سنبل هو هو

سنبل ها ها

پێچکە حیلە حیلە

پێچکە رەشە رەشە رەشە

سەبریٚ دەکەم

خەستەخانیٚ تەرك دەکەم

کراسیٚ کوردی لەبەر دەکەم

بۆم بۆم بۆم

---

-٣٣

هە چینە چینە چینە

دەستکە گولٚم بۆ بینە

لە سەر قەبرم بچینە

ناویٚ شەهادەی بینە

---

-٣٤

رۆژەك چویمە بازاریٚ

لەگەلٚ بابیٚ بێخالیٚ

یەك بوتلمان خواردەوە

سەرخۆش بین بەیەك جاری

رێمان لە ئەمجەدی گرت

دەفتەرخدمەی دەرهێنا

کوترابوو بە بزماری

ناویٚ بابی سابیر بوو

خۆی هاویشتە سەربانی

شەڕی کرد بە یابانی

---

-٣٥

بەگ و زەنگل

قۆتل بەگ و قۆتل بەگ

هەردوو پیاوێ دە چەلەنگ

بلباس هاتن بە قەمچی

شەڕە لەسەر برنجی

-٣٦

ئامینە ئامینە

پێت دەڵێم کارێ

هەستە بابچین

وا سەیارەك هات

سەری حەریرە

بنی قەدیفە

سەعاتێ دەستی

ئالأنتە ریکە

-٣٧

سێنیکێ بۆ بویکێ

بویك چ بییە

کوڕەك بییە

ناوی چییە

سەید عەللیە

عەلا و یچکەو دوو زەنگولە

-٣٨

ئەحمەدۆ هەفت ژنان دینی

دەلالم هەفت ژنان دینی

١- یەکی تورکی تەماشا

٢-یەگی دوختۆری پاشا

٣-زەردێ لۆ ناو نوینێ

٤-یەك لۆ قی سەو سەرگینی

٥-یەك لۆ کاو کادینی

٦-یەك پشتیێ پویشکان بینێ

٧-یەك لۆ....... .

---

-٣٩

دەمانەوێ دەمانەولادێ

سۆلاف مان دەوێ

نادەین مادەین

زۆر خۆشمان دەوێ

کۆمەلەی ئاسۆ

باوکی شیرینم

بڕۆ بڕۆ نامانەوێ

---

-٤٠

ئۆیەمان ئۆیەمان ئۆیەمان ئۆیەمان

چویمە مەکتەب دوو دارم خوارد ئۆیەمان ئۆیەمان

مندالێ گیران لاندك نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

شیومێ لێنا کەوچك نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

بویك هەبوو زاوا نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

دۆشەك هەبوو بالیف نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

دەچمە دهۆکێ سەیارە نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

فەرش هەبوو تیرۆك نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

نان هەبوو ئاومان نەبوو ئۆیەمان ئۆیەمان

---

-٤١

دەمانچەی چاردە خۆر

لیرەکەی چارە خۆرە

ئەگەر تو نە تەقێنی

بیدە من لۆرە لۆرە

بەناو کچان دادەڕۆم

وەکو شفتی و گوندۆرە

---

٤٢-

مشك دێت و دەبەزی

گوێی عەلی دەگەزی

عەلی چوو قەزمەی بینی

مشکێ لە کونێ دەربینی

مشك بە راستی رۆیی

کەوتە ناو مەنجەڵێ ماستی

پیرەژن راوەناستی

شایەکمان دابەستییە

لە پێش ماڵێ عەلییە

عەلی لە بۆ دەگرییێ

خۆ باوکت نەمردییە

قونی لەسەر کورسیە

شخاتەی لەبرکییە

پێلاوی نارنجییە

---

٤٣-

ئەحمەدێ لە ژنت مەدە

ژن لە ماڵێ زیز دەبی

جویچکە بە ماڵێ وەردەبی

ئەگەر لە ژنت بدەی

تێك دەچی دەسترۆ شەدەی

---

٤٤-

کتانە کتانە

عومرم کتانە

دەچمە ماڵێ بووکێ

شین و گریانە

چویمە ماڵێ زاوای

چەپلە کوتانە
شیوێ بێنن سۆرکەنەوە
ملاکی لێ قیت کەنەوە
سفرەی بینن دانێننەوە
خواردنی لەسەر بڕازێننەوە

---

-٤٥

بەنیشتێ کوردی
حاجی ئەفەندی
شەقمان لێ دەدات
دەلێ تەمبەلی
دەچمە کن فەڕاش فەڕاش نەمابوو
دەچمە کن مودیر مودیر نەمابوو
تەلەفۆنم کرد خەتی پسابوو

---

-٤٦

هۆ شوانۆك هۆ هۆ
مەڕەکان چیان خوارد
کێز بە لۆك
چییاندا نان و ماست
پا پشێ من
سێ سندان و سێ قوزەلقۆرت
لەگەڵ کێتە قەلاّ رەشە
کا قەلاّ رەش ئاو بردی
کا ئاو مانگا خواردی
کا خوێنەکە ئەوەتە
بویکەکەتان ناوی چییە
پشیلە
بە دۆڵە یان بە زوڕنایە
بە دۆڵ و بە زوڕنایە

---

-٤٧

هە کۆکۆکۆ
دەچمە شاری کۆ
دەینم دوو لیمۆ
لیمۆی خۆم نینە
هێ ئامانە تییە
ئامانەبەرێکە
بۆ شاری خەجێکە
خەجێ مەگری مەگری
تێکرا بچینە قەبری
قەبرێ تەنگو تاری
پڕ ناو مشك و ماری
مشك و مار عەزیایە
خۆی لە رمێ دایە
رمێ هووکە هووکە
دەینن جۆتە بووکە
جۆتە بووکێ میری
لۆ کوڕە فە قیری

---

-٤٨

یەکە دوو بە کێکە
دووە دەو بە تووە
سێیە سەر بە سپێیە
چارە گۆشتی پارە
پێنجە ئای بە لەنجە
شەشە بە ختم رەشە
هەفتە چالە نەفتە
هەشتە وەك بەهشتە
نۆیە وەك برنۆیە

دەیە وەك دەمانچیە
بیست و دووی مانگێ
سێ کەسمان هەلات
لە بۆ سەمونی
سەمون حیشك بوو
نەچووە خوارێ
عارف و عورەفات
نەهات بە دووا ووە

................................................................................

٤٩-

کاروانی کاشی
مریەم دەشتە ئاشی
ئەمن و تو وەڵداشین
دەلێی تۆپی قوماشین

................................................................................

# باسی دەیەم

## بەستەی کوردەواری

کەسی کورد دڵ خەنییە،نانی هێوارێی هەبێت پەکی لە چ ناکەوێت. کەش و گوزەرەانی ئارام بێت، بەیانیان بۆسەرکاری خۆی دەڕوات و منەهنێك بە سەر لێوی دادێت بە تایبەتی لە ئیش و کاری کشتوکاڵی، ئەگەرکۆمەڵە کەسێك بن ئەوە بەدەم گۆرانی و چەپلە کوتان رێگا دەبڕن تاکوبگەنە شوێنی مەبەست. لە کارەکانیان وەکوو دروونە کردن و ساوارکوتان و دەستاڕهێڕان..... یەك گۆرانی دەڵێت چەند کەسێك لە دوای دەگێرنەوەز سەرەرای ئەوانە ه۹ەموو کاتێ پیاوان بەرەو گۆرەپانی شەڕو پێکدادان دەچن هەر لە گۆڕپانی بەر ئاوایی دوو سێ پێچ هەلپەڕکێ دەکەن،

بۆ ئەوەی ئەوەی دەستی دار بگرێت ئامادە بێت حیرسی دڵیان هەڵبستێت بەرامبەر دوژمن لە مردن سل نەکەن، بەلکو مردن لەبەریان هەلدێت، بەلاّم دوای ئەجەل ناگەڕێتەوە،نووسرایە چاوا دەمریت. ئەوبەستانە لێرە کۆکرایتەوە تەناها بۆ داوەت و هەلپەڕکێ بەکار ناهێت شایێر دەتوانێت یەك گۆرانی بۆ دەستار هێڕان و ساوار کوتان و بەکرەیی........ بەکار بهێنێت، بەلاّم نزم و ئیقاعی دەگۆڕێت کە لەگەڵ جولانەوەی کارەکە بگونجێت.

## ( ناوی جۆرەکانی هەڵپەڕکێی کوردی )

١-تەمبۆڵی ٢-سێ پێیی ٣-سوسکەیی ٤ -چۆپەیی ٥-شێخانی ٦-راستەیی ٧-ئایشۆکێ ٨ -خانم مەڕۆ ٩-هەڵپەڕینی گەورە ١٠-شەمرۆکە١١-مام هێزدین ١٢-دوو پێیی ١٣-سێ پێیی ١٤-شنگاری ١٥-سەمای کۆچەری ١٦-فەتاح پاشا ١٧-بردی باسان ١٨-دپچەیی ١٩-رۆینە ٢٠-نۆسکێ ٢١-مەنجۆلی

٢٢-سەنگینە سەما ٢٣-گوڵ شێنی ٢٤-لەنجە حەپلە پان ٢٥-دەنانێ ٢٦-هەرێ گوڵێ ٢٧-چۆك چەمێنە ٢٨-سنجانی٢٩-رەورەو ٣٠-بابلەکان ٣١-سێجار ٣٢-سولە شکی ٣٣-دبکۆ ٣٤-چۆخ زانۆ ٣٥-کەپرۆکە ٣٦-هەورۆ ٣٧-ملانێ ٣٨-یار گوزەلی ٣٩-هەرێ باسۆ٤٠-شامیرانی ٤١-تەمزەر ٤٢-بێر بوکێ ٤٣-شیرن لەیلانێ ٤٤-خانا میری ٤٥-شانەکی

## حەیفە لۆ کەندێناوەی

هەی نایێ نایێ نایێ　　دەنگی قەیناغان نایێ
خرپێ داسی خۆش دێن　　چریکەی قەیناغان نایێ
شەماڵ لە بنی بسکیدا　　گوارەی دەهینا سەمایێ
مەلۆکێش چەند تێنیمە　　چبکەم دەنگم دەرنایێ
ئەگەر دەنگان هەڵدینم　　هەروەك دۆڵ وزورنایێ
گەنم سەری مالخۆی خوارد　　چەند زۆرەو قە بنی نایێ
حەیفم لۆ یارێ دەمینێ　　یار سۆت لەبەرگەرمایێ
مەمکی راستەی گۆوایە　　لەبەر هەڵمی مەلۆیێ
حەیفم لۆ کەندێناوەی　　دەخلو دانی لۆ نایێ
چۆل بوو بەوێ هاوینێ　　مەرو مالاتیان بەردایێ
هەی نایێ نایێ نایێ　　دەنگی قەیناغان نایێ
خرپێ نێ داستێ خۆش دێ　　چریکەی قەیناغان نایێ

## رۆژەك لەرۆژان

رۆژەك لەرۆژان　　سەرلەسوبیانێ
یارم راوەستایە　　لەبەر هەیوانێ
بە هەردوو چاوان　　دەکا گریانێ
بە دوو چاوی رەش　　دەکا گریانێ
بە سینگی سپی　　دەکا کوتانێ
بە هەردوو بسکان　　دەکا جۆلانێ
لۆچ دەگریێی　　هێ کیژە جوانێ
من کراس نینە　　پێبکەم دیلانێ
ما من تەیرەك نیم　　بەباڵ بفرم
بچمە مویسل و شام　　کراست بۆ بکرم
چوومە مویسلێ　　پەرگەی باژێرێ
دیتم جوەك هات　　کراس دەگێرێ

مامەلەت بە مامەلە بە پێنج سەد زێڕی
لە بانیێ سۆلاڤ هەفت قالب زێڕی
رۆژەك لەرۆژان سەرلە هێواریێ
یارەکەم راوەستایە لەبەر هەیوانیێ
لۆچی دەگرییێی ئەی چاوجوانیێ
لۆچی دەگرییێی مال باب وێرانیێ
من کراس نینە پێبکەم دیلانیێ
من کراسم دەویێ لە پەلکی گولێ
چاوی خۆم رەش کەم پڕبەکلی
داکو هەلپەڕم پڕبەدلم.

## بایێ شەماڵ

یا اللە هەلکەی بای شەمالێ
لەگەلیان دەکاتە نالە نالێ
دایکێ کیژان مایێ حەددالە
دایکی کوڕان گەردەن بە خالێ
سینگی بەفری کەلەی دێرێ
لەسەرسینگی دەکەم گێڕی.

پردی رەواندز
پردێ رەواندوز هێلا بەرهێلا
بەسەردا دێتن رەوەند و خێلا
بەسەرداده‌ڕۆن رەوەند و حێلا
بارکۆل لەکۆل بی لە شنۆو هەولێرە
هەرچی دەکاتن لۆمەی جاحێلا
نانیشگەی جۆییێ بە دۆییێ چێلاً.
پردی رەواندز کاریتەی دارە
بەسەرداديتن ناسکو نازدارە

هەرچی دەکاتن لۆمەی دولبەرە
خودا بیکوژی بەو دەردە سەرە
پردێ رەواندوز وا هورشە هورشە
لەگەڵ خۆی دێنێ چەند دارو قرشە
مەکی یاری من وەك سێوی ترشە
پردێ رەواندۆز وا خۆڕە خۆڕە
مەمکی دەلاَلێم سێویَ سەرلکە
نەوێرم بگوشم شیر لێ دەتکێ
ئەوەی بکاتن لۆمەی جاحیلە
ببتە سەیێ رەش بکەفتە دووی دێڵە
پردی رەواندوزپان و بەرینە بەسەر دادێن ماڵە هەرکینە
هەرچی دەکاتن لۆمەی جاحێلە نانیشکەی جۆبێ ماست و روینە.

## کوڕە کەچەڵ

هێتیمەك بیم لە کاروانێ
کەچەڵەك بیم لە کاروانێ
چەن برسیم بوو لەبۆ نانی
هاورم داوە لەسەر شانێ
دیتم ماڵەك لە تەلانێ
لامدا ماڵیان لەبۆ نانێ
دیتم حۆریەك لەبەر نانێ
دەعوام لێکرد لەبۆ نانی
کوڕە تیمە بگرە نانی
وەللە زەریێ ناگرم نانی
وەللە جوانێ ناگرم نانێ
هەتا نەکەم راموسانی
سەگباب کەچەڵ دێ یڕۆ لێرە
هەفت برام هەیە وەکو شێرە
گازکەم ئەحمەد بێتە ئێرە

لەسەر پشتت دەکا گێرە
گازکەم ئەحمەد بێتە ئێرە
شەقت دەکا بە شمشێرە
گازکە ئەحمەد بێتە ئێرە
یانی ژنە یانی مێرە
سەگباب کەچەڵ دێ بڕۆ لێرە
هێ کیژێ زەریێ ناڕۆم لێرە
هێ چاورەشێ ناڕۆم لێرە
هەتا بێنت نەکەم تێترە
سەگباب کەچەڵ چەند زۆر رەوی
مستەك بدەم لەدوڕدەوی
بەرێی جاران نەکەوی
وەللە زەریێ پەشیمانی
قەدری میوانی نزانی
مێوان ناڕوات بە ئاسانی
مێوان بڕۆ بەئاسانی
پشتی هەنگی پەشیمانی
سەگباب کەچەڵ دێ وەرە ئێرە
ماچەکێ بکەو بڕۆ لێرە
بە ماچەکێ قایل نابم
لەسەر سینگێ تو رانابم
سەگباب کەچەڵ ئەوها نابی
دلْم بەتۆ قایل نابی
زۆرت گۆت گونەح باری
وەللە زەریێ ئەوها نابی
لۆ هەندەکێ سینگوالآبی
بە کورە کەچەڵ رازی نابی
جاحێلەك بیم ئەوهام دەکرد

خۆم لە کۆلاْنان مات دەکرد
گازی کیژی خەڵکیم دەکرد
ئەوێ جوان بوو ماچم دەکرد
ئەوێ کرێت بوو بەڕێم دەکرد.

## عەیشێ

لەکەندان لە جۆمان
سەرێ کفکێ کفرێ مە
مێوانێ عەیشێ مە
عەیشێ ژنە
بەگواریەو بە بانزە
کیژێ خەڵکی  یاری منە
یارت نیمەو یارت نابم
من کۆترەکم بە شەو رابم
بەشەکراوێ گەورەت دەکەم
وەز مێوانێ عەیشێمە
کیژێ خەڵکی یارێ منە
هەتا دەمرم هەر ئێمنە.

## ئەمان نەمان

ئەمان نەمان ئەمانت بم
یارێ ئەو شەو مێوانت بم
مێوانت بم بەوێ شەوێ
من نەخۆشم بەفرم دەوێ
نەخۆش نیمە دەردەدارم
شەو رۆژ لۆی دەناڵم
بە زەلیلی و گرفتارم
ئەو شەممامەی سەر نەخشایە
وەکی لیمۆی ماتەی دایە

ئەمەش دەکرین سێو چاران
لەبۆ دۆست و کۆنە یاران.

................................................................

## شاییەك دەگەڕێ

ماڵەك لە سۆران یەك لە بادینان
شایەك دەگەڕێ لە هەرسێ دینان
کێ شایی خۆش کرشام و شەمزینان
شەمۆك دەگرییێ لەبەر برینان
برینێ شەمۆکێ کەرخی سێ تیران
خۆم لەسەر گردی شەم لەبەر ماڵان
کەزیێ شەمۆکێ رستێ رەشماڵان
خۆم لەسەر گردی شەم لەسەر پەرێزی
کەزیێ شەمۆکێم پڕ بە ئامێزی
مەمکی فنجانە دامنا سەر مێزی.

**************************

## هەی دەڕژێ

هەی دەڕژێ دەڕژێ دەڕژێ
دەی سەبرو ماڵم کیژێ
شەرتم کردییە بتخوازم
لەسەر تۆ خوێنم بڕژێ
نەعەیبەو نەئیرادە
رووبەندت لۆ من لادە
بەر دەرکێ ماڵێ یارێ
رێ نەبوو کرمە جادە
چ بکەم لە جوابم نایێ
لێم بوویتە سەید زادە
بۆ خاتری جدی خۆت

تۆزەك پەرچەمت لادە
لاجانیٚ بەرکەوران
لە شنۆییٚ بابە گەوران
کاوڕو گیسکەکم هەبوو
لەگەلٚ بزنیٚ لەسەرگوان
سەماوەرەك ساز دەکەم
لەگەلٚ تاخمەك ئیستکان
ماینەکی کەوێتم هەبوو
لەگەلٚ تفەنگی کەعلان
تفەنگ قوتە بڕنۆیە
لەگەلٚ رەختیٚ فیشەکان
جۆتە یارەکم هەبوو
لێفیٚ دەچمە کوێستان
یارم دەکەم بە بێری
بەخۆم لۆی دەبمە شوان
ئەم سالٚ پەنیر دەفرۆشم
بەکیلۆ و حوقەو باتمان

## هەی دەڕژیٚ

هەی دەڕژیٚ دەڕژیٚ دەڕژیٚ    دەی سەبر و مالٚم کێژیٚ
هێی براینە گویٚ لەمن بی    کاکینە لۆمەم نەکەن
دیٚ بزانن چم لێقەوماوە    مالٚم تالاٚن کراوە
سەرم بیٚ کلاٚو ماوە    تەنها یارەکم هەبوو
ئەویشم لیٚ نەماوە    بە جاریٚ لێم تۆراوە
لە رێی کانییٚ گەیشتمیٚ    هاورەکی لەمن داوە
گۆتمیٚ بۆ تەنیا ماچێك    هەتیم دیٚ برۆ بەولاوە
ئەگەر بت دەمی ماچەك    هەتیمی دەم بڕاوە
سوبەی دەکەی بە قاوە    دەبم بە تکە ئاوە
بەخوا یاریٚ دەنگیٚ ناکەم    تا مابم لەو دونیاوە

***********************************

## کودەری

هەی کودەری کودەری
بای لێدەدا و دەلەری
یار لە ماڵێ هاتە دەر
بە حەنجەتێ کەنگری
هۆ لاوۆ ماندی نەبی
بێژی خەڵکی کێندەری
بە بنێ چاویم دەڕوانتێ
خۆی لێم کرد بە موشتەری
یارێ پشتم لێدەکا
ئەوساڵ دەچمە عەسکەری
ئەگەر ئەو ساڵ نەمخوازی
هەردووکمان قوڕمان بەسەری
لە دلما ناوی شێخان
کیژ پێی دەڵێ وەکاشا
بەندی ئەوهات لۆ دەڵێم
هەروەك تلێۆ غەرافە
ئەتۆ شاهیدت بینە
با بڵێن ئەو کوڕە غیلافە
لام وایە تیران بازی
تۆی بە تیران هەنگافتم
یار بازنێ لە دەستتم
لە خرخاڵی لە پاتم
دەستم لە دەستی ئالاند
غەوس بدەی نەجاتم.

........................................................

## کوڕ شوانە

کوڕ شوانە شوانە　　دەلۆ دەلۆ دەلۆ
کوڕ شوانە شوانە　　دەلێ دەلێ دەلێ
هێ دەگێڕینت دۆلانە　　هێ دەگرینە دۆلانە
کوڕ شوانێ بەرخانە　　دەلۆ دەلۆ دەلۆ
کوڕ ئاشقێ مەمکانە　　دەلۆ دەلۆ دەلۆ
دەگێڕێ لە دۆلانە　　دەلۆ دەلۆ دەلۆ
کوڕ شوانێ بزنە　　دەلێ دەلێ دەلێ
مەراقێ کچێ مەزنە　　دەلێ دەلێ دەلێ
حەلاندم بە بازنە　　دەلێ دەلێ دەلێ
کوڕ شوانێ بەردیلە　　دەلێ دەلێ دەلێ
من گێڕا سەری زویرا　　دەلێ دەلێ دەلێ
حەلاندم دۆت میرا　　دەلێ دەلێ دەلێ
کوڕ شوانێ مەهیە　　دەلێ دەلێ دەلێ
چەراندم لە گەللییە　　دەلێ دەلێ دەلێ
حەلاندم سۆرو سپیەیە.　　دەلێ دەلێ دەلێ

**************************

ئەو دێرانەی سەرەوە لە دەوی شایێر وەردەگرنەوەو دەگێڕنەوە (دەلۆ دەلۆ دەلۆ لۆ) بە دووایی دەلکێنن.

## لێ دینێ

لێ دینی دینی دینی　　لێ دینی دینی دینی
دین دینێ عەمەر عیسا　　لێ دینی دینی دینی
یەردە سۆر بە هەیوان　　لێ دینی دینی دینی
یاری من بە هەمیانە　　لێ دینی دینی دینی
دین دینێ عەمەر عیسا　　لێ دینی دینی دینی
قەیتانێ رۆخی کیسا　　لێ دینی دینی دینی
من یار گرت تو رامویسا　　لێ دینی دینی دینی

شەڕکەفتە سەر ناموسیا	لێ دینی دینی دینی
بەردەسۆر بەردی سۆرە	لێ دینی دینی دینی
یاری من مل بە مۆرە	لێ دینی دینی دینی
بەردە سۆر بەرد ترشۆکە	لێ دینی دینی دینی
ناوی یارێ من عەیشۆکە	لێ دینی دینی دینی
لێ گەرمێ لێ هاوینێ	لێ دینی دینی دینی
ئەم نەخۆشین ناو نوسینێ	لێ دینی دینی دینی
زۆزان خۆشە بابچینێ	لێ دینی دینی دینی
دین دینێ عەمەر حەدا	لێ دینی دینی دینی
من گرت تۆ بەرت نەدا	لێ دینی دینی دینی
بەردە سۆر بە پەنجەرە	لێ دینی دینی دینی
ناوێ یاری من هاجەرە	لێ دینی دینی دینی
کردیانە شەڕ بەخەنجەرە .	لێ دینی دینی دینی

**************************

بەردە سۆر = ناوی گوندێکە سەر بەناحیەی بەردە رەش دەکەوێتە بەرۆژگی زورگی بەردەسۆر نزیك گوندی چەمەلەسەر زێی بادینان.

## هەی ئێران

هەی ئێران ئێران ئێران	هەی ئێران خۆشە گەرمێن
یارێ من گەلەك جوانە	شەدەی بۆ دێت لە بتوێن
نەوێرم کولی ماچ کەم	زۆر ناسکە خوێنی لێ دەتکێن
نەوێرم قولی بادەم	نەکو بازنی بشکێن
نەوێرم مەمکی بگرم	نەوکو لێی بگۆوێن
دایکی گەلە حفریتە	نەوەك لێم هەڵگری کێن
یاری من چەندە جوانە	روومەت بەفری کوێستانە
ئەگەر بابت بمری	دەکوژمەوە قوربانی
خێری مەلائیکەتان	سەیدێ ئاخر زەمانی
هێ براینە چیم لێ دەکەن	ئەی برادەرێ جیهانی
دوو پیاڵی گوڵ سۆرم دیت	لە قەیسەریو دووکان

هێ براینە گوێولەمن بی    کاکینە لۆمەم نەکەن
ئەوە زستانەیش رووی    بوهار وادێ بەسەردا
دێنگۆ سوئالم لێبکەن    لۆ هەندە رەنگم زەردە
داوێ ئەو کیژەی منی کەشت    دەرمانی هەموو دەردە
سوندەکی ئەوهات لۆ دەخۆم    بە کەلام و حەدیسە
جوانێ وەك ئەو کیژەم نەدیت    لە گوندێمە رەئیسە
سێ کچی ئەوها هەبوو    ستیو زبێدەو بەلقیسە

******************************************

## هەی جەلەبێ

جەلەبێ مە جەلەبە
هەی لۆ میرو میرا من
جەلەبێ مە کاوڕە
بردەمە شارێ مەنگوڕە
دام بە دوو مەمك خڕە
هەی لۆ میرو میرا من
جەلەبێ مە کارۆکە
بردمە شاری دهۆکە
دام بە مۆریو کرمۆکە
هەی لۆ میرو میرا من
هەی جەلەبە جەلەبە
جەلەبێ مە بزنە
بردمە شاری گزنە
دام بە مۆریو بازنە
هەی لۆ میرۆ میرا من

******************************

## داد و بێداد

هەی دادو بێداد هەی ئاوەدانی

قەبرم بۆ لێدەن لە رێگەی کانی
دەشقەم پێدادێت کیژۆڵە جوانی
هەرچەندی رەش بی لەکنەمن جوانی
لەدووای بالآی تۆ دڵ بەکێ خۆش کەم
رەشە رحانا لەدەوری گۆمە
یارێکم گرتووە لەسنحی خۆمە.

********************************

## هەی لیمۆ لیمۆ لیمۆی بەغدایە

پێنج پەنجەی دەستم پێوە سووتایە

هەی دادو بێداد     ئالۆزەی دەردم
بۆچ روحێ نابەی     بەرەنگی زەردم
منداڵی دوێنێم     تۆ پیرت کردم
هەی دادو بێداد     کەی ئەمە حاڵە
منداڵی دوێنێم     پێم دەڵێیت خاڵە
داری پیرە دار     قەد نەکەن بە دار
یاری دوورە وولآت     قەد نەیکەن بەیار
بە دارم لێدەن بەداری مێکوکێ     لەبنم رابێخن چارۆگی بوکێ
دەڕۆن ناڕۆم رێم لەبەر ناچێ     داخی ئەو کچەی لەدڵم دەرناچێ
دەڕۆم ناڕۆم رێگەم هەورازە     برۆ بەخێرچی گەردەنت ئازا
یا خوا رەزا شاە تەختت وەرگەڕێ     دوو کورم گەورە کرد بەشیری مەڕێ
حکومەت هات بردی     پێی دەکا شەڕێ
بەرگی سەربازی لەبەرم تەنگە     لەراست رەزا شا زمانم لەنگە
لە دارێم بەستن لەداری بەنێ     نەفتم پێداکەن ئاگرم بەر دەنێ

**************************************************

## مۆمنێ

مۆمنێ وەردە وەردە     یار مۆمێ دایێ
گەردەنێ مۆمێ زەردە     یار مۆمێ دایێ

دوو عەشیرەت کرنە شەڕ یار مۆمێ دایێ
مۆمنێ چ کردوە نەکرد یار مۆمێ دایێ
جیران بوختانان پێکرد یار مۆمێ دایێ
کوشتنێ مۆمێ چێکرد یار مۆمێ دایێ
شەرتێ برایێ مەزنە یار مۆمێ دایێ
دێ مۆمێ هەر کوژنە یار مۆمێ دایێ
شەرتی برایێ ناوێ یار مۆمێ دایێ
دێ مۆمێ باوێنە ئاوێ یار مۆمێ دایێ
شەرتی برایێ بچویکە یار مۆمێ دایێ
دێ مومێ کەینە بویکە یار مۆمێ دایێ
مۆمنێ وەردە وەردە یار مۆمێ دایێ
دەستی خۆکەوری بەردە یار مۆمێ دایێ
مۆمێ کوشتن وان دەردە یار مۆمێ دایێ

*مۆمێ:ناوی کچێك بووە دەروجیرانان بوختانیان پێکردیە بەبێ تاوانا هاتیتە کوشتن بۆیە ئەوبەستەی پێدا هەڵگووترایە پەردەی رەشی بوختانیان لەسەررامالیوە روویان سپی کردییە.

**************************************************

## ئەمان نەمان

ئەومان نەمان ئەمانت بم
یارێ ئەوشەو مێوانت بم
مێوانت بم بەوێ شەوێ
لەسەر سینگت دەکەم خەوێ
وەز ناخۆشم بەفرم دەوێ
بەفرم دەوێ لە قەندیلان
لەو قەندیلەی تێت رامامە
لەسەر سینگت جۆت شەمامە
دوو شەمامەی زۆر نەخشایە
هەروەك لیمۆی کاتەی دایە

هەروەك لیمۆی دوكانداران
بازرنگان دەینن لەشاران
لەبۆ نەخۆش و تاداران
وەز نەخۆشم تایێ دەگرم
نەی چا دەبم نەی دەمرم
ئەرێ دایێ مەمکە لۆمە
ئەو کوڕە جوانە چەرچی خۆمە
ئەرێ کیژم چەند بێ حاری
کیژ ماچ ناکرێن بەزۆرداری
ئەومان ئەومان ئەمان تەنکە
قابیل بە تو سینگو مەمکە.

.............................................................

## کاکە سەفین چەند بڵندە

| | |
|---|---|
| کاکە سەفین چەند بڵندە | کلکەی لەسەر حوجرانێ |
| شەدەی بۆ یارم دەکڕم | لە وولاّتی کرماشانێ |
| نیو دینارم هەق دەستدا | هەقی گولینگ لێنانێ |
| ئەو داك چاکەم لێ زیزە | چبکەم لەسەری نانێ |
| گێلگێلەم لێکردوە | تێمهەڵدەدا عاسمانێ |
| کاکە سەفین چ بڵندە | بەری لە سینگی دایە |
| ئەگەر یارم نەناسن | فاتمە کیژی مەلایە |
| خڕن چەرخی رووەمەتێ | گەردەن دەڵێی مینایە |
| دەستی کەڵلەی شەکرە | سەعاتەکی تێدایە |
| دەچمە سەر باڵی تەیران | خۆم سەح دەکەمە دونیایە |

*************************************************

## دەچمە ماڵێ نازدارێ

| | |
|---|---|
| چویمە ماڵێ نازدارێ | یار راوەستا بەرامبەر |
| گەردەنت چەندە زەردە | رویمەت پەلکێ سۆرە گولێ |
| کەزی بەندی مەتاڵی | راوەستا ئەو مل ئەو مل |

ئارەقی سینگو مەمکان هاتە خواریٚ زەنگول زەنگۆل
ئەگەر یار لە حوزوریی بیٚنیٚ نادەن قەنەفل
ئەگەر ببمە حەلالت خزمەتت دەکەم بەدڵ

****************************************

# غەزالیٚ

غەزالیٚ هیە غەزالیٚ دەلالیٚ هلی جان
خۆ پەردە چیاکیٚ سپیە غەزالیٚ هلی جان
غەزالیٚ چیایەکیٚ رەشم غەزالیٚهلی جان
عەمایلۆکە پڕ نەخشم غەزالیٚ هلی جان
دەستەلاوکیٚ کەلەشم غەزالیٚ هلی جان
غەزالیٚ چیاکیٚ سۆرم غەزالیٚ هلی جان
عەمایلوکە پڕ بە مۆرم غەزالیٚ هلی جان
دۆستیٚ لاوکیٚ پسپۆرم غەزالیٚ هلی جان
غەزالیٚ چیایەکیٚ سپیمە غەزالیٚ هلی جان
عەمایلۆکە بە رەشیمە غەزالیٚ هلی جان
دۆستیٚ لاوەکیٚ کەیفیمە غەزالیٚ هلی جان
لە تەیران وەس تەیرۆکەم غەزالیٚ هلی جان
ئاشقیٚ کورەکی کۆکم غەزالیٚ هلی جان
تەیرەك هاتیە گەرمێنیٚ غەزالیٚ هلی جان
کیژ پێی دەلێن قەتێیە غەزالیٚ هلی جان
جویچکەیلەخۆی رێز کرد غەزالیٚ هلی جان
دەروا دەوزیٚ و دەوزێیە غەزالیٚ هلی جان
تەیرەك هاتیە گەرمێنیٚ غەزالیٚ هلی جان
کیژ پێی دەلێن بەعشویکە غەزالیٚ هلی جان
چویچکەی لە دووی خۆی رێز کر د غەزالیٚ هلی جان
دەڕوا بەجێی کەچگە غەزالیٚ هلی جان

****************************************

## ئۆف یەمان

ئۆف یەمان یەمان یەمان                ئۆف یەمان یەمان یەمان
سویسنۆکە دەویٚ چەمان                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
لاوکم چوو سەبرم نەما                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
کەزیێ لاوکم یەك یەکە                ئۆف یەمان یەمان یەمان
هەر سەر بەژنی دادێنە                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
کە مەڕی گرتن دوو نێکە                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
گوڵیێ سەری جۆتن                ئۆف یەمان یەمان یەمان
کەزیلیێ تە جۆتن جوتن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
هەر سەر بە ژنیێ دادە گۆتن                ئۆف یەمان یەمان یەمان
ئوف یەمان چەندی گۆتن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
باغ و بێستان کەوۆتن                ئۆف یەمان یەمان یەمان
سەکر و حیلەی ئەم سۆتن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
کەزیێ ملا ئەم سێنە                ئۆف یەمان یەمان یەمان
هەر سەر بەژنیێ داتێنە                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
باغ و بیستان هەر سێنە                ئۆف یەمان یەمان یەمان
کەزیێ لەمل تەچارن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
بەسەر بەژنیێ داد بارن                ئۆف یەمان یەمان یەمان
باغ و بیستان هەنارن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
مەکرو حیلان ئەم خارن                ئۆف یەمان یەمان یەمان
کەزیێ لە ملیێ تە پێنجن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
هەر سەر بە ژنیێ دادرنجن                ئۆف یەمان یەمان یەمان
باغ و بیستان ترنجن                تاقیب کەن دەردۆ یەمان
کچ لۆ لاوکیێ کرمانجن                ئۆف یەمان یەمان یەمان

******************************************

## هەی نەرمێ

هەی نەرمێ نەرمێ نەرمێ		نەرمێ نەرمێ نەرمانە
دیبلاَ دووژمن هەلباوێ		دایکێ نەرمێ نەل مالە
هەنەرمۆکە هەولێری		نەرمێ نەرمێ نەرمانە
بەژن دارێ کنێری		دایکێ نەرمی نەل مالْە
هێت بێژن تۆ بێ مێری		نەرمێ نەرمێ نەرمانە
بە دلْی من گەردەن کێلْی		نەرمێ نەرمێ نەرمانە
نەرمێ من گەردەن کێلی		دایکێ نەرمی نال مالْە
نێچیرا دەشتا گێڕی		نەرمێ نەرمێ نەرمالە
هات نەرمۆکا کەرکوکی		نەرمێ نەرمێ نەرمالە
بەژن تایێ مێکوکی		دایکێ نەرمی نال مالْە
سەروێ بەختێ پێ کوکێ		نەرمێ نەرمێ نەرمانە

*******************************************

## کاکە سەرم زۆر دێشێ

کاکە سەرم زۆر دێشی		دەردێ لە دلْم گەلەکە
دەچمە دەشتێ قەراجی		لەمن بەملەکە ملەکە
عەشقی سێ کیژان بوویمە		عەیشێ و فاتم گولەکە
بە پێش مالْیان دادەچم		بە چاوی گازم دەکا
بۆ مالْێ دەبردمەوە		چاوڕەش نەسحەتم دەکا
نەسیحەتی منت لەگوێ بی		قسەی خۆت بۆکەس نەکە
دەلْێن ئەتو شاعیری		عالەم تەعریفت دەکا
یارێ گەلەك نەخۆشم		بەس ئاخم بۆ هەلْبینە
برۆنە تیرێ بە قولاْبە		لە جەرگم مەچەقێنە
تەعسیری ئەو تیرانە		لە قوڕگم دێتن خوێنە
ئەگەر دونیا بوو مردم		بۆم نەکە گەرمە شینێ
وەسیەتەکت بۆ دەکەم		لەبۆ من بەجێ بهینە

سینگت بەردی ئەلحەدم　　لەسەر قەبرم رابینە
مەمکت کێلی عەجەمیٚ　　لەژێر سەرم بچینە
رۆژیٚ وەرە سیٚ جاران　　لەسەر قەبرم بخوێنە
بەکوردیم گاز بکە　　جوابت دەدەم یەقینە

*لێرەدا پیاوی کورد زێدە دەسگیران یان خێزانی خۆی خۆشویستووە وەسیەت دەکات زیارەتی بکەن بۆ ئەوەی لەژیانی بەرزەخی ناوگۆڕ ئاگاداریان بێت. ئێدیومی کەرەستەی قەبرەکەی بە سینگو مەمکی یاری خۆی دەشبێنی زێدە گۆتنە لەسەر خۆشەویستی.

*************************************************

## دەلالیٚ ئەم هاتین

دەلالیٚ ئەم هاتین پایزە　　دەلالیٚ گەنم و جۆو فریزا
دەلالیٚ دایکی بویکیٚ زیزە
دەلالیٚ ئەم هاتین زستانە　　بەفر گرتن گولاٚنە
دەلالیٚ گەنم و جۆ هەستانە
دەلالیٚ ئەم هاتین بوهارە　　دەلالیٚ گەنم و جۆ سوارە
دەلالیٚ دایکی بویکیٚ هارە
دەلالیٚ ئەم هاتین هاوینە　　دەلالیٚ گەنم و جۆ دورینە
دەلالیٚ دایکی بویکیٚ دینە
دەلالیٚ ئەم هاتین ببینین　　دەلالیٚ لە خانییٚ دەربینین
دەلالیٚدەرینن دەرناییٚ　　دەلالیٚ بەکلیلیٚ بەغداییٚ
دەلالیٚ دەرینن لە خانی　　دەلالیٚ پێی دادەن کتانی
دەلالیٚ پیرۆز کەن لە خودانی
دەلالیٚ رییٚ مویسل تاتە　　دەلالیٚ زاوا بەسەر داهاتە
دەلالیٚ رێی مویسل دەرزی　　زاوا پێی وا دەلەرزی
دەلالیٚ ماینیٚ بویکیٚ رەشە　　دەلالیٚ قۆناغ بەردە رەشە
دەلالیٚ ماینیٚ بویکیٚ سپی‌یە　　دەلالیٚ قۆناغ کێلە سپی‌یە
دەلالیٚ ماینیٚ بویکیٚ سۆرە　　دەلالیٚ قۆناغ بەردە سۆرە
دەلالیٚ دەنگیٚ جوانیا رەش تیٚ　　دەلالیٚ لە دلٚی زاوا خۆش تیٚ

*******************************************

## هە مامان مامان

هە مامان مامان فاتمۆکێ مامان
کوندەت گرانە هەلەگرە جامان
دەستکە قەلاٚمکێ هەڵمەگرە خەمان
تۆزێ پەرێزێ دەگری پەرچەمان
هەی میران میران خانمۆکێ میران
کەپرەکت لۆکەم لەناو هەنجیران
سوسن و هەلاٚلاٚن دەراویان گیران
لەسەر لەیلایێ شەڕە بە شیران
هەی مامان مامان فاتمۆکێ مامان
کەپرەکت لۆدەکەم لەناو نەمامام
داری لە سۆرە گوڵ هەلاٚش لە رحان.

*************************************

## هەی مێرەمێ

هەی مێرەمێ مێرەمێ چاو رەشێ دڵ بێ غەمێ
هەی مێرەما شکاکی های نم نایێ مێرەمێ
سۆتم حەلیا ناتگەمێ دای کوردی باب عەجەمێ
تە بۆمن ماڵێ ناکی سۆتم حەلیام ناتگەمێ
مێرەم سۆت لەناو دەشتێ های نم نایێم مێرەمێ
دەنگێ جوتیاران خۆش دێ دای کوردی باب عەجەمێ
مێرەم حۆریا بەهەشتێ سۆتم حەلیام ناتگەمێ
هات مێرەما خۆشناوە هەی دەلالێ خۆشناوە
هێ قولینگا دەڤێ ئاوا های نم نایەم مێرەمێ
بۆتە رێکەم سلاوە دایك کوردی باب عەجەمێ
حەلاندم بە یەك جارە سۆتم حەلیام ناتگەمێ
هات مێرەما هەرکیە هەی دەلالێ هەرکیا
کارمامز لگەلیا های نم نایێ مێرەمێ

توبەردا ناوگەلیا          دایك کوردی باب عەجەمێ
ئۆباڵ لەملێ سۆفیا          سۆتم حەلیام ناتگەمێ
هەی مێرەما شکاکە          هەی دەلالی شکاکە
پەزگێڕا دۆرێ چاکە          دایك کوردی باب عەجەمێ
بەرخ بەردانا بەرداکە          های نم نایەم مێرەمێ
راموسان بەژنێ چاکە          سۆتم حەلیام ناتگەمێ

*************************************

## (هەروا دەڕوا)

هەروا دەڕوا رێ و رێیە          چارۆگەکەی لە پشتێیە
ئەمە چارین چاومان لێیە          خوا دەزانی یاری کێ یە
یارت نیمە ویارت نابم          وەی کۆترەکی بە شۆرابم
هەروا دەڕوا بنەو بنە          پۆلی سۆرێ مەعزی چنە
خۆلێمەدەن بێوەژنە          هەروا دەڕوا لۆسەر ئاوێ
زەڕەو پۆلیەی دەکا راوێ          دۆستی گرتیەئەمنی ناوێ
هەروا دەڕوا لەنجەی دەکا          سەرێ مەمکی گەمەی دەکا
منداڵی دوێنێ شێت دەکا          هەروا یدەڕوا شیلان شیلان
چارۆك سپێی لە بەرپیلان          من نەکوژە بە مەکروحیلان

................................................................

(فاتمێ زالمێ)

فاتمێ زالمێ هەرهەلە بەمن هەلە          فاتمێ زالمێ سەربە زنجیروقەلاْ
= = هەرکەنگی هەتا کەنگی          = = = مەمك سێوی هەفت رەنگی
= = لە خڕیان ناچنە چەنگی          = = = نەچووگولێ ناورەزی

= = ترسم مارەك بتگەزی		= = بسك سۆری مەرزی

= = هەرو کولێ وەرەوە		= = دەرکەت لێ ناکەمەوە

= = هەتا مێردت نێتەوە		= = لەبەر دەرکەی پاڵدەوە

= = هەروەك پیرە سەی وەرکەوە		= = کوێستانان دیتن دیتن

= = سەردا بەفر جەمیتن		= = مەمکێ کیژۆڵان قیتن

= = بابەت بە کراسی چیتن		= = چ خراپت لەمن دیتن .

# (وەز قاسدم)

وەز قاسدم قاسدم		سبەی دەڕۆم بە یانی

هەڵمکێشا کاڵکو کۆریەی		لۆ خاترێ چاوێ جوانی

ئەگەر داوام نێتە جێ		دەڕۆم لۆ ناو بیانی

دێوەرە سوێندت لۆ دەخۆم		بە شابازی قەلەندەر

هەموو عاشق پێك دەبڕان		ئەم و توو قوڕمان بە سەر

یاڕەبی لێت موبارەك بی		کراس لاو لاو گوڵ مەخمەر

هێ براینە سەرم دێشی		دەردێ لە دلْم بە برینە

بە (عادەب) دەڕۆیشتم		دایکی ئاگای لێم نەبوو

دەستم لە پەنجەی هەڵکرد		سەرێ پەنجەی ئەستوێر بوو

هەتا چووم و هاتمەوە		نەرمێیان دابوو بە شوو

ئەمنیش قوڕم بە سەر بوو		تۆ هەت بوو نەت بوو هەبوو.

# (ئەمان تەنکە)

ئەمان نەمان ئەمان تەنکە　　هەروا دەڕوا لۆ باژێری
چاووم کەفتە بە گوار زێڕی　　عاشقان لە دین وەردەگێڕی
هەرچی دوو دڵ لە یەکدی دەکە　　بێ ئیمان بی وەك جولەکە
ئەمان نەمان ئەمان کورتە　　ئەمان کورتێ بە من کورتی
ڕەشە ڕحانێ خوناو گرتی　　ئەمان نەمان ئەمان تەنکە
بەرێ ماڵیان لە حەلانە　　چاو گچکۆڵێ جەمال پانە
یان دۆستم بە یان دەستگیرانە　　ئەمان نەمان ئەمان تەنکە
هەروا دەڕوا دەنگێ ناکە　　پۆڕو پرچی وا چا دەکە
جەرگێ لاوان کەرت کەرت دەکە　　مانگلە عاسمانێ ڕاوەستایە
هوردە ئەستێرە دەورەی دایە　　یارێ خۆمەو لێم تۆرایە
کەوێی بەری داغ بە داغە　　بمخنکێنی ئەحمەد ئاغە

# باسی یازدەم

# یارییەکانی کوردی:

بابەتـەکانی فۆلکلـۆرو کـەلتووری نەتەوایـەتیمان بـە زینـدوویی لـەناو کۆمـەڵی کوردەواریمان مایتەوە،پشتاو پشت هاتیتە گێڕانەوە.

پلەو پایەی رەوشەنبیری هەر میللەتێك لە بابەتە فۆلکلۆریەکانی بە دیار دەکەوێت، چونکە دبێتە کەرەستەی هەڵسەنگاندی ئاستی رۆشەنبیری میللەتەکە، فۆلکلۆر گەلێك لق و پۆی لێدەبێتـەوە و مەیـدانێکی بـەرفرەی هەیـە،. بـەلآم پێشکەوتنی تەکنـەلۆژیای سـەردەم-تەلەفزیۆن-کۆمپیوتەر-سەتەلایت-ئەنتەرنێت..،، خەڵی لەدەوری بابەتە فۆلکلۆریەکان دوور خستۆتەوە.

یاری بەشێکی فۆلکلۆری نەتەوییمانە، چەند ناوێکی پێ دەگووترێ وەکو:یـاری-وازی-گەمە-هەنەق...... هەموو یەك واتا دەگەیەنێت ، جۆرەکانی یاری زۆرن، هەر هەنـدەك لەگەڵ تەمەنی یاریزانان دەگونجێت، یاری هەیە تەنها بۆ کوڕان یان کچان دەگونجێت، یاری هەیە تەنها بەشەو یان بە رۆژ دەکرێت، هەیە تایبەتە بە وەرزەکانی ساڵ.

یاری هەیە لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە بەربلاوە یان هەیە ناوچەگەریە، لێرەدا ئەم چەپکە یاریانەم کۆکردبێتەوە لەناوچەی گۆرانەتی سەر بەناحیەی بەردەرەشی دەڤەری ئاکرێ ، چونکە هەر کەسێك زیاتر لە ناوچەکەی خۆی شارەزایی هەیە ئومێدەوارم سود بەخش بێت.

(ناوی هەندێك لە یارییەکان )

١-بازدان چەند جۆرێکن   أ-یەك باز ب-دووباز ج-سێباز د-جوتکانی

٢-جغزانێ   ٣-بوخچە بەگەردانێ   ٤-شوان و مەڕانێ   ٥-ماڵ ماڵآنێ

٦-فری فری   ٧-کلآو پشتانێ   ٨-ئاو پانێ هەروەها دەگوترێت کەڕە مویانێ یان مەلابێ دەنگانێ   ٩-قوڕقاپانێ   ١٠-هێلکانێ   ١١-خوریشکانێ   ١٢-پلیلکانێ١٣-گورزانێ   ١٤-هەریەك بە کاری خۆی   ١٥-خانیانێ   ١٦-تفەنگانێ١٧-فیشقە   ١٨-جوتکانێ   ١٩-قێڵە بەردانی   ٢٠-قیگارانێ

٢١-تەیرانێ٢٢- تەیارانێ ٢٣-بەردەقانێ ٢٤-هەسپانێ ٢٥-هێستره شەلە ٢٦-ێرزکە=سێبەردانێ ٢٧-نۆرێزکە= نۆ بەردانێ ٢٨-دامانێ ٢٩-چالە میرانێ= کورتانێ ٣٠-شوانە مەرێ ٣١-کەت و جۆتانێ ٣٢-پەنجە لێدانێ ٣٣-هولو مولور ٣٤-کەلآیانێ چەند جۆرێکن-أ-بستانێ-ب-مەناش-ج-جغزانێ-د-کەت و جۆت-هـ-بەردانەوە سەر کەپۆی. ٣٥-تەلّەو رێویانێ ٣٦-پشیلەو مش٣٧ -زۆرانێ ٣٨-گوریس کێشکانێ ٣٩-هەیاران و مەیاران ٤٠-گۆ کێشانێ ٤١-پوپـژ بڕانێ ٤٢-چەپەرانێ ٤٣-ساپانێ ٤٤-تەپە رەپە ٤٥-تەیرانێ٤٦-مێل مێلاقا ٤٧- پیێژماردن ٤٨-داوەتا هەویا ٤٩-رێژێ ٥٠-دەست تێگرتن ٥١-چاو نوقانێ ٥٢-تیفتیفانێ ٥٣-مۆریانێ ٥٤-چێلە زایانێ ٥٥-هێسترە شەلە ٥٦-شەپلە قوینانێ ٥٧-سابینە رەقە ٥٨-شوقلانێ ٥٩-لەسەر چالێ بازدانێ ٦٠-لەسەرقەلآتێ ٦١-تێسانێ ٦٢-بەردێ چەق چەقێ ٦٣-قاشۆ بانێ ٦٤-خەزالێ ٦٥-میرزو تکانێ ٦٦-عەلە عەلۆ٦٧-هەوارە مەبردینە ٦٨-قڕنەقۆسێ ٦٩-برۆ برڤانۆ ٧٠-کا تەشتێ ٧١-هۆ شوانۆ ٧٢-کرم کرم تێن ٧٣-بەردەقانێ ٧٤-عەرەبانانێ ٧٥-بەستەکانێ ٧٦-قوسك هاوێتن ٧٧-کەلهو میرانێ ٧٨-حەمبەلتەکانێ ٧٩-بڕانێ ٨٠-گەپەکانێ ٨١-خەزلاتەیە ٨٢-تەیر لە هەوا ٨٣- خشۆلکانێ٨٤-هێسکێ نوکێ ٨٥-هیزانێ ٨٦-میرێ کۆرە ٨٧-زلی زلی ٨٨- ئەلەڤەن دوولەڤەن ٨٩-فر فرۆکانێ ٩٠-چەپەرانێ ٩١ -قوڕگا باگوردانێ ٩٢ -ئیش قلکێ ٩٣-کابانێ ٩٤-شیرێ کەلەش ٩٥-کوێخا فەرەنگ ٩٦-گوانێ ناودا ٩٧-گوانا شەڤێ ٩٨-بەردێ سارد و گەرم ٩٩-فەرموو شانێ ١٠٠-قارێ ١٠١-پەزکێ مەینۆ بنۆ ١٠٢-چویچکێ زەری١٠٣-گەولە شیلانێ ١٠٤-هەدێهلێ ١٠٥-پرێ پرێ ئاوە ١٠٦-دار دارانێ١٠٧-زەربێ کۆرە ١٠٨-بەرسنگ ١٠٩-دیقلی مامێ قیقی ١١٠-گولو مێچکانێ ١١١-زلکانێ ١١٢-گوانا گورگی ١١٣-هاتم ئاگرتی ١١٤-شەرێ بەرانان١١٥-ئاشێ میرا ١١٦-غاردان لەناو فەردەی ١١٧-ئاو و ئاگر ١١٨- نەعلە شاردرەوانێ١١٩-غاردانێ ١٢٠-عەجۆلانێ ١٢١-هەنگلی قیتچۆیانێ ١٢٢-ستلی سماق ١٢٣-دونگە مەرانێ ١٢٤-مستە پشتانێ ١٢٥-چەق چەقەی بن قوینێ ١٢٦-کورزە فیتانێ ١٢٧-گوریسێ بن سنگی ١٢٨-تەندوور سۆرکانێ ١٢٩-خاجە رۆیانێ ١٣٠-عەلۆکە زڤڕی

# باسی دووازدەم

## ناولێنانی قۆناغەکانی

## گەشەکردنی مرۆڤ لە کوەردەواریدا:

هەر چەندە زانایانی سایکۆلۆژی بیرو بۆچونی جۆراو جۆریان هەیە لەبارەی دیاری کردنی تەمەنی کاتی لە دیاری کردنی تەمەنی کاتی لە قۆناغەکانی گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ لە کوردەواری خۆمان بەو شێوەیەی خوارەوە دیاری کرایە:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ

بسم الله الرحمن الرحيم

**( هو الذى خلقكم من تراب ثم من نطفة ثم من علقة ثم يخرجكم طفلا ثم لتبلغوا اشدكم ثم لتكونوا شيوخا ومنكم يتوفى من قبل ولتبلغوا اجلا مسمى لعلكم تعقلون) ئايةتى (٦٧)لة سورةتى غافز.**

لەرۆژی یەکەمی لیدایك بوونی منداڵ لە کوردەواریدا لە ناو قوماشێکی سپی دەپێچن. بۆماوەی ( ٤٠ ) چل رۆژان کە بە قۆنداغە ناو دەبردرێت، لە تەمەنی شەش مانگی دەتوانی دابنیشێت، لەو پەندەیە دەڵێن:

(مانگێ شەشێ، دایبنیشێنە لە حەوشێ، مێوژی رەشی بکە کۆشێ). لە تەمەنی ١یەك تا٢ دووساڵی پیرۆکەی پێ دەگۆترێت، چونکە بە پێیان دەڕوات بەڵام هەر شیرە مژەیە لە دووای دوو ساڵی لە دایکی دەبێتەوە چونکە بە خواردن دەکەوێت خودای گەورە فەرموویەتی(وفصاله فى عامين) لەتەمەنی دوو تا پێنج ساڵی بە پارچەلە ناو دەبرێت (٦تا١٢ ) ساڵی مێر منداڵە (١٣تا١٨ ) هەرزەکار،بالق(بالغ) یان کوڵەبژەی پێ دەڵێن (١٩تا٢٥ ) ساڵی نیوە مێردە بەرەو تەواو بوون دەچێت لە کوردەواریدا دەڵێن(نیوە مێردە،ناخوات تێرە) بەرەو رسکان دەڕوات.(٢٦تا٣٥ )ساڵی قەیرەیە کوشندەی ژیانی مرۆڤە(٣٦تا٤٥ )بە کەلە مێرد ناو دەبرێت (٤٦تا٥٥)پیرە کەمۆیە (٦٥تا)...... پیرەمێردێکی پەك کەوتووەلە یاسای شارستانی هەرفەرمانبەرێك تەمەنیبگاتە(٦٨)ساڵ دەبێت خانەنیش بکرێت. قۆناغەکانی دیاری کردنی تەمەنی کاتی مرۆڤ تێك چەقیوە بەپێی گۆڕین و شوێن و کات دەگۆڕێت، لەناوچە گەرمەسێنەکان مرۆڤ زوو گەشە دەکات و خۆی دەناسێت بەڵام لەناوچە کوێستانیەکان بەپێچەوانەوەیە.. ئەوە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە جیاوازی ژیانی وولآتان لەنێوەندە شارستانیەکانی گەورە دەبێتە هۆی.، جیاواز

بوونی دیاری کردنی تەمەنی مام ناوەندی مرۆڤ لە ناوەڕاستی قۆناغی هەرزەکاری تاکو(٦٥ )ساڵی بەو کەسانە دەڵێن گەورە.

لە کوردەواریدا پیاو تاکونەرسکایە و واتا لەتەمەنی٢٥ ساڵیوسەرەوە ئەنجا ژنیان بۆ دەهێنا چونکە لەپێشی ئەو تەمەنە پیاو ژن بهێنێت دەشەکێتەوە بەلآم لەناو هەندێ خێل و بەرە باب هەر کوڕ خۆی بناسێت ژنی بۆ دەخوازن بەپێچەوانە دەگەڕێتەوە کاری نێگەتیڤانە دەکاتە سەرگیانی کەسەکە هەروەها دەرحەق ژیانی رۆژانەی هیچ لەخۆی بڕ ناکات.

# ناولێنانی تەمەنی مەڕو ماڵات:

١-مەڕ

لەتەمەنی یەك ساڵی پێی دەگۆترێ بەرخ بە زنجیرە دیار دەکەین.بەرخە نێر-کاوڕ-شەگ-خرت-بەران-بەرخەمێ-کاوڕ-بەردیل-مەڕ-سەرەمەڕکەبووبەبەران بۆ ماوەی سێ ساڵآن پەسند دەکرێت لەناو مێگەل بمێبێتەوە دووای سێ ساڵی بەکێلێ ناهێت.

٢-بزن

بێچووی بزن بە کار ناو دەبرێت

کارتەمەنی ببێتە یەك ساڵ بە گیسك ناو دەبرێت.، دوو ساڵی پێی دەڵێن کور یان کویر سێساڵی بە(سەیس) ناو دەبرێت لە زۆر شوێن پێی دەڵێن تەگە چوارساڵی پێی دەڵێن(قەید).

هەروەها ٤ چوار ساڵی بە ١ یەك قەیدە دەناسرێت ٥ پێنج ساڵی ٢ دوو قەیدە ٦ شەش ساڵی ٣ سێ قەیدە. تەگە هەتا سێ قەیدان پەسندە تەمەنی بگاتە٧ حەوت ساڵی بەسەرەوە لەناو مێگەلی بزنان پەسند ناکرێ.

٣-چێڵ

١-یەك ساڵی پێی دەگوترێت گۆلك گۆلکێ ساڵێیە(گۆلکی یەك ساڵی )

٢-دووساڵی(کەندۆ)یە

٣-سێساڵی(جوانەگا)

٤-چوار ساڵی(گا)حەقە جۆتە لەبن نیری دەبەستن بۆ زەوی کێلان بەندە دەکرێت لەتەمەنی چوار ساڵی بە یەك ساڵی بەندە ناو دەبرێت.

٥ پێنج ساڵی بە ٢ دووساڵ بەندە

شەش٦ ساڵی بە٣سێ ساڵ بەندە
٧حەوت ساڵ بە ٤چوار ساڵی بەندە
دووای چوار ساڵ بەندی هێزو شیانی گایەکە بەرەو کزی دەچێت گۆلکە مێ-کەندۆ-مێنگوین-مێگوان-چێڵ-سەرە چێڵ.

ناوەکانی مەڕ

١-کەویسار: دەوو چاوی سپییەو قنجی رەشی تێدایە.
٢-عەپسە:پێشەوەی دەم و چاوی هەندي ناو لەپێك رەنگی رەشە.
٣-شەگرە: هەردوو لاگۆێی سۆرە و خەتێکی سپی لەنەوچەوانی هەیە.
٤-کوڕ:درێژی گوێی مام ناوەندیە نیوەکەی کورتە.
٥-کەڕ: گوێی پێوە نیە کەمێکی بچوکی لێ دیارە .
٦-تالە: سەرو چاوی رەش و قاواییە.
٧-کەژ: سەرو چاوی سۆرە.
٨-سیس: سەرو چاوی سپیو سپییە.
٩-قاژ:سەرو چاوی سپیو پنك پنکی رەشی تێدایە.
١٠-غەر: نیوەی سرمووی سەرو چاوی لەگەڵ بنەوەی رەش و سپییە، یان رەش و سۆرە.
١١-سەر رەش: سەری رەشە تاکو سەر ملی.
١٢-بەلەك : دوو رەنگییە،
١٣-عەپسە:لارەش و سپییە.
١٤غەرە شەکرە: لاسۆرو سپییە.
١٥-حەمدانی:گوێی درێژە.
١٦-شینکە: رەنگی شینی کۆترییە.
١٧-تەشین: سەرو چاوی شینە.
١٨-تەزەرد: سەرو چاوی زەردە
١٩-کەلین: مەڕی سەر بەشاخ.
٢٠-دوعوم: دەوی رەشە.
٢١-ئەرقەم: رەنگی تەحینییە.

(ناوەکانی بزن)

١-کۆل: بزنی سەر بەشاخ.

٢-پۆش:سپی پنك پنکە و گوێی بەلە پۆش
٣-پۆشی گۆ بەل: پۆشی شاخ قیت.
٤-مس: دوو خەتی شپی بەناو هەردوو لاچاوی دا هەیە.
٥-کال: گوێی با لولەکی خواردییە.
٦-بەلە کال: رەنگی دەم و چاوی تەحینییە.
٧-بەلە: گوێی بەل و باریك و موویتەیە.
٨-سپی: رەنگی سپی‌یە.
٩-کۆلە سپی.یان کۆلە رەش.
١٠-شاخ قیت: بزنی شاخ قیت(دوو شاخی قیتی هەیە).
١١-شاخ بەلوول: شاخی لوولی خواردبێ.
١٢-مەرەز: سۆرو سپی‌و سیسو زەردی هەیە.
١٣-دورە: نەمەرەزە نە عادییە واتا زڕ مەرەز.
١٤-غەر: دەم وچاوی سپی‌یە.
١٥-قیتە: شاخی قیتە.
١٦-گۆردی رەش: کۆل و بێ شاخە، رەنگی رەشە.

بەرهەمەکانی نوسەر

١-لاوك سترانێ کوردەوارێ سالٚی ١٩٩٧ لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراوە.
٢-کوردەواری
٣-گۆران لەنێوان زێی بادینان و ئاوی خازر نۆیەم ئەلقەیە لە گۆڤاری خازردێتە خوارێ .
٤-چوار داستانی کوردی دەست نووس.
٥-پەندی پێشینان و بەسەرهاتی کوردی . دەست نووس لە وەزارەتی رۆشبیریە بۆ چاپ.

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو برادەرانەی کە یارمەتیان داووم بۆ دەولٚمەند کرنی بابەتەکانی ئەم کتێبە

# باسی سێزدەم :

## پیشە دەستکردەکانی کۆن :

هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروست کردنیپیشەکانی دەستکردی کوردەواری،لە سەرتاسەری گوندەکانی کوردستان پیشەسازی پیشکەوتوو کەمە،زیاتر پیشەی دەستکردی خۆمالییە ،دەتوانین پیشەکان پۆلین بکەن بەم شێوەی خوارەوە :

### پێداویستییەکانی ناومال:

هەمبانە : لە پیستی حەیوانی هوردە دروستدەکرا داناشیان دەکردە تێدا بۆ کاتی پێویست.

هەمبانە دروست دەکرا بۆ دوو مەبەستان،

ا ـ داو داناش ودانەوێلەی خۆیان تێدەکرد بۆ رزقی ساڵێ خێزانیان،

ب ـ هەمبانە دروست دەکرا لەبن کەلەکێ دادەنرا بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان، لەناو ئاوێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە ،لەجیاتی جوپی ئێستا ، ٢٠تا ٥٠هەمبانەی لەبنی قایم دەکرد بۆ ئەوەی باری زۆری لێباریکەن .

تفایە یان قویناورگ : ئاگریان تێدا دەکردەوە بۆ گولاندنی خواردنەکانیان ،

تەندوور: لە قورەسۆر دروستدەکرێت بە ئاگر سۆریاندەکردەوە تەندووریان دەبرژاند . حەسیر :ئافرەتی کورد بەوولاغی دەچوون حەسیریان لەقورەبەگی یان لە ئاوی زێو خازری حەسییان دەدووری دەیاهیناوە ماڵێ،بن یان بۆی دەچنی و حەسیریان تێدا دەهۆندەوە،لە جیاتی بەرەو رایەخی لە سەری دادەنیشتن

تاتی :لە لوای بەرخێ دروست دەکرا ،زیاتر کەسانی فەڵە گوند بە گوند دەگەڕان تاتی و تەکەلەیان بۆخەلکی دروست دەکرد بەپارە یان بەشتی تر بوو

لاندك :هەندێ وەستا هەبوون لاندکیان دروست دەکرد، بۆمندالانی ساوا تێدا بخەون ،لە گوندان دەگەڕان دەیانفرۆشرت

دێدی :لە دووای لاندك دێدییان دروست دەکرد لە داری ،پاشان کارگەکان لە ئاسنی دروستیان کرد ،لە بازاری دەفرۆشرا،،پێش دروست کردنی تەختی دار تەرواڵە دروست کرا ئەندامانی خێزان لە سەری دەنووستن ،

تەختی دار :هەندێ کەس لەگوندەکان نەجار بوون تەختی داریان دروست دەکرد تاکە کەسی ودووتەختەیی خێزان هەمووی لە سەری دەخەفتن ،جۆنی ،دەستار ،ئاشی ئاوێ لەکتێبی کەلەپور نامەی کوردەواری بە درێژی باسی ئاش کرایە ،

دنگ:بۆ کوتانی ساوار و بروش بەکاردەهات لەدەوری ساڵی بیستەکان پەیدا بوو ،ستێرك: دروست دەکرا داناش و نوین لەسەر دادەنرا ، هەر وەها مەرکەب ،تەبەقۆر ،مەرکەبۆك ،قەرتالە،دەست قەرتالە ،ئەوانە هەمووی لەشوارکی داری بی دروست دەکران ، لە گوندەکان هەندێ ئافرەتی دەسترەنگین، یان زەلامی شارەزا دروستیان دەکرد ،گەرمکەرەوە:بەری دەیانگێراوەدەیانگۆت بەردەسێل هەبوو.

بەردە سێل: لە ناوەراستی ناوماڵی خانی دانیشتنیان ،دوو بەردیان دادەنا پارچە تەنەکەیەکیان لەسەر دوو بەردەکە دادەنا ئاگریان لەبنی دەکردەوە ،ئەندامانی خێزان ئەگەر مێوانیش هەبایە ،دەورەیان لە ئاگرەکە دەدا ، سەرگین و قشپل و کویزر وەکو سۆتەمەنی بە کار دەهات ، ژووری خانییەکە پڕی دووگەل دەبوو چاو چاوی نەدەدیت ،هەر لە دەوری ئاگرەکە دەنووستن ،

سۆپەی بەبۆری : هەندێ وەستا پەیدابوون ،سۆپەیان لە تۆتیا دروست کرد بۆڕیان تێدەگرد لەسەر بانی خنیەکە دەردەهات ،بۆ دەرچوونی دووکەلەکە بۆ دەوەوەی خانی ،دووکەل لەژوورێ نەدەما گەرم و خاوینتربوو، تاساڵی هەفتاکانئەوهابوو ئەوجە سۆپەی دیجلەو و عەلائەدین پەیدانوو بە نەفتی سپی کاری دەکرد، ئەنجا جۆرەها سۆپە پەیدابوو ،تاکو گەیشتە ئێرکوندیشن و سپلێت ....

سەماوەر: هەرماڵەك کەیفی بە خۆبهاتبایە سەماوەری بە رەژووی هەبوو بۆ چایە لێنان .

جەڕك و شەبك: بۆ ئاو خواردنەوە بەکاردەهات .

مەسینە:لە تونج یان صفر درۆستدەکرا بۆ چوونە سەراوو دەستنوێژ ستاندن .

دەنە: هاوینان ئاویان تێدەکرد سارد دەبوو بۆ دوەیانخواردەوە ،

ستێرك : هەموو مالێك ستێرکی لە خانوویەکی تایبەت دروستدەکرد ئازووقەی لە سەردادەنا.

کوندەلان: هاوینان لە لایەکی حەوشەی کەپرێکیان دروست دەکرد تایبەت بوو بۆ کوندەی ئاو. تاکو بەیانی ئاوەکەی سارد دەبوو دەیانبردە سەرکاری رۆژانەیان .

دێمکە : لەچادر دروستدەکرا ئاویان تێدەکرد هاوینان لە سەریانی بە دارێك هەلیاندەواست.

هیزە : لە پیستی حەیوانی دروست دەکرا خۆشیان دەکرد ، روونیان تێدا هەلدەگرت .

گۆسکە : ڕەنگی کەسك بوو روون و قاورمەیان دەکردە تێدا ، یان ترشیان تێدا دەگرتەوە .

پێخەو یان نوینی خەوتنێ : دۆشەك ولێفە لەخوری و لۆکە دروست دەکران ،تەشکەبەڕ ،بەرماڵ ،لەدووای جاجم و لاکێشی بەن دروست دەکرا،تەندوور و تفایە ، ئەوانە هەمووی بازرگانی پێدەکران،هەر یەکە بە نرخی خۆی دەفرۆشرا ، مەشکەو هەمبانەو کوندەو شیرمەشك /لە پیستی مەڕوبزن و وولاغ رەش دروست دەکران ،

گێسك: گێسکە شوانەو گێسکە کرتی و گێسکە گەز دروستدەکرا .

مەشکە : مەشکەی کچکەو گەورە هەبوو بەپێی پێویستی مالەکە ، ئاژەلدار دەبی مەشکەیان مەزن بایە ، بۆ ژاندنی ماستەکانیان، کەرەو کەشك ونیڤشکیان لێ دروست دەکرد

ڕەشکە : لە شێوەی تۆرب ە مووی بزن دروستدەکرێت .هەروەها شیر مەشك ولۆلەپ و ناودۆك کوندەو هیزەو مەرکەب و قەرتالەو سەبەتەو تلیانەوهێلەگ و بێژینگ سەرەندو

کەندوو و تەندوورو تفایەو کالك وزرگال وکلاش و کورتان و جوالی کرداری و زین و پاشەزین لە مالان یان لە لای خاوەن پیشەکان دروستدەکرا .

تەرواله: لە خانووی نووستن چەند دارێکیان دادەنا هەلاشیان دەهینا وەکو زەل و مێکوك بە شینی لە سەر دارەکانیان دادەنا پێخەوی خۆیان لە سەر رادەهێخست شەوان لە سەر دەنووستن.

مەرکەب: لە تەڕە شووی داربی دروستدەکرا ، شیریان لە بن هێوێن دەکرد ، یان خواردنیان لە بن دادەنا بۆ ئەوەی پاراستیبیت لە پشیلەو پەلەوەری ناومال ،مەرکەبۆك هەبوو بچووکترە .

قەرتالە : لە شووی دار بی دروست دەکرا مام زێبار دوو قەرتالەی تەژی فێقی دەکرد لە پشتێ وولاغیان باردەکرد دەیاهینا دەڤەری گۆرانەتی بە دەغلودان دەیانفرۆشت پێگۆرکێ پێدەکرا .

لە هەندێ ناوچە بە قەرتالە پاشەرۆی ئاژەلەکانیان پێ فرە دەدا سەر زیلدانێ یان سەرریخ،

سەویە، چێنکە، سەلکە ،دەستە چن: لە هەرناوچەیەك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە ، لە شێوەی زەنبیلی دەستە لە شوارکی دار بی دروستدەکرا ، ٣تا ١٠ کێلو فیقی دەگرت بۆ دیاری بەکاردەهات ،لە کۆنەوە مام زێبار چووبایە هەرمالەکی ئەو سەویە فێقیە بە دیاری بۆ مالی خانوخۆی دەبرد ، چێنکە یان دەستە چن لەکاتی رەزچنبن بەدەستیان دەگرت فێقیان دەکردە تێدا .

نالبەندی: هەر کەسێك ماین و هەسپ و هێستری هەبایە ،سالێ جارەك دەبی هەر دوو دەستی واتە هەردوو پێی پێشەوەیان نالدەکرد ،لەبەر ئەوەی سمی درێژ دەبوو سەتمەی دەکردو بەردەبۆوە،یان بنێ پێی بریندار دەبوو ،دەبوایە سالی جارێك ماین وهەسپ و

هێستری خۆیان دەبردە لای نالبەندی،بە نالبەندیان دەگۆت سمتراش کارێکی زۆر بە خێر بوو ،پەندێکی کوردی هەیە لەسەر ئەو پیشەی لە کوردەواریدا دەلێن:

(لەمولکان ئاش ، لە سنعاتان سم تراش ، لەقسان پێش و پاش ) ،چونکی کارێکی شارەزایی پێویست بوو ، هەندە ئاسان نەبوو ،لەرێزە گوندی بەرینیان یەك نالبەند هەبوو عبدوللا نالبەند بەناویانگبوو لەگوندی زەنگەنان ، کاری سمتراشی دەکرد هەتا ئێستا ئەو بەرە بابە بە ماڵی نالبەندی دەناسرێن بوویتە نازناویان . هەروەها دۆخین وکلاو کلاش ویەرمال و جاجم وقوتك وکەویٚ و کورتەك و شەرواڵو رشی کردنی جەمەدانی و نەخشاندنی چارۆك

وگرێدانی تاسی زێڕو کلاو و پۆشی •

# پۆشاك و جل و بەرگ :

## جلکی زەلامان :

جلوبەرگی گوردی ناو ودەنگی تایبەتی خۆی هەیە ، رۆژهەلاتناسەکانی سەردانی کوردستانیان کردووە بە جلی کوردی پەسن و سەرسام بوونە ، رەنگە جۆراو جۆرەکەی جلی کوردی لە گەل ڕەنگی سروشتی شاخاوی کوردستان دەگونجێت .

هەر لەسەردەمی میدیاکان زیاتر لە ٢٥٠٠ ساله کەسی کورد تایبەتمەنی خۆی هەیە لە پۆشینی جلوبەرگ هەتا ئێستا تێتەبەکارهینان ، جلی کوردی لە گیتی پەسند کرایەو ناودەنگی جیهانی لە خۆگرتیە ، خەلکی کوردستانیٚ بە هەموو ئۆل و ئاینەوە (بوسولمان ، مەسیحی ، جووەکان ، ئێزدی ..) هەموویان رەنگوجۆخەل یان کورتەك شەروال ، لە بادینان شال و شەپك دەپۆشن، خەلکی دەڤەری گۆرانەتی بە گشتی کورتەك و شەروال لە بەردەکەن ،کلاو و جەمەدانی لە گەل پشدێنەکی لە تەرز لە ناو قەدی خۆیان دەئالێنن، ئەو

جلوبەرگە لە گەل هەموو کەشوهەوای وەرزەکانی سال دەگونجێت ، هەروەها گونجاوە بۆ کەسی قەلەو و لاوازو کورت و درێژلە رۆیشتن و سواربوون و غاردان و خۆتێهەلدان زۆرلە بارو گونجاوە، بە پێچەوانەی جلی ئەوروپیە کە لەگەل سروشتی کوردستان و کاری رۆژانەی کەسی کورد ناگونجێت . دورینی کراس و شەروال و دورست کردنی کلاوی بەسامتونی رەنگاو رەنگ دروست کردنی ڕشی جەمەدانی ، ساقەو گۆری نەخشدار، غەرگەی بە لۆکە هاوینان لەبەر ساردی زستانان گەرمی هاوین لەبەریان دەکرد ،خاولی ،دەستەپەنجە، دۆخین، کر، شال وشەپك رەنگوچۆغەل ،

# جلکی ئافرەت :

جلوبەرگی ئافرەتی کورد بە ناوبانگە بە جوانی ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی سەرنجی بەرامبەری لۆ خۆی رادەکێشی ، جوانی ئافرەتی کورد دیاردەکات .

کراسو کەویَ دووپارچەی سەکی بەرگی ژنانە لەگەل چارۆگەکیَ لە پێشەوە بە سەر جلەکانی دادەهینیت ، هەروەها کلاوی ئافرەتان وپۆشی و بەر پۆشی ، نەخش کردنی چارۆگ، درووني قوتکی قەستۆری بەقەیتانی بریقەدار سیماوی ، هەموجۆرە کوتالێك رەنگ دەکرا لە کۆنەوە زیاتر کەسانی جوولەکە کاری خم ورەنگکردنیان دەکرد.

# ژیانی نووسەر



ـ لە سالی ١٩٥٤لە گوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش لەدایك بوومەلە سالی خوێندنی ١٩٦١ـ ١٩٦٢لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرام ،

لەسالی ١٩٧٢قۆناغی ناوەندیم لە بەردەرەش تەواو کرد ،لەساڵی ١٩٧٣لە ئامادەیی هەولێری کوڕان ،خوێندنی دوواناوەندیم دەست پێکرد،لەساڵی١٩٧٤ بە خێزانەوە پشکداری شۆرشی ئەیلوولی مەزنمان کرد، ئاوارەی ئیران بووین،لە ئۆردوگای بەهرام /ئەندیمەشق نیشتەجێکراین . پاشان گواسترا‌ینەوە بۆ ئوردوگای خرەم ئاباد .

دووای گەرانەوەمان لە ئیران ساڵێك و نیو لە پارێزگای ناصریە ماینەوە، پۆلی شەشەمی ناوەندیم بەشی وێژەی لە دوواناوەندی قەزای رفاعی تەواوکرد. لەساڵی ١٩٧٧لە پەیمانگای پێگەیاندنی ماموەستایانی پارێزگای ناصریە وەرگیرام، لەساڵی ١٩٧٧مانگی ٥ پێنج لە باشوری عیراق هاتینە گواستنەوە بۆگۆمەلگایشاوێس لە هەولێر،

لەسالی ١٩٧٨پۆلی دووەمی پەیمانگای پێگەیاندنی ماموەستایانم لە پارێزگای هەلێر تەواو کرد

ـ لە ١/١٠/١٩٧٨بۆیەکەم جار بەماموەستا دامەزرام لەگوندی بەبێل سەر بەقەزای مێرگەسۆر . ماموەستا بوومە لەو شوێنانە : گوندی شێتنە /دیانا

هەردوو گوندی سپیگرەو سۆلاوکە لە دەڤەری خۆشناوەتی

هەروەها لە قوتابخانەی گارە لە گۆمەلگای شاوێس ،

ـ دووای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ساڵی ١٩٩٤ گەڕاینەوە شوێنی باب و باپیران لەگوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش،

لەسالی٢٠٠١بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ

ـ لە سالی ٢٠٠٧پەروەردەی قەزای بەردەرەش دامەزرا ، لە پەروەردەی قەزای بەردەرەشبە ناونیشانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەرەتی پسپۆری بابەتی بیرکاری خزمەتم کرد .

ـ دوای ٤٠ چل ساڵ خزمەتکردن ، لە مانگی هەفت ساڵی ٢٠١٧ خانەنیش کرام ،لە خودای مەزن داوای خۆشی و سەرکەفتن بۆ هەمووتان دەخوازم .

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ لاوك ستڕانێ کوردەواری لە ساڵی ١٩٩٧ بە ژمارە( ٢٨ ) لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا

٢ ـ پەندی پێشینان وبەسەرهاتی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وەزارەتی رۆشنبیری بە ژمارە(٢٢٩) چاپ کرا ،

٣ـ هەقایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٩ لە دەزگای مۆزیك وکەلەپۆری کورد بە ژمارە (٤١) چاپ کرا

٤ـ کەلەپوورنامەی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٨ لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا

٥ـ پێنج داستانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠١١ لە لە وەزارەتی ووشنبیری بەژمارە(٥٦٩)چاپکرا

٦ـ گۆران لەنێوان زێی بادینان رووباری خازر لە چاپخانەی منارە لە هەولێر لە چابخانەی منارە ، ساڵی ٢٠١٤ چاپکرا

٧ـ فەرهەنگی ووشەکانی قورئانی پیرۆز پەیڤ و رامان بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی

٨ـ رێبەری ماموەستای بیرکاری قۆناغی بنەرەتی

٩ـ ئامۆژگارییەکانی ژیان

١٠ ـ پەروەردەکردنی منداڵ

١١ـ نەخۆشی شیرپەنجە .

١٢ـ ژیاننامەی خۆم

١٣ـ دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان

**سەرچاوە**

سەرچاوەی کە لە هەمووی گرنگتر کە پشتم پێ بەستووە بۆ دەوڵەمەندکردمی بابەتەکانم پیرەمێرد و پیرەژنی ناو کۆمەڵگاکەمان بوو ، بەتایبەتی لە هەردوو دەڤەری گۆرانەتی سەر بە ناحیەی بەردەڕەش هەروەها ناوچەی دۆلەمەری کۆ کرایتەوە

# ئەلبوومی وێنەکان :

بەسوپاسەوە لە مۆزەخانەی فۆلکلۆری گوندی کەونەباک سەربە دەڤەری گۆرانەتی لە قەزای بەردەرەش / وەرگیرایە









ڕوبە





















REDMI NOTE 6 PRO








REDMI NOTE 6 PRO
MI DUAL CAMERA












REDMI NOTE 6 PRO
MI DUAL CAMERA

















REDMI NOTE 6 PRO
MI DUAL CAMERA








REDMI NOTE 6 PRO
MI DUAL CAMERA
























REDMI NOTE 6 PRO
MI DUAL CAMERA




Star A bazyiani
PHOTOGRAPHY




هۆرە
پەیجی هۆرەی
کوردەواری